ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330753120

# له زمانه‌وانییه‌وه بۆ ئه‌ده‌بیات - به‌رگی دووه‌م

**Book** · January 2018

CITATIONS
0

READS
102

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University

**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# له زمانه‌وانییه‌وه
# بۆ ئه‌ده‌بیات

كورش صفوى

# له زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات

بەرگی دووەم          شیعر

وەرگێڕانی
**عوسمان دەشتی**
ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی

پێداچوونەوەی
**پ. د. یوسف شەریف سەعید**

٢٠١٨ ی زاینی – ٢٧١٨ ی کوردی

ناوی کتێب: لە زمانەوانییەوە بۆ ئەدەبیات
نووسینی: کورش سەفەوی
وەرگێڕانی: عوسمان دەشتی
پێداچوونەوەی: پ. د. یوسف شەریف سەعید
بەرگی دووەم: شیعر
بابەت: ڕەخنەی ئەدەبی
سەرپەرشتیی هونەری و بەرگ: عوسمان پیرداود
دەرهێنانی هونەری ناوەوە: عیسام موحسین
چاپی یەکەم: ٢٠١٨
چاپخانەی ڕۆژهەڵات
تیراژ: (٥٠٠) دانە
ژمارەی ڕیزبەندی بڵاوکراوەکانی زانکۆی کۆیە: ٢٠١٨/١٧

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی
هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦٣٨) ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

## پێرست


- پێشگوتار ٩

بەشی ١

**تێڕوانینێك بە سەرنجە تیورییەكان** ١٥

١/١ بنیاتگەری ٢٠

١/١/١ نیشانەی زمانی ٢٣

٢/١/١ پەیوەندی هاونشینی و جێنشینی ٢٧

٣/١/١ ڕوانگەی هاوزەمانی و دەرزەمانی ٣٠

٤/١/١ لادانەكان ٣٢

٢/١ بەرجەستەسازیی ئەدەبی ٣٤

١/٢/١ زیادكردنی ڕێسا ٣٩

٢/٢/١ كەمكردنەوەی ڕێسا ٤٠

٣/١ جۆرەكانی زمانی ئەدەبی ٤٢

- كتێبنامە ٤٦

بەشی ٢

**پێشینەی لێكۆڵینەوە زمانەوانییەكانی ئەدەبیات** ٤٧

٢/١ فردینان دوسۆسۆر ٥٢

٢/٢ فۆرمالیستە ڕووسەكان ٥٦

٣/٢ لێكۆڵینەوە ئەدەبییەكانی قوتابخانەی پراگ ٥٩

٤/٢ گریما و تۆدۆرۆڤ ٦٢

٥/٢ بارت ٦٢

٦/٢ درێدا ٦٥

- كتێبنامە ٧٨

بەشی ٣

**ئامرازەكانی داهێنانی شیعری** ٧٩

١/٣ لادان لەڕێساكانی زمانی ئاسایی (پێوەر) ٨١

١/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای دەنگی ٨٥
٢/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای ڕێزمانی ٨٦
٣/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای شێوەزاری ٨٧
٤/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای زەمانی ٨٨
٥/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای شێوازی ٨٩
٦/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای نووسین ٩٠
٧/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای وشەیی ٩١
٨/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی ٩١
٢/٣ لێکچوونی نیشانەکان ٩٩
- کتێبنامە ١٠٢
بەشی ٤
**پارسەنگی ئەدەبی** ١٠٣
١/٤ جەمسەرەکانی خوازە و خواستن ١٠٥
٢/٤ پەیوەندی مەدلول لەئاستی میسداق دا ١١٣
٣/٤ ڕاگرتنی پارسەنگ لە نێوان هەڵبژاردن و ڕیزکردندا ١١٨
- کتێبنامە ١٢١
بەشی ٥
**هونەری شیعر لە لێکۆڵینەوەی نەریتییەکاندا** ١٢٣
١/٥ خوازە ١٢٧
١/١/٥ پۆڵبەندی خوازە بەگوێرەی پەیوەندی واتایی ١٢٧
١/١/١/٥ پەیوەندی گشتی و کەرتی ١٢٧
٢/١/١/٥ پەیوەندی شوێن و شت ١٢٩
٣/١/١/٥ پەیوەندی پەیوەستی و پەیوەستراوی ١٣٠
٤/١/١/٥ پەیوەندی هۆیەتی ١٣١
٥/١/١/٥ پەیوەندی گشت و تایبەت ١٣٣

٦/١/١/٥ پەیوەندی ڕابردوویی و داهاتوویی ١٣٤
٧/١/١/٥ پەیوەندی ڕەگەزی ١٣٦
٨/١/١/٥ پەیوەندی دیارخەر و دیارخراو ١٣٦
٩/١/١/٥ پەیوەندی پاڵپشت و پاڵدراوی ١٣٧
١٠/١/١/٥ پەیوەندی هاوسێتی ١٣٧
١١/١/١/٥ پەیوەندی دژایەتی ١٣٨
١٢/١/١/٥ پەیوەندی لێکچوون ١٣٨
٢/٥ چوواندن ١٤٠
٣/٥ درکە ١٤٢
٤/٥ خواستن ١٤٦
٥/٥ بەهەڵەبردن ١٤٩
٦/٥ کۆتایی دلگیر ١٥٣
٧/٥ وەرچەرخان ١٥٣
٨/٥ ئاوڕدانەوە ١٥٤
٩/٥ راگومکێی ئاشنا ١٥٤
١٠/٥ چاو لەیەك ١٥٥
١١/٥ دژیەکی ١٥٦
١٢/٥ زیادەگۆیی ١٥٦
- کتێبنامە ١٥٨

بەشی ٦

**هەڵبژاردن** ١٥٩
١/٦ مەبەستداری لە واتاناسیدا ١٦٢
٢/٦ مەبەستداری تەوزیمی (التزامی) ١٦٤
٣/٦ سیستەمی زانیاری و پاڵنەری سەروو زانیاری ١٦٩
- کتێبنامە ١٧٢

بەشی ٧
**لادان لەواقیع** ١٧٣
١/٧ لادان لەواقیع ١٧٦
١/١/٧ گەورەکردن ١٧٧
٢/١/٧ بچووککردنەوە ١٧٨
٢/٧ لادان لە واقیع و هەڵبژاردن ١٧٩
٣/٧ لادان لە واقیع و درۆ ١٨٠
- کتێبنامە ١٨٢
بەشی ٨
**جوانکاری شیعری** ١٨٢
١/٨ بنەمای پۆلبەندی سنعەتەکان ١٨٥
٢/٨ پۆلبەندی بەپێی بنەماکانی هەڵبژاردن و ڕیزکردن ١٨٨
- کتێبنامە ١٩٤
بەشی ٩
**پێشنیارێك سەبارەت بە شێوازناسی ئەدەبی فارسی** ١٩٥
١/٩ چاوگێڕانێك بەشێوازناسی نەریتیدا ١٩٧
٢/٩ بنەماکانی پۆلبەندی ٢٠١
٣/٩ ڕێنوێییەکانی دەستنیشانکردنی شێواز ٢٠٥
٤/٩ چاوگێڕانێك بەشێوازناسی ئەدەبی فارسیدا ٢٠٨
٥/٩ ڕوانگەی ژێرخانی شێواز ٢١٦
- کتێبنامە ٢٢٢
بەشی ١٠
**قسەی کۆتایی** ٢٢٣
- پێڕستی سەرچاوەکان ٢٢٩

# پێشگوتار

نزیك بە شەش ساڵی پێچوو تاوەکو ڕێگام بەخۆم دا ئەم کورتە باسە بەدەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بسپێرم. هۆکارەکەی، لانی کەم بەلای خۆمەوە ڕوونبوو. وام هەستدەکرد ئەوەی لەمێشکمدا گەڵاڵەم کردووە، ناتوانم بیهێنمە سەر کاغەز و بەشێوەیەکی سادە و گونجاو بیخەمەڕوو.

چاك دەزانم کە جۆرە خڵەفانێك بەرۆکی گرتبووم و تادەهات زۆرتر و زیاتر پەیم بەنەزانی خۆم دەبرد. لەو لاشەوە هەر جارەی کە دەچوومەوە لای سۆراغی بەرگی یەکەمی کتێبەکە، هەر ئەو ناونیشانەی ((بەرگی یەکەم)) ئازاری دەدام، لەگەڵ ئەوەی دەمزانی ئەوەی لەو بەرگەداهاتووە، پەیوەندی بەبەرگی دووەمەوە نییە و ئەمەیان لەشوێنی خۆیدا کارێکی سەربەخۆیە، بەڵام وام هەستدەکرد کە زۆر مەسەلە هەن نەگوتراون و زۆر بابەتیش لەبەرگی یەکەمدا پێویستیان بەپێداچوونەوە و ڕوونکردنەوەی تازە هەیە. شتێکی دیکەش هەبوو کە ببووە مایەی ئازار کێشانم، ئەویش ئەو هەستە بوو کە نەمدەتوانی شێوازی نووسینەکەم لەم بەرگی دووەمەدا وەك ئەوەی پێشوو بپارێزم. چاك دەمزانی کەوا پێویستە سادە بنووسم، پیشەکەشم بەرەو لای ئەو ڕێبازە ڕایدەپێچام. بەڵام هەر کاتێك قەڵەمم بەدەستەوە دەگرت چنگێك ڕستەی ئاڵۆز دەرژانە سەر ڕووی کاغەز و ئەوەش وای دەسەلماند کەوا هێشتا بابەتەکە لەلای خۆم

یەکلایی نەبۆتەوە، تێگەیشتنێکی وردیشم لەبارەی بابەتەکانەوە لەلا پەیدانەبووە.

بەهەرحاڵ، شەش ساڵی خایاند تاوەکو توانیم ئەو ڕاشکاویە بەدەستبێنم کە ببێتە مایەی سەنگی محەك بۆ هەڵە و ڕاستی بۆچوونەکان و تا ئەم کارەش هەمان گونجاوی بابەتەکانی بەرگی یەکەمی هەبێت. لەپێشگوتارەکەی بەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەدا ئەوەم ڕاگەیاندبوو کەوا جۆرەکانی داهێنانی ئەدەبی لەزماندا، لەداهێنانی هۆنراو و شیعردا هەر یەکەی بەپێی بابەتەکەی، جیاوازن. بەرگی یەکەم بۆ لێکۆڵینەوە لەچۆنییەتی داهێنانی هۆنراو تەرخان کراوە و لەم بەرگەشدا دێینە سەر باسی جۆرەکانی داهێنانی شیعری، هەمان ئەو دوو ئامانجەش کە لە بەرگی یەکەمدا لەبەرچاو گیرابوون لێرەشدا هەر وایە.

ئامانجی یەکەم ئەوەیە بیسەلمێنین ئەوەی کەوا پەیوەندی بەلێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکانەوە هەیە سەبارەت بەبواری داهێنانی شیعر، لەسەر بنچینەیەکی زانستی بنیات نەندراوە؛ هی دووەمیش ئەوەیە کەوا گوزارشت و پۆلبەندییەکی نوێ، بۆ ئەو سنعەتە ئەدەبییانەی کە پەیوەندیان بەشیعرەوە هەیە بخەینە بەردەست، ئەوەش بەدیاربخرێت کە کام لەسنعەتەکان لەداهێنانی شیعردا، جگە لە هۆنراو، ڕۆڵیان هەیە و هەر یەکێکیش لەمانە لەسەر کام ئاستی شیکاری دەکرێ لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

بەم شێوەیە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە هەر ئەوەیە کە لەبەرگی یەکەمدا و لەکاتی توێژینەوە و پۆلبەندی جۆرەکانی داهێنانی هۆنراو پێڕەوی لێکراوە، بەجیاوازی ئەوەی کە لەم بەرگەدا بابەتە تیۆرییەکان بایەخی زیاتریان پێدراوە، بەوهۆیەی کە لە نووسینی ئەم بەرگەدا هەست بەپێداویستی ڕەچاوکردنی بنەماکانی تۆمارکردنی نامەیەکی زانکۆیی ناکرێت و بەهێنانەوەی یەك نموونەش لەهەر بوار

و بابەتێكدا وازمان هێناوە. ڕەنگە دەردە دڵی ئەوەشم كێشا بێت كە دەمزانی ئەمە ئاراستەیەكی تەواو زانستی نییە، بەڵام بەهەر حاڵ ئەگەر عیشق و عەلاقە لەئارادا نەبێت، ئەوە زانستیش پێش ناكەوێت. نازانم ئەم بابەتەم لەكوێدا خوێندۆتەوە، كە وەختێك ئەدیسۆن بەڵێندەدات كەوا شارێك بەلامپەكانی ڕووناك بكاتەوە، ڕكابەرەكانی پێكەنینیان پێی هاتبوو، لەبەرابەردا ئەدیسۆن گوتبووی: ((ئەگەر كەمێك هۆگری فیزیك دەبوون، ئەوسا دەتانزانی كە دەبێ بتوانم ئەم كارە ئەنجام بدەم)). باشە مەگەر هەمیشە هەروانەبووە؟ ئەم جیهانە شێت و دێوانەكان ئالوگۆڕیان بەسەرداهێنا نەوەكو عەقڵمەندان. خەڵكی هۆشمەند هەر خەریكی شتە ئاساییەكانن و ئەوە شێتەكانن كە ڕەق و ڕووت لەگەرماو دەردەپەڕن و ڕادەكەن و هەرا دەكەن كەوا ((دۆزیمەوە)).

ئەو شێتەی كەوەختێك لەژێر دارسێوێكدا دانیشتووە و سێوێك بەرسەری دەكەوێت، ساڵانێك لەبیر و لێكۆڵینەوەی ئەم سێوەدا دەبێت، ئەو شێتەی كەوا كوڕەكەی لەحاڵی سەرەمەرگدا دەبێت، كەچی ئەو دانیشتووە و چاوی بە كرمە ئاوریشمەییەكانەوە ئەبڵەق بووە، ئەو شێتەی كە لەسەر وەختی دادگایی كردنیدا دیسانەوە بەپێیەكانی لەسەر زەوی دەنووسێت كە زەوی خول دەخواتەوە، ئەو شێتەی كەوا كەڕ بووە و گوێچكەكانی بەپیانۆكەیەوە دەچەسپێنێت تاوەكو ئاوازەكەی دابنێت، ئەو شێتەی كەوا گوێچكەكانی خۆی دەبڕێت و پێشكەش بە بێگانەیەكی دەكات، ئەو ژنە شێتەی كە لەدوای بەدەستهێنانی دوو پاداشتی نۆبێل، دووبارە دەگەڕێتەوە تاقیگەكەی تا ئەوەی كە خۆی دۆزیویەتەوە، بیكوژێت. ئەو شێت و دێوانەیەی كەوا بیست ساڵان بیردەكاتەوە بۆ ئەوەی سێ نیوە ساڵ وانە بڵێتەوە و بمرێ، بێئەوەی قسەكانیشی بنووسێتەوە، ئەو شێتەش كە بە سەر و قژی پرش و بڵاوەوە زمانی دەردەهێنێت و كاتێكیش سەر و سورەتی

خۆی بەم قیافەوە دەبینێت، ڕایدەگەیەنێت کە هەر ئەوەیە یاساکەی. بەڕاستی وایە و ئەگەر ئەم شێتانە نەبوونایە، ئاخۆ هۆشمەندەکان چیان دەکرد؟ بەهەر حاڵ، لەم بەرگە تازەیەشدا چەند گریمانەیەکی تازە خراونەتەڕوو ئەگەر هات و بەلای نووسەریشەوە ئاسایی خۆبنوێنن، مەرج نییە کە بەلای خوێنەرانیشەوە بەو جۆرە بن؛ لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بووینە تاوەکو باس و خواستی ئەم مەسەلانە بەشێوەیەك بەڕێوەبچن کە سەرلێشێواوی وەرگری لێنەکەوێتەوە.

ڕێبازی گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان لەم بەرگەشەدا وەکو بەرگی یەکەم، بۆ ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان بەو شێوەیەی کە لە کۆتایی هەر بەشێکدا بەگوێرەی ناوی نووسەرەوە ژمارەبەندیی ئەلفیایی بۆ کراوە. ئەم ڕێبازە لەبەرگی یەکەمدا وەکو دەستپێشخەرییەك پەیڕەو کراوە و بەباوەڕی بەندە زۆر گونجاوترە لە گەڕانەوە بۆ ناو و ساڵی چاپ و بڵاوکردنەوە. هەر توێژەرێکی ئێرانی کە دڵی تەنیا بەسەرچاوە نوێکان ناوی نەخواردۆتەوە، گرفتاری کۆمەڵێ سەرچاوە بووە کە مێژووی چاپ و بڵاوبوونەوەیان، کۆچی مانگی، کۆچی هەتاوی، یەزدگردی و زایینییە، یا ئەوەتا هەر لەبنەمادا مێژووی بڵاوبوونەوەیان دیار نییە، یا ئەوەتا نووسەرەکانیان بەگوماناوی ماونەتەوە، بەچاکی لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا ئاشنان کە ئەم تەرزە لەگێڕانەوە زۆر لەکێشە و گرفتەکان چارەسەر دەکات؛ دەنا چۆن دەتواندرێت بەگوێرەی ناوی نووسەر و مێژووی بڵاوکردنەوە ئاماژە بۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەیەکی وەکو کەلیلە و دیمنە بکرێت؟ هەر لەو نێوانەدا ڕیزبەندی دابەشکاری بڕگەکانی هەر بەشێکمان، لەچاو بەرگی یەکەمدا ئاوەژوو کردۆتەوە. لەبەرگی یەکەمدا بۆ نموونە مەبەست لە ١/٤ بەشی یەکەم بڕگەی چوارەم بووە، لە حاڵێکدا کە هەمان بەش و بڕگە لەم بەرگەدا لەشێوەی ٤/١ داهاتووە. لۆجیکی ئەم

ڕیزبەندکارییە لەهاوکاری دانا و بەڕێزم سەرکار خانم د. ڤیدا شقاقی فێربووم کە لەو باوەڕەدابوون لەم ڕێگەیەوە ژمارە بەشەکان لە هەموو بڕگەکانی ئەو بەشەدا لەڕیز و لەژێر یەکتریدا دەبن و ڕیزبەندییەکی ڕۆشنتر بەپێڕستی بابەتەکان دەبەخشن. (ئێمە هەر لە بەرگی یەکەمدا ڕەچاوی ئەم جۆرە ڕیزبەندییەمان کردووە و جێبەجێمانکردووە — وەرگێڕ).

ئەو ڕوانگە تازەیەی کە لەم کورتە باسەدا پێڕەویمان لێکردووە، یەکەوجار بۆمان نەهاتووە. بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە دوو کەس لەخوێندکارە ئازیزەکانمان، سەرکارخانم ئازیتا ئەفراشی و ڕێزدار فەرزان سەجودی، لەکاتی نووسینەوەی ماستەرنامەکانیاندا، ئاوڕیان لەچەند مەسەلەیەك داوەتەوە کە بۆ دەستپێکی شارەزاییان ڕێگە خۆشکەربوون. ئەم دوو ئازیزە لەکاتی ئێستادا خوێندکاری خولی دکتۆران لەپسپۆڕی زمانەوانیدا و بەڵگە نەویستیشە کە لە نامەکانی داهاتوویاندا بەشوێن سۆراغی مەسەلەگەلێکدا دەڕۆن کەوا ڕنگبێ وەڵامی پێویست بۆ زۆر لەپرسیارە بێوەڵامەکانی ئەم کورتە باسە بدەنەوە، یا ئەوەتا نا دروستی گریمانەکانی مەسەلەکان ڕوونبکەنەوە. بەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەمان پێشکەش بەباوکی زانکۆییمان کردووەو، ئەم بەرگی دووەمەش پێشکەش بەم دوو ڕۆڵەیە دەکەم.

بەڵام سێبەری ئەو باوکە بەسەر ئەم نووسراوەیەشدا هەر دیارە. مامۆستا د. عەلی محەمەد حەقشناس بەڕێنماییە بەخشندەکانی، وەکو هەمیشە ئەم شاگردە بێتوانایەی خۆی قەرزاربار کردۆتەوە. چۆن دەتواندرێت سوپاسگوزاری لە مرۆڤێکی مەزنی وابکرێت و گوتەیەکی شایستەی وا بدۆزینەوە؟ ڕۆژگارێك لەبەرانبەریدا کە بەشاگردی بەچوکدا دەهاتم، لاوێکی بیست ساڵە بووم و ئێستاش دوابەدوای تێپەڕبوونی نزیك بەچارەگە سەدەیەك، هێشتا گەردێکم لەزانست و مەعریفەتی ئەو بەدەست نەهێناوە. دەستەکانی ماچ دەکەم

و له حزووریدا به خامۆشی دەمێنمەوە، بەو ئاواتەی که ئەگەر قسەش بێتوانابێـت، ئــەوا بێــدەنگی عیشــق کــەم و کورتییــەکانی ڕابــردوو دادەپۆشــێت. هاوکــارانی ئــازیز و گرانقــەدرم، جــەنابی مامۆســتا د. سیروسـی شەمیسـا و جـەنابی مامۆسـتا د. ئەحمـەدی تەمیمـداری، لـە پێشکەشـکردنی زۆر بابـەتی بایەخـداردا سوپاسـگوزاریانم کـەوا ڕەوتـی خسـتنەڕووی ئــەم بابەتانــەی ئیســتایان دەستنیشــانکرد. ئــەو دیــدە تازەیـەش کـە لـە بەشـی کۆتـایی ئـەم نووسـراوەدا باسـی لێوەدەکرێـت، لەسەر بنەمای ئەو بیروڕایانە داڕێژراوە که بۆ یەکـەمین جـار لەلایـەن د. تەمیمدارییــەوە خراونەتــەڕوو. لەئاســت دانــایی ئــەم دۆســتە هەمیشەییيە سەری ڕێز دادەنەوێنم.

ڕەنگبێ هەلێکی وا هەڵنەکەوێت که ڕۆژێك بێت و بێمەسەر باسی ((پەخشان)) و بەرگی سێیەمی ئەم کۆمەڵەیە ئامادە بکەم، دڵم لەوە مردووترە کەوا بیری سبەینێ بکەم، بـەڵام بـیری نووسـینەوەی ئـەوەم دەدڵی خۆمدا هەڵگرتووە.

**کۆرش سەفەوی**

تاران ۱۳۷۹/۲۰۰۰.

## بەشی ١

# تیڕوانینێك بەسەرنجە تیورییەکاندا

ئەم بەشە لە سێ برگە پێکدێت، کە بەگشتی زەمینەی تیوری بەشەکانی دوایی پێکدەهێنێت. ڕەنگە لە یەکەم هەنگاودا خستنەڕووی بابەتگەلێکی لەوێنەی دال و مەدلول، پەیوەندییەکانی هاونشینی و جێنشینی، یاخود ڕوانگەی هاوزەمانی و دەرزەمانی لەئاست زماندا، لەشێوەی بنەما تیورییەکانی باسکردنی مەسەلەکان، دوابەدوای تێپەڕبوونی یەك سەدە لەسەروەختی وانەبێژیی فردینان دۆسۆسۆر لەزانکۆی جنێڤ و، ئەوەی کە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی وانە گشتییەکانی زمانەوانی لێکەوتەوە، وەکو شتێکی دووبارە بکەوێتە بەرچاو، بەڵام کاتێك دەبینین کە واهێشتا لەلای زۆر لە زمانەوانان و پسپۆڕانی ئەم بوارە لەئێران، تێگەیشتنێکی ورد لەبارەی فوتابخانەی بنیاتگەری لە ئارادا نییە؛ ئەو دال و مەدلولەی کەوا سۆسۆر هێناویەتە ئاراوە، تا ئێستا نەناسراوە و تا ئەوەی لە زۆر لەپۆلەکانی دەرس خوێندندا، بیروڕاکانی سۆسۆر وەکو شتێکی کۆنە سەیردەکرێت و بەجارێك ڕەتدەکرێتەوە، خستنەبەر باسی بابەتگەلێکی لەو جۆرە بە کارێکی شیاو دەزانەدرێت. ڕەنگە هۆکاری ئەوەش بۆ ئەو گەشەسەندن و ئالوگۆڕە خێرایە بگەڕێتەوە کە زانستی زمان لەم نیوسەدەیەی دواییدا بە خۆیەوە بینیبێت و لەبەرانبەردا پەتای ڕاڤەخوێنی دزەی کردبێت بۆ مەیدانی ئەم پسپۆڕییەش. ئەم پەتایە بەتایبەت لەنێو ئێمەدا، بەشێوەیەکی سەیر پەرەیسەندووە و دەسێنێت. خوێندکاری بواری فەلسەفە بێ ئەوەی خۆی لەقەرەی خوێندنەوەی، دایالۆگەکانی ئەفلاتون، گوتار لەمیتۆدی دیکارت، ڕەخنەی شیکاری عەقڵی خالیسی کانت و شوێنەوارە کلاسیکییەکانی دیکەی ئەم بوارە دابێت، بەدەستگیرۆیی نووسینەکانی ڕاڤەکاران، بۆتە کەسێکی فەلسەفەزان. زۆر لە خوێندکارەکانی بواری فیزیك، هەتا ناوی کتێب و نامەکانی ئەقلیدس و کۆپەرنیکۆس و تاوەکو نیوتنیش

نازانن و وەك چۆن خوێندكارانی بواری كیمیاش هەست بە پێداویستی خوێندنەوەی شوێنەوارە كلاسیكەكانی پسپۆڕییەكەی خۆیان ناكەن، بۆیە شتێكی سروشتییە كە بارودۆخی ئێمەش لەبواری زمانناسیدا زۆر لەمە باشتر نەبێت. ڕەخنەی ئەوە لە بلومفیلد دەگرین كە مەسەلەی واتای فەرامۆش كردووە، بەڵام كاتێك كتێبەكەی ئەو لەمەڕ زمان دەخوێنینەوە، تازە بەتازە تێدەگەین كە ئەو بانگەشەی بۆ شتێكی ئەوتۆ نەكردووە و باس و لێكۆڵینەوەكانی بنچینەیان لەسەر واتا بنیاتنراوە. (ئەسكینەر) دەخەینە ئەولاوە و گاڵتەمان بە بیروبۆچوونەكانی دێت، چونكێ لە شوێنێكدا خوێندوومانەتەوە كە (چۆمسكی) ڕەخنەی لەبیروڕاكانی ئەو گرتووە؛ بەڵام پەڕەیەكمان لەڕەفتاری ئاخاوتنەكەی ئەو هەڵنەداوەتەوە و وتارەكەی چۆمسكی خۆیشیمان نەبینیوە. ئاگاداری هەمووان هەین؛ (یەلمزلیف)، (فێرث)، (ساپێر)، (وۆرف)، (ترۆبتسكۆی)، (یاكۆبسن)، (یەسپرسن)، (مارتینێ) و ئەوانی دیكەش دەناسین و؛ ڕاشیدەگەیەنین كە لە هەمووان زیاتر و بەچاكی لەبیروڕاكانی سۆسۆر گەیشتووین. بەڵام زۆربەمان وانەكانی گشتی زمانەوانیمان نەخوێندۆتەوە، بەڵكو بیروڕای كەسانێك دەڵێینەوە كە خۆیان ڕاڤەكارن و گوزارشت لەبیروبۆچوونەكانی خۆیان دەكەنەوە. لەناو پۆلەكانی وانە خوێندندا و تاوەكو لە كتێب و توێژینەوەكانی خۆشماندا، (شارل بالی) و (ئالبێرسەشەیا) بەقوتابی سۆسۆر دادەنێین، چۆن لە جێگایەكدا خوێندومانەتەوە كە وانە گشتییەكانی زمانەوانی لەڕەشنووسەكانی خوێندكارەكانی سۆسۆر خۆی كۆكراونەتەوە. بەڵام پێشەكی ئەو كتێبەمان نەخوێندۆتەوە بۆ ئەوەی بزانین كە ئەوانە یارمەتیدەری ئەوبوون و خۆیان لەوانەكانی سۆسۆردا بەشداریان نەكردووە. وەختێك قسە و باس لەبارەی گوێزانەوە دێتە ئاراوە وادەزانین ئەم دیاردەیە لە داهێنانەكانی

چۆمسکییە و، ئـەوەخۆی لەخۆیـدا نیشـانەی ئەوەیـە کـەوا ڕێبازەکـانی زمانــەوانی بنیاتگــەری (زلــیگ هاریس)مــان نــەبینیوە و ئاشــناییمان لەگەڵ بیروڕاکانی ئەو مامۆستایەی چۆمسکیدا نییە.

کەواتـە ڕێگـا بـدەن، ئـەو ئەگـەرەش لەبەرچـاو بگـرین کـە ڕەنگـە خسـتنەبەر باسـی سـەر لـەنوێی هەنـدێك لـە بنـەماکانی ڕوانگـەی بنیاتگەری بۆ زمان بێ سوود نەبێت، تا ئەوەی بتوانێت لە تێگەیشتنی بابەتەکانی دواتـردا کـەلك و فـەرێکی هـەبێت. بـەو هۆیـەوە لەبڕگـەی یەکـەمی ئـەم بەشـەدا چـەند بابـەتێك لەمـەڕ قوتابخانـەی بنیاتگـەری سۆسـۆر باسـدەکرێت و لـەوەوەش کـە بـەپێی دیـدی بنیاتگـەراکان، داهێنــانی هونــەری لــەبواری ئەدەبیاتــدا، لەڕێگــەی پرۆســەی بەرجەستەسازییەوە سەردەگرێت، بۆیـە بڕگـەی دووەم بـۆ باسـکردنی ئـەم پرۆسـەیە و جۆرەکـانی تەرخانـدەکرێت. لـە ئاکامـدا و لەبڕگـەی سـێیەم، دێینــە سـەر باسـی دیدگایـەك کـە بەیـەکێك لەشـێوەکانی پۆلبەنـدی جـۆرە ئەدەبییـەکان دەژمێردرێـت و دەشـتوانێت ببێتـە بنەمایـەك بـۆ باسـەکانی تـر کـە لەبڕگـەکانی دواتـردا دێینەسـەریان و باسیان دەکەین.

## ١/١/ بنیاتگەری

ئاشنایانی ناپسپۆڕ و تاوەکو زۆرێك لە خوێندکارەکانی بەشی زمانەوانیش، وەختێك باس لەقوتابخانەی بنیاتگەری دەکرێت، وا دەزانن ئەم قوتابخانەیە لە کتێبەکەی سۆسۆر، وانەکانی گشتی زمانەوانی باسی لێوەکراوە و، لەپاشاندا لەئەمریکا و لەرێگەی بیروڕاکانی لیونارد بلومفیلدەوە ئالوگۆڕی بەسەردا هاتووە و بووە بە قوتابخانەی بنیاتگەری ئەمریکایی و لەدوایە لەگەڵ سەرهەڵدانی رێزمانی (گوێزانەوە بەرهەم هێنان) چۆمسکیدا سەری ناوەتەوە. بەداخەوە لە کتێبە سەرەتاییەکانی ئەم بابەتەشدا لەوە زیاتر شتێك هەڵناهێنجرێت و ئەمەش بێ هۆکار نییە، چونکە هەتا زۆر لە دەرچووەکانی ئەم بەشەش، تێگەیشتنێکی راستیان لەبارەی ((بنیات))ەوە نییە و تا ئەوەی بەوردی ناشزانن کە ئەم قوتابخانە هزرییە تەنیا تایبەت نییە بەجۆرێك لەبیرکردنەوە و لێکدانەوە لەزمانناسیدا. بەهەر حاڵ پێناسەیەکی ورد لەبارەی کرۆکی بنەڕەتی ئەوەی کە زمانەوانی بنیاتگەری پێدەگوترێت، بەڕاگواستن لە روبێنز (← ١١، ل ٤١٩) لە بەرگی یەکەمی ئەم کورتەباسەدا بەردەست خستووە (← ١٢، ل ٢٣). ئەنجا بۆ تێگەیشتنی چاکتری بابەتەکە نموونەیەکیش لەو بارەوە بە پێڕەوی لەبیروڕاکانی لایێنز خراوەتەڕوو (← ٢٢، ل ٢٣ – ٢٤). لەسەر بنەمای ئەوەی کە گوتراوە، ((بنیات)) بریتییە لەتۆڕی پەیوەندییەکانی هاونشینی و جێنشینی ڕەگەزەکانی سیستەمێك بەرەوچاوکردنی پەیوەندیان لە بەرانبەر یەکتردا، ئەمە تەنیا لەسنووری زماندا نییە و دەکرێ هەر سیستەمێکی دیکەش بگرێتەخۆی.

گریمان لەدوای ڕۆیشتنی میوانەکان، قاپ و قاپچاخەکان هەڵدەگرین و دەیانبەینەوە بۆ متبەخەکە تابیانشۆین، یەکێك

لەقاپـەکانی تایبـەت بەمیوانـدری لەدەسـتمان دەکـەوێت و دەشـکێت. سەغلەتیی شکانی قاپەکە، تەنیا سەبارەت بەشکانی ئـەو قاپـە نییـە و لەبنەڕەتدا بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـەوا سێتی قاپـەکانمان کەمبۆتـەوە؛ واتا بۆ نموونە لەجێی دوازدە قاپ یازدەمان دەبێت؛ واتـە بـەهای کۆی کۆمەڵەی قاپەکانمان کەمدەبێتەوە؛ واتە ئەگـەر جـارێکی دیکـە دوازدە میوانمـان هـەبوو ئـەوا قاپێکمـان کـورت دەهێنـین. لـەبارودۆخێکی وادا، ئـەو بیرۆکانـەی کـە بـە هۆشمانـدا ڕادەبوورێـت، نوێنـەرەوەی جۆرێـك لەدیدی بنیاتگەرانەیە.

دەچـــینە ژوورەکـــەمان و هەوڵـــدەدەین ئـــەو کەلوپەلانـــەی لەناوەڕاسـتی ژوورەکـەدا هـەڵڕژاون، هـەڵیان بگرینـەوە و ڕێکیـان بخەینـەوە. گۆرەوییـەکان لەشـوێنی گـۆرەوی هـەڵگر و پێڵاوەکـان لەشـوێنی پـێڵاو هـەڵگردا، هـیچ یـەکێکمان پێڵاوەکـان بەگیرەکێکـەوە ناکـەین و بـە میلـەی کۆمـەدینی کـەناری کراسـەکانەوە هەڵناواسـین، چونکە دەزانین هەر کـام لـەم پێداویستییانە شـوێنی تایبـەتی خۆیـان هەیە؛ بە گوتەیەکی وردتر، هەر کامێك لەوانە ئەرك و بەهای تایبەت بـەخۆی هەیـە. دوگمـەی کراسـەکەمان ون دەبێـت؛ یـا یـەکێکی وەك ئەوەی پێشوو بەکراسەکەمانەوە دەدرووین، یا ئەوەتا ناچار دەبـین کـە هـەموو دوگمـەکان بگـۆڕین. هـەموو ئـەو کاروبارانـە، وەکـو بەسـتێنی جۆرێك لەڕوانینی بنیاتگەرانە دەژمێردرێن. هەر ئەو تاکە دووگمەیـە لـە پەیوەندییـەکی بەرانبـەری دایـە لەگـەڵ دووگمـەکانی دیکـەی ئـەو کراسـەدا و، لـەپاڵ پاشمـاوەی دووگمەکانـدا، سیسـتەمی دوگمـەیی ئـەو کراسە پێکدەهێنن. ئەم جۆرە دید و بۆچوونە، جۆرێـك لـەجیهانبینی بنیاتگەرانەیە.

کەواتــە وەکـو دەبیـنین، بنیاتگـەری تـەنیا بـە زمانەوانییـەوە سـنووردار ناکرێـت و شـتێکی بـاڵاترە لـەو دیـدەی کـە بتوانـدرێت بەیـەکجاری ڕەتبکرێتـەوە. ئەلبەتـە هـەر بیرمەنـدێکیش دەتوانێـت

بـــەگوێرەی بۆچـــوون و هۆگریـــەکانی خـــۆی، ڕوانینێکـــی تـــازە لـــەم جیهانبینییـــــەدا بدۆزێتـــــەوە یـــــا بناســـــێنێ و هەڵـــــە و ڕاســـــتی بۆچـــوونەکانیش تاقیبکاتـــەوە؛ هـــەر بـــەو هۆیەشـــەوە زەنجیرەیـــەك قوتابخانـــە لەوێنـــەی قوتابخانـــەی کۆپنهـــاگن، قوتابخانـــەی لەنـــدەن، قوتابخانەی پراگ، قوتابخانـەی پـاریس تـاوەکو بـەتیوری گوێزانـەوە — بەرهـــەم هێنـــان و پـــاش بنیاتگـــەری و ئـــەوانی تـــریش ڕادەگـــات سەریانهەڵداوە و سەریش هەڵدەدەن، بەڵام هیچ کام لەم واقیعیەتـەیان ڕەتنەکردۆتەوە، کە زمان لەشێوەی سیستەم یاخود ڕێکخراوەیەکە کـە ڕەگەزەکان یـاخود یەکـەکانی لەپەیوەندییـەکی بەرانبـەری دان لەتـەك یەکتریدا.

پێویسـتە سـەرنجی ئـەو خاڵـە بـدرێت کـە ئەگـەر چـی زمانـەوانی بنیاتگـەرا لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی کتێبـی وانـەکانی زمانـەوانی گشـتی فردینان دو سۆسۆردا بەرهەمداربووە، بەڵام ئـەو بنەمایانـەی کـە ئـەو باسـی کردبـوون، بەرلـەوە لـەبیروڕاکانی (هاردەر)، (هۆمبێلت)، (لایـب نیتس) و تا بە (ڕەواقییـەکانی) یۆنـانی کـۆنیش ڕادەگـات بەدیـدەکران (← ١٢، ل ٢٣)، بەتایبەتیش بیروڕاکانی سەبارەت بە بەستێنی زانستی نیشانەناسـی، لانـی کـەم بـەباوەڕی نووسـەری ئـەم دێرانـە، لـەژێر کاریگـــەری فەیلەســـووفی هاوســـەردەمی خـــۆی، (ئیپۆلیـــت تـــین) و کتێبەکەیدا، لەبارەی تێگەیشتن، (← ٩) دابووە. لەو ناوەدا (یاکۆبسن) لەسـەر ئـەو باوەڕەیـە کـە سۆسـۆر لـەکاتی خسـتنەڕووی ئـەو زانسـتە گشـتییەی کـە لـە ژێـر نـاوی ((نیشانەناسـی)) دایـە، لـەژێر کاریگـەری بیروڕاکـانی (نیکـۆلای کرۆژۆفسکی) (←٤، ل ١٥) دا بـووە، کـە ئـەویش بەنۆرەی خۆی بە بیربۆچوونەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئەدوارد ڤان هارتمەن) و کتێبەکەی، دیاردە ناسیی نەست، دا کاریگـەربووە. ئـەوەش کـە سۆسـۆر سـەبارەت بەنیشـانەی زمـانی باسـی دەکـات لـەبیروڕاکانی (ئیپۆلیـت تـین) بـەدوور نییـە، بەتایبـەتیش ڕوانینـی ئـەو لـەبارەی

ئـەوەی کـە بـە ((دال)) و ((مـەدلول)) نـاودەبرێن بەتـەواوەتی هـەر ئەوەیـە کـەوا ئـەم فەیلەسـووفە فرەنسـاییە داویەتـە دەسـت. لێـرەدا سەیرەکە لەوەدایە، ئەوەش لانی کەم هەر بە بۆچوونی ئـەم نووسـەرە، کـە بیرورکـاانی ئیپۆلیـت تـین خۆیشـی، لێکچـوونێکی فراوانـی لەگـەڵ ڕوانگــەی ئــایینزای بــودیزم ســەبارەت بــەدرکی مــرۆڤ بــۆ جیهــانی مەتـەریالی هەیـە. ڕەنگـە بتـوانین بڵێین کـە لـەنێوان زمانەوانەکانـدا، تەنیا (جاناتـۆن کالەر) بێ دوودڵی ئاماژەی بۆ کاریگـەربوونی سۆسـۆر بە ئیپۆلیت تینەوە کردووە (←٢، ل ٨٣). سەیریش ئەوەیە کە ئـەوەی (ژاك دریدا) زۆر لەپاشاندا سـەبارەت بـە ڕەوەنـی دالـەکان (سـیلان دال هـا) باسـی دەکـات، دیسـانەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ بیروراکـانی هـەمان ئـەو فەیلەسووفە فرەنساییە کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەی بۆ دەکرێت.

ئـەوەی لـە بیروراکـانی سۆسـۆر بـۆ ئـەم کورتـە باسـە بـە گـرنگ دەزانـدرێت، بـریتین لـە ڕوانگـەی ئـەو سـەبارەت بـە نیشـانەی زمـانی، پەیوەندییـــەکانی هاونشـــینی و جێنشـــینی، دیـــدی هاوزەمـــانی و دەرزەمانییـە، بەتایبـەتیش لێکۆڵینەوەکانییـەتی لـەبارەی لادانـەکان، کـەوا پێویسـت دەکـات لـەم بڕگەیـەدا بەشـێوەیەکی ڕوون باسـیان لێـوە بکرێت تا زەمینە بۆ تێگەیشتنی مەسەلەکانی دوای ئەوە خۆشبکرێت.

## ١/١/١ نیشانەی زمانی

با وایدابنێین کـە هـەر یـەك لـە ئێمـە دەمانـەوێت وشـەی ((رود/ ڕووبار)) بدرکێنین. دەنگە بەرمهێنەکانی ئێمە لـەکاتی گۆکردنی ئـەم وشەیەدا لەلایەنی فیزیکییەوە بەشـێوەیەکی بەرچـاو لەگـەڵ یەکتریـدا جیاوازن. ئەنجا هەر جارەی کە یـەکێك لـە ئێمـە ئـەم وشـەیە دووبـارە گۆبکاتــەوە، ئــەوە شــێوەی گۆکردنەکــەمان لــەڕووی بەرهەمهێنانــەوە لەگەڵ ئەوەی پێشتر و دواتردا جیاواز دەبێت و ئامێرەکانی شـەبەنگی ڕەنگــەکان (دســتگاەهای طیــف نگــار) دەتوانێــت ئــەم جیاوازیانــە

نیشـانبدات. بـەو حاڵـەوە ئێمـە هـەر جارێـك هـەمان ئـەم وشـەیە دەدرکێنین؛ واتە لای خۆمانەوە واهەستدەکەین کە وشەی ((رود))مـان گۆکردووە، گوێگرەکەشمان بابەتەکە هەروا تێدەگات. ئـەم مەسـەلەیە بۆ هەر وشەیەکی دیکەش هەر وایە. کەواتە ئەم جیاوازییـە فیزیکییـە کاریگەری بەسەر تێگەیشتنی ئێمـە لـە وشـەکەدا نابێت؛ بـەڵام ئەگـەر هات و ئەو جیاوازییە بگات بەو ڕادەیەی کە ((رود)) لەگەڵ یەکـەکانی دیکـە لەوێنـەی ((زود))، ((سـود))، ((کـور))، یـاخود ((راد))، ((رد)) یاوەکو ((روز))، ((روم)) یانـەکو ((گـود))، ((رودە)) و هـی تـر تێکـەڵاو بێت، ئەوکاتە ناتوانین بڵێین کەوا ئێمە وشەی ((رود)) مان گۆکردووە، دیارە مەسەلەکە سەبارەت بە گوێگرەکەی ئێمـەش هـەر بـەو جۆرەیـە. کەوابێ ئێمە دوو ((رود))مان هەیە؛ یەکێکیان ئەوەیە کە بریتییـە لـە زنجیرەیـەکی دەنـگ و، هـەرجارەی کـە دەیانـدرکێنین لەلایـەنی فیزیکییەوە لەگەڵ جارەکانی پێش و پاش ئـەوەدا جیـاواز دەبێت، کـە خۆی لەخۆیدا تـەنیا لـە کۆمەڵە فۆنیمێکی بەرهـەمهێن پێکهاتووە. - دووەمیان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی سیستەمی زمانـدا باسـدەکرێت و لەپەیوەندییـەکی بەرانبەریدایـە لەگـەڵ یەکـەکانی دیکـەی ئـەم سیستەمەدا. سۆسۆر ئـەم ((رود))ەی دووەمـە بـە وێنـاکردنێکی دەنگی (sound image) ئێمە لەئاست ((رود))ی یەکەم دادەنێت و ئـەم وێنـە دەنگییە بە ((دال)) (signifier) ناودەبات (←٦، ل ٩٧). کەواتە ((دال)) یـاخود ((وێنـەی دەنگـی)) دیاردەیـەکی هۆشـەکییە و پەیوەسـتە بەسیسـتەمی زمانـەوە. ئێسـتا بەشـوێن سـۆراغی ((رود)) لـەجیهانی دەرەوەدا دەڕۆیـن. ئاوێکـە و لـەڕێڕەوێکی تایبەتـدا دەڕوات؛ لـە جێگەیەکەوە سەرچاوە دەگرێت و دەڕژێتە جێگەیـەکی تـر. بـەڵام خـۆ لە جیهانی دەرەوەشدا هـەر ڕووبارێك وەکو ڕووبارەکانی دیکە نییـە. هەیـە دەڕژێتـە ڕووبـارێکی تـرەوە، ئەوەکـەی تـر دەڕژێتـە دەریـاوە؛ یەکیان ئاوی زۆرترە و یەکیان کەمئاوە؛ ئەمیان بـە ڕێڕەوێکـی بـەپێچ

و دەورەدا ڕادەبووڕێت و ئەویان بەرێڕەوێکی ڕێکوڕاست؛ یەکێکیان قووڵە و یەکیان تەنکاوە و تادوایی. بەڵام ئێمە هەموو ئەمانە بە ((رود)) ناودەبەین. کارون، دانوب، نیل و ڤۆلگا، بەهەموو جیاوازیەکانیانەوە، بەلای ئێمەوە بە ((رود)) دەژمێردرێن. ئێمە لەزمانی فارسیدا ئەو ئاوانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا لە جوولەدان، بەگوێرەی هۆگریەکانی خۆمان پۆلبەندیمان کردوون و ناومان ناون ((کانیاو))، ((جۆبار))، ((ڕووبار))، ((چەم))، ((زێ)) و هی تر. لەلای ئێمە ڕووبارێك کە لە ڕووبارێکی تر، یاخود لە دەریا بکاتەوە پێی دەگوترێ ((ڕووبار)). بەڵام لەزمانی فرەنسیدا بۆ ئەم دوو ڕووبارە دوو وشەی جیاواز هەن. ئەم توانایە بۆ ئێمە لەئارادا هەیە کە بۆ ((ڕووباری قووڵ))، ((ڕووباری تەنکاو))، ((ڕووباری بەپێچ و دەورە))، ((ڕووبارێك کە بەناو دارستاندا تێدەپەڕێت))و هی تر، لەزمانی فارسیدا وشەی جیاوازیان بۆ هەڵبژێرن و بەکاری بێنین، بەڵام هەستمان بەپێویستی پۆلبەندییەکی لەو جۆرە نەکردووە و بۆ هەموو ئەمانە تەنیا ((رود))ە و بەس. کەواتە ئێمە لەزمانی فارسیدا چەمکێکمان بۆ هەموو ئاوە ڕەوانەکان هەیە کە لەگەڵ چەمکی ((کانیاو))، ((جۆبار)) و هی تردا لەپەیوەندییەکی بەرابەریدایە، ئەم چەمکەش (concept) بە وردی هەمان ئەوە نییە کە لە جیهانی دەرەوەدا و لەوێنە میسداق (referent)دا هەیە. بەڵکو دیاردەیەکی هۆشەکییە و پەیوەندی بەسیستەمی زمانەوە هەیە. سۆسۆر ئەم دیاردە هۆشەکییە بە ((مەدلول)) (signified) ناودەبات (← ٦، ل ٩٧ – ١٠٣). کەوایە ((دال)) دەنگ نییە و ((مەدلول))یش شتێك نییە کە لە جیهانی دەرەدا هەیە، بەڵکو هەردوو ئەمانە بەدیاردەی هۆشەکی دەژمێردرێن کە پەیوەندیان بەسیستەمی زمانەوە هەیە. لەبارودۆخێکی وەهادایە کە دەتواندرێت پێناسەی ((نیشانە)) لە دیدگەی سۆسۆرەوە بکرێت. بەگوتەی سۆسۆر، ((نیشانە)) (sign) ئەو

پەیوەندییەیــە کــە لــەنێوان ((دال)) و ((مەدلول))ەکەیــدا هەیــە، لــەوەوەش کــەوا ((دال)) و ((مــەدلول)) هۆشــەکین، کەواتــە ئــەم پەیوەندییەش شتێکی هۆشەکییە.

پێویستە سەرنجی ئەو مەسەلەیەش بدەین کە سۆسۆر پەیوەنـدی لـە نێـوان ((دال)) و ((مـەدلول))دا، یـا بەواتایـەکی وردتـر نیشـانەی زمـانی، بـە پەیوەندییـەکی ئارەزوومەندانـە دەزانێـت ( ← ٦، ل ١٠٠). لـەوەوەش ئـەوەی کـە لـەدەقی کلاسـیکی وانـەکانی زمانـەوانی گشـتیدا هــاتووە، واتــە ئــەوەی کــەوا (بــالی و سەشــەیە) کۆیــان کردۆتــەوە، دەتواندرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت کە هەر مەدلولێك دەکرێ هەر دالێکی هەبێت و هەر دالێکیش دەشێ دەلالەت بۆ هەر مەدلولێك بکات و بـەو هۆیەوەیە کە دەگوترێت ئەم پەیوەندییە ئازادانـە یـاخود لـە خۆڕایـە. ئـەو مەسـەلەیە وەکـو شـتێکی زۆر لـۆجیکی بـەدیار دەکـەوێت، بـەڵام تەنیا تا بەر لەو کاتەیە کە نیشانە دەبێتە شتێکی کۆمەڵایەتی قـابیلی جێبەجێبوونە. ئێمە لەسەر وەختی ناولێنانی دیاردەکان ئـازادین هـەر دالێك بۆ هەر مەدلولێك دەستنیشانبکەین بەو هۆیەوەیە کە دەتـوانین بڵــێین کرۆکــی نیشــانە ئارەزوومەندانەیــە؛ بــەڵام دوای ئــەوەی بژاردەکـەمان جێبـەجێبوو، جۆرێـك لـە داسـەپاوی (بـەخورتی) دێتـە گــۆڕێ؛ واتــە ئــاخێوەرانی زمانێــك دوای بــەدوای بەرقــەرابوونی پەیوەنـدی لـە نێـوان دالێـك و مەدلولەکەیـدا، ئەوسـا خۆیـان بەناچـار دەزانن کە بۆ مەبەستی پەیوەندیگرتن و ئاماژە بۆ ئەو مەدلولە سوود لەهــەمان ئــەو دالــە وەربگــرن کــە هــەلیان بــژاردووە و لەســەری ڕێککەوتوون؛ ئەنجا بێ دوو دڵی مەسـەلەیەکی ئـەوتۆ بـۆ کەسێك کـە باوەڕی بەسیستەمی زمان هەبێت، شتێکی شاراوە نییە.

لەبەرانبـەر ئـەم دیدگایـەدا کـە ڕەنگـە بـۆ ئامادەکارانی وانـەکانی گشــتی زمانــەوانی بەپێویســت بزانــدرێت، لــەنێوان ڕەشنووســەکانی خوێنــدکارەکانی سۆســۆردا کــە هەمیســان (ئەنگلــەر) چــاپ و بــڵاوی

کردۆتـەوە (← ٧)، لـەکاتی باسـکردنی مەسـەلەی ئـازادی نیشـانەدا، ڕووبـەڕووی مەسـەلەیەك دەبینـەوە کـە دەشـێ ئـەنجامێکی تـری لێ بەدەستبهێنین، بـە گوتـەی سۆسـۆر و بـەو جۆرەی کـە لـە ڕەشنووسـی خوێندکارەکانـدا هـاتووە، هـەر دالێـك دەتوانێـت دەلالـەت بـۆ هـەر مـەدلولێك بکـات. ئـەم گوتەیـەی سۆسـۆر لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو لـەکاتی لێکۆڵینەوەی لادانەکاندا پێی گەیشـتبوو (←٤/١/١) تەباییـەکی هەیـە ڕەنگە مەبەستی سۆسۆر ئەوە بووبێت کـە ئـەو پەیوەندییـەی لـەنێوان دال و مەدلولـدا هەیـە، جـۆرە پەیوەندییـەکی چەسـپاو نییـە و ئـاخێوەرانی زمانێـك دەتـوانن لـە بـارودۆخێکی تایبەتـدا، دالێـك بـۆ مـەدلولێکی دیکـە جگـە لـە مەدلولەکـەی یەکـەمجاری بـەکاربێنن؛ بـۆ نموونە ((نێرگز)) وەربگرە، بەڵام لەبری ئەوەی ئەم دالە بخرێتـە پـاڵ مەدلولێکی وەکو ((جۆرێك لەگوڵ))، بـا بـۆ دەلالـەتکردن بـۆ مـەدلولی ((چاو)) بەکارببرێت. دیارە ئەو ئەگەرەش هەیە کە مەبەستی سۆسۆر لەبنەڕەتدا وا نەبووە و ئەمە لێکدانەوەیەکە کە بـەلای نووسـەری ئـەم دێرانــەوە پەسـەندە؛ بــەڵام بەهــەر حـاڵ لــە یاداشـتەکانی سۆسـۆر لەبەسـتێنی لادانەکانـدا، دەتوانـدرێت ئـەم دیـدەش بخرێتـە پـاڵ سۆسۆرەوە. لەم بارەیەوە لەکاتی قسەکردن سەبارەت بە کەمکردنەوەی ڕێسا (٢/١/١) زیاتر باس لەو مەسەلەیە دەکرێت.

## ٢/١/١ پەیوەندی هاونشینی و جێنشینی

چەند لاپەڕەیەك لەکتێبی وانەکانی زمانەوانی گشتی سۆسۆر (← ٦، ل ١٧٠ – ١٨٤) بۆ یەکێك لە گرنگترین باسەکان تەرخانکراوە، کە بـە بـاوەڕی نووسـەری ئـەم دێرانـە، گرینگـی و بایـەخی هێشـتا بـە حەشـاردراوی ماوەتـەوە. بەگوتـەی یاکۆبسـن خسـتنە بەرباسـی ئـەم پەیوەندیانە لە بنەڕەتدا بریتییە لە گوزارشتکردن لەئـەرکی بەرهـەم هێنانی زمان (←١٢، ل ٢٨). یەکێك لەم دوو جۆرە پەیوەندییـە لەسـەر

بنـــەمای هەڵبـــژاردن (selection) بنیـــاتنراوە کـــەوا سۆســـۆر بـــە بانگهێشـتکار (متـداعی) (associative) نـاوی دەبـات و، ئەوەکـەی تـر لەسەر بنەمای ڕیزکردنـە (ترکیـب) (combination) کـە بەهاونشـینی (syntagmatic) ناودەبرێـت. سۆسـۆر لـەهیچ شـوێنێکی کتێبەکـەی خۆیـدا زاراوەی جێنشـینی (paradigmatic) بەکارنـەهێناوە و ئـەوەی کەوا ئەمڕۆ بـە پەیوەنـدی جێنشـینی ناودەبرێـت، لەگـەڵ ئـەوەی ئـەو نـاوی نـاوە پەیوەنـدی بانگهێشـتکار، جیاوازییـەکی بەرچـاوی هەیـە. بەڕەچـاوکردنی ئـەوەی کـەوا ئەمڕۆکـە سـەبارەت بەپەیوەندییـەکانی هاونشینی و جێنشینی بۆتە مایـەی درککـردن، ئەوەیـە کـە پەیوەنـدی هاونشـینی لەبنەڕەتـدا ئـەو پەیوەندیەیـە کـە لـە نێـوان ئـەو یەکانـەدا هەیـە کـە لـەکاتی ڕیزبـوون لەتـەك یەکتریـدا، یەکـەی دیکـە و لەسـەر ئاسـتێکی بـاڵاتر پێکـدەهێنن. /t/، /â/،/r/ لەسـەر ڕووی تـەوەرێکی ئاسۆیی گریمانەکراو بەناوی تەوەری هاونشینی جێگیر دەبـن و یەکـەی ((تـــار)) /târ/ پێکـــدەهێنن؛ ((او))، ((را))، ((دیـــد)) و ((م)) لـــە هاونشـــینی لەگـــەڵ یەکتریـــدا جێـــدەگرن و یەکـــەی ((او را دیـــدم)) پێکدەهێنن و تا دوایی. هەروەها پەیوەندی هاونشینی لە بنەمادا، بەو پەیوەندییەی لەنێوان یەکەکاندا هەیە دادەندرێت کە لە بـری یـەکتری هەڵدەبـژێردرێن و لەسـەر هـەمان ئاسـتدا یەکـەی تـازە بەرهەمـدێنن. /u/ لەشـوێنی /a/ دا جـێگیر دەبێـت و ((تـار)) دەگۆڕێـت بـۆ ((تـور)) /tur/؛ ((زد)) لـە بریتـی ((دیـد)) هەڵدەبـژێردرێت و ((او را دیـدَم) دەگۆڕدرێت بۆ ((او را زدم)) و تا دوایی.

بەڵام ئەوەی سۆسۆر سەبارەت بە پەیوەندی بانگهێشتی لە بیریـدا بووە، لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆکە بە پەیوەندی جێنشینی ناودەبرێت وەك خستنەپاڵی گشت بۆ کەرت وایە؛ بەواتایەکی ڕوونتر، ئـەوەی کـە ئێمـە بە پەیوەندی جێنشینی ناوی دەبەین، بەشێکە لە چەمکێك کە سۆسۆر سەبارەت بە پەیوەندی بانگهێشتی لەبیری خۆیدا گەڵاڵەی کردبوو. بـە

نیمچە سەرنجێك لەوەی كەوا ئەو بە مەبەستی ڕوونكردنەوەی پەیوەندی بانگهێشتی هێناویەتەوە و لەشێوەی هێڵكارییەكدا بۆ وشەی enseignement خستوویەتییە ڕوو ( ← ٦، ل ١٧٥)، لێرەدا بەسوودوەرگرتن لە نموونەیەكی فارسی، دەتواندرێت دیدگای ئەو بەم شێوەیە ڕوونبكرێتەوە:

وشەیەكی لە نموونەی ((دانشمند))، بەڕەچاوكردنی شیمانەكانی بانگهێشتی لەهۆشی ئێمەدا و بەگوێرەی لێكچوونیش (similarity)، لە لایێكەوە لەگەڵ وشەكانی وەكو ((دانا))، ((دانستن)) و هی تردا لە پەیوەندییەكی بانگهێشتی دا دەبێت؛ لەلاییێكی دیكە، لەگەڵ ((دانشمند))، ((ثروتمند)) و ئەمانە؛ لەلاییێكی تر لەگەڵ ((محقق))، ((متفكر)) و هی تر، لەو لاشەوە لەگەڵ ((ارزشمند))، ((خواهشمند)) هی دیكەدا لەپەیوەندییەكی بانگهێشتی دایە و، ئەم پەیوەندییە بەو یەكەیە یا ئەو یەكانەدا گرێدراوەتەوە كە لە وشەی ((دانشمند))ەوە وەردەگیرێن.

وشەی ((عمیق)) بەگوێرەی لێكچوونی واتایی لەگەڵ ((گود))، ((ژرف)) و هی تردا لە پەیوەندییەكی تەداعیدایە و، بەپێی جۆرێك لەلێكچوونی دەنگیش لەگەڵ ((عتیق))، ((عقیق)) و هی تردا لە هەمان پەیوەندیدا دەبێت، ئەو مەسەلەیەش هەمان ئەو بابەتەیە كەوا یاكۆبسن لەكاتی خستنەبەر باسی جەمسەری خواستن لەبەرچاوی گرتووە. یاكۆبسن لەیەكێك لە بایەخدارترین توێژینەوەكانی خۆیدا دێتە سەر مەسەلەی جەمسەری خواستن (metaphoric pole) و جەمسەری خوازە (metonymic pole) (← ٣)، كە لە بنەڕەتدا لەبیروڕاكانی سۆسۆرەوە سەبارەت بە پەیوەندییەكانی بانگهێشتی و هاونشینی سەرچاوەی گرتووە. هەڵبەتە پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت كە خواستن و خوازە لە دیدگای ئەمەوە، لەگەڵ ئەوەی لە لێكۆڵینەوە دێرینەكانی لەمەڕ سنعەتەكانی ئەدەبی فارسیدا كە لە ژێر

ئەم دوو ناونیشانەدا باسدەکرێن، جیاوازی هەیە و بەو ڕیزبەندییەوە دەلالەت بۆ هەموو ئەو جۆرانە دەکات کە بەگوێرەی پەیوەندی بانگهێشتی و هاونشینی جێبەجێ دەبن. لەبەشی چوارەمدا ئەو مەسەلەیە بەدرێژی باسدەکرێت.

### ٣/١/١ ڕوانگەی هاوزەمانی و دەرزەمانی (هاوکاتی و مێژوویی)

دوو بەش لە کتێبی وانەکانی زمانەوانی سۆسۆر بە درێژی بۆ زمانەوانی هاوزەمانی (← ٦، ل ١٤١ — ١٩٢) و زمانەوانی دەرزەمانی (←٦، ل ١٩٣ — ٢٣٧) تەرخانکراون و کۆمەڵێك مەسەلە دەگرێتەخۆی کە تا ئێستا زۆربەیان بەپۆشراوی ماونەتەوە. جیاوازی لەنێوان ئەم دوو دیگایەی هاوزەمانی و دەرزەمانی، بۆ یەکەمجار لەلایەن (بۆدوین دی کورتنییەوە) بە ڕاشکاوی خراوەتە بەرباس (← ١)، کەچی ئەوەی سۆسۆر لەو نێوەدا باسیدەکات شتێکی تازەیە، بەڵام بەهۆی نارێکوپێکی لە کۆکردنەوەی ڕەشنووسەکانی خوێندکارەکانیدا بەڵێڵی ماوەتەوە. ئەوەی لەدیدگای سۆسۆر لەم بارەیەوە لەبەردەستدایە، بەتەواوی هەر ئەوەیە کە بۆدوین کۆرتنی باسیکردووە، بەو مەعنایەی کە لە زمانەوانیدا، ئێمە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەو پەیوەندیانەوە دەکەین کە لە نێوان یەکەکانی سیستەمی زماندا هەیە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەری زەمان کە ئەمەیان دیدی هاوزەمانی پێکدەهێنێت، یا ئەوەتا دەپەڕژێینە سەر لێکۆڵینەوەی گۆڕانکارییە یەك لەدوای یەکەکانی زمان بە گوێرەی ڕەوڕەوی زەمان بەبێ ڕەچاوکردنی سیستەمی زمان خۆی، کە ئەمەشیان دیدی دەرزەمانییە. وەلێ ئەوەی سۆسۆر لەبارەی ئەم دوو دیدگایە باسیدەکات لەوە زیاترە و لە ڕاستیشدا هەمان ئەو شتەیە کەوا پێویست دەکات بایەخی پێبدرێت.

بـەباوەڕی سۆسـۆر دیـدی دەرزەمـانی بـەبێ ڕەچـاوکردنی دیـدی هاوزەمانی لەڕووی میتۆدناسییەوە ((میتۆدۆلـۆژی)) کـارێکی نەشـیاوە. پێویسـتە ئێمـە دوو قۆنـاغ (ئاسـت)ی هاوزەمـان لەسیسـتەمی زمـان وەربگرین، تاوەکو بتوانین تاوتوێی گۆڕانکارییەکانی زمان لەنێوان ئەم دوو قۆناغـەدا بکـەین. بـۆ نموونـە ئەگـەر بمانـەوێت وایـدابنێین کـەوا واتای وشـەی ((شـوخ)) لـە ((چـرك))وە گـۆڕاوە بـووە بـە ((بـذلـەگو))، پێویستە لەسەرەتادا ئەو قۆناغە لەبەرچاوبگرین کەوا وشەکە بەواتای یەکـەمی تیایـدا بـەکاربراوە لـە دوای ئـەوە ئـەو قۆنـاغـە ڕەچـاوبکەین کەواتای وشەکە تیایـدا بۆتـە ((بـذلـەگو)). هـەر گۆڕانکارییـەکیش لـەو نێوانەدا ڕوویـدابێت، لەلایـەنی هاوزەمانییـەوە لێـی دەکۆڵدرێتـەوە. یـا ئــەوەتا بەشــێوەیەکی وردتــر لێکۆڵینــەوەی دەرزەمــانی بریتییــە لــە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵێ قۆناغی هاوزەمانی. بەداخەوە بایەخپێنەدان بـە مەسەلەی هەستیاری لە خستنەڕووی ئـەم بابەتـە، کـارێکی وایکـردووە کەوا زمانەوانان لەدوای سۆسۆردا لەو بارەوە دان بـەبوونی جۆرێـك لـە دیــدگای ســێیەمیش دابنــێن و ناویشــی لێبنــێن هــەموو زەمــانی (panchroric). ئــەو مەســەلەیە لەســەردەمی ژیــانی سۆسۆریشــدا خراوەتە بەرباس و سۆسۆر خۆیشی باسیکردووە (←٦، ل ١٣٤ — ١٣٥) و ئەم جۆرە دیدگایەی لەڕووی میتۆدناسییەوە ڕەتکردۆتەوە.

بـە هـەر حـاڵ وەختـێ کەسـێك لێکۆڵینـەوەی دەرزەمـانی بـە کـۆ بەرهەمی چەند لێکۆڵینەوەیەکی هاوزەمانی تێدەگا، ئەوکات بـەبوونی هەر لێکۆڵینەوەیەك لەدەرەوەی سیستەمی زمان قایل نابێت. دیاریشـە کـەوا لێکۆڵینــەوەی هــەموو زەمــانی بــەلای ئــەوەوە چــەند پلــە لــە لێکۆڵینەوەی دەرزەمانی بێ مەعناترە.

خستنە بەرباسـی ئـەو مەسـەلەیە ئەوکاتـە بایەخـدار دەبێـت، کـە باسـی کاریگـەری ئـەرکی جـۆرە ئەدەبییـەکان لـە سیسـتەمی زمانـدا دێنینــە گــۆڕێ. لەشــوێنی خۆیــدا دووبــارە دەگەڕێینــەوە ســەر ئــەو مەسەلەیە.

### ٤/١/١ لادانەکان

سۆسۆر لەساڵەکانی کۆتـایی تەمـەنی، ڕووی داوەتـە لێکۆڵینـەوەی سـنعەتێك لەئەدەبیاتـدا کـە ((لادان)) (anagram)ی پێـدەڵێین. ئـەو نووسینێکی زۆری سەبارەت بە توێژینەوەکانی خۆی جێهێشتووە. هەر چـەندە هـیچ کاتێـك بـوێری ئـەوەی دەسـتنەکەوت کـە بابـەتێك لـەو بـارەوە بـڵاو بکاتــەوە (← ٢، ل ١٢٣). گریمانەکـەی ئـەو بـەگوێرەی بەڵگەنامـەکانی بەردەسـت ئـەوەبوو، کـەوا شـاعیرانی لاتـین زمـان، لـە شـیعر و هۆنـراوەکـانی خۆیانـدا لادانیـان لـەناوە تایبەتییەکانـدا بـەرپا دەکـرد. ئـەو نموونەگـەلێکی زۆری لـەجۆرەکانی ئـەم دووبارەکـاری و لادانانە کۆکردبۆوە، کە بۆ جاری یەکەم لەگەڵ یاداشتەکانیدا، لەلایـەن (ئەستڕۆبینسکییەوە) چاپ و بڵاوکراوەتەوە. (← ١٨)

ڕێگەبدەن پێش هەموو شتێ، باسێك لـەو سنعەتە بکـەین کـە لـە نێوان شاعیرانی لاتینی زمانی سەردەمی کۆندا بـاوبووە. شـاعیر ناوێـك کە پەیوەندی بە شیعرەکەیەوە هەبوو لەبەرچاو دەگـرت و، پیتـەکانی ئــەو نــاوەی جارێــك بــەگوێرەی ڕیزبەندییەکـەی خـۆی و جارێــك بەگۆڕانکاری لە ڕیزبەندییەکەدا، ناوە ناوە لە دەقی شیعرەکەی خۆیـدا دەهێنایەوە. بۆ نموونـە لـەنیوەدێرێکی وەکـو Samnio Cisauna cepit Taurasia بــە وەرگرتنــی s و ci لەســەرەتای وشــەکانی samnio، cisauna، هــەروەها pi لەناوەڕاســتی cepit، هـەروەها io لــە کۆتــایی وشەی samnio دەگەین بەناوێکی وەکو scipio.

لـەم جـۆرە لـە یاسـادارێژی سـاختە لـەنێو بەشـێك لەشـاعیرانی ئێـرانیش بـرەوی هـەبووە، لەوانــە دەشــێ نموونەگـەلێك لــە گەمــە زمانییەکانی وەکو ((توشیح))، ((واسع الشفتین))، ((واصل الشفتین))، ((رقطا))، ((خیفا))، ((فوق النقاط))، ((تحت النقاط)) و ((ذولغتین)) بێنینەوە (← ١٢، ل ١١٦ — ١١٧).

ئـــەو لادانانـــەی سۆســـۆر لەشـــیعری ئـــەم شـــاعیرانەدا دەســـتی کەوتبوون، زیاتر بەجۆرێك لە جۆرەکانی سنعەتێکی وەکو ((توشیح)) دەژمێردرێت[1].

مەســـەلەی ســـەرەکی ســـەبارەت بـــەوەی کـــە ڕێگـــر بـــوو لەبـــەردەم سۆسۆردا تا ئەم دۆزینەوەی خۆی بڵاوبکاتەوە، دەست پێڕانەگەیشتنی بوو بۆ وەڵامـی دوو پرسیاری سەرەکی: یەکەم مەبەستی شاعیر لـەم لادانانـەدا چـی بـووە و دووەمـیش ئەوەیـە کـە لـەم توێژینەوەیـەدا چ ئەنجامێك دەستدەکەوێت. (← ٨، ل ١٠٥ — ١٠٦)

ئـەو ئەگـەرە لـەئارادا هەیـە بتـوانین بڵـێین، ئـەوەی کـە سۆسـۆر دۆزیبوویەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەو نموونانـەوە هەیـە کـەوا فرۆیـد لـە کتێبی ناسـینی خەوشـە دەروونییـەکانی ژیـانی ڕۆژانـەدا هێناویەتـەوە (← ٢، ل ١٢٥) و تیایـدا هـاتووە، کـە وشـەگەلێك لـە نـاخ و نەسـتی شـاعیرێك یـا نووسـەرێکدا کەڵەکـە دەبـن و دەنیشـنەوە و دوایـی، یـا بەشێوە بنەڕەتییەکەی خۆی یا بـە شـێوەی لادان و ترازاویـدا دەڕژێنـە ناو دەق، بێ ئـەوەی شـاعیر یـا نووسـەرەکە هـەتا هۆشیشـی بـەلای ئـەو کـارەی خۆیـەوە بێـت. بـەڵام مەسـەلەی لادانـەکان تـەنیا بـەم بابەتـە کۆتایی نایەت و بۆی هەیە مەسـەلەگەلێکی دیکـەش بێنێتـە بـەردەمی

---

[1] وازی گەلێکی دیکەش لەوێنەی ((توشیح)) لەهونەری جوانکاری فارسیدا بەدیـدەکرێت، کەدەشـێ لـەم بـوارەدا بـە نموونـەی وەربگیرێـن، لەنموونـەی سـنعەتی ((تشریك)) کـە شاعیر بە هاوکاری ڕێنووسەکانی ناوەوەی شیعرەکەی خۆی ڕستەیەك سازدەکات.

امروز منم ز حبّ در یـــرقان
محراب نمازم خم ابروش مدان
زر دیدم و ضعیف و بردلم بارگران
گو محنت عشق و منت جاویدان

کە بەپێی چەند ڕێنووسێکی هەڵبژێردراو، ڕستەیەکی وەك (میر محمـد زرگرگویـد)ی لێ سازدەکرێت.

ئێمـە؛ ئـەوەی کـەوا بـۆی هەیـە وشـەکان لەشـیعردا ڕەگوڕیشـەیان لـە وشەگەلێکی دیکەوە هاتبێت، دووەمیش ئەوەیە کە ئێمە لەئاستی یەك ((دال))دا، نـەوەك بـە ((مەدلول))ەکـەی، بـەڵکو بـە ((دال))ێکـی دیکـە دەگەین. (← ٢، ل ١٢٨ – ١٣٤).

ئەوەی کە دەڵێین ڕیشەی وشەیەك لەوشەیەکی دیکەدا بێت، یانی چی؟ واتە ئێمە وشەیەك بەکاردێنین لەکاتێکدا مەبەستمان وشـەیەکی دیکەیـە. ئەگـەر بەشـێوەیەکی وردتـر لـەو مەسـەلە بکۆڵینـەوە، ئـەوە دەگەین بە سنعەتی ((خواستن)). کە واتـە دەشـێ ئێمـە ((لادانـەکان)) بـەجۆرێکی تایبـەت لەخواسـتن دابنـێین، بـەڵام بەهـەر حـاڵ ئـەوەی ئاشـکرایە ئەوەیـە، کـە بـەکاربردنی وشـەیەك لەجێگـەی وشـەیەکی دیکــەدا دەچــێتە بــواری ((هەڵبــژاردن)) لەســەر ڕووی تــەوەری جێنشینیدا. ئەوەی بابـەتی دووەمـیش مەسـەلەیەکی تازەیـە و لەگـەڵ ئەوەی سۆسۆر لەچوارچێوەی ((نیشانەی زمانی)) دا باسی لێوە دەکات، جیــاوازی هەیــە؛ بــەو واتایــەی کــەوا لــەبری ئــەوەی ((دال)) بــۆ ((مەدلول))ەکەی خـۆی بگەڕێتـەوە، بـە ((دال))ێکـی دیکـە بگـات. ئـەم بابەتە بەشێك لە گـرنگترین بیروڕاکانی درێـدا پێکدەهێنێت کـەوا لـە بەشی دووەمدا دەیخەینە بەردەست.

## ٢/١ بەرجەستەسازی ئەدەبی

لەبـەرگی یەکـەمی ئـەم کورتـە باسـەدا ئاماژەمـان بـۆ ئەرکـەکانی زمان کرد لە ڕوانگەی یاکۆبسنەوە و هەروەها ئەرکی ئەدەبیش، ئەوەی کـە یاکۆبسـن بـە ((ئـەرکی شـیعری)) ناوەدەبـات، هەمیسـان باسـی لێــــوەکراوە (← ١٢، ل ٣١ – ٣٥). هــــەروەها ئــــەو مەســــەلەیەشمان خسـتۆتەڕوو کـە بـاوەڕ بەهـەبوونی ئـەرکی ئـەدەبیی زمـان پێشـینەی لـەبیروڕاکان ئەشکۆلفسـکی، مۆکارفسـکی و هاوڕانکـدا هەیـە و، ئـەوان هـەردوو پرۆسـەی ئوتۆمـاتیکی (automatisation) و بەرجەستەسـازی

(foregrounding) یـــان لەیـــەکتر جیاکردۆتـــەوە و پرۆســـەی بەرجەستەسازی، بە پرۆسەیەك دادەندرێت کە زمانی پێوەر (نۆرم — نۆرمال) دەگۆڕێت بۆ زمانێکی ئەدەبی.

لـەکاتی نووسـینەوەی بـەرگی یەکەمـدا، هەلومـەرجی تەمـەن و شۆڕوشەوقی خوێندکاری وای خواستووە کە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە و بـــەلێبڕاوی ســـنوور کێشـــانم لـــەنێوان زمـــانی پێـــوەر و زمـــانی بەرجەستەکراو، لەلا کارێکی پەسەند بێت و جەخت لەسەر دروستی بیروڕاکانی ئەشکۆلفسکی و ئەوانی دیکە بکەم؛ بەڵام ئەمڕۆ بە لێبڕاوی تەنیا دەتوانم ئەوە بڵێم کەوا هیچ شتێك لێبڕاوانە (قەتعی) نییە[1]. ئـەوەی کـە ئـەمڕۆ لـەبارەی زمـانی پێـوەر و زمـانی بەرجەسـتەکراو یاخود زمانی ئەدەب دەتواندرێت بگوترێت ئەوەیە، کەوا پێویستدەکات ئـەم دوو جـۆرە زمانـە لەوێنـەی دوو بەشـە نموونـە لـەو بـارەوە وەربگیرێـت. هـەر یەکەیـەك کـە دەبێتـە بابـەتی لێکۆڵینـەوە، بـەپێی ئەنجامی بەدەستهاتوو لەئەرکی هەڵبژاردن و ڕیزکردن لەسەر هەردوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی، بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ هـەردوو بەشـە نموونەکەوە پۆلبەندیبکرێت. لەو بارەیـەوە چاوێك بەنموونـەکانی (١) بۆ (٥) دا دەگێڕین:

---

[1] نازانم ئەگەر هات و شۆڕشی فەرهەنگی بەرۆکی پێ نەگرتبام و توانیبام لەتەمەنی بیست و سێ چوار ساڵیدا دکتۆرانامەکەشم نووسیبا، ئاخۆ بە چ جۆرە لێبڕاویەك سەیری بیروڕاکانی ئەم و ئەوم دەکرد. ئەو شتە بریقەدارانەی کە لەوان ساڵاندا نووسیومن تا ئەوەی لەشێوەی کتێب و نامیلکەدا بڵاویشم کردوونەتەوە، ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو بیرکردنەوەن. ئەمڕۆ ئیتر شتێك بەلامەوە ئاسایی نییە؛ تا شتێکی وەك ئەوەی کە مریشك بەخۆی و بەلاشەی گۆشتنییەوە چۆن دەتوانێت بەسەر ئەم دوو پێچکە لاوازە و باریکەیەوە ڕێ بکات و نەکەوێت بەلامەوە شتێکی سەمەرەیە. ئەم بابەتەم لەم دواییانە لە کۆنفرانسێکدا باسکرد و هەموو پێکەنین، لە دواییدا نەمزانی ئاخۆ بە قسەکەی من یاخود بەلاشی مریشکەکە پێدەکەنن.

(١) مدتی به عکسش نگاه کردم/
ماوەیەك لەوێنەکەیم ڕوانی.

(٢) مدتی به عکسش چشم دوختم/
ماوەیەك چاوم لەوێنەکەی بڕی

(٣) مدتی به تصویرش چشم دوختم/
ماوەیەك چاوم لەڕوخساری بڕی.

(٤) لحظەها به تصویرش چشم دوختم/
چەند ساتێك چاوم لەڕوخساری بڕی.

(٥) لحظەها چشم به تصویرش دوختم/
چەند ساتێك چاوانم لەڕوخساری بڕی.

ئەگەر ئەوەمان قبوول بێت کەوا نموونەی (١) بۆ مەبەستدارترین ئەرکی هەڵبژاردن و ڕیزکردنی هەیە لە ئاست چوار نموونەکەی دیکە و بەو هۆیەوە ئاراستەی بەلای بەشە نموونەکەی وەکو زمانی (ئۆتۆماتیك – ئاسایی) دایە، ئەوسا ڕەنگە بتوانین بڵێین کەوا نموونەی (٥) بە گوێرەی ئەرکی هەڵبژاردن و ڕیزکردن، مەبەستدارترین نموونەیە و زیاتر لەچوار نموونەکەی دیکەوە ئاراستەی بەلای بەشە نموونەیەکی زمانی بەرجەستە کراوەوەدا هەیە، بەڵام ئاخۆ بەشێوەیەکی لێبڕاو دەتواندرێت هەر کام لە نموونەکانی (٢) و (٤)، لە چوارچێوەی زمانی ئۆتۆماتیك/ ئاسایی یاخود زمانی ئەدەبدا پۆلبەندی بکرێن؟ دیارە لێبڕاوەییەکی لەو جۆرە لەئارادا نییە و تەنیا ئەوە نەبێت کە بتوانین بڵێین نموونەکەی (٤) لە نموونەکەی (٥) نزیکترە و تا دوایی. لەسەر بنەمای بۆچوونێکی لەو جۆرە ڕەنگە لەتوانادا هەبێت بگوترێت کە بۆ مەبەستترین (بێنیشانترین) بەکارهێنانی زمان لەئەرکی گێڕانەوەیی زماندا خۆی دەبینێتەوە.

لەبەرگی یەکەمدا لەکاتی باسکردن لەبارەی ئەرکی گێڕانەوەی زمان لەدیدگەی یاکۆبسندا (← ١٢، ل ٣٢)، گوتوومانە کە لەم ئەرکەیدا ئاراستەی پەیامەکە بەرەو لای بابەتی پەیام خۆیەتی و، ڕاستی و ناڕاستی ئەو ئاخاوتنانەی کەوا ئەرکێکی گێڕانەوەیی دەگێڕن، لە ڕێگای دەوروبەرەوە پەی پێدەبردرێت. یا بەشێوەیەکی وردتر لەتوانادا هەیە بگوترێت، کە ئەوە میسداقەکانی جیهانی دەرەوەن گەواهی لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ئەم جۆرە ئاخاوتنانە دەدەن. کەواتە چەندی مەدلول لەمیسداقەوە نزیك بێت، ئەرکی گێڕانەوەیی زیاتر دێتە ئارا و، چەندی مەدلولیش لە میسداقەوە دوور بکەوێتەوە ئەرکی گێڕانەوەیی ڕەنگی خۆی دەدۆڕێنێت و ئەرکی ئەدەبی زیاتر دەدرەوشێتەوە. بەو هۆیەوەیە دەتوانین بڵێین کەوا تێکستەکانی کتێبێکی وەکو فیزیك یاخود جوگرافیا ئەرکێکی گێڕانەوەییان هەیە، چونکێ دالەکان بۆ مەدلول گەلێك دەگەڕێنەوە کە زۆر لە میسداقەکانی جیهانی دەرەوە نزیکن؛ جا ئەگەر وانەبوایە چۆن دەتواندرا ڕاستی و ناڕاستی تێکست گەلێکی لەوجۆرە دەستنیشان کرابان؛ بۆ تێگەیشتنی زیاتری بابەتەکەش سەیری نموونەکانی (٦) و (٧) بکەن.

(٦) مقدار مقاومت ویژه نیکروم صد در ده به توان منهای هشت اهم متر است/ توانای بەرهەڵستی تایبەتی نیکرۆم لەسەدا دەی توانای داشکاندنی هەشتی ئوهمی مەترێکە.

(٧) صد دفعه گفتم این کار را نکن/ سەردجاران گوتم ئەم کارەی مەکە.

نموونەی (٦) لە کتێبێکی فیزیك وەرگیراوە و نموونەی (٧) ڕستەیەکی ژیانی ڕۆژانەی فارسییە. لەهەردوو ئەم نموونانەدا وشەی ((صد)) بەکاربراوە. بەجیاوازی ئەوەی کە مەدلولی ((صد)) لە نموونەی (٦)دا بەتەواوی هەمان میسداقی جیهانی دەرەوەیە. لە

کاتێکدا لە نموونەی (٧)دا هەر لەبنەڕەتەوە وانییە. بەو هۆیەوەیە ڕەنگە بتوانین بڵێین، مەدلولێك کە میسداقی دەرەکی نەبوو، یاخود بڕیار نەبوو میسداقێکی دەرەکی ببێت، تایبەتی زمانی ئەدەبە. لەم ڕووەوە دەتوانین نموونەگەلێکی وەکو ((اژدها))، ((سیمرغ))، ((خون گریە کردن))، ((اسب بالدار)) هی دیکەش بێنینەوە؛ یا ئەوەتا یار و ئەڤینداریك بێنە بەرچاو کە بەپێی میسداقێکی دەرەکی، ڕوخسارێکی خڕی وەك خڕۆکەی مانگ؛ لەبری چاو، نێرگز؛ لەبری موو، کەمەند و جووتێ بەردی لە علی سووری لە بری لێوەکان هەبوو قەد و باڵایشی بەقەد دارسەروێکی چوارپێنج مەتری بێت، جا ئەم دەعبایە ((لەنیوەشەودا بە مەستی بۆ جێگەی خەو))ی بنیادەمیش بێت! ئەوە لێرەدا هەلومەرجی میسداقێکی دەرەکی هەر لەبنەڕەتەوە لەئارادا نییە و هەر بڕیاریش نییە کە ببێت.

(٨) ز سمّ ستوران در آن پهن دشت
زمین شد شش و آسمان گشت هشت (فردوسی)

وایدابنێ زەوی ناسێك بیەوێ بەپێی بنەمای نموونەی (٨)، ژمارەی ئەسپەکان و چەندایەتی بەرکەوتنی هەر سمێك بۆ بەهەوادا بردنی توێژاڵی گوێی زەوی، حیساب و کیتابێك بکات و ڕاستی و ناڕاستی ئەم دێرە بەگوێرەی میسداقی دەرەکی بپێوێت.

بەم شێوەیە ڕەنگە بتواندرێت جەخت لەسەر ئەم بۆچوونە بکرێتەوە، کە بە هەر ڕادەیەك کارکردی هەڵبژاردن و ڕیزکردن، مەدلولێك بێنێتەدی کە لەگەڵ میسداقی جیهانی دەرەوەی زمان نزیکتر بێت، ئەم ئەرکە بێ مەبەستتر دەبێت و ئاراستەکەی بەرەولای ئەرکی گێڕانەوەیی زماندا دەڕوات. هەر چەند ئەو ئەرکەش مەبەستدارتر بێت، ئاراستەی پەیام بەرەولای خودی پەیامەکە زیاتر دەبێت و بەدوورکەوتنەوەی مەدلولیش لە میسداقەوە، ئەرکی

ئەدەبیی زمان ڕۆشنتر دەبێت، لەبەرگی یەکەمدا و لەکاتی باسکردنی پرۆسەی بەرجەستەسازیدا، ئاماژە بۆ دوو جۆری ئەم پرۆسەیە، واتا زیادەکردنی ڕێسا و لادان لەپێوەر کراوە (← ١٢، ل ٤٧ — ٥٦). بەڵام وا دیارە کە زاراوەی ((لادان لەپێوەر)) زاراوەیەکی گونجاو نەبووبێت، چونکە زیادکردنی ڕێساگەلێك بۆ سەر ڕێساکانی زمانی پێوەر یا ئۆتۆماتیك ئەویش بە نۆرەی خۆی جۆرێکە لەلادان لە پێوەر. بۆیە ئەوەی لەبەرگی یەکەمی ئەم باسەدا بە ((لادان لەپێوەر)) ناوبراوە، لەم بەرگەدا ناوی دەنێین ((کەمکردنەوەی ڕێسا))، کەوا هەم پێچەوانەکەی زاراوەی ((زیادەکردنی ڕێسا)) دێنێتەوە یاد و هەمیش ڕێگەی ئەوەمان پێدەدات کەوا ((لادان لەپێوەر)) وەکو زاراوە چەترێك بەکارببرێت کە هەردوو لایەنی ((زیادەکردنی ڕێسا)) و ((کەمکردنەوەی ڕێسا))ش بگرێتەوە.

### ١/٢/١ زیادکردنی ڕێسا

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە بەشێوەیەکی گشتی بۆ زیادکردنی ڕێسا و جۆرەکانی تەرخانکراوە و تیایدا هاتووە، کە زیادکردنی ڕێسا بەپێی بنەمای هاوسەنگی و لەسەر هەرسێ ئاستەکانی، دەنگی و وشەیی و ڕێزمانی شیاوی لێکۆڵینەوە و پۆلبەندیکردنە. لێرەدا پێویستە دووبارە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێتەوە کە زیادکردنی ڕێسا کار لەسەر ڕوخسار یاخود ڕووکاری زماندا دەکات و ناچێتە سنووری واتاوە. بەو هۆیەوە ئەو ئەنجامەی کە لە زیادکردنی ڕێسادا دێتە دی، تەنیا بریتییە لەشێوەی مۆسیقایی زمانی ئۆتۆماتیك. بەو پێیە ئەو کۆمەڵە دووبارەکارییانەی کە پەیوەندییان بە واتاوە هەیە، بە نموونە ئەوەی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکان بە سنعەتی ((هاوپیتی)) (alliteration) ناودەبرێت، ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی جۆرەکانی داهێنانی هۆنراو (هۆنراوسازی) پۆلبەندی

بکـرێن. بەمەبەسـتی تێگەیشـتنی باشـتری بابەتەکـە، بـەراوردێکی نموونەکانی (٩) و (١٠) دەکەین.

(٩) یار مرا، غار مرا، عشق جگر خوار مرا
یار تویی، غار تویی، خواجه نگهدار مرا (مولوی)

(١٠) سرو چمان من چرا میل چمن نمی کند
همدم گل نمی شود یاد سمن نمی کند (حافظ)

ژمارەی دووپاتبوونـەوە و هـاتنی نـەبزوێنی /r/ لەنموونـەی (٩)دا چەند جار لە هاتنەوەی /č/ لە نموونەی (١٠)دا زیاترە، بـەڵام واتایـەك نـادات بەدەسـتەوە. لەکاتێکـدا زۆرێـك لەپسـپۆڕان لـەو بـاوەڕەدان کـە هاتنەوەی /č/ لە نموونەی (١٠)دا جۆرە لاسایی کردنەوەیـەکی دەنگـی بولبولـە. بـەم پێیـە ئـەو دووبارەبوونـەوەی کـە لـە نموونـەی (١٠)دا سەبارەت بە نەبزوێنی /č/ بەدیدەکرێت لە جۆری دووبارەبوونـەوەی /r/ی نموونـەی (٩) نییـە و لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە جـۆرێکی داهێنـانی هۆنراو دەژمێردرێت، بـەڵام بـەهۆی بەدەسـتەوەدانی جۆرێـك لـەواتای لاوەکـی، دەکـرێ بـەجۆرێك لـە ئامرازەکـانی داهێنـانی شـیعریش بژمێردرێت.

## ٢/٢/١ کەمکردنەوەی ڕێسا

لەبەرگی یەکەمدا و لەژێر ناونیشانی ((لادان لە پێوەر))، ئامـاژە بۆ جۆرێکی دیکە لە پرۆسەی بەرجەستەسازی کراوە ئـەم جۆرەکـە لـە مەودوا بە ((کەمککردنەوەی ڕێسا)) نـاوی دەبـەین، لەوێنـەی ئـامرازی داهێنـانی شـیعری (شـیعر سـازی) درایـە قەڵـەم (← ١٢، ل ٤٧ – ٥٤). بـــەپێی بـــاوەڕی (لـــیچ)، کەمکردنـــەوەی ڕێســـا بـــەلادان لەڕێســـا کارپێکراوەکـــانی زمـــانی پێـــوەر دەژمێردرێـــت (← ٥، ل ٥٩)؛ یـــا بەواتایـــەکی ســـادەتر، شـــاعیر بەدەســـتکاریکردن و کەمکردنـــەوەی

ڕێساگەلێك کە لە زمانی پێوەردا کارییێدەکرێت، شیعرەکەی خۆی دادەهێنێت. لەوەوەش کە لە بەرگی یەکەمدا تەنیا ئاوڕ لەجۆرێك لەزیادکردنی ڕێسادا دراوەتەوە، بۆیە باسێك سەبارەت بە ئامرازەکانی داهێنانی شیعری نەهاتۆتە پێش و لەوێدا تەنیا ئاماژە بۆ چەند جۆرێکی ئەم کەمکردنەوانە کراوە. بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنێین کە مەسەلەکە بەم جۆرە سادەییە نییە. هێنانەوەی چەند نموونە بۆ هەر یەکێك لە جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێسا، بێ ئەوەی بایەخی هەر یەکێکیان لە ئاست ئەوەکەی تر دەستنیشانبکرێت، بەو جۆرەش کەوا (لیچ) باسی لێوەکردووە (← ٥)، ئەوا پۆلبەندییەکی گونجاوی لێ بەدەست نایەت تاوەکو بتوانێت ئامرازێکی تیوردارێژ لەو بەستێنەدا پێکبهێنێت.

بۆ نموونە لیچ، کەمکردنەوەی ڕێسای ڕێزمانی {= لادانی ڕێزامانی}، بەیەکێك لە جۆرەکانی داهێنانی شیعری دادەنێت، کە دەشێ جۆرێك لە ڕاڕایی دروست بکات (←١٢، ل ١٤٢ — ١٤٥)، چونکە بەگوێرەی ئەو بەڵگە هێنانەوەی کە کراوە وا دەردەکەوێت کە کەمکردنەوەی ڕێسای ڕێزمانی لە ئەنجامی زەروورەتی دەست پێڕاگەیشتن بە هۆنراو ئەنجام دەدرێت. بەم پێیە، بەهەمان شێوە کە لە بەرگی یەکەمیشدا خراوەتەڕوو، جیاوازیکاری ڕەها لەنێوان زیادکردنی ڕێسا و کەمکردنەوەی ڕێسادا لەڕووی میتۆدناسییەوە کارێکی ڕاست نییە (← ١٢، ل ١٤٢) و سەرەڕای ئەوەی، هەروەکو لەجۆرەکانی زیادکردنی ڕێسادا، لەکاتی پۆلبەندی جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێساشدا پێویستە ژمارەی پاتەبوونەوە و هاتنی هەر یەکێك لەم جۆرانە لەئاست جۆرەکانی دیکەدا دەستنیشان بکرێت و بایەخی هەر کام لە کەمکردنەوە ڕێساکان ڕوونبکرێتەوە. لەبەشی سێیەمدا دێینە سەرباسی ئەو مەسەلەیە.

## ٣/١ جۆرەکانی زمانی ئەدەبی

ئەوەی لەبەرگی یەکەمدا سەبارەت بە جۆرەکانی زمانی ئەدەب گوتراوە، پێویستی بە پێداچوونەوە و باسکردنێکی وردتری مەسەلەکە هەیە. لێرەدا دیسان بنەمای پۆلینبەندی جۆرەکانی زمانی ئەدەبی، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ یەکەمجار لەلایەن حەقشناسەوە ئەنجامدراوە (←١٠). هەر بەو جۆرەی کە لە پێشتردا گوتوومانە، بەباوەڕی حەقشناس، شیعر لە ناوەوەی زمانەوە دادەمەزرێت. ئەو کرۆکی شیعر، دەباتەوە سەر بنیاتی لادان لەپێوەرەکانی زمانی ئۆتۆماتیك و وای وێنا دەکات کەوابەستە بە ناواخنی زمانەوەیە. لەکاتێکدا کە بەبۆچوونی ئەو کرۆکی هۆنراو وابەستە بە ڕوخساری زمانەوەیە. بەو پێیە ئەرکەکە یەکلایی بۆتەوە؛ شیعر شتێك نییە جگە لە خۆی و بەڵام ئەگەر هات و جۆرەکانی هاوسەنگی لە هۆنراو بستێنینەوە، ئەوا دەگۆڕێت بۆ پەخشان. لەسەر ئەم بنەمایە ڕەنگبێ بتوانین وایدابنێین کە شێوەی نووسراوی زمانی ئۆتۆماتیك دەبێت بە پەخشان، ئەم پەخشانە لە ڕێگەی کەمکردنەوەی ڕێسادا دەگۆڕێت بۆ شیعر و بەهۆی زیادکردنی ڕێساشەوە دەگۆڕێت بۆ هۆنراو. جا ئەگەر زەمینەی ئەم پەخشانە وەك خۆی مایەوە و ئامرازەکانی داهێنانی شیعری یاخود هۆنراومان بەسەردا چەسپاند، ئەوا ئەم پەخشانە دەگۆڕێت و دەبێت بە پەخشانێکی ئەدەبی. حەقشناس جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەکاتەوە کە لە پەخشانی ئەدەبیدا، جۆرەکانی زمان لە دۆخێکی تێکەڵ بە یەکتریدان. بۆ ئەمە نموونەگەلێك بەمەبەستی ڕاستی ئەم دیدگایە دێنێتەوە (← ١٠) و دەیسەلمێنێت کەوا لە پەخشانی ئەدەبیدا، پێویستە لانی کەم سوود لە کەمکردنەوەی ڕێسای شێوازی [لادانی شێوازی] وەربگیرێت، چونکە بەهەر حاڵ، کەمکردنەوەی ڕێسای شێوازیش، شتێك نییە جگە لە تێکەڵاوی جۆرەکانی زمان. کەواتە

پەخشانی ئەدەبی، ئەوکاتە لەپەخشانی ئۆتۆماتیك جیادەبێتەوە کە لانی کەم یەکێك لە ئامرازەکانی داهێنانی شیعری، واتە کەمکردنەوەی ڕێسای شێوازی، بە سەردا سەپابێت. نموونەکانی (٤٠) و (٤١) لەبەرگی یەکەمدا (←١٢، ل ٥٨)، کە لە نموونەکانی حەقشناسەوە وەرگیراون، ئەم بۆچوونانە دەسەلمێنن.

لەدۆخێکی لەم جۆرەدا، ئامرازەکانی بەرجەستەسازی تەنیا لە دووجۆری ئامرازەکانی داهێنانی شیعری و ئامرازەکانی داهێنانی هۆنراو دەشێ پۆلبەندی بکرێن و، ئامرازەکانی داهێنانی پەخشانی ئەدەبیش جگە لە زیادکردنی ڕێسا و کەمکردنەوەی ڕێسا شتێکی تر نییە. بەلاّم دیسانەوە مەسەلەکە بەو سادەییە تێناپەڕێت، چونکە تەنیا بە زانینی ئەوەی کەوا کەمکردنەوەی ڕێسا و زیادکردنی ڕێسا چ ئەرکێك دەگێڕن، ناتواندرێت (بوف کور) لە (کلیدر)، یا (شاهنامە) لە (دیوان حافظ) جیابکرێتەوە و، تەنیا بە باسکردنی ئەم مەسەلەیە واز بهێنین کە لە یەکێکیان زیادەکردنی ڕێسا زیاترە و لەوەکەی تر کەمکردنەوەی ڕێسا زیاترە. بەلاّم تا ئەم جێگایە لە کارەکەدا دەتواندرێت ئەم ئەگەرە لەبەرچاو بگیرێت کە ئەگەر پایە یاخود زەمینەی زمانی ئەدەب، هەر ئەو شێوە نووسراوەی زمانی ئۆتۆماتیك بێت، ئەوا ((شیعر)) پەخشانێکە کە تیایدا کەمکردنەوەی ڕێسا سەپاوە؛ ((هۆنراو))یش پەخشانێکە کە تیایدا زیادکردنی ڕێسا بەکارهێندراوە؛ ((شیعری هۆنراو)) پەخشانێکە کە لەسەپاندنی کەمکردنەوەی ڕێسا و زیادکردنی ڕێساوە پەیدابووە؛ ((شیعری پەخشان))یش پەخشانێکە کە تیایدا کەمکردنەوەی ڕێسا سەپێندراوە بێ ئەوەی زیادکردنی ڕێسا ڕۆلێکی هەبێت؛ ((پەخشانی هۆنراو)) یاوەك دێرینەکان دەڵێن ((پەخشانی سەروادار)) بە سەپاندنی زیادکردنی ڕێسا پەیدابووە و تا دوایی. ئەم فرە چەشنیە لەجۆرەکان بەپێی جۆری زیادکردنی ڕێسا یا کەمکردنەوەی ڕێسا و، پارسەنگی

ئەرکی هەر یەکێکیان دەتواندرێت تـاوەکو کۆتـایی درێـژەی پێبـدرێت؛ هەر بۆ نموونە:

(١١) کسی نیست
بیا زندگی رابدزدیم
میان دو دیدار قسمت کنیم (سهراب سپهری)

(١٢) ستون کرد چپ را و خم کرد راست
خروش از چم چرخ چاچی بخاست (فردوسی)

لەهەردوو نموونەکـەی (١١) و (١٢)دا، سـوود لـە هاوسـەنگی دەنگـی چـەندایەتی، واتـا کـێش وەرگـیراوە و کێشـی هـەردوو قالبەکێشـەکە یەکێکـە، بـەڵام شـاعیر لـە نموونـەی (١٢)دا کـەلکی لـە زیـادکردنی ڕێساگەلێکی زیـاتر وەرگرتـووە. ئـەنجا خۆیشـی بەدەربەدەست زانیـوە تاوەکو دووبارەبوونی تەواوی کێش لەهـەردوو نیوەدێرەکـەدا ڕابگرێـت و، لـە کۆتـایی هـەر نیوەدێرێکیشـدا سـوود لـە جۆرێـك لـە هاوسـەنگی وشەیی بە دووبارەبوونەوەی دەنگیـی ناتـەواو، واتـا سـەروا وەربگرێـت، لەکاتێکدا دێری یەکەمی نموونەکەی (١١) لەبەندی سەروادا نییە. هـەر ئەم هاوسەنگییە زیادەیە کارێکی وایکـردووە تـاوەکو نموونـەی (١٢) لـە بەشە نموونەیەکی هۆنراو نزیکتربێت.

(١٣) نوح تویی، روح تویی، فاتح و مفتوح تویی
سینهٔ مشروح تویی، بر در اسرار مرا (مولوی)

بـە بـەراوردی پارسـەنگی بـەکارهێنانی ئـەو هاوسـەنگییانەی لـە هەردوو نموونەی (١٢) و (١٣)دا هەن، دەتواندرێت پەی بەوە ببرێت کـە نموونەی (١٣) لەئاست نموونەی (١٢)دا خاوەنی زیادکردنی ڕێساگەلێکی زیاترە. دیارە بۆ گوێگرێکی پسپۆڕ پێویست بەباسکردنی بابەتێکی لەو جـۆرە ناکـات، کـە لـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتیدا ناتوانـدرێت سـوود لـە

گوزارشــت گــەلێکی لــە وێنــەی ((بــاش))، ((خــراپ))، ((ناشــیرین))، ((جـوان))، ((دڵگـیر))، ((گیانبـەخش)) وەبگیرێـت. پێوەرگـەلێکی لـەم چەشنە ڕێژەییین و بە پێی هەلومەرج و جێگە و پێگەی تاکە کەس دەکرێ بگۆڕێن. بەگوتەیـەکی سادەتر، بـەکارهێنانی پێوەرگـەلێك کـە لەسـەر بنـەمای هەسـتی جوانیناسـیدا بنیـاتنرابن، لەزانسـتدا بەهەنـد وەرناگیرێت. ئەوەی کەوا نموونەیەك سوودی لەزیادکردنی ڕێساگەلێکی زۆرتـر وەرگرتـووە، یـاخود کەمکردنــەوەی ڕێسـای زیـاتری بەسـەردا سـەپاوە، بـە هـیچ شـێوەیەك نابێتـە بەڵگـە لەسـەر جوانتربـوونی ئـەم نموونەیە. ئەوە ڕاست وەك ئەوە وایە کـە لـە کیمیـادا بڵێین $Fe_3O_4$ لـە $Fe_2O_3$ چاکترە چونکە ئۆکسیجین و ئاسنی زیـاتری تیـادا بـەکارهاتووە. دیـارە هـیچ ماتماتیـك زانێکـیش بەدواداچـوونی بـۆ ئـەوە نـەکردووە تابزانێت، مەسەلەی ڕەگی تیرەی سێگۆشەی وەستاو کاتێك لەگەڵ کۆی ڕەگی دوو هێڵەکەی دیکەی سێگۆشەکە یەکسان دەبێـت، تـا چ ڕادەیـەك ((دڵگیر)) دەکەوێتە بەرچاو. کاتێك خوێ بەسـەر خۆراکـدا دەکـەین و واهەست دەکەین کە خواردنەکە ((بەتام)) بووە، کارمان بەسـەر کیمیـا و پێکهاتەی کلۆرایدی سۆدیۆمەوە نییە و، کاتێـك بەشـێوەیەکی قـەدبڕ بەڕێگایـەدا دەچـین و لـە ڕۆیشـتنماندا تـیرەی سێگۆشـەیەك دەبـڕین، کارمان بەسەر یاساکەی ئەقلیدسەوە نییە؛ لەوێدا پێوەرەکان جیـاوازن و خەڵکی پسپۆڕ و ناپسپۆڕ بەچاوێکی دیکـەوە دەڕواننـە مەسـەلەکان. لە لێکۆڵینەوەی زانسـتیی ئەدەبیاتیشـدا، دیسـان ئـەو مەسـەلەیە دێتـە گۆڕێ، پسپۆڕی زانسـتی ئـەدەب، کـاری بـە چـاك و خـراپ یـا جـوانی و ناشــیرینی جــۆرێکی ئەدەبییــەوە نییــە، چــونکە پێــوەری زانســتی لەبەردەستدا نییە تاوەکو بتوانێت ڕاستی و ناڕاستی هەستەکەی خـۆی پـێ لـە سـەنگی محـەك بـدات. ئـەم هەسـتە بـەلای گوێگرەوە گرینگـە، نەوەك پسپۆڕێکی بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەب.

# کتێبنامە

1- Baudouinde Courtenay, G. The Language of life. An Introduction to the science of Genetics, N. Y, 1966.
2- Culler, J. D. Ferdinand de Saussure, Cornell Univ. press. 1986.
3- Jakobson, R. "Two Aspects of Language and Two Types of Aphasic Dis turbances", In: Essais de linguistque generale, Paris, 1986.
4- ________ Main Trends in the science of Language, London, 1973.
5- Leech, G. N. Alinguistic Guide to English Poetry, N. Y., 1969.
6- Saussur, F. de. Cours de linguistique generale, Tulio de Mauro (ed), Paris, 1973.
7- ________ Rudolf Engler(c.ed), wies baden, 1967 – 1974.
8- Starobinski, J. words upon words: The Anagrams os Ferdinand desaussure, Yale Univ press, 1979.
9- Taine, H. Delintelingence, 2 vols, paris, 1970.

۱۰- حق شناس، علی محمد، ((شعر، نظم، نثر، سه گونهٔ ادبی))، در: مجموعهٔ مقالات دومین کنفرانس زبان شناسی نظری و کاربردی، سید علی میر عمادی (گرد آورنده)، دانشگاه علامه طباطایی، ۱۳۷۱.
۱۱- روبینز، آر، ۱چ، تاریخ مختصر زبان شناسی، ترجمهٔ علی محمد حق شناس، تهران، نشر مرکز، ۱۳۷۰.
۱۲- صفوی، کورش، از زبان شناسی به ادبیات، ج ۱، نظم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۷۳.
۱۳- یاکوبسن، ر، روندهای بنیادین در دانش زبان، ترجمهٔ کورش صفوی، تهران، هرمس، ١٣٧٦.

# بەشی ٢
# پێشینەی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیەکانی ئەدەبیات

لـەم بەشـەدا لەهـەوڵی ئـەوەدا دەبـین کـە باسـێك سـەبارەت بـەو لێکۆڵینەوانـەی لـەبواری ئـەم کورتـە باسـەی ئێمـەدا ئەنجامـدراون بخەینەڕوو. بۆ ئـەم کارە دوو ڕێگامـان لەبەردەمـدا هـەبوو: یەکـەمیان ئـەوە بـوو وەك چـۆن بـەرگی یەکـەم لـەیۆنانی کـۆن و ئەرسـتۆوە دەستپێبکەین تا دەگاتە لێکۆڵینـەوەکانی زانایـانی موسـلمان و یـەکێکی وەك ئەبو زەکەریا یەحیای کوڕی زیادی کوفی ناسراو بە فەڕڕاء، تـا لـە کۆتاییـدا بـەو ئەنجامـە دەگەیشـتین کـە سـامانێکی بـەپیت لـە بـواری خستنەڕووی ئامرازەکانی داهێنانی شیعر لەبەردەستدا نییە؛ یا ئەوەی باسەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوانەدا سنووردار بکـەین کە جۆرێك بێت لەزەمینەسازی بۆ ئەم باسەی ئێستامان. بە هەر حاڵ، ئـەم ڕێگایـەی دووەممـان هەڵبـژارد ئـەویش بـە دوو بەڵگـە؛ یـەکیان ئەوەبوو کە لە قەوارەی ئـەم کورتـە باسـەمان زیـاد نـەکات، دووەمـیش ئەوەیـە بپەرژێینـە سـەر بابەتگـەلێك کـەوا ئـەمڕۆ باسوخواسـیان زۆر بـاووبلاوە، بـێ ئـەوەی بنـەما سـەرەتاییەکانی ئـەم باسوخواسـانە بەڕاستی و دروستی ناسرا بن.

بەداخێکی زۆرەوە یەکێك لەو نەخۆشییانەی کەوا بەرۆکی ئێمەی ڕۆژهەڵاتیانی گرتووە، نەخۆشی لەخۆ گۆڕانە، ئەم دەردە بەدوو شێوە سەرهەڵدەدات؛ یەکیان لەڕێی شانازیکردن بەڕابردووەکانی لەمێژینە و دەسـتەوداوێنی سـەردەمە جیاوازەکـانی مێـژوو، هـەر لـە مادەکـان و هەخامەنشییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە شـانازیکردن بـە ئـیبن سـیناکان، فیردەوسـییەکان، خەیامـەکان و خەوارزمییـەکان و هـی دیکـەش، بـێ ئەوەی ڕەخنەیەکمان دەرحەق بەو ڕابردووەی خۆمان هەبێت و دۆخی ئێسـتا و ئاینـدەی خۆمـانی پـێ بدۆزینـەوە؛ دووەمـیش ئـەو جـۆرە بەسەرمەشق وەرگرتنە دابڕاوانەی بیروبۆچوونی ڕۆژئاواییەکانـە، بـێ ئـەوەی لـەبنج و بنـاوانی ئـەم بیروبۆچـوونانە بکۆڵینـەوە و پـێش زەمینـەی هـەر بیروباوەڕێـك دەستنیشـانبکەین. گۆڤارەکـانی چـینی

ڕووناکبیرانی ئێمە هەموو دەم پڕاوپڕی ئەم قسە و باسانەیە. یا دوا بەدوای سۆراغی ڕۆژژمێر و ئەستێرەناسی و کەشفیاتی زاناکانی چەند سەدە بەر لەئێستاوە دەچین و، دەمانەوێت بە هەر شێوەیەك بێت بیسەلمێنین کە ئەوە ئێمەین ئاگرمان دۆزیوەتەوە، چەرخ و پێچکەمان داهێناوە، ئەلگۆریتم و جەبری خەتتی هی ئێمەیە، ئەوە ئێمەین زانستی پزیشکی و ئەندازیاری و هونەرەکانی دیکەمان فێری خەڵکی کردووە. بێ ئاگا لەوەی کە ئەمانە هەر ئەو باسوخواسانەن نیشانی دەدەن کەوا ئێمە ڕۆڵەی نامیراتگربووین بۆ باوك و باپیرانمان و ئەوەی فێری خەڵکانی دیکەمان کردووە، خۆمان بەدوایدا نەچووین و لەو بیروباوەڕانەی سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی مێژوو شتێکمان بۆ خۆمان گل نەداوەتەوە. یا ئەوەتا بەدوای سۆراغی بنیاتگەری، پاش بنیاتگەری، مۆدێرنیتە و پاش مۆدێرنێتە، هەڵوەشانەوەگەری، ڕەخنەی مۆدێرین، مەرگی نووسەر، ڕەوەنی دالەکان، تۆدۆرۆف، بارت، درێدا، فۆکۆ، لاکان، مەدەنییەت، ئەدەبییەت و شتی دیکەدا دەگەڕێین، بێ ئاگا لەوەی کە هێشتا سەردەمی ڕۆسۆ و مۆنتسکیومان تێنەپەڕاندووە و ڕەخنەی نوێش ناناسین و ڕێبازی بیرکردنەوەی زانستیمان بەلاوە نامۆیە و گۆچانەکانمان لەبەرد دروستکراوە کەچی کارەبامان داوەتێ.

لەبیرمە هەر لەم یەك دوو ساڵە ڕابردوو لە کۆنفرانسێکدا، کاتێك باسوخواس گەیشتە سەر لێکۆڵینەوەی بیروڕاکانی دریدا، برادەرێك لەناو ئامادەبووانەدا هاواری بەسەرداکردم، کە تۆ چۆن زاتدەکەی ئەوەی کەوا دریدا لە (٧٢٠) بەرگی کتێبەکانیدا نووسیویەتی، بەم سادەییە باسی بکەیت و بەرپەرچی هەندێ لە قسەکانیشی بدەیتەوە.

ڕەنگبێ سەبارەت بەم ژمارەی (٧٢٠)ە زیادەڕۆییمان کردبێت؛ چونکێ ژمارەی دروستی قسەکانی ئەوم لە بیرنەماوە بەڵام ئەوەندە زیادەڕۆیی تێدابوو، وەك ئەو تاوانبارەی کە بەهەزار شوللاق سزا

درابوو، منیش پێکەنین گرتمی، کاتێك ڕووی کردبووە ڤازییەکە و پێی گوتبوو، یا هەرگیز شوللاقت نەخواردووە یا ئەوەتا نازانیت هەزار دەکاتە چەند.

هەر لەو چەند ساڵەی دواییدا، ئەوەندە قسەی ئاڵۆز و ناڕوون لەبارەی بیروڕاکانی فەیلەسووفەکانی قوتابخانەی پاریس و فرانکفۆرت و شوێنەکانی تر، لەکتێب و توێژینەوەکاندا هاتووە کە دوو خاڵی سەرەکی دەسەلمێنن: یەکیان ئەوەیە کەوا ئێمە هێشتا تێگەیشتنێکی ڕاستمان بۆ ئەو بیروڕایانە نییە، چونکە ئەگەر هەمان بووایە دەبوو لانی کەم بتوانین قسەکانی ئەم خاوەنڕایانە بەشێویەکی سادە دووبارەبکەینەوە؛ دووەمیش ئەوەیە کەوا زەمینەی ئەم باس و لێکۆڵینەوە لەلامان نەناسراوە و تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەمان بۆ بابەتەکان نییە، هەر بۆیەشە سەرگەردانی بەسەر بیرکردنەوەکاندا زاڵ دەبێت، ئەوەی خاوەنبیرێك بە ((دەشێ)) و ((ئەگەری هەیە)) دەیخاتەڕوو لەلامان دەبێت بە لێبڕاوی و، دەماری ملمان تەواوی ئەو خوێنەی کەوا پێویستە بەم ١٢٠٠ تا ١٥٠٠ گرامەی ناواخنی کەللەسەرمان بگەیەنێت، هەڵدەمژێ و کارەکە بە ئاستی دەستەوایی و تەزوولێدانی کارەبایی دەگەیەنێ.

لەلایێکی دیکەوە تۆڕە جیهانییەکانی ڕاگەیاندنیش یەخەیان پێگرتووین تا لەبری بەکارهێنانی ناواخنی کەللەسەرمان، ڕووبەڕووی کەللەیەکی تر بەناوی ((مۆنیتەر))دا دابنیشین و، لەجیاتی ((بیرکردنەوە)) سوود لە (بینین)) وەربگرین و پێوەری زانست وای لێهاتووە لەشوێنی بیرکردنەوە و ڕەخنەکاری بیروبۆچوونەکان، سەرمان هەلبکێشین و خەبەربدەین، کە بۆ نموونە چۆمسکی دوێنی شەو سەلاتەی گێزەری خواردووە و کاکۆڵەکەی پێرێ شەویش، ئەوە زەردەێنەی هێلکە بوو بەسەری خۆیەوە پێچابوو تا ڕێگە لە هەڵوەرانی مووی سەری بگرێت!.

بە هەر حاڵ ئەو دەردەی کە لە دڵمدا هەبوو هەر بەو شێوەی تەزوولێدانی کارەبایی هەڵمرژاندۆتە دەرەوە و، دەشزانم کە ئەم پێشەکییە نەوەك تەنیا بابەخێکی زانستی نییە، بەڵکو نیشاندەرەوەی زێدەگۆییە لەبەرانبەر زێدەڕۆیی. بەڵام تۆش وایدابنێ کەوا ئەم یەك دوو لاپەڕەیە، وەك ئەو بیرە وایە کە کابرای سەرتاش لە بنەوەیدا هەر هاواری دەکرد، ئاخر ئەسکەندەر شاخی هەیە!.

تێڕوانینەکەمان سەبارەت بەپێشینەی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی ئەدەبیات، لەسۆسۆرەوە دەستپێدەکەین و دواتر بەدوای سۆراغی فۆرمالیستەکانی ڕووس، بیروڕاکانی قوتابخانەی پراگ و نەریتەکانی پاش سۆسۆریدا دەچین تا دەگەینە بیروڕاکانی بارت و درێدا. دیارە بۆ هەر بابەتێکیش ئەو بەشە لە دیدوبۆچوونی ئەوان وەردەگرین کە پەیوەندی بەباسەکانی ئەم نووسینەی ئێمەوە هەبێت.

### ١/٢ فیردینان دۆسۆسۆر

کالەر کاتێك دێتە سەرباسی پۆلینبەندی بیرومەندان لە مێژووی بیروزانستدا، بە ڕاگواستن لە میشێل فۆکۆ، دوو دەستە لەزاناکان لەیەکتر جیادەکاتەوە (← ٢، ل ١٣٤ — ١٣٥)؛ دەستەیەکیان کە بنیاتنەری بابەتگەلێکی زانستین، لە نموونەی نیوتن و؛ دەستەکەی تریان لەنموونەی مارکس یاخود فرۆید کە بیروباوەڕێکی نوێیان بنیاتناوە. نیوتن بە بنیاتنەری زانستی نوێی فیزیك دادەندرێت، بەڵام زانستی فیزیك سەربەخۆیە و لەگەڵ ئەو جیاوازە؛ واتا دەتواندرێت ساڵانێك بە لێکۆڵینەوەی فیزیکەوە خەریك بێت بێ ئەوەی هەست بەپێویستی پێداچوونەوە بە بیروڕاکانی نیوتن بکرێت. شتێکی ئاساییە کە نیوتن پێگەیەکی باڵای لەمێژووی زانستی فیزیکدا هەبێت. بەڵام چاوپێداخشاندنەوە و پێداچوونەوەی بیروڕاکانی پەیوەندی بەزانستی فیزیکەوە نییە.

لەو لاشەوە مارکس بنیاتنەری بیروباوەڕێکە کە بە ((مارکسیزم)) ناودەبرێت؛ بەڵام مارکسیزم بەسەربەخۆیی و دوور لە مارکسەوە نییە، واتە لێکۆڵینەوە لەبەستێنی مارکسیزمدا تەنیا پەیوەندی بە دووبارە خوێندنەوە و پێداچوونەوەی بیروڕاکانی مارکسەوە هەیە و؛ فرۆیدیزمیش لەدەرەوەی بیروڕاکانی فرۆید و خوێندنەوەی ڕوانگە و بۆچوونەکانی واتایەکی نابێت. بەڵام لەم نێوەندەدا پێگەی سۆسۆر لە کوێیە؟ ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە، کە پێویستە سۆسۆر لەلایێکەوە، لەڕیزی پۆلبەندی بنیاتنەرانێکی وەکو نیوتن دابندرێت و لەلاییێکی دیکەشەوە بچینەوە سەر دووبارە خوێندنەوەی بیروڕاکانی و لە چوارچێوەی بیروڕا و تێڕوانینەکانی ئەودا بەدوای زەمینەی خستنەڕووی دید و بۆچوونەکانی دواتردا بگەڕێین.

لەنێو بیروڕاکانیدا، مەسەلەی ((زمان)) (Langu) و ((ئاخاوتن)) (parole)، ((دال)) و ((مەدلول))، ((پەیوەندییەکانی هاونشینی و بانگهێشتی))، لەدید و ڕوانینەکانی دیکەی زیاتر سەرنجی بیرمەندانی پاش سۆسۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە. زاراوەی ((پاش سۆسۆری)) (past – saussurean) بۆ ئەم ڕێبازە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانی و ئەدەبییەکان دەگەڕێتە کە لە ژێر کاریگەری بیروڕاکانی سۆسۆر و لەدوای خۆیدا بڵاوبۆتەوە، کە هەندێ جار بەشێوەیەکی ڕەها پەسەند دەکرێن و هەندێ جاریش بێنەوبەرە سەبارەت بەبەشێك لە بیروڕاکانی دروست دەبێت. سۆسۆر جیاوازی لەنێوان ((زمان)) بەواتای تایبەتی خۆی و ((زمان)) بەواتا گشتییەکەی دادەنێت. بەداخەوە لەزۆرێك لەزمانەکاندا، لەوێنەی فارسی یاخود ئینگلیزی، تەنیا یەك وشە بۆ ئەم دوو چەمکە هەیە. ((زمان)) بەواتا گشتییەکەی ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن و لەسەردەمانێکی ڕابردوودا تاوەکو ئێستاش بابەتی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بووە. بەڵام لەوەوەی کەوا لێکۆڵینەوە لەم چەمکە گشتییەوە تەنیا لەڕێگەی چەمکە

تایبەتییەکـەی زمانــەوە ئـەنجام دەدرێــت، بیروڕاکــان ســەبارەت بــە گشــتییەتی ((زمـــان)) هــەموو کـــات بەلێکۆڵینـــەوە لـــە زمانـــە تایبەتییەکانـەوە گرێدراوەتـەوە. ((زمـان)) لـە چـەمکە تایبەتییەکـەی خۆیدا، بریتییە لە زمانگەلێکی وەکو فارسـی یـا ئینگلیـزی یـا هـی تـر کـەوا کۆمەڵـە خـەڵکێك بەمەبەسـتی پەیوەنـدیکردن لەگـەڵ یـەکتر بەکاریدێنن و بـەلای خـەڵکانێکی دیکـەوە یـارای تێگەیشـتن نییـە (← ٥، ل ١). پێویستە سەرنج بخرێتە سەر ئەم خاڵە کە سۆسۆر ((زمان))ی بەواتا گشتییەکەی خۆی لەبەرچاو گرتووە و بە سیستەمێکی دادەنێت کە لـە ((ئاخـاوتن))دا بەشـێوەیەکی مـادی بەدیاردەکـەوێت. هـەر بـەو هۆیەشەوەیە کە ئەو ((زمان))ی بەلاوە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کە دەرکەوتە مادییەکەی بەشێوەیەکی تاکی دەبێت و وەردەگیرێت.

جیاکــاری لـــەنێوان ((زمـــان)) و ((ئاخـــاوتن)) لەلێکۆڵینـــەوە ئەدەبییەکاندا بایەخێکی دیـاری وەرگرتـووە؛ واتـا لەهـەردوو بـواردا چ ئەو لێکۆڵینەوانەی کە پەیوەندییان بە ((زمان))ەوە هەیە یـا ئەوانـەی بە ((ئاخاوتن))ەوە، کاتێك دەمانەوێت لەوە تێبگەین بۆ نموونـە حـافز یـاخود مــەولانا چـۆن پەرژاونەتــە ســەر داهێنــانی ئــەدەبی، یـاوەکو جیاوازییەکانی شێواز لەنێوان (بوف کور) و (کلدر)دا چین. هـەمووومان لە دەرکەوتەی مادی بەرهـەمی تەجریـدی ئـەدەبیات بـەئاگاین؛ ئـەنجا پێویستە ئەوەی کە لـە ئەدەبیاتـدا بـەدیهاتووە، بخەینـە بەرچـاو؛ واتـا ((ئاخـاوتن))ی ئـەدەبیات بـە هەنـد وەربگـرین. بـەڵام وەختێـك بـاس لەسیستەمی ئەدەبیات دەکەین؛ واتە بۆ نموونە کاتێك کـە بەرجەسـتە دەکرێـت، خـودی ئەدەبیاتەکـە بـە هەنـد وەردەگـرین کـە لەبنەڕەتـدا ئەدەبییەت (literariness)ی پێ دەگوترێت. بـەم پێیـە لێکۆڵینـەوە لـە ئەدەبییەت، بەواتای لێکۆڵینەوەی ((زمان))ی ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەی دەقـە ئەدەبییەکانـە، یـان توێژینــەوە و لێکۆڵینـەوەی ((ئاخـاوتن))ی ئەدەبییە.

لەبەشـــی یەکەمـــدا بـــاس لـــەبارەی ((نیشـــانەی زمـــانی)) و ((پەیوەندییـەکانی هاونیشـینی و جێنشـینی [ بانگهێشـتی]یـەوە کـرا. سۆسۆر خۆی جگە لە لێکۆڵینەوە لە بەستێنی لادانی ناوە تایبەتـەکان، لەشـیعری شـاعیرانی لاتینـی زمـان و ئەفسانەکانی ئـەلمانیی سـەدەکانی ناوەڕاست، توێژینەوەیەکی دیکەی لە بواری ئەدەبیاتـدا ئـەنجام نـەداوە تاوەکو بتواندرێت پێگەی ئەو لەم مەیدانەی لێکۆڵینەوە دا بزانـدرێت؛ بـەڵام بـە هـەر جۆرێـك بێـت کـارێکی بەڵگـە نەویسـتە کـە هـیچ زمانـەوانێك ناتوانێـت ((ئـەدەبیات)) نادیـدە بگرێـت و ئـەم ڕووداوەی کـەوا لـەناو زمانـدا ڕوودەدات بخاتـە ئـەو لاوە. ئـەوەی لـەبیروڕاکانی سۆسۆردا کە لەبـەر دەسـتی ئێمەدایـە، گرینگـی پێـدانی ئـەو بـەزمانی ئـــەدەب پیشـــاندەدات، بـــەڵام ئـــەو جـــۆرە ڕێکوپێکییـــەی نییـــە تـــاکو بتواندرێت بە لێبڕاوی قسە لەسەر دیدگای ئەو بکرێـت. ئـەو شـتانەش کـە لـەبارەی ڕەوتـی پـاش سۆسـۆری وەکـو ڕەخنـەگرتن لـەبیروڕاکانی سۆسۆر خروانەتەڕوو، بەرلەوەی کـەوا لایـەنێکی زمانـەوانیان هـەبێت، لەسەر بیروڕا فەلسەفییەکانی ئەوەوە بنیاتنـراون، هەر بۆیەشە دەرکـی بیروڕاکانی سۆسۆر لە بەستێنی زمـانی ئەدەبـدا کێشـەکە دوو چـەندان دەکاتـەوە؛ چـونکە لەسـەرەتادا ئـەوە نازانـدرێت، ئـەوەی کـەوا سۆسـۆر لەپۆلی وانە گوتنەوەکانی خۆیدا باسی کردووە، پێویستە بەشـێوەیەکی ئیلزامی لە لێکۆڵینەوەی زمـانی ئەدەبیشـدا کـارایی هـەبێت یـاخود نـا. دوای ئەوەش تا چ ڕادەیەك دەتواندرێت، ئەو کۆمەڵە ڕەشنووسـەی کـە خوێندکارەکان کۆیان کردۆتەوە و هـەروەها نووسـینەکانی خۆیشـی لـە بـواری لادانـەکان، کـە سۆسـۆر هـیچ کـات لەخۆیڕانـەبینیوە بڵاویـان بکاتەوە، کە بنەمای بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی لەبواری زمانی ئەدەبدا پێکدەهێنێت و لەو مەیدانەدا پشت بەبیروبۆچوونە نەنووسـراوەکانی دەبەسترێت.

## ٢/٢ فۆرمالیستە ڕووسەکان

قوتابخانـەی فۆرمـالیزم (formalism) لـە دەسـتپێکی دەیـەی ١٩٢٠ لەسۆڤیەت سەریهەڵدا و لەساڵی ١٩٣٠دا بـەهۆی ناتـەبایی لەگـەڵ دیـدی سـتالینیزم سـەرکوت کـرا. لـەنێوان دیـارترین کەسـانی سـەر بـەم قوتابخانەیـە دەتوانـدرێت ئامـاژە بـۆ زمانـەوانان و نووسـەرانی وەکـو ئایشـن بـاوم، ئەشکۆلوفسـکی، یاکۆبسـن، توماسینیسـکی و تیتـانۆف بکرێـت. زمانەوانـەکانی ئـەم قوتابخانەیـە زۆربـەیان لـەدەوری ((ئەنجومـەنی زمانـەوانی مۆسـکۆ)) کۆبـبوونـەوە و ((ئەنجومـەنی لێکۆڵینـەوکانی زمـانی ئـەدەب))یش لـە پترۆگـراد، نووسـەرەکانی سـەر بەم قوتابخانەی لەدەوری خۆیدا کۆکردبۆوە. (←٦، ل ١٥).

فۆرمـالیزم لـە هـەناوی هێماگەرییـەوە چـەکەرەی کردبـوو، دژ بـە بیروڕای ئەو هێماناسانەش دەوەستایەوە کـەوا سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوەی لایەنـەکانی جوانیناسـی دەقـە ئەدەبییـەکان بـوون و لـەپێناوی دەستنیشـانکردنی ((چـاك)) و ((خـراپ))دا سـوودیان لـە هەسـتەکانی خۆیـان وەردەگـرت، هـەر ئـەوانیش بـوون کـە نازنـاوی فۆرمالیسـتیان بەسـەر ئـەم دەسـتەیە لـە پسـپۆڕان و پـەیڕەوانی لێکۆڵینـەوە ئەدەبییەکانـدا بڕیبـوو، تـا وەکـو توانجێـك نیشـانی بـدەن کـە ئـەوان هۆشـیان بـەلای ناوەڕۆکـەوە نییـە و بەتـەنیا بـە ڕووالەتەکانـەوە خەریکن. هێماگەراکان باوەڕیان وابوو، کە زمان لەپێناوی گەیشتن بـە ئەدەبیات بەهاوکاری سنعەتگەلێکی وەکو کێش و بانگهێشتی و ئیمـاوە ڕاڤەدەکرێت. ئـەوان ئـەم سنعەتانەیان وەکـو کـارێکی ئاسـایی گریمانـە دەکـرد و لەڕێگـەی ئەوانیشـەوە بەرهـەمی ئـەدەبییان هەڵدەسـەنگاند؛ بەڵام هەرچی فۆرمالیستەکان بوون مەسەلەی بنەڕەتی بەلایانەوە ئەم ((ڕاڤەکاری))یـە بـوو و لەهـەوڵی ئەوەشـدا بـوون کـە چـەند و چۆنییەکەی بدۆزنـەوە. ئـەوان دیـدو ڕوانینـی خۆیـان بـەجۆرێك لـە

وشەسازی (morphological approach) دەدایە قەڵەم. پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە بەلای ئەوانەوە زاراوەی morphology بەو واتایە نەدەهات کە لە زمانەوانیدا بەکاردەبرێت، بەڵکو بەهەمان ئەو چەمکە بەکاریان دەبرد کە لە پزیشکیدا باوە؛ ئەمەشیان هەمان ئەو لایەنە هاوبەشە بوو کە لە نێوان ئەمان و زمانەوانەکانی بنیاتگەرادا بەدیدەکرا، چونکێ ئەمانیش زمانیان وەکو سیستەمێك سەیر دەکرد کە لە کۆمەڵێك ئەندام گەلی هاوپەیوەند لەگەڵ یەکتریدا پێکهاتووە.

توێژینەوەکانی فۆرمالیستەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسنووری لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا بوو، کە تیایدا مەسەلەی بنیاتی ئەدەبیاتیان لەبەرچاودەگرت. ئەوان جیاکاریان لەنێوان بەرهەمی ئەدەبی و داهێنەری بەرهەمەکە دەکرد و لەو باوەڕەدابوون کە لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان هیچ پەیوەندییەکی بەجیهانی داهێنەری بەرهەمەکەوە نییە. وەك ئەوەی فلانە شاعیر لە چ ساڵێك لە دایکبووە، چۆن ژیاوە و لە چ هەلومەرجێکدا کۆچی دوایی کردووە. ئەمانە ئەگەر کاریگەرییەکیشیان بەسەر داهێنانی شیعرییەوە بووبێت، لە مەسەلەی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی شیعرەکانیدا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. هەر ئەم مەسەلەیەش لەخستنەبەرباسی بیروڕاکانی بارت دا بایەخێکی بەرچاوی هەیە کە لە دواییدا دێینەسەری.

بەهەر حاڵ، وادیارە کە زاراوەی ((نا ئاشناکردن)) بۆ یەکەمجار لەبیروڕاکانی ئەشکۆلۆفسکییەوە وەرگیرابێت، ئەوەی کە لە بەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەدا باسی لێوەکراوە. ئەم خاڵە بوو بە سەرچاوەی سەرنجڕاکێشانی فۆرمالیستەکانی ڕووس و هاوکارە چیکەکانیان، بەتایبەتیش هەر یەك لە مۆکارۆفسکی و هاوڕانك.

یەکێك لەو مەسەلە گرینگانەی کە فۆرمالیستەکان پێیەوە سەرقالبوون، بەتایبەتیش ڕۆڵی یاکۆبسن لەخستنەڕووی ئەم

مەلەسەیەدا نکوولّی لێناکرێت، بابەتێکە کە لەم کورتە باسەدا ناومان ناوە ((گەمەی نیشانەکان))، ئەویش هەمان بابەتی ((ئەرکی شیعری)) زمانە کە لە خستنەڕووی دیدگای یاکۆبسنەوە بایەخێکی بەرچاوی هەیە. فۆرمالیستەکان بیروڕایان وابوو کە وشەکان لەناو شیعردا واتا زمانییەکەی خۆیان لە دەستدەدەن و بۆیان هەیە دەلالەت بۆ واتا یاخود واتاگەلێکی دیکە بکەن. لەم بوارەدا دەتوانرێت نموونەیەکی وەکو ((نێرگز)) وەربگرین کە لە شیعردا بەواتای ((چاو)) بەکاردەبرێت.

باسوخواسی ڕاستی یان ناڕاستی ئەم دیدگایە بۆ ئەو بڕگەیە بەجێ دەهێلین کە تیایدا تاوتوێی بیروڕاکانی درێدا دەکەین. چونکە هەر ئەم خاڵەشە بنەمای دیدگای ئەوی پێکهێناوە لەمەسەلەی گومان سەبارەت بە پەیوەندی لەنێوان ((دال)) و ((مەدلول))دا.

بەلاّم ئەو مەسەلە گرینگەی کەوا ئەشکۆلۆفسکی هاتۆتەسەری و باسی کردووە، پەیوەندی بە سوانەوەی ((گەمەی نیشانەکان))ەوە هەیە. لێرەدا دیدی ئەو لەو بارەوە بەهاوکاری هەمان نموونەی ((نێرگز))ەوە تاوتوێدەکەین. کاتێك ئەم وشەیە بۆ ماوەی سەدان ساڵ بەواتای ((چاو)) بەکاردەبرێت، ئەوا دووچاری سوانەوە دەبێت و وەك خوازەیەکی بێ ڕەنگوڕووی لێدێت کە ئیتر ناتوانێت ((نائاشنایی)) پێك بهێنێت. ئەنجا ئەمە هەر هەمان ئەو مەسەلەیەشە کە شەفیعی کەدکنی لەکاتی قسەکردن لەبارەی بەرجەستەسازی سواوە و داهێنەردا باسیدەکات (← ٧، ل ١٤) و لەبەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەماندا وەکو بنەمایەك بۆ مەسەلەی گریمانەی ((لادان لەزمانی ئۆتۆماتیك)) وەرگیراوە (← ٩، ل ٤٨ — ٤٩). بەلاّم بەداخەوە (نیوا) لەکاتی ڕاگواستنی ڕاوسەرنجەکانی ئەشکۆلفسکی — یا ئەوەتا لەکاتی وەرگێڕانی بۆ فارسی — لەبری زاراوەی ((بەرجەستەسازی)) زاراوەی سنعەتی ئەدەبی بەکارهێناوە و دیدگاکەی ئەویان بەم شێوەیە

ڕاگواستووە کەوا ((سنعەتە ئەدەبییەکان بەشێوەیەکی بەردەوام لەسووانەوەدان)) (←١٠، ل ٢١). لەکاتێکدا کە سنعەتی ئەدەبی ناسوێتەوە (کۆن نابێت)، بەڵکو ئەوە ڕۆڵی وشەیەکە کە کۆن دەبێت و دەسووێتەوە. یا بەڕستەیەکی سادەتر، ئەوە سنعەتی خوازە نییە کە کۆن دەبێت، بەڵکو ئەوە بەکارهێنانی وشەی ((نێرگز))ە لەبری ((چاو)) کەوا کۆن دەبێت و دەسووێتەوە.

## ٣/٢ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی قوتابخانەی پراگ

ئەو کەش و هەوا سیاسیەی لەدەیەی ١٩٣٠ دا باڵی بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا کێشا بوو، هەروەها دژایەتی دەسەڵات بۆ بیروڕاکانی فۆرمالیزم، بوو بە هۆکاری ئەوەی چالاکوانەکانی هەردوو ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی و زمانەوانی ئەدەبیات، لەو وڵاتە بڕۆن و سەری خۆیان بۆ وڵاتی غەریبی هەڵبگرن، لەپێشەوەشیاندا یاکۆبسن بوو کە بەر لەو سەردەمە و لە ساڵی ١٩٢٠ پەنای بۆ پراگ بردبوو. (←٦، ل ٢٣).

ئەلقەی زمانەوانی پراگ لەساڵی ١٩٢٦ لەئەنجامی کۆششی دەستەیەك لە مامۆستایانی زمانەوانی و ئەدەبیات، لەوێنەی (ماتسیوس) و چالاکییەکانی کەسانێکی وەکو (یاکۆبسن) دامەزرا. ئەم کۆڕە ڕۆڵێکی سەرەکی لەبڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی بنیاتگەری ئەوروپاییدا گێڕاوە و بەشێکیش لە بنیاتنەرانی قوتابخانە بنیاتگەرییەکانی ئەوروپایی، لەنێویاندا کەسێکی وەکو مارتینە، لە ئامێزی ئەم کۆڕەدا پێگەیشتن و بەدیارکەوتن. (← ٦، ل ٢٣).

هەر لەو ڕۆژگارەدا بوو کە یاکۆبسن بەهاوکاری هاووڵاتەکەی خۆی ترۆبتسکۆی، تیوری وشەسازییەکەی خۆیان هێنایە ئاراوە و، لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بەدنیای زمان، لانی کەم لە بازنەی سیستەمی دەنگی ((زمان))ەوە، ئاراستەیەکی کارەکی بەخۆیەوە بینی.

بەشـێك لـە گـرنگترین بیروڕاكـانی یاكۆبسـن، سـەبارەت بـە لێكۆڵینـەوە ئەدەبییـەكان و بەتایبـەتیش ئـەوەی ئـەو لەچوارچـێوەی ئەركەكانی زماندا بەناونیشانی ((ئەركی شیعری)) باسی لێوەكردووە، لەبـەرگی یەكـەمی ئـەم كورتـە باسـەدا خراوەتـەڕوو (←٩، ل٣١ – ٣٥)، وەكو چۆن ئـەو بابەتانـەی لـە لێكۆڵینـەوە ئەدەبییـەكانی قوتابخانـەی پراگـــدا لـــەژێر ناونیشـــانی ((زمـــانی ئۆتۆماتیـــك)) و ((بەرجەستەســازی))دا باســیان لێــوەكراوە، هــەر لــەو بەرگــەدا خراونەتەڕوو. (←٩، ل ٣٥ – ٤٦)

یـــەكێكی دیكـــە لـــەبیروڕا گرنگـــەكانی یاكۆبســـن، كـــە لـــە پەیوەندییـەكانی هاونشینی و جینشینی [ = بانگهێشتی] سۆسۆرەوە هـــەڵێنجراوە، ڕووانینـــەكانی ئـــەوە لەچوارچـــێوەی جەمســـەرەكانی خواستن و خوازەدا، كە بەهۆی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی لەگـەڵ ئـەوەی لێرەدا باسدەكرێت، بڕگەیەكی لەبەشی چوارەمی ئـەم نووسـراوەدا بـۆ تـەرخانكراوە. بـەڵام بابـەتێكی گرینگـی بیروڕاكـانی كـە بـە چـاوێكی كەمبایەخ یاخود بەشێوەیەكی زۆر ئاڵۆز سـەیركراوە، پێویسـتە لێـرەدا ئامــاژەی بــۆ بكرێــت، چـونكە لـەڕیزی ئـەو بنەمایانەیـە كـە لـەم نووسینەی بەردەستدا لەبەرچاودەگیرێت. یاكۆبسن كاتێـك هەڵوەسـتە لەســەر زمــان گــیران دەكــات، بــەگوێرەی شــپرزەیی لەبــەكارهێنانی تــەوەرەكانی هاونشـینی و جێنشـیندا (← ٣) ســەرنج دەخاتــە ســەر مەسەلەی هەڵبژاردن و ڕیزكردن. ئێمە لەبەشی یەكەمدا ئاماژەمان بۆ زاراوەكـانی ((هەڵبـژاردن)) و ((ڕیزكـردن)) كـردووە ((←٢/١/١)) كـە وەكو بنەمایەك بـۆ كاركردنیـان لەسـەر هـەردوو تـەوەری جێنشـینی و هاونشـینی دەژمێردرێـت. لەوێـدا ئـەو كەسـی پەیامـدەر بـە ((هێمـا داڕێژ)) ناودەبات؛ بەواتای ئەوەی كەسێك پەیامێك بەیارمەتی زمانێك [ = هێما ] بۆ پەیاموەرگرەكەی بەرانبەری دەگوازێتەوە، ئەم پەیامگرە بـە ((هێمـا شـیكار)) ناودەبرێـت؛ واتـە ئـەو كەسـە ئـەو پەیامـەی كـە

پەیامدەر لە ڕێگەی زمانەوە پێی گەیاندووە، هێماکانی شیدەکاتەوە و تێی دەگات. لێرەدا پەیامدەر یا ((هێما داڕێژ)) لەسەرەتادا دانەکانی زمان ((هەڵدەبژێرت)) و لەپاشاندا ((ڕێزیان دەکات))؛ واتە لەئاستی تەوەری جێنشینیدا نیشانەگەلێك هەڵدەبژێرێت و لەپاشانا لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا لەتەك یەكتریدا دایاندەنێت. بەو پێیە ((هێما داڕێژ)) یەكەمجار لەبەرانبەر ((هەڵبژاردن))دا دەبێت و ئەنجا دوای ئەوە ((ڕیزكردن))؛ كەچی پەیاموەرگر یاخود ((هێما شیكار)) یەكەمجار بەرەوڕووی ((ڕیزكردن)) دەبێتەوە لەدوای ئەوە ((هەڵبژاردن))، چونكێ ئەو لەسەرەتا لەبەرانبەر نیشانەگەلێكدا دەبێت كە لەسەر تەوەری هاونشینی لەبەرانبەریدا بەدیاركەوتوون، ئەنجا بەدوای سۆراغی ((هەڵبژاردن))یاندا دەڕوات. مەسەلەی بنەڕەتی ئەوەیە كە تا چ ڕادەیەك دەتواندرێت بەلێبڕاوی بگوترێت، كەوا ((هێما شیكار)) دوابەدوای ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ((ڕیزكردن))دا بەهەمان ئەو ((هەڵبژاردن))ە دەگات كە مەبەستی ((هێماداڕێژ))ەكە بووە، بەگوێرەی بنەمای پەیوەندی ((مەدلول)) لە ئاستی ((میسداق))دا، كە لە بەشی یەكەمدا ئاماژەی پێدراوە و لەبەشی چوارەمدا زیاتر باسی دەكرێت (←٢/٤)، بە هەر ڕادەیەك مەدلولی زمانی لەمیسداقی جیهانی دەرەوە نزیكتر بێت، ئەگەری دەستپێڕاگەیشتنی هێماشیكەرەوە بە ((هەڵبژاردن))ەكانی هێماداڕێژ زیاتر دەبێت. بۆ نموونە لە دەقێكی زانستیدا كە مەسەلەی ((گەمەی نیشانەكان)) لەئارادا نییە، دەتواندرێت ئومێدەوار بین كە هێماشیكار بەوردی بە ڕێڕەوی پێچەوانەی كاركردنی هێماداڕێژەكەدا بڕواتەوە. بەڵام كاتێك ((گەمەی نیشانەكان)) لەئارادا بێت، كەسی هێماشیكەرەوە، ((هەڵبژاردن))ی خۆی لەو ((ڕیزكردن))ەدا دەخاتە كار و، سەمەرەترین لایەنی مەسەلەكەش لەوەدایە؛ كاتێك كەسێك دێت و ((واتا))ی شیعرێكمان بۆ لێكدەداتەوە و پێمان دەڵێت، كە لە

بنەڕەتـدا ئـەو شـيعرە ((شـيعر)) نييـە!. ئـەم بابەتـە لـەو بەشـەدا و لەكاتی خستنەڕووی بیروڕاكانی بارتدا، دووبارە دەگەڕێینەوە بۆی.

### ٢/٤ گریما و تۆدۆرۆف

گریما لەڕیزی واتاناسایی بنیاتگەراو بیرمەندانی نەریتیی سۆسۆر بـووە و بـۆ یەكـەمجار بـە نموونـە وەرگـرتن لـەو تایبەتمەندییـە فۆنیمیانـەی كـەوا ترۆبتسكۆی و یاكۆبسن خستبوویانەڕوو، باسی لە تایبەتمەندییـە واتاییـەكان كـردووە. تـۆ درۆفـیش یەكێكـە لـە بنیاتگەراكانی ئـەو سـەردەمە كـە لێكۆڵینـەوەكانی زیـاتر لـە بەسـتێنی بنیاتە ڕێزمانییەكانی ئەدەبیاتە.

هـەر یـەك لـەم دوو زمانەوانـە بـە دەوری خـۆی و بـەگوێرەی پسـپۆڕییان، سـەرقاڵی شـیكردنەوەی سیسـتەمی چـیرۆك گـەلێكی گێڕانەوەیی (داستانهای روایی) بوون بـەڵام بـەلای شیعرەوە نەچوون. بـەو هۆیـەوە پەیوەنـدی لـەنێوان بیروڕاكـانی ئەوانـدا لـە بـواری لێكۆڵینەوەی ئەدەبی و ئەمانجی ئـەو باسـەی ئێمـە بـەدیناكرێت. هەر چـەند باسـوخواس لەمـەڕ بیروڕاكـانی ئـەوان شـێوەیەكی گونجـاوی بەخۆیەوە گرتووە. (← ٦، ل ٣٩ — ٥١).

### ٢/٥ بارت

لەناو بەرهەمەكانی بارتدا، دوو كتێبیان — نمرەی سفری نووسین و ئـێس/ زێـد — بـاس و بابەتگـەلێكیان تیـادا هـاتووە كـە بـە جۆرێـك پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەم كورتـە باسـەی ئێمـەدا هەیـە. ئـەو لـە نمـرەی سفری نووسیندا لەدوای ئەوەیـە بیسـەلمێنێت، كـە دوابـەدوای دارمـانی ژیـانی برجـوازی سـەدەی نۆزدەهـەم لەشـێوازی نووسـینی ئـەو سـەردەمەدا، بـۆ یەكـەمجار چـەمكی ((شـێواز)) هاتۆتەكایـەوە و نووسەران لە هەوڵی ئەوەدابوون تاوەكو شێوازێك بۆ خۆیان دەستەبەر

بکـەن. بەشـێك لـە نووسـەرەکانیش، لەنێویانـدا هـی وەکـو کـامۆ و هیمنگوای، هـەوڵیان دەدا نووسینەکانیان دامـاڵراو بێـت لەهـەر جـۆرە شـێوازێك و، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا هـەنگاونانێك بـوو بەئاراسـتەی ((نمـرەی سـفر))ی نووسـین. وەك ئـەوەی هـەر ئـەم بـێ شـێوازییە زووبـەزوو بـوو بـەجۆرێك لەشـێواز. بـەو هۆیـەوە بـارت لـەو پێنـاوەدا دەکۆشا، تا نیشانی بدات کە نووسین لە هەر شـێوەیەکدا بێـت خـاوەنی شێوازی تایبەت بەخۆیەتی. (← ١).

ئـەم تێڕوانینـە زەمینـەی خسـتنەڕووی مەسـەلەیەکی دیکـەی لەبەردەم بارتدا خوشکرد کە ئـەویش جیـاوازیکردن بـوو لـەنێوان دوو جۆرە نووسەردا. ئەو مەسەلەی ((نووسـین)) بـەلای نووسـەرێکەوە کـە بـە ecrivantی ناودەبـات، بـەکارێکی تێپـەڕ سـەیر دەکـات؛ واتـە ئـەو ((شتێك دەنووسێت))؛ بەم پێیە ئێمـە لەگـەڵ ((شـتێك))دا ڕووبـەڕوو دەبینەوە کەوا ئەو نووسیویەتی. لێرەدا نووسەر لـەناو نووسـینەکەیدا ئامـادەیی هەیـە و دەتـوانین بڵـێین کـەوا ئـەو سـوود لـە ((ئـەرکی گێڕانـەوەیی)) زمـان – بـەپێی دیدگەکـەی یاکۆبسـن (← ٩، ل ٣٣) – وەردەگرێـت. لـەلایێکی دیکـە جـۆری دووەمـی ((نووسـین)) لـە بارودۆخێکدا دەستەبەر دەبێت کـە وەك کـارێکی تێنەپـەڕە، واتـە ئـەو نووسەرەی کـەبارت بـە ecrivain نـاوی دەبـات، ((دەنووسـێت)) و ئێمـە لەگەڵ نووسینەکەی ئەودا ڕووبەڕوو دەبینەوە.

بارت باوەڕی وایە کە خوێنەر لەم هەلومەرجەدا بەهەمان شێوەی نووسـەر، ئافرێنـەری بەرهەمـە، چـونکێ ئـەو دووبـارە بـۆ خـۆی خوێندنەوەی بۆ دەکات. ئەم مەسەلەیەی کە بارت لێرەدا باسی دەکات، هەمان ئەو ئەنجامەی لێ بەدیدێت کە لەکاتی باسی پەیوەندی لـەنێوان ((هێما داڕێژ)) و (( هێما شیکار))دا لە دیدگای یاکۆبسنەوە داومانەتـە دەست.

بەپێی ئەو بنەمایەشە کە قسەکردن لەبارەی ((مەرگی نووسـەر)) دێتە ئاراوە. ئەم ((نووسەر))ە هەر ئەوەیە کە بارت بە ecrivain نـاوی دەبات؛ واتـە نووسـەرێك کـە ((دەنووسـێت)) و خوێنکـەرێکیش کـە لـە میانــەی خوێندنــەوەی بەرهەمەکەیــدا ئامادەییــەکی داهێنەرانــەی هەیــە. کەواتــە ((مــەرگی نووســەر)) ئــەو کاتــە ڕوودەدات کــە لــە بەرهەمێکی ئەدەبیدا سوود لـە ((ئـەرکی شـیعری)) زمـان وەرگیرابێـت نەوەك هەر بەرهەمێك. بەم شێوەیە بەدیاردەکـەوێت، کـەوا ((مـەرگی نووسەر)) لە باری واتاییەوە دۆخێکی ئەرێنی هەیە نـەوەکو نـەرێنی. ((نووســەر)) خــۆی دەکاتــە قوربــانی بەرهەمەکــەی خــۆی و لــەناو نووسینەکەیدا بە نەمری دەمێنێتەوە. سەت خۆزیا دەمانتوانی لەکاتی وەرگێڕانی ئەم زاراوەیەدا، لەبری ((مەرگ))، وشـەی ((شـەهادەت))مان بەکاربهێنایە تاوەکو بمانگوتبا، کەوا شاعیر لـەناو شـیعرەکەیدا شـەهید دەبێت و بەنەمری دەمێنێتەوە.

بەپێی ئەو بنەمایە دەتوانین لەوە تێبگەین، کە زاراوەی ((مەرگی نووســەر)) تــەنیا لــەکاتی تیۆردارێــژی لــەبارەی زانسـتی شیعرناسـیدا (poetics) دەکەوێتــە بــەرباس، ئــەویش بــۆ نووســەرێك کــە لــە بەرهەمەکەیدا سوودی لە ئامرازەکانی داهێنـانی شـیعری وەرگرتبێـت. بەڵام بەداخەوە لەئێراندا بەهۆکاری هەمان ئەو پـەتای ڕاڤەخوێنیـەی کە باسمانکرد، ئەم زاراوەیەش واتایـەکی دیکـەی وەرگرتـووە کـە زیـاتر لایــەنێکی ســۆزداری نــەرێنی هەیــە. لەبەشــێك لەنووســینەکاندا خوێندوومانەتــەوە و کــە دەڵــێن، دوای ئــەوەی شــاعیر شــیعرەکەی دادەنێــت، گــرینگ نییــە ئــیتر بــزانین ئــەو کێیــە، بــەڵکو گــرینگ شیعرەکەیەتی.

((مــەرگی نووســەر)) ئەوکاتــە لەئارادایــە کــە مــن شــیعرێك دەخوێنمەوە و لەبەر ئەوەی بەوردی ناتوانم بگەمە مەبەستی شاعیر و هەر لە بنەڕەتیشەوە بەلامەوە گرینگ نییە کە لە مەبەستی ئەو بگەم

یا نەگەم، شیعرەکە بۆخۆم واتا دەکەمەوە و بەو شێوەیە؛ هەر جارێك کە شیعرەکە دەخوێندرێتەوە، گوزارشت و دووبارە خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆی دەستەبەر دەکات. کەواتە یەکەم ئەم سیفەتە ناشێت بۆ هەر نووسەرێك بەکاربرێت، دووەمیش بەکاربردنی ئەم سیفەتە بە بەرهەمەکەیەوە پەیوەستە نەوەك خودی خۆی. نووسەر لەیەکێك لە بەرهەمەکانیدا دەمرێت لەبەرهەمێکی تریدا زیندووە و، هەر ئێستا لەو بەرهەمەیدا کە دەمرێت، زیندووترە بەڵام ئامادەبوونی لەسەروەختی خوێندنەوەی ((شیعر))ەکەیدا ڕۆڵێکی نابێت. چونکە دووبارە خوێندنەوەی ئەم ((شیعر))ە دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەرەوە.

بەو هۆیەوەیە کە دەڵێین، واتاکردنەوەی ((شیعر)) کارێکی بێهوودەیە، چونکە کاتێك بانگەشەی ئەوەمانکرد کە دەتوانین ((شیعر))ێك واتا بکەینەوە، ئەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئەو بەرهەمە ئەدەبییە ((شیعر)) نییە؛ واتا بەرهەمەکە لە بارودۆخێکی ئەوتۆدایە کە دەتواندرێت لەڕێگەی تەوەری هاونشینییەوە، بەشێوەیەکی ورد بگەین بەهەمان ئەو ((هەڵبژاردن))انەی کە نووسەر لەکاتی ئەفراندنی بەرهەمەکەیدا لەبەرچاوی گرتوون.

### ٦/٢ درێدا

ڕەنگە بتوانین بەشێوەیەکی لێبڕاو بڵێین کە درێدا پێشەنگی ڕێبازی پاش بنیاتگەری و بناغە داڕێژی ئەم جۆرە هزروبیرەیە. لەنێوان کتێبەکانی ئەودا لە هەموویان زیاتر، نووسین و جیاوازی و لەبارەی زانستی ڕێزمان، بیروڕاکانی وی نیشاندەدەن. ئەو لەمیانەی ڕەخنەی مێژوویی بیرکردنەوەی ڕۆژئاواییدا، سوود لە زاراوەیەکی وەکو ((پێکهاتە شکێنی/ هەلوەشانەوەگەری)) (deconstruction) وەردەگرێت تاوەکو نیشانیبدات کە لە بەرانبەر یەك وەستانی زنجیرەی پلە بەندیی ئەم بیرکردنەوەیە تا چ ڕادەیەك لەرزۆك و ((لەبەریەك

هەڵوەشاوە))یە. شیکردنەوەکانی دریدا بریتییە لە ڕخنەگرتن لەبارەی ((گوتن تەوەری)) (logocenterism) بیرکردنەوەکانی ڕۆژئاوایی. ئەم زاراوەیەش لەدارشتنی دریدا خۆیەتی و بەواتای جۆرێك لە ڕێکۆپێکی بۆ واتا، ئەندێشە، هەقیقەت، وشە و گوتن دێت کەوا لەوێنەی ژێرخان سەیر دەکرێن؛ واتە لەبەرایی نیشانەکان و دەرکەوتە مادییەکانەوەن. نموونەی بەرچاوی تەوەر گوتنی بریتییە لە تەوەری دەنگ (phonocentrism) کەوا گوفتار بە پێشتر لە نووسین دەزانێت و، نووسین بەدەرکەوتنی گفتار دەدرێتە قەڵەم. بە باوەڕی دریدا، خستنە لاوەو بەلاوەکی دانانی نووسین، لەپای بەهەڵە تێگەیشتنی بەشێك لە تایبەتمەندییەکان یاخود زمانەوەیە.

پێویستە سەرنج بدەینە ئەو مەسەلەیە کە دریدا خۆی زمانەوانە و دەزانێت کەوا لە بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا، لەوێنەی لێکۆڵینەوە لە زمانی منداڵانی باخچەی ساوایان، توێژینەوە لە شێوەی بەکارهێنانی زمان لەڕیزی نەخوێندەوارانـدا، لێکۆڵینەوە لەو شێوەزارانەی کە نووسینیان نییە و هی تریش، ڕێگە چارەیەك جگە لە لێکۆڵینەوەی گوفتار بەدیناکرێت. ئەوەی ئەو لێرەدا باسیدەکات زیاتر مۆرکێکی فەلسەفیانەی هەیە و بەدوای ئەوەدایە تا بیسەلمێنێت کە نووسین ئەوە نییە ئامرازێکی پلەدووی، لاوەکی و بێ پەیوەندی بەناوەرۆکی زمانەوە بێت.

ئەو بەمەبەستی هەڵوەشانەوە ((بنەماشکێنی)) بەرانبەر وەستانی زنجیرەی پلەبەندیی گوتن و نووسین، پەنا بۆ لێکدانەوەی بیروڕاکانی سۆسۆر دەبات بەو پێیەی کە لە وانەکانی گشتی زمانەوانییەوە کۆکراونەتەوە و، پشت بەو خاڵەیان دەبەستێت کەوا ئەوەی سۆسۆر لەبارەی کەموکوڕییەکانی نووسینەوە باسی کردوون، لەبارەی گوتنەوە دروستە:

سۆسۆر مەسەلەی دەنگ لەسیستەمی زمان جیادەکاتەوە و، وێنەی دەنگیش بە بەشێك لەسیستەمی زمان دەزانێت. بەو حاڵەوە باوەڕی وایە، کەوا بابەتی شیکردنەوەی زمان تێکەڵەیەك نییە لەوشەی گوتراو و نووسراو، بەڵکو بەتەنیا بریتییە لە وشەی گوتراو (← ٤، ل ٤٥). سۆسۆر ((مەترسییەکان))ی نووسین بەدیاردەخات و لای وایە کە نووسین بەهۆی خۆپارێزییەکانییەوە، ناتوانێت نوێنەرەوەی گوفتار بێت و لە لێکۆڵینەوەکانی زماندا بەکار ببرێت؛ بەڵام لەشوێنێکی دیکەدا ئاماژەی بۆ ئەم خاڵە کردووە کە بەمەبەستی نیشاندانی چەمکی یەکەی لێکدابڕاوی، چاکترین ڕێگا ئەوەیە کە یارمەتی لەنووسین، وەك سیستەمێکی دیکەی نیشانەکان، وەربگرین. ئەنجا لە پاشان ڕێنووسی t بەنموونە دێنێتەوە و دەڵێ دەتواندرێت ئەم ڕێنووسە، بەوێنەی جیا جیا بنووسرێت بەو مەرجەی جیاوازییەکانی لەگەڵ d. i. f. l و هی دیکەدا وەك خۆی بمێنێتەوە (← ٤، ل ١٦٥) بەم پێیە نووسین، وەك لەلاپەڕەکانی سەرەتای کتێبی وانەکانی گشتی زمانەوانییدا هاتووە، ناکرێت لە لێکۆڵینەوەکانی زاناکانی زماندا جێگەی ببێتەوە، کەچی لە ١٢٠ لاپەڕە دواتردا دەگۆڕێت بۆ چاکترین ئامراز لەپێناوی ڕوونکردنەوەی یەکەکانی زمان، بەواتای ئەوەی گوفتار وەردەگەڕێت بۆ شێوەیەك لەنووسین و ئەوە هەر نووسینیشە کە لە ئاراستەکردنی ناوەڕۆکی گوفتاردا بەکاردەبرێت.

دریدا لە مەسەلەی بایەخپێدانی بە نووسین، لەسەر هەمان ئەو ڕێچکەیەی یاکۆبسن هەنگاو هەڵدێنێ کە لەکاتی خستنە بەرباسی ((ئەرکی شیعری)) زماندا خستوویەتییەڕوو، بەڵام لەو نێوانەدا دەتواندرێت لەڕووی میتۆدناسییەوە هەڵوەستە لەسەر سێ خاڵی دیدگەی دریداوە بکرێت: یەکەمیان لێکۆڵینەوەیەتی سەبارەت بە بایەخی نووسین، ئەویش لەسەر ئەو بنەمایەی کە سۆسۆر نەیتوانیوە هەڵوێستی خۆی لەنێوان گوفتار و نووسیندا ڕوونبکاتەوە. بە باوەڕی

نووسـەری ئـەم دێرانـە، هەڵوێسـتی سۆسـۆر ئاشـكرایە. ئـەو لـە لێكۆڵینەوەكانی زماندا، گوفتار بەپێشتر لەنووسین دەزانێت و لەپێگەی خۆیدا وەكو زمانەوانێك جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە دەكاتەوە.

هـەر مامۆمسـتایەك چـەند بەیانییـەك چـووبێتە پـۆلی وانەگوتنەوەوە، ئـەو قسـەیەمان دەسـەلمێنێت كـە مامۆسـتا هەوڵدەدات سـوود لەهـەر ئامرازێـك وەربگرێـت تـاوەكو بابەتەكـەی بـۆ خوێندكارەكانی ڕوونبكاتەوە. مـن خۆیشـم كاتێـك دەمـەوێت جیـاوازی لـەنێوان بـزوێن و نەبزوێنـەكان بـۆ خوێنـدكارەكانم ڕوونبكەمـەوە، پەنجەرەی پۆلەكە دەخەمە سەرپشت و دەڵێم، هەر دەنگێك دەربكـەین و پاسەوانەكەی بەر دەمی دەرگاكەی زانكۆ بیبیستێت، ئـەوە بزوێنـە. پاشـان دەسـتدەكەم بـە بـانگ و هـاوار و چـەند دەنگێكـی بـزوێن و نـەبزوێن دەردەكـەم. منداڵـەكان پێدەكـەنن و فێـری گەیشـتن و نەگەیشـتنیش دەبـن. جـا ئەگـەر هـات و مـن بكـەوم و بمـرم و ئـەم منداڵانـەش بیانـەوێت ڕەشنووسـەكانیان لەیـەكتر بـدەن و كتێبێـك بەناوی منەوە بنووسن، دیارە لەو كتێبەدا مەسەلەی جیاوازی لـەنێوان بـزوێن و نەبزوێنـەكان، بەمـەرجی كردنـەوەی پەنجـەرەو بـانگ و هـاوارەوە دەبەسـتنەوە. هـەموو بـاس و لێكۆڵینـەوەكانی سۆسـۆر لـە وانەكانی زمانەوانی گشتیدا لەسەر بنەمای پێشخستنی گفتـار لەئاسـت نووسیندا داڕێژراوە و تەنیا لەیەك لاپەڕەی هەموو كتێبەكەیدا (←٤، ل ١٦٥)، ڕێنووسێكی وەك نموونـە هێنانەوەتـەوە تـاوەكو بابـەتێكی پـێ ڕوونبكاتەوە؛ چونكە ئەو بەلێكۆڵینەوەی ((زمان))ەوە خەریكە نەوەك ((ئەدەبیات)). بەڵام كاتێك دێتەسەر باسی لادانەكانی شاعیرانی لاتینی زمان، تەنیا نووسین لەبەرچاو دەگرێت. چونكە ئـەو دەزانێت كـە لـە كوێـدا دەبێـت جـەخت لەسـەر گوفتـار و لـە كوێـدا لەسـەر نووسـین بكرێتەوە.

خاڵی دووەم کە پەیوەندی بەبیروڕاکانی دریداوە هەیە، ڕاڕایی ئەوە سەبارەت بە ((مەدلول)) و دەلالەتی ((دالی))ێك بۆ ((دال))ێکی دیکە و بەپاشخستنی واتایە. ڕێگابدەن لەپێناوی باشتر تێگەیشتنی ئەوەی دریدا تێبینی دەکات، پەنا بۆ نموونەیەك ببەین، کە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی دریدا بەشێوەیەکی گشتی بەکاردەهێندرێت ( ← ٢، ل ١٤٣) و ئەو بوارەشمان بۆ دەڕەخسێنێت تاوەکو زیادەگۆیی بێ پاساو ڕوونبکەینەوە.

وایدابنێ واتای وشەیەکمان نەزانی و لەفەرهەنگی زماندا بەدوایدا دەگەڕاین. لەبەرانبەر وشەکەدا وشەیەکی دیکە نووسراوە. ئەگەر هات واتای ئەم وشەیەی دووەمیشمان نەزانی. لاپەڕەکانی فەرهەنگەکە هەڵدەدەینەوە و بەشوێن سۆراغی واتای وشەکەی دووەمدا دەگەڕێین؛ واتە لەبنەڕەتدا لەبەرانبەر هەر وشەیەك، وشەیەکی دیکە دەبینین، کە خۆی دەروازەیەکی دیکەیە لەهەمان فەرهەنگی زماندا (← ٢، ل ١٤٣). بەگشتی ئەم نموونەیە بەمەبەستی خستنەڕووی دیدگاکەی دریدا سەبارەت بە ((ڕەوانی دالەکان/ سیلان دالها)) دەهێندرێتەوە. کە بەتەواوی دیارخەری ڕەچاونەکردنی دیدگاکەی سۆسۆرە و کێشەیەکی میتۆدناسیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. سۆسۆر ((دال)) بەشتێکی دابڕاو لە ((مەدلول)) و ((مەدلولیش)) بە دابڕاو لە ((دال)) نازانێت (←٤٢، ل ٩٩). کەواتە وەختێك دەتوانین قسە لەبارەی ((دال))ێکەوە بێنینە گۆڕێ، کەوا پەیوەندییەکی هەرچەندە بەتاڵ و داخوراویش بێت، بە ((مەدلول))ێکەوە هەبێت؛ بەدەر لەمە ناتوانین بچینە نێو کایەی سیستەمی زمانەوە، هەروەها ناشتوانین ئەوە لەبنیاتی زماندا، واتە تۆڕی پەیوەندییەکانی هاونشینی و جێنشینی جێگیر بکەین. جیاکردنەوەی ((دال)) لە ((مەدلول)) وەك ئەوەیە کەوا کاغەز پارەییەکی هەزار تمەنی لەناوەڕستدا بکەین بە دوو لەت و واش

بزانین کە هەر لەتێکی بەهاکەی پێنج سەت تمەنە. کاغەزپارەی هەزار تمەنی یا ئەوەتا بەهای هەزار تمەن دەبێت یا ئەوەتا هیچ بەهایەکی نابێت.

کەواتە ئەوەی دریدا بەناونیشانی ((دال))وە خستوویەتییەڕوو، ((دال))ەکەی سۆسۆر نییە. کاتێك ئێمە لە فەرهەنگی زماندا بەدوای واتای وشەیەکدا دەگەڕێین، ئەوا وێنەی دەنگی یاخود نووسینەکەیمان لەبەردەستدایە کە هێشتا نەبۆتە ((دال)) و ئەوسا هێشتا ((مەدلول))یشی نییە و لە دەرەوەی سیستەمی زماندا جێگیر دەبێت. ئینجا یا دەبێت ناوێکی دیکە بۆ ئەم ((دال))ەی دریدا دابندرێت بۆ ئەوەی لەباسەکانی سۆسۆر و مەسەلەی نیشانەی زمانی جیا بکرێتەوە، یا ئەوەتا دیدگاکەی ئەو هەموار بکرێتەوە.

بەڵام پێویستە بزانین کە دریدا بیرمەندێکی بنیاتگەرایە و بیروبۆچوونەکانی خۆی لەسەر بنەمای ڕوانگەیەکی بنیاتگەری بۆ زمان داڕشتووە، ئەگەرنا سوودوەرگرتن لەزاراوەی ((پاش بنیاتگەری)) پێویست نییە. کەواتە ئەو بەوردی دەزانێت کە ((دال))ی بەچ واتایەك بەکارهێناوە. چونکە ئاماژەی بۆ ((دال)) لەڕوانگەی سۆسۆرەوە کردووە، بەم پێیە کێشە لەهەڵبژاردنی زاراوەدا نییە، بەڵکو پەیوەستە بەو بابەتەوە کە ئەو ئاوڕ لەمەسەلەی ((گەمەی نیشانەکان بەپێی لێکچوون)) ناداتەوە، چونکە ئەوەی لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی جێگیردەبێت ((دال)) نییە بەڵکو ((نیشانە))یە و، هەروەها ئەوەش کە لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی بەپێی لێکچوون لەجێگەی ئەودا بانگهێشتی دەکرێت ((نیشانە))یەکی دیکەیە.

لەکاتێکدا دریدا ڕای وایە کە دەلالەتی ((دال))ێك بۆ ((دال))ێکی دیکە مەسەلەی واتا بە پاش دەخات، خۆی باوەڕی وایە کەوا درککردنی واتا لەڕێگەی ((دال))ەوە بەدی نایەت. ئەگەرنا پاشخستنی واتا مانایەکی نابێت؛ کەواتە ئەوە شتێکی دیکەیە کە دەبێ واتا

بـەدیبهێنێت، ئەگـەر هـات و ئـەم واتایـەش نەهاتـە بەرهـەم، ئـەوا توێژینەوە لەبارەی زمـان و دیـدی وی بـۆ ئـەو مەسـەلەیە چ واتایـەکی دەبێت؟

وەکو بابەتی سێیەم پێویستە بێینـە سـەر باسـی دیـدی درێدا بـۆ زمان. یەکێك لەسەرەکیترین ئەو مەسەلانەی کە لـە پـاش بنیاتگەریـدا باسدەکرێت و، پێشینەی لەبیروڕای هەندێك لە بنیاتگەراکانی لەوێنەی ساپێر و وۆرفدا بەدیدەکرێت، باوەڕهێنان بەو مەسەلەیەیە کەوا زمان جیهانی مرۆڤەکان پێکدەهێنێت. بە واتایەکی دیکە، ئەو تێگەیشـتنەی ئێمە کە سەبارەت بەجیهان هەمانە، پەیوەستە بە زمانەکەمانەوە.

بەمەبەستی چوونە ناو ئەو باسەوە، ڕێگابدەن نـاواخنی فەلسـەفە شەقبکەین و بەدوای سەرنجڕاکێشی یەك مەسەلەی فەلسـەفیدا بچین. وەکـو شـتێکی ئاسـایی بیرکردنـەوەی فەلسـەفی تـا ئـەو شـوێنە سەرنجڕاکێشـە کـە زانسـت ڕاسـتی و ناڕاسـتییەکەی لەسـەنگی محـەك نەدابێت. کاتێك زانست ڕاستی قسەیەکی فەلسەفی سەڵماند، ئـەوا ئـەو قسـەیە لەکایـەی فەلسـەفەدا دەردەچـێت. هـەروەها لـەلایێکی دیکـەوە، کاتێك زانست توانی ناڕاسـتی بیرێکـی فەلسـەفی بسـەلمێنێت، ئـەوا ئـەو بیرە سەرنجڕاکێشی خۆی لەدەستدەدات. بەم پێیە، ئیتر مەلەسەی باس و بیرکردنەوەیەکی فەلسەفی، سـەبارەت بـەوەی کـە زەوی لەناوەڕاسـتی ئاسماندا هەڵکەوتووە و هەموو شتەکان بە دەوری ئـەودا دەسووڕێنەوە لە ئارادا نییە، چونکە زانسـت ڕاسـتی ئـەو مەسـەلەیەی ڕەتکردۆتـەوە، لەڕاستیدا سەرنجڕاکێشی بیرکردنەوەی فەلسـەفی لەوەدایـە کـە زانسـت پەی پێ نەبردبێت. فەلسەفە بەدوای زانسـتدا دەڕوات تـاوەکو زەمینـە بۆ زانست بڕەخسێنێت، بەڵام کاتێك زانسـت ئامـادەبوو، بیرکردنـەوەی فەلسەفی خۆی بۆ سەرزەمینێکی دیکە هەڵدەپێچی کـە زانسـت توانـای ئامادەگی لەم تەنگژەیەیدا نەبێت.

ئەو تاقیکردنەوە جیاوازانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لەبەسـتێنی تێگەیشتن (درککردن)دا ئەنجامدراون و یاکۆبسن ئاماژەی بۆ بەشێکیان

کــردووه (← ١١)، ســەلماندوویانە کــە مــرۆڤ تێگەیشــتنەکانی خــۆی لەمیسـداقەکانی جیهـانی دەرەوەدا وەردەگرێـت و لەپاشـان دەیهێنێتـە سەر زمان. ئەم تاقیکردنەوانە ئـەوە بەدیاردەخـەن کـە منـداڵ لـەدوای هاتنــە دنیــا، ســەرەتا تێگەیشــتن لــە میســداقەکانەوە پەیــدا دەکــات و مەدلولــە زمانییــەکانی لەبەرابــەر میســداقەکان هەڵدەســەنگێنێ. بەگوتەیــەکی ســادەتر، ئەگــەر بگەڕێینــەوە بــۆ بیروڕاکــانی سۆســۆر، دەبینین کە زمان لەدوولاوە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا هاوسنوورە، مرۆڤ لەئاست جیهانی دەرەوەدا سوود لە زمان وەردەگرێت، تاوەکو سەبارەت بەجیهانی دەرەوەی زمان بدوێت. ئەو تاقیکردنەوانەی لەم زەمینەیەدا ئەنجامدراون، باسوخواسی فەلسەفی لەم بارەیەوە ڕەتدەکەنەوە. ئـەنجا ئــەوە ڕاســت وەك ئــەو مەســەلەیە وایــە، کــە ئــەو توێژینــەوە جۆراوجۆرانـەی لـەبواری زیندەوەرزانیـدا ئەنجامـدراون سـەلماندوویانە کە هێڵکە تـەنیا خانەیەکە و بـازدان (طفـرة وراثیـة) لـەو خانەیـەوە سەردەگرێت؛ ئەنجا ئێمە بێین دابنیشـین و فەلسەفەچـێتی بـۆ بکـەین کە ئایا سەرەتا مریشك بووە یاخود هێڵکە. هـیچ فەلسـەفەکارێك ئـیتر بەلای ئەو مەسەلەیەوە ناچێت. چونکە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە بـەو شوێنەوە بەندە کە زانست یارای گەیشتن بەو شوێنەی نییە.

ئێســتا وایــدابنێ، ئەزموونگــەلێکی لــەو جــۆرە قەناعــەتی پێنـەکردووین و بەلامانـەوە فەلسـەفە بـاڵا دەسـتە بەسـەر زانسـتەوە. کەواتـە ڕێگابـدە جارێکی دیکـە بێینـەوە سـەر باسـێکی فەلسـەفی لـەو بارەوە و مەسەلەکە لەم لاینەوە تاوتوێ بکەین. سـەرەتا پێویسـتە ئـەو مەسەلەیە لەبەرچاو بگـرین، کـە تیـوری ڕێـژەیی (نسـبیت)ی سـاپێر و وۆرف لەسەر بنەمای تێڕوانینی قسەپێکەرانی زمان بۆ جیهانی مـادی داڕێژراوە و دەچێتەوە سەر بیروڕاکانی هومبلت، هاردر، وایس گێربەر و تیریەر و، لەسەر بنـەمای ئـەو ڕاسـتییە دامـەزراوە کـەوا هـەر زمانێـك وێنەیەکی نارێك و جیاواز لە واقعیەتەکانی جیهانی دەرەوەمان دەداتە

دەست و، ساز و بڕینکی تایبەت بۆ ناولێنانی دیاردەکان یاخود میسداقەکان هەڵدەبژێرێت (← ٨، ل ١٨ – ٢٥). کەواتە ئەوەی ئەم فەیلەسوف و زمانەوانانە باسیانکردووە، هەنگاو هەڵێنانە لەجیهانی مادییەوە بۆ زمان؛ واتە قسەپێکەرانی هەر زمانێك لەئاست پەیوەندییەکانی خۆیاندا، دەستبڕێکی تایبەتیان لەجیهانی دەرەوەدا بۆ زمانەکەیان هەڵبژاردووە. ئەم تێڕوانینە ئەوە نیشاندەدات کە ئەوە دنیای مرۆڤە زمانەکەی ئەو پێکدەهێنێت. جیهانی دەوروبەری عەرەبێك لەگەڵ جیهانی دەوروبەری کەسێکی ئەسکیمۆ جیاوازە و بەو هۆیەشەوە لەزمانی ئەوەی یەکەمدا وشەگەلێکی زۆر بۆ ((وشتر)) و لەزمانی ئەوەی دووەمدا بۆ ((سەهۆڵ)) هەیە.

بەڵام درێدا باوەڕێکی پێچەوانەی هەیە؛ واتە ئەو دەڵێ کە زمانی مرۆڤ جیهانی ئەو پێکدەهێنێت. دیارە سەرنجڕاکێشی ئەم گوتەیە لەلایەنی فەلسەفییەوە، لەوە زیاترە کە لە بیروڕاکانی هەمبۆڵت و هاردەر یاخود ساپێر و وۆرفدا بە دیدەکرێت، چونکە لەگەڵ ڕاستی زانستیدا جیاوازە.

درێدا وەکو زمانەوانێك بێ چەند و چون باوەڕی بەگۆڕانی زمان بەدرێژایی کات هەیە؛ ئەنجا ئەگەر بڕیار وابێت کە زمانی مرۆڤ دنیای ئەو پێکبهێنێت، ئەوا پێویستە لەگەڵ گۆڕانی زمان، دنیای ئەو قسەپێکەرەی زمانیش بگۆڕێت. ئەگەر ئەم جیهانە لەلایەنی مادییەوە بگۆڕێت، مەسەلەکە بۆ میسداقەکان دەگەڕێتەوە؛ واتە وشەی ((هەوربڕ))، ((جەڕبادەری فرەنسی/ ئیسپانە))، ((کۆمپیوتەر))، ((سکرئیسپانە)) هی تر لەناو زماندا هەن، چونکێ ئەم بوونەوەرانە لە جیهانی دەرەوەی زماندا پەیدابوون. کەواتە ئەم جۆرە گۆڕانکاریانە ناتوانێت قسەکانی درێدا بسەلمێنن، چونکە هەر دیاردەیەك سەرەتا لەجیهانی دەرەوەی زماندا پەیدا دەبێت و لەپاشاندا وشەیەك دێتە ناو زمانەوە و دەبێتە مایەی گۆڕانی سیستەمی زمان. دیارە مەبەستی

دریدا ئەوە نییە کە ئێمە لەسەرەتادا بەگوێرەی لێکدان، وشەکانی ((هەور)) و ((بڕ)) بێنین و لەتەك یەکتریان دابنێین تاوەکو ((هەوربڕ))ی لێ پێکبهێنین، ئەوساکە بیر لە دروستکردنی تەلارێك بکەینەوە کەوا سەری لەئاسمان بسووێت. کەوابێت ئەوەی دریدا باسی دەکات، نابێت بەجیهانی مادییەوە گرێدرابێت، چونکە لە هەلومەرجێکی وادا پێچەوانەی بۆچوونەکەی دریدا ڕاستە. بەم پێیە دەبێ مەسەلەکە پەیوەندی بەجۆرێك لەبیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەبێت؛ واتە زمانی مرۆڤ بیرکردنەوەی ئەو پێکدەهێنێت و جیهانی دەرەوەش شتێك نییە جگە لەوەی لەبیرکردنەوەی ئەوادا شێوەی وەرگرتووە. دیارە باسوخواسێکی لەم بارە لەلایەنی فەلسەفییەوە زۆر سەرنجڕاکێشە. بەلام باشە ئەگەر زمان دەگۆڕێت، کەوابێ دەبێ ئەندێشەی مرۆڤەکانیش بگۆڕێت. یا ئەوەتا یەکەمجار زمان دەگۆڕێت ئەنجا بیرکردنەوە، یاخود یەکەمجار بیرکردنەوە دەگۆڕێت لە دواییدا زمان. بەلام لێرەدا مەسەلەیەکی دیکە دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە دەبێ دریدا بتوانێت بیسەلمێنێت کە بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بەدرێژایی کات گۆڕاوە؛ واتا تێڕوانینی مرۆڤ لەو ڕۆژەوە کە شێوەی مرۆڤایەتی خۆی وەرگرتووە، لەئاست دیاردە مەعنەوییەکاندا — و نەوەك مادییەکان — تاوەکو ئەمڕۆ گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەم مەسەلەیە دوو لایەنی هەیە: یا وەکو ڕوانین و جیهانبینی مرۆڤ بەگوێرەی دیاردە مادییەکانی جیهانی دەرەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە لەم حالەتەدا دیسان جیهانی دەرەوە ئەم شێوە بیرکردنەوەیە بەسەر مرۆڤدا دەسەپێنێ؛ یا ئەوەتا ڕوانین و جیهانبینی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دیاردەکانی جیهانی دەرەوە گۆڕاوە؛ واتا لە بنەڕەتدا ئەرکی مێشکی ئەو ئالوگۆڕی بەسەرداهاتووە.

ئەگەر لایەنی یەکەمی مەسەلەکە بێتە گۆڕێ، ئەوە لەگەڵ دیدگای دریدادا جیاوازی دەبێت، چونکێ بیر لە جیهانی دەرەوە بەسەر

مرۆڤدا دەسەپێت، بەڵام ئەگەر باس بێتە سەر لایەنی دووەم؛ واتا بیر بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەئاست جیهانی دەرەوەدا کار بکات، پێویستە مرۆڤی ئەمرۆکە، سەربەخۆ و جیا لەجیهانی دەرەوە و میسداقەکانی دەوروبەری، خاوەن بیرکردنەوەیەکی وابێت کە بۆ نموونە بەر لە پێنج هەزار ساڵ نەیبووبێت. لێرەوەیە پێویستە درێدا بتوانێت بیسەلمێنێت، ئەگەر ئێمە ژمارەیەك کۆرپە لە ناوچەیەکی دوور لە میسداقەکانی ئەمرۆکە دابنێین و سەیری گەشەسەندنیان بکەین، ئەوان زەویان بەشێوەیەکی تەخت بەلاوە قبوول نابێت، ڕۆژ و مانگ وەکو خوداوەندانی خۆیان ناونابەن و سەری کڕنۆش لەبەرانبەر نهێنییەکانی هەورەتریشقە و بروسکەدا نەوی ناکەن.

بەڵام لەنێوان بیروڕاکانی درێدادا مەسەلەیەکی بایەخدار هەیە کە بۆ ئەم نووسینەی بەردەست گرینگییەکی زۆری دەبێت، ئەویش هەمان ئەو پەیوەندییە بەرجەستە کراوەیە لەنێوان ((دال)) و ((مەدلول))دا. بۆچوونە ناو ئەو باسەوە سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ ((وشەکانی ناونان)). (onomatopoeic words) بکەین کە سۆسۆر لەباسی لەخۆوەبوونی (ئارەزوومەندانەبوونی) نیشانەدا دەیخاتەڕوو، تاوەکو نیشانی بدات کە ئەم پۆلە وشەیە خەوشێك بۆ بۆچوونەکانی ئەو و پەیوەندی لەنێوان ((دال)) و ((مەدلول))دا دروست ناکات (←٤، ل ١٠١ – ١٠٢). ئەو ئاماژە بۆ نموونەگەلێکی وەکو glas (= زەنگ) و fauet (= شەللاق) دەکات و ڕوونی دەکاتەوە ئەگەر هات و ئەم وشانە لە زمانی فرەنسیدا، دۆخێکی ناونانیان هەبێت و قسەپێکەرانی زمانی فرەنسی وا هەستبکەن کە لەنێوان ((دال)) و ((مەدلول))ی ئەم نیشانانەدا پەیوەندییەکی بەرجەستەکراوی هەیە، ئەمە مەسەلەیەکی هەڵکەوتە، چونکێ glas لە فۆرمی لاتینی classicum و fouet لە fagus وە داڕێژراون کە لە زمانی لاتینیدا ئەم بەرجەستەکراویە دەرناکەوێت.

دریدا لەیەکێك لە بایەخدارترین بەرهەمەکانی خۆیدا بەناوی زەنگ، کە ناولێنانەکەی بۆ هەمان ئەو نموونەیەی سۆسۆر دەگەڕێتەوە، ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات، کە پەنابردن بۆ ڕیشەناسی لەتوێژینەوە لەبارەی تایبەتمەندیی خودیی نیشانەیەك، زۆر لە سۆسۆرەوە دوورە، کە ئەو خۆی جەخت لەسەر جیاوازی واقعیاتی هاوزەمانی و دەرزەمانی دەکاتەوە؛ بەڵام سەیرتر لەوە نادیدەگرتنی مەسەلەیەکە بەهۆی ((هەڵکەوت)) یاخود ((ڕێکەوت)) بوونیانەوە، ئەویش لەلایەن کەسێکەوە کەوا زمان لەبنەڕەتدا بە ((هەڵکەوت)) و ((ڕێکەوت)) دەزانێت. (← ٤، ل ١٠٩)

سۆسۆر لەکاتی باسکردن سەبارەت بەنیشانەکانی زمان، کرۆکی بوونی نیشانەی زمانی بە ((ڕێکەوتن)) دادەنێت (← ٤، ل ٩٧ — ١٠٣) و بەو هۆیەوە پەیوەندی لەنێوان ((دال)) و ((مەدلول)) بە ئارەزوومەندانە دەداتە قەڵەم، چونکە باوەڕی بە بەرجەستەکاری لەم پەیوەندییەدا نییە. بەڵام دریدا ئەم ئەگەرە باسدەکات کەوا ڕەنگبێ هەر ئەم بەرجەستەکارییە ڕێکەوتەیە، وەك بەشێك لە بنەما و کاری زمان بژمێردرێت. ئەوا لەو باوەڕەدایە تا ئەگەر هات و کەسێکیش بەڵگەهێنانەوەکەی سۆسۆر لەبارەی ناونانەوە پەسند بکات و قەبوولیشی بێت کە ناونان هیچ کاتێك تەنیا لەسەر بنەمای لێکچوون دانارێژرێت، دیسانەوە دەخوازێت ئەم ئارەزوومەندانەبوونە تێکەڵ بە بەرجەستەکاری بکات؛ جا ئەم بەرجەستەکارییە بە هونەر نواندنی شاعیرانەوە پەیدابێت یا بەهۆی ئالوگۆڕی زمانەوە، یا ئەوەتا بە سەرنجدانی وردی خوێنەر لەلادانەکان و یاخود بە هەڵەوپەڵەی قسەپێکەران، یا لەڕێگەی سازوکاری وێژدانی ناوشیارەوە (←٢، ل ١٠٨ — ١٠٩). دریدا ئەو ئەگەرەش لەبەرچاو دەگرێت کەوا ڕەنگە نیشانەکانی ئارەزوومەندانەی سیتستەمی زمان بەشێك بن لە سیستەمێکی گوتاریی فراوانتر کە لەو سیستەمەدا، دەرکەوتەکانی بەرجەستەکاری، بەرجەستە شکێنی و بەرجەستەکاری

سـەر لـەنوێ ڕووبـدەن. بایـەخی سـەرەکی بیروڕاکـانی درێـدا لـەم مەسـەلەیەدا بـە حەشاردراوی ماوەتـەوە، کـە بەداخـەوە کـەمتر ئـاوڕی لێدراوەتەوە یا هەر لەبنەڕەتـەوە بـە نەناسـراوی ماوەتـەوە، لەکاتێکدا کە دەشێ تروسکەیەك بێت بـۆ بیرکردنـەوە سـەبارەت بـە چۆنییەتی ئـەرکی چـوواندن و هـەروەها خواسـتنیش. پـەرەگرافی تـازە باسـی مەسـەلەی پەیوەنـدی بەرجەسـتە لـەنێوان ((دال)) و ((مـەدلول))داو، ئەو ڕوانینەی سەبارەت بە ڕەوانی دالەکانەوە لەئارادایـە، زیـاتر بـەرەو چەندوچۆنی دەبات، بەڵام بۆ شـیمانەی مەسـەلەی ڕەوەنـی نیشـانەکان داکۆکیکار دەبێت.

بۆ نووسەری ئەم دێرانە هەمیشە ئەو پرسیارە لـەئاراد بـووە، کـە بۆچی باڵای یار دەبێ بە ((سەرو)) بچووێندرێت و بۆچـی بـۆ نموونـە بـە ((چـنار)) و ((منـارە))، یـان ((عـاموودی کارەبـا)) و ئـەو شـتانە نەچـووێندراوە؟ بۆچـی پاڵـەوانی ئازایـان بـە ((شـێر)) چـوواندووە؟ مەگەر ((کەرکەدەن)) یاوەکو ((ئەسپی دەریا)) لە ((شێر)) ئازاتر نین. ((ئەسـپی دەریـا)) کاتێـك دەبینێـت کـە تیمسـاحێك ئاسـکێك ڕاکـێش ڕاکێش بـۆ نـاوەوەی ڕووبارەکـە دەبـات، بەخۆنەویستی خـۆی داوێتـە ئاوەکـەوە و ئاسـکەکە لـەنێوان شـەویلکەکانی تیمسـاحەوە دەردێنێـت، کامە شێر بەو ڕادەیە بە جەرگە؟ شێری نێرە هەر ڕاویش ناکات؛ ڕەوە شـێرێکی مێینـە دوای ئـەوەی هەڵمـەت دەکەنـە سـەر کـەرێکی کێـوی، ئەوکاتە خاوەن شکۆ دێت و ڕانی ئەو بێچارەیە داگیردەکات.

هەمیشە دەڵێن ((چواندن)) نیازمەندیی بەڕووی لێکچوون هەیـە، بـەڵام ئـەم ڕووی لێکچوونە بـە چ جۆرێـك دەستنیشـان دەکرێـت؟ ئایـا بەڕاسـتی هەڵبـژاردن بـەگوێرەی ((لێکچـوون))، کـارێکی ئارەزوومەندانەیـە؟ ئایـا بەڕاسـتی هـەر شـتێك کـە بـە جۆرێـك لەجۆرەکانی لە شتێکی دیکە بچێت، دەتواندرێت بەپێی ئەم لێکچوونە هەڵبـژێردرێت و لە سنعەتگەلێکی وەکو ((چواندن)) و ((خواسـتن))دا بەکاربرێت؟ ئەگەر وەڵامەکە بەنەرێیە، ئایا لەواقعدا سیستەمی گوتار

و بەرجەستەکاری لەپشت سیستەمی نیشانەکانی ئارەزوومەندانەی زمانەوە نییە و بەرجەستەیی خۆی بەسەر ئەم ((هەڵبژاردن))ەوە ناسەپێنێت؟

ئەم پرسیارانە لەهیچ کام لەبەرهەمەکانی دریدا، بیری ئەویان بەخۆیانەوە سەرقاڵ نەکردووە، بەڵام دۆزینەوەی وەڵام بۆیان دەشێ ببێتە بنەمای گریمانەیەك کە لەبەشی شەشەمدا باسی دەکەین.

## کتێبنامە


1- Barths, R. Writing Degree zero, tran, Annette and Colin smith, London, 1967.

2- Culler, J. D. Ferdinand de Saussure, Comell univ press, 1986.

3- Jakobson, R. "Two Aspects of Language and Two Types of Aphasic Disturbances" in: Essis de Linguistiqae general, paris, 163.

4- Saussure, F. de. Cours de Linguistique general, Tullio demauro(ed) paris, 1973.

٥- بورشه. ت. و اشنا يدرى، ى. هـ. ى. ((زبان))، در: زبان شناسى و ادبيات، ترجمه كورش صفوى، تهران، هرمس، ١٣٧٧.

٦- سجودى، فرزان، سبك شناسى شعر سپهرى: رويكردى زبان شناختى، رسالهٔ كارشناسى ارشد زبان شناسى، دانشگاه علامه طباطبايى، ١٣٧٦.

٧- شفيعى كدكنى، محمد رضا، موسيقى شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.

٨- صفوى، كورش: ((نسبت در ترجمه))، در: هفت گفتار دربارهٔ ترجمه، تهران، نشر ماد، ١٣٧١.

٩- ________، از زبان شناسى به ادبيات، ج١، نظم، تهران، نشر چشمه، ١٣٧٣.

١٠- نيوا، ژ. ((نظرى اجمالى بەفرماليسم روس))، در فصلنامهٔ ارغون، ترجمهٔ رضا سيد حسينى، س١، ش ٤، ١٣٧٣.

١١- ياكوبسن. ر. روزهاى بنيادين در دانش زبان، ترجمهٔ، كورش صفوى، تهران، هرمس، ١٣٧٦.

## بەشی ٣

# ئامرازەکانی داهێنانی شیعری

لەبەشـی یەکەمـدا و لـەکاتی باسـکردنی کەمکردنـەوەی ڕێسـادا، ئاماژە بۆ ئەو بابەتە کراوە کە ئەم جۆرە لە پرۆسەی بەرجەستەسازی کۆمەڵە ڕێوشوێنێك دەگرێتەوە کە کار لەسەر ناوەرۆکی زماندادەکەن؛ بـەواتا لـە کۆتاییـدا واتایـەك بەرهەمـدێنن کـە بـەجۆرێك لـەجۆرەکان لەگـەڵ ئـەو واتایـە لـەزمانی ئاسـاییدا جیـاوازە. بـەلای حەقشناسـەوە کرۆکـی شـیعر لەسـەر بنـەمای لادان لـەپێوەرەکانی زمـانی ئاسـایی بنیـاتنراوە (← ٤). لـەلای شـەفیعی کـەدکنیش کرۆکـی شـیعر لەسـەر بنـەمای شـکاندنی پێـوەری لـوجیکی زمـان ڕاوەسـتاوە (← ٥، ل ٢٤١) و ئەم دیدگایانەش هەر ئەوەیە کە لیچ جەختی لەسەر کردۆتەوە. (←١، ل ٥٦)

لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدەین لەسـەرەتادا جۆرەکـانی کەمکردنـەوەی ڕێسا [= لادان لەپێوەر]، بەو شێوەیەی کە مایەی سـەرنجی لـیچ بـووە، بەشێوەیەکی درێژتر لەوەی کە لە بەرگی یەکەمدا هـاتووە (←٨، ل ٤٦ – ٥٤) بخەینـە بـەر بـاس و لێکۆڵینـەوە. تـا ئـەوەی ڕوونبێتـەوە کـە بایەخی هـەر یـەکێك لـەم جۆرانـەی کەمکردنـەوەی ڕێسا چییە و لـە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکاندا، ئـەو سنعەتانەی لەگـەڵ جۆرەکـانی کەمکردنەوەی ڕێسادا جووت دەبن کامانەن.

## ١/٣ لادان لە ڕێساکانی زمانی ئاسایی (زمانی پێوەر)

بۆ ئەوەی ئاشکرابێت کە کەمکردنەوەی ڕێسا بە چ واتایەك دێـت، سەرەتا پێویستە تێبگەین کە ڕێسا چییە. بە گوتەیـەکی دیکـە سـەرەتا دەبـێ ئـەوە بـزانین کـە ڕێسـاکانی زمـانی ئاسـایی چـین و چ جـۆرە ئەرکێکیان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بەسەریاندا باز بدەین.

بـۆ چـوونە نـاو ئـەو باسـەوە ڕێگـا بـدەن نموونەکـەی شـەترنجی سۆسۆر بێنینە پێش چاو تاوەکو لـەم ڕێگەیـەوە بەڵگەمەنـدی بکـەین. سۆسۆر کاتێك باسی لە مەسەلەی ئەرکی دانـەکانی زمـان کـردووە، دوو

نموونـــەی جـــوانی هێناوەتـــەوە: یـــەکیان شـــەمەندەفەری تیـــژڕۆی کاتژمێری ٨:٤٥ی نێوان پاریس — جنێف (← ٣، ل ١٥١) بووە و، ئـەوەی دیکە یاری شەترەنج (← ٣، ل ١٥٣). ئەو لـەو کاتـەدا کـە بـاس لـەبارەی ((ئەرك/ ڕۆڵ))دا دەکات زاراوەی form بـەکاردێنێت و لەبەرانبـەر بـە substance دایدەنێت، کە بەڕیز بـە ((وێنـە/ ڕوخسـار)) و ((نـاواخن/ ناوەرۆك) ) ناو دەبرێن. ئەم ((ڕوخسار))ە کە لە بنەڕەتدا هەمان ئـەو ((ئەرك))یـە، کـە بیرۆکـەی بنـەڕەتی مارتینـەی سـەبارەت بـە تیـوری ڕۆڵگێڕان پێکهێناوە (← ٢) کە بەدەر لە سنووری ئەم باسەی ئێمەیـە؛ بـەڵام ئـەوەی لـەم نێوانـەدا بایـەخی هـەبێت هـەمان مەسـەلەی ئـەو ((ئەرك))ەیە.

سۆسـۆر لـە نموونـە شـەترەنجەکەی خۆیـدا، ئامـاژە بـۆ ئـەو خاڵـە دەکات کەوا ڕەگـەز و شـێوەی مۆرەکـان، کاریگـەری بەسـەر یارییەکـەوە نییە. شێوەی هەر مۆریەك هەر بەو ڕادەیە گرینگە تاوەکو بـۆ نموونـە ((ئەسـپ)) لەگـەڵ ((فیـل)) یـاخود ((قـەڵا)) یـا ((پیـادە)) و ئـەوانی دیکەدا تێکەڵاو نەبن. ئەگەر هات و مۆرەیەك گوم بوو، دەتواندرێت بۆ وێنە خوێدانێك لەشوێنەکەی دابندرێت و درێـژە بەیارییەکـە بـدرێت، بەو مەرجەی ئەو خوێدانە ئەرکی ئەو مۆرە گومبووە بگرێتە ئەستۆ.

ئێستا با بێین و بگەڕێینەوە بۆ باسی کەمکردنەوەی ڕێسا، ئەگـەر هـات و سیسـتەمی زمـان لەگـەڵ سیسـتەمی یـاری شـەترەنجدا بـەراورد بکـەین، ئایـا مەبەسـت لـە کەمکردنـەوەی ڕێسـادا ئـەوە دەبێـت کـەوا ((ئەسپ)) لەجووڵەی بنەڕەتی خۆی بترازێت و بۆ وێنە وەکو ((فیـل)) جووڵـە بکـات؟ یـا تـەنیا مـۆرە سـپییەکە کـش لـە ((شـا))یە سـپییەکە بکات؟ ئەگەر ((شا)) لە گۆشـەیەکی تەختـەی شـەترەنجەکە گیربخوات، ئایا تەختە شەترەنجێکی دیکە بێنین و لەتەك تەختـە بنەڕەتییەکـەی دابنـــێین تـــاوەکو ((شـــا)) لەســـەر ڕووی تەختەکـــەی دیکـــە درێـــژە بەجوولەی خۆی بدات؟

ئەگەر کەمکردنەوەی ڕێسا لەجۆری ترازانەکانی پێشەوە بووە، ئەوە یارییەکە ئیتر نابێتە شەترەنج. بەڵام ئەگەر هات و ئەسپمان هەڵگرت و لە شوێنیدا گوڵێکی سوورمان دانا، تا بەرانبەرەکە تێبگات کەوا خۆشمان دەوێت، ئەمەیان چی؟ یا ئەوەتا ئەڵقەیەکی پەنجەمان دانا تاوەکو بزانێت کە دەخوازین لەگەڵ ئەودا ببین بە هاوسەر؟ یا ئەوەتا هەر شتێکی دیکە کە هەم یارییەکە خەوشدار نەکات و هەم واتایەکی دیکەش ببەخشێت؛ ئەو کاتە چی دەبێت؟ لەم هەلومەرجەدا گوڵە سوورەکە هەم وەکو ((ئەسپ)) دەمێنێتەوە و هەم واتای ((عەشق))یش دەبەخشێت؛ ئەمە خۆی لەخۆیدا کارکردنە لەسەر ناوەرۆك.

ئەم جارە وایدابنێ، کەوا کەمکردنەوەی ڕێسا لەبابەتی ئەو ترازانانەیە کە لەسەرەتادا گوتمان؛ بۆ نموونە بڕیار وابێت کە ((ئەسپ)) جوولەی ((فیل)) ئەنجامبدات. یاوەکو تەختەی شەترەنج لەبری ٦٤ خانە بۆ نموونە ١٢٨ خانەی هەبێت، ئەوکاتە سیستەمی یاری شەترەنجەکە دەشێوێت؛ واتە لە بەرانبەر سیستەمێکی دیکەدا دەوەستین کە شەترەنج نییە. وەستانی زمانی ئاسایی لەبەرانبەر زمانی ئەدەبیدا بەو شێوەیەیە؛ واتا یا دەبێ قبووڵمان بێت کە ئێمە لەناو سیستەمی زماندا بمێنینەوە کە زمانی ئەدەبیش بەشێکە لەو سیستەمە، یاوەکو باوەڕمان وابێت کە سیستەمی ئەدەبیات، سیستەمێکی نیشانەناسی سەربەخۆیە و لەگەڵ سیستەمی نیشانەناسی زمانی ئاساییدا جیاوازە.

ئەم باوەڕەی دووەمە، لەلایەنی میتۆدناسییەوە دوو گرفتی سەرەکی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کەوا بەشێکی جۆرە ئەدەبییەکان، بۆ نموونە هەموو ئەوەی لە چوارچێوەی ((هۆنراو))دا باسی لێوەدەکرێت، یاخود ((پەخشانی ئەدەبی سادە))و هی تریش، لەناو ئەم سیستەمی نیشانەناسییە تازەیەدا جێگایان نابێتەوە؛ دووەمیان ئەوەیە کەوا

دانــەکانی ئــەو سیســتەمە نیشانەناســییە تازەیــە لەپەیوەندییــەکی بەرانبەری لەگەڵ یەکتریدا دەوەستن و ئەرکێکی تایبەت دەگێڕن؛ واتە ئەگەر ڕۆژێك لەبری ((چاو))، ((پەنجەرە)) بەکاربرێت، کە بـەکاریش براوە، سیستەمێکی نیشانەناسی تازەتر دێتە ئـارا و، پەیـدابوونی ئـەم سیستەمانە تاهەتایە درێژە دەکێشێت و ئیدی ئێمە نـازانین لـەناو کـام سیستەمی نیشانەناسی دایـن و، چ شـتێکیش دەخوێنینـەوە. بـەم پێیـە میتۆدناسـی فـەرزی دەکـات، دان بــەوەدابنێین کـە داهێنــانی ئــەدەبی لەچوارچـێوەی سیسـتەمی نیشانەناسـی زمـانی ئاسـاییدا شـێوەی خـۆی وەردەگرێــت و ئــەوەش کــە لــەم نێوانــەدا ڕوودەدات، دەبــێ بشــێت لەچوارچــێوەی سیســتەمی زمــانی ئاســاییدا ڕوونبکرێتــەوە. لــەوەی دەربـارەی شـەترەنجەکەوە گـوترا، ئـەنجامێکی گرینگـی لێ بەدەسـتهات، ئەویش ئەمەیە کە ئەگەر بێت و ئێمە بمانەوێت مۆرەیەك هـەڵبگرین و شــتێکی دیکــە لــە شــوێنەکەی دابنــێین، ئــەوە جیــاوازی لــەنێوان خوێــدانێك و گــوڵێکی ســووردا هەیــە. کاتێــك بــۆ نموونــە مــۆرەی ((ئەسپ)) لا بدەین و لە جێگەکەیدا خوێـدانێك دابنـێین، خوێدانەکـە تـەنیا ڕۆڵـی ((ئەسـپ))ەکە بـەڕێوەدەبات؛ بـەڵام کاتێـك گوڵەسـوورەکە لــەو جێیــە دادەنــێین، واتایــەکی دیکــەی ســەرباریش دەگەیــەنێت. بەگوتەیـەکی وردتـر، گـوڵی سـوور ئـەرکێکی مەبەسـتدار ((نیشـاندار marked)) لەئەسـتۆدەگرێت، لەکاتێکـدا کـە ئـەرکی خوێدانەکـە بـێ مەبەست و بێ نیشانەیە.

ئەنجا ئەگەر لەڕوانگەی مەدلول و میسداقەوە سەیری مەسـەلەکە بکەین، کاتێ خوێدانێك لەشوێنی ((ئەسـپ)) دادەنـێین، لـە یاریەکـەدا خوێدانەکـە دەبێتـە ((ئەسـپ)). بـەڵام گوڵەسـوورەکە، لەگـەڵ ئـەوەی دەتوانێــت ڕۆڵــی ((ئەســپ)) بگێڕێــت، بــەڵام بەتــەنیا نابێــت بــە ((ئەسپ))ێکی ڕووت؛ بـەو واتایـەی بـەگوێرەی ((هەڵبـژاردن)) لەسـەر ئاسـتی تــەوەری جێنشـینی، خەسـلەتگەلێك دەگرێتــەخۆی کــە لــە

((ئەسپ))دا نییە؛ واتە ئەرکێك دەگرێتە ئەستۆ کە لە سەرووی ئەرکی مۆرەی ((ئەسپ))ەکەوەیە. لەلایێکی دیکەشەوە، ئەم گوڵە سوورە لەگەڵ هەموو ئەو سوورە گوڵانەی دیکە، کە بۆ نموونە لەناو ئینجانەیەك و لەدوکانی گوڵفرۆشێکدان، جیاوازی هەیە. ئەم گوڵەسوورە لەمیسداقەکەی دەرەوەیدا دوور کەوتۆتەوە و دەلالەت بۆ مەدلولێك دەکات کە لە سوورە گوڵەکانی دیکەدا نییە؛ کەواتە ئیتر نەوەکو سوورە گوڵەکانی دیکە و نەوەکو مۆرەکانی دیکەی شەترەنجەکەیە، ئەمەش رێك هەمان ئەو کارەیە کە بەسەر دانەکانی زماندا دێت لەکاتی بەرجەستەسازیدا؛ بەکاربردنێکی مەبەستداری ئەوتۆ کە یا ئەوەتا هەر لەبنەڕەتەوە لەزمانی ئاساییدا نییە یا ئەوەتا هەیە بەڵام بەشێوەیەکی بێ مەبەست بەکاردەبرێت.

لێرەوە و بەم گریمانە پێشەکییانەوە بەشوێن جۆرەکانی کەمکردنەوەی رێسادا [= لادان لەپێوەر] دەچین کەوا لیچ خستوونیەتەڕوو (← ۱، ل ٤٢ — ٥٣)، و لە بەرگی یەکەمدا بەخێرایی ئاماژەمان بۆ کردوون (← ۸، ل ٤ — ٥٣).

### ۱/۱/۳ کەمکردنەوەی رێسای دەنگی

لەپێشەوە گوتمان بەپێی باوەڕی لیچ، شاعیر لەم جۆرەدا لە کەمکردنەوەی رێسا، لەیاسا کارپێکراوەکانی زمانی ئاسایی یاخود زمانی پێوەر رادەکات و لەڕووی دەنگییەوە فۆرمێك بەکاردەهێنێت کە لە زمانی پێوەردا کارپێکراو نییە. وەك ئەم نموونەیەی لەم بارەدا هێناومانەتەوە.

(١٤) دو دهان داریم گویا همچو نی
یك دهان پنهانست در لبهای وی (مولوی)

لێـــرەدا مەبەســـت ئەوەیـــە کاتێـــك ((پنهانســـت)) بەشـــێوەی /penhânst/ گــۆ دەکرێــت، دەبێتــە خــاوەن هێشــووە دەنگــی ســێ نــەبزوێنیی کۆتــایی، کــەوا لەگــەڵ بنیــاتی بڕگــەیی زمــانی پێــوەری فارسیدا گونجاو نییە. لەکاتی ئامادەکردنی بەرگی یەکەمدا، هەرچەند گەڕام و تێکۆشام نەمتوانی ژمارەی ئەم نموونانە بەلانی کەم بگەیەنمە دە دانــە، بــۆ ئــەوەی دڵنیــابم کــە ئــەم جــۆرە لــە کەمکردنــەوەی ڕێسا بەڕاستی دووپاتبوونەوە و ڕوودانی هەیە. ئەو نموونانەش کە لیچ لەو بــارەوە هێناویەتــەوە یــا لــەجۆری ئــەو لادانــان کــە سۆســۆر پــەی پــێ بردبــوون و دەشــێ لەچوارچــێوەی کەمکردنــەوەی ڕێســای وشــەییدا بخرێنــەڕوو، یــاوەکو نموونــەی (١٤) بــەدیار دەکــەون کــە پێداویســتی پاراستنی کێش ئەم جۆرە سنووربەزاندنەی سەپاندووە.

ئێستا ئەگەر هات و گریمان کە ئەم جۆرە لە کەمکردنــەوەی ڕێسا پاتەبوونــەوە و ڕوودانێکــی زۆریشــی هــەبێت و بەمەبەســتی پێویســتی پاراستنی کێشیش بەکارنــەبرابێت، دەبــێ لــە لــیچ بپرســین کــە ئەگــەر کەمکردنـــەوەی ڕێســـا لـــە بنەڕەتـــەوە هـــەر ئـــەوە بێـــت کـــە ئێمـــە دەستنیشانمان کردووە، چ کاریگەرییەکی بەسـەر واتـاوە هەیـە؟ بەهـەر حاڵ بەباوەڕی ئێمە، گۆکردنی /penhânast/ بەشێوەی / penhânst/ واتایەکی دیکە نابەخشێت و ئەگەر هات و واش بوایە، دەبوو لەوێنـەی جـــۆرێکی داهێنـــانی شـــیعری، لەشـــیعرەکانی دیکـــەی شـــاعیردا ڕەنگدانەوەیەکی زیاتری هەبووبا و بـە مەسـەلەی پێویسـتی پاراسـتنی کێش یا زیادکردنەکانی دیکەی ڕێساوە گرێ نەدرایەتەوە.

### ٢/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای ڕێزمانی

بەباوەڕی لیچ، شاعیر دەتوانێت لـەڕێگای لەبەرچاونەگرتنی یاسا ڕێزمانییـــە کارپێکراوەکـــانی زمـــانی ئاساییشـــەوە پـــێ بنێتـــە کایـــەی داهێنـــانی شـــیعرییەوە. لـــەم بارەیـــەوە نموونەگـــەلێکی زیاترمـــان

لەبەردەستدایە و تا ئەوەی لێکۆڵینەوە لەچەندین شوێنی شانامەدا ئەنجامدراوە، کە لەوێدا ڕەچاوی گونجاندن (تطابق) لەنێوان کاروبکەردا نەکراوە (← ٨، ل ١٣٥ — ١٤٢)، بەڵام لە هەموو ئەو شوێنانەدا مەسەلەی پاراستنی کێش یاخود شێوەگەلێك لەزیادکردنی ڕێسای وەکو پاراستنی سەروا یا ڕەدیف و ئەمانە ڕەچاوکراون، هیچ نموونەیەکیش دەست نەکەوتووە نیشانی بدات کە ئەمە کەمکردنەوەی ڕێسایە، سەپێندراوە و دەست بۆ خەوشێکی وەکو زیادکردنی ڕێسا نەبراوە. بەڵام پێویستە بە ویژدانەوە ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بکرێت، لیچ خۆیشی سەبارەت بە کەمکردنەوەکانی ڕێسای دەنگی و ڕێزمانی دان بەو ڕاستییەدا دەنێت (←١، ل ٤٦ — ٤٧)، بەڵام دیسانەوە ئەم دوو جۆرە لە کەمکردنەوەی ڕێسا وەکو دوو ئامرازی داهێنانی شیعری دەناسێنێت.

### ٣/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای شێوەزاری

لیچ باوەڕی وایە، کە شاعیر بۆی هەیە وشە و پێکهاتەگەلێك لەشێوەزارێکی دەرەوەی زمانی پێوەر بهێنێتە ناو شیعرەکەیەوە. لەم بارەیەوە نموونەکانی وەکو ((گل)) یاوەکو ((شمالە))مان هێناوەتەوە (← ٨، ل٥٣) بەڵام تاوەکو ئێستا بەلای ئێمەوە ڕوون نییە کەوا ئەم جۆرە بەکارهێنانە چۆن دەتواندرێت وەکو جۆرێکی داهێنانی شیعری بژمێردرێت. ئەم بابەتانە لەناو شاعیرانێکدا بەدیدەکرێن کە بەشێوەزمانێکی دەرەوەی شوێنەوارە جوگرافیاکەی خۆیان، یا بە زمانێکی دوور لە زمانی زگماکی خۆیان شیعر دادەنێن، یا ئەوەتا کەسانێك هەن کە دوو زمانەن. ئایا کاتێك نیما وشەگەلێك بەکاردەهێنێت کە لە شێوەزاری مازەندەرانیدا باون لەوێنەی ((شمالە))، ئەمە بەئامرازێك دادەندرێت کەوا کاریگەری بەسەر داهێنانی شیعرییەوە هەبێت؟ و ئایا ئەمە بەرجەستەسازی لەزمانی

ئاسایی بەرپادەكات؟ زۆر دووره كەسێك بتوانێت بەلێبڕاوی وەڵامێكی ئەرێنی لەو بارەوه بداتەوه. دەشێ ئەم جۆره بەكاربردنە لە دەستنیشانكردنی شێوازی شاعیرێكدا كاریگەری هەبێت، بەڵام ناتواندرێت بەكەمكردنەوەی ڕێسا بدرێته قەڵەم، چونكه بەكارهێنانی وشەگەلێكی خواستراو لەزمانی ئاساییدا باوه و ئەم بەكارهێنانەش وەكو ئامرازێكی داهێنانی شیعری حیسابی بۆ ناكرێت.

تا ئێره ئاماژەمان بۆ سێ جۆری كەمكردنەوەی ڕێسا كرد كەوا لیچ باسی كردوون و لەوه ناچن وەكو ئامرازی داهێنانی شیعری بژمێردرێن، لەبەرئەوەی هیچ كامێكیان گۆڕانێك لەناوەرۆكی زماندا بەرپاناكات.

### ٤/١/٣ كەمكردنەوەی ڕێسای زەمانی

بەباوەڕی لیچ، شاعیر دەتوانێت وشە و پێكهاتەگەلێك لەشیعری خۆیدا بەكاربهێنێت كه لەسەر وەختی دانانی شیعرەكەیدا، لەزمانی ئاساییدا بەكارناهێندرێن و، ئەمانە كەرەستەگەلێك بوون كە لە رابردوودا بەكاربراون و لەپاشاندا مردوون. ئەم پۆلە لە كەمكردنەوەی ڕێسا بە ((كۆن گەرایی))یش ناودەبرێت. (←٥، ل ٤٢)

ڕەنگە بتوانین بڵێین لەڕاستیدا ئەم جۆره كەمكردنەوەی ڕێسایە، یەكەمین جۆره كه لیچ باسی كردووه و دەكرێ بە ئامرازێكی داهێنانی شیعری دابندرێت. چونكه بەكارهێنانی كەرەستەكان بەو شێوەیەی كه لە نموونەی (١٥)دا هاتووه، كاریگەری بەسەر زمانی ئاساییدا جێدەهێڵێت.

(١٥) غبار آلوده، از جهان
تصویری باژگونه در آبگینه بی قرار ... (احمد شاملو)

وشـــەكانی لەوێنـــەی ((باژگونـــە)) یـــا ((آبگینە))لەســـەردەمێكی هەوزەمانیـــدا لـــەزمانی فارســـیی ئاســـاییدا بـــەكاردەبران، بـــەڵام لەسەردەمێكی هاوزەمانی هاوچەرخی فارسیدا ڕەنگدانەوەی گۆڕانكاری گـەلێكن كـە بەدرێـژایی كـات و لـەباری لێكۆڵینـەوەی مێژووییيـەوە دەتوانـدرێت لەسـەر ئاسـتە جیاجیاكانـدا تێبینـی بكـرێن. ئـەوەی كـە ((باژگونـە)) یـا ((آبگینـە)) چ گۆڕانێكیـان بەسـەردا هـاتووە بـۆ ئـەم باسەی ئێمە گرینگ نییە، بەڵام ئـەوەی گرینگە ئەمەیـە كـەوا وشـە و پێكهاتەگـەلێكی لـەم بابەتـە لـەزمانی فارسـی ئاسـایی هاوچـەرخدا جێگایان نابێتەوە؛ بەم پێیە بەكارهێنانیشیان ئـەركێكی مەبەسـتداری هەیـە و ئـەنجا كاریگـەریان بەسـەر زمـانی ئاسـاییەوە دەبێـت و بـەو هۆیەوەش پەیوەست دەبن بە ناوەرۆكی زمانەوە.

### ٥/١/٣ كەمكردنەوەی ڕێسای شێوازی

ئاوێزانبوون یـا تێكـەڵاوی جۆرەكـانی زمـان و سـوود وەرگـرتن لـە وشە و پێكهاتەگەلێكی ڕێزمـانیی شـێوەی ئاخـاوتن، بـەو شـێوەیەی كـە لـەكاتی سـوودوەرگرتن لەشـێوەی نووسـینی زمـانی ئاسـاییدا كـاری پێـدەكرێت، دەتوانێـت جۆرێـك لـە بەرجەستەسـازی بێنێتـە ئـاراوە. نموونەكـەی (٣٥)ی بـەرگی یـەك (← ٨، ل٥٣ – ٥٤) ئـەم جـۆرە لـە كەمكردنـەوەی ڕێسـا نیشـاندەدات. كـە لـە بنەڕەتـدا بـە ئـامرازێكی سەرەتایی شـێوە وەرگرتنـی پەخشـانی ئـەدەبی حیساب دەكرێـت. ئـەم جـۆرە لـە كەمكردنـەوەی ڕێسـا بـەهۆی پەیوەسـتبوونی بـە پەخشـانی ئەدەبییـەوە، لەسـەر سـنووری بـە یەكگەیشـتن لـەنێوان ((شـیعری پەخشان)) بۆ ((پەخشانی شاعیرانە)) بەكاردەبرێت.

### ٦/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای نووسین

لادان لەڕێساگەلێك کە لە بواری نووسینی زمانی ئاساییدا کاری پێدەکرێت، بەکەمکردنەوەی ڕێسای نووسین ناودەبرێت. بەو جۆرەی کە لە بەرگی یەکەمدا خرایەڕوو، شاعیر شێوە نووسینێك پەیڕەو دەکات کە گۆڕانێك لە گوفتاردا بەدیناهێنێت، بەڵام تێگەیشتنێکی لاوەکی دەکاتە سەرباری تێگەیشتنی بنەڕەتی یەکە زمانییەکە. نموونەگەلێك لەم جۆری کەمکردنەوەی ڕێسا، لە شیعرەکانی ئەی. ئەی کیمینگز بەدیدەکرێن، کەوا شەمیسا بەچاکی مەسەلەی وەرگێڕانی ئەمانەی لە ئەستۆگرتووە (← ٧). ئەم جۆرە لە کەمکردنەوەی ڕێسا لەشیعری هاوچەرخی فارسیشدا پاتەبوونەوە و هاتنی هەیە.

(١٦) دیدم

سیماب صبحگاهی

از قلهٔ بلندترین کوهها

فرو

می

ریخت (حمید مصدق)

(١٧) رفتم

در انتهای جاده نگاهی کردم

او بود

از روی نرده

خم شده

روی

ر

و

د (حمید مصدق)

### ٧/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای وشەیی

شاعیر دەتوانێت لە شیعری خۆیدا وشەی نوێ دابڕێژێت و لەم ڕێگەیەوە بەرجەستەسازی بکات. دیارە ئەم کارە لەپێکهاتەکاندا مەبەستدار دەبێت، چونکە لەچوارچێوەی سیستەمی زماندا ئەم پێکهاتانە پەیدا نابن. بۆیە بەو هۆیەوە ڕەنگە بشێت بگوترێت کەوا کەمکردنەوەی ڕێسای وشەیی، لەدوای کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی، بە بەهێزترین ئامرازی داهێنانی شیعری بژمێردرێت.

(١٨) چمن است این
چمن است
بالکەهای آتشخون گل (احمد شاملو)

(١٩) وشیر آهنکوه مردی از این گونه عاشق
میدان خونین سرنوشت
به پاشنه آشیل
درنوشت (احمد شاملو)

### ٨/١/٣ کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی

لەبەرگی یەکەمدا (←٨، ل٥١) ئاماژە بۆ ئەو مەسەلەیە کراوە، کەوا کێلگەی واتایی لە حوکمی بەبرشتترین ئاستی زماندایە و لەبەرجەستەسازی ئەدەبیدا لەئاستەکانی دیکە زیاتر سوودی لێ وەردەگیرێت.

لەزمانی ئاساییدا، هەر دانەیەکی واتاداری زمان، بەگوێرەی سیماجیاکەرەوە واتاییەکانی خۆی و بەرەچاوکردنی یاسای پێکهاتە واتاییەکان، لەکاتی هاونشینی لەتەك دانەکانی دیکەدا ملکەچی جۆرە پێڕەوێکە لە بەکارهێناندا. یاساکانی پێکهاتە بەندی واتایی، کۆمەڵە یاساییێکە کەوا پێکهاتە واتاییەکانی دانە واتا دارەکانی زمان لەئاست

یەکتردا هەڵدەسەنگێنی و لەڕووی واتاوە تاقیاندەکاتەوە. ڕێگا بدەن لەم بارەیەوە بەشێوەیەکی درێژتر بدوێین.

(٢٠) رفتم و یك تار خریدم.

(٢١) عینکم تار شده بود.

(٢٢) عنکبوت همەجا تار تنیده بود.

لەهەر سێ نموونەکەی (٢٠) تا (٢٢) دالی ((تار)) بەکارهێنراوە. ئێمە دەزانین کەوا ئەم ((تار))انە مەدلول گەلێکی جیاوازیان هەیە: یەکیان ئامێرێکی مۆسیقایە، ئەوی تر بەواتای لێڵی دێت و سێیەمیشیان تەونی جاڵجاڵۆکەیە، بەڵام ئێمە ئەمە لە کوێوە دەزانین؟ لە بنەڕەتدا بۆ نموونەی (٢٠) دەڵێین ئەوەی کە شیاوی کڕینە، ((تار))ە کە ئامێرێکی مۆسیقایە. ((تنیدن)) و ((عنکبوت)) لەنموونەی (٢٢)دا پێمان دەڵێن کەوا ئەم ((تار))ە چییە، سەیر لەوەدایە کە لە نموونەکەی (٢١)دا تێدەگەین کەوا ئەم ((تار))ە بەواتای لێڵی و تاریکییە و وە ئەوەی تاریکیش دادێت خودی چاویلکەکە نییە بەڵکو شووشەکانی چاویلکەکەیە. ئەوەی ئەم درکپێکردنە بۆ ئێمە دەرەخسێنێت، ڕێساگەلێکە کە پێکهاتەی واتایی هەر دانەیەکی واتادار لەگەڵ پێکهاتەی دانەکانی دیکەدا هەڵدەسەنگێنێ.

وەکو نموونەیەکی دیکە دەکرێ هەردوو وشەی ((شیمی دان)) و ((نمکدان)) لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکەین، ئێمە بەچی دەزانین کەوا پاشگرەکانی ((دان)) لە (شیمی دان و نمکدان) لەگەڵ یەکتریدا جیاوازن؟ لەکوێوە دەزانین کەوا ((دان)) لە (شیمی دان)دا بە ((دانستن))ە وە پەیوەستە و، ((دان)) لە ((نمکدان))دا، واتای شوێنی خۆی لە خۆگرتن دەدات؟ درکپێکردنی ئەم بابەتە، ئەو کاتە ئاساندەبێت کە ببینین ئەم ((دان)) انە لەپاڵ کامە وشەدا

بەكارهێندراون؛ بەو واتایەی لەبنەڕەتدا، درككردنی واتای ((دال))ەكە و دەستنیشانكردنی، بە درككردنی ((شیمی)) و ((نمك))ەوە گرێدراوەتەوە. ئەم كارە لەڕێگەی یاساكانی پێكهاتەبەندی واتاییەوە دێتەدی. سەیری ئەم نموونانەی خوارەوە بكەن:

(٢٣)- يك كيلو پرتقال و يك صندوق نوشابه خريدم.

(٢٤)- يك اتومبيل و يك آپارتمان خريدم.

(٢٥)- [ ؟ ] يك كيلو پرتقال و يك آپارتمان خريدم.

بۆچی نموونەی (٢٥) لەفارسیدا ناڕوات؟ چونكێ ((كڕین))ی پرتەقال و باڵەخانە یەك چەشن نین. یا بە گوتەیەكی وردتر، ڕێساكانی پێكهاتەبەندی واتایی ڕێگا بەم جۆرە هاونشینیە نادات. بەلاّم شاعیر لەشیعرەكەیدا، لەیاساكانی پێكهاتەبەندی واتایی كەمدەكاتەوە و لەم ڕێگایەوە پەنا دەباتە بەر بەرجەستەسازی.

(٢٦)- ما جگرگوشهٔ ابريم و پسر خواندهٔ كوه (بهار)

(٢٧)- (من) نمازم را وقتی می خوانم

كه اذانش را باد، گفته باشد سر گلدستهٔ سرو (سهراب سپهری)

لە هەموو ئەو شوێنانەی كەوا كەمكردنەوەی ڕێسای تیادا بەرپابووە. مەسەلەكە هەر بەو شێوەیە دەبێت. لەنموونەی (٢٦)دا، ((هەور)) لەگەڵ ((جگەر گۆشە))دا هاونشین دەبێت و ((كێو)) لەگەڵ ((كوڕەپەیمانی))دا؛ لەنموونەی (٢٧)دا بڕیار وایە ((با)) بانگ ڕابێڵێت ئەویش ((لەسەر منارەی سەرو))دا.

لەسەر ئەو بنەمایەی تا ئێستا گوتراوە، دەتوانین ئەوە بزانین كە لەنێوان ئەو كەمكردنەوانەی ڕێسادا كە لیچ باسیكردوون، ئەوەی بەڕاستی دەتواندرێت وەكو كەمكردنەوەی ڕێسا وەربگیرێت و ئامرازێكیش بێت بۆ داهێنانی شیعری، بریتین لە كەمكردنەوەی

ڕێسای زمانی، شێوازی، نووسین، وشەیی و بەتایبەتیش واتاییی. ئەو لێکۆڵینەوانەی تاوەکو ئێستا لەبارەی دەستنیشانکردنی جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێسا ئەنجامدراون هەر لەو شوێنەدا کۆتاییيان دێت. هەر چەندە پێویستە دان بەوەدا بندرێت کەوا مەسەلەکە بەو سادەییە نییە، چونکە ئەگەر ئەم جۆرانە گەرەکبێت لەژێر یەك ناونیشاندا پۆلبەندیبکرێن، پێویستە لایەنێکی هاوبەشیان هەبێت کە لە ڕووی میتۆدناسییەوە دانی پێدابندرێت. بەڵام ئایا لایەنی هاوبەشی ئەم جۆرانە چین؟ دەشێ بڵێین لادان لە ڕێسا کارپێکراوەکانی زمانی ئاسایی، بەلای کەمەوە بەپێی بۆچوونی لیچ، لایەنێکی هاوبەشی گونجاو بۆ ئەم جۆرانە پێکبهێنێت؛ بەڵام ڕاستی و ناڕاستی ئەم بۆچوونە کاتێك دەسەلمێندرێت کە یەکەمجار ئەوە ڕوونبکرێتەوە کە مەبەست لە ((زمانی ئاسایی)) بە وردی چییە و، ئایا هەر لەبنەڕەتەوە زمانێکی ئەوتۆ هەیە یاخود نا؟ دووەمیش هەتا ئەگەر لەڕووی تیورییەوە زمانێکی لەم جۆرە هەبێت، ڕێسا کارپێکراوەکانی ئەم زمانە کامانەن؟ بەگوتەیەکی سادەتر، لەکاتێکدا کەوا هێشتا ناتوانین بەوردی زمانی ئاسایی دەستنیشانبکەین، لەوەش گرینگتر، کاتێك هێشتا یاساکانی هیچ زمانێکمان بەشێوەیەکی تەواو دەستنیشان نەکردووە، قسەکردن لەبارەی کەمکردنەوەی ڕێسا و لادان لەڕێساکان چ پاساوێکی هەیە؟

ئێوە دەبینن کە لەم گۆشە نیگایەوە، باسوخواس لەمەڕ ((کەمکردنەوەی ڕێسا)) دەتوانێت تا چ ڕادەیەك پێکەنیناوی بەدیار بکەوێت. بەڵام واقعیەتی مەسەلەکە شتێکی دیکەیە، ئێمە بۆمان دەرکەوتووە کە زمانی ئەدەبی لەگەڵ ئەو زمانەی کە ڕۆژانە بەکاری دێنن، جیاوازی هەیە؛ باشە بەڵام ئەم درککردنە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟

ئەگەر هات و درككردنێك لەو بارەیەوە هەبێت، ئەوە پێویستە لەچوارچێوەی سیستەمی زماندا بەدوایدا بگەڕێین و لەوەوەش کە قسەپێکەرانی هەر زمانێك ئەم درکپێکردنەیان هەیە؛ واتە زمانە ئەدەبییەکەیان لە زمانە ڕۆژانەکەیان هەلاوێر دەکەن، کەواتە دەبێ ئەم درکپێکردنە شتێکی جیهانی بێت. هەروەها پێویستە لەناوەرۆکی سیستەمی زماندا بەدوای ڕەهاترین شتە جیهانییەکاندا بگەڕێین؛ جا هەر لێرەوەیە کەوا مەسەلەی ((بنیات))ی زمان، بە واتای هەمان تۆڕی پەیوەندییە بەرانبەرییەکانی دانەکانی زمانە، کەوا بەپێی بنەماکانی جێنشینی و هاونشینی خۆیان بەدیار دەخەن.


ئێستا لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی هاونشینی و جێنشینی، دووبارە چاوێك بەجۆرەکانی ئەو ڕێسا کەمکردنەوانەدا دەخشێنینەوە کە باسمان کردوون، لە کەمکردنەوەی ڕێسای زەمانیدا، شاعیر دانەیەك لەسەر تەوەری جێنشینی هەڵدەبژێرێت کە لە دەمێکەوە مردووە. هاتنەناوەوەی ئەم دانەیە بۆ ناو بنیاتی زمان، گۆڕانێك لەسیستەمی زماندا بەرپادەکات و لەسۆنگەی ئەم گۆڕانەشەوە، کاریگەری دەخرێتە سەر تۆڕی نیشانەکان و کار لەناوەڕۆکی زماندا دەکات؛ ئەنجا لەبەر ئەم هۆیە ئەم دانەیە دەتوانێت ڕۆڵێك لەپرۆسەی بەرجەستەسازیدا بگێڕێت. لەکەمکردنەوەی ڕێسای شێوازیدا، دانەیەك لەسەر ڕووی تەوەری جێشنینی بەربژێر دەکرێت کە بەجۆرێکی دیکەی زمانەوە پەیوەستە و ئەرکی ئەم دانەیەش ڕێك وەك ئەوەیە کە لە کەمکردنەوەی ڕێسای زەمانیدا ڕوودەدات. دانەیەك کە شێوەی نووسینی وەك شێوە کارپێکراوەکان نییە، لەسەر تەوەری جێنشینی بەربژێر دەکرێت و لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا دادەندرێت کە هاوسێیەتی لەگەڵ دانەکانی دیکە لەسەر هەمان تەوەری هاونشینیدا، پابەندی ڕێساکانی پێکهاتە بەندیی واتایی نییە؛ بەهەمان شێوە کاریگەری بەسەر تۆڕی نیشانەکان جێدەهێڵێت. بەم پێیە ئەوەی

لـەژێر ناونیشـانی کەمکردنــەوەی ڕێسـادا باسـدەکرێت، بریتییـە لـەو هەڵبژاردنـە جۆراوجۆرانـەی کـە لەسـەر تـەوەری جێنشـینیدا ئـەنجام دەدرێـتو ئـەنجا جێگیرکردنـی ئـەو هەڵبژێردراوانـە لەسـەر تـەوەری هاونشـینیدا، بـە شـێوەیەك کـە ئـەم پێکهاتەیـەی بەرهـەمهاتووە، کاریگەری لەسەر تۆڕی نیشانەکانی سیستەمی زمانـدا دروست بکـات؛ ئەمــەش هــەمان ئــەو ((گوڵەســوور))ەیە کــە لــە شــوێنی مــۆرەی ((ئەسپ))ەکە لەسەر ڕووی تەختەی شەترەنجەکە جێگیر دەکرێت.


بـەڵام ئایـا ئـەوەی کـە دەگوترێـت ((کاریگـەری بەسـەر تـۆڕی نیشـانەکاندا دروسـت بکـات)) چـی دەگەیـەنێت؟ ئەگـەر وەڵامـی ئـەم پرسیارەمان بەو جۆرە دایەوە کەوا ((پێویستە ئـەرکێکی مەبەسـتداری هەبێت)) یاخود ((بەواتای ئەوەی کەوا بەرجەستەسازی بـەرپا بکات)) یـا ((بـەواتای ئـەوەی لـە ڕێسـاکانی زمـانی ئاسـایی لابـدات)) و لـەم بابەتانــە، دیـارە ئــەو کاتــە خۆمــان گرفتــاری خولانــەوە بــەدەوری بازنەیەکدا کـردووە. کاتێـك دەڵێین دانەیـەك ئـەرکێکی مەبەسـتداری هەیـە، ئـەو وەختـەش کـە دەڵێین دانەیـەك کاریگـەری لەسـەر تـۆڕی نیشانەکان دروست دەکات، بـەو واتایەیـە کـەوا ئـەرکێکی مەبەسـتداری هەیـە. وا دیـارە مەسـەلەکە بـەو سادەییە نییـە و ناشـکرێت لـەنێوان ئاسمـان و زەویـدا بەهەڵواسـراوی بمێنێتـەوە و واش بـزانین مەتەلەکـە چارەسەربووە.

بۆ ئەوەی لەم کاریگەرییە تێبگەین، دەبـێ لەسـەرەتادا هەڵوەسـتە لەسـەر تـۆڕی نیشـانەکان بکـەین. لەبڕگـەی ١/١/١/دا ئاماژەمـان بـە دیدگای سۆسۆر کردووە و گوتومانە کـە نیشـانەی زمـانی ئەوەیـە کـەوا دالێك بە مەدلولێکەوە دەبەستێتەوە. مەبەسـت لـە دال یـاخود وێنـەی دەنگی لایەنە فیزیکیەکەی نییـە، بـەڵکو ئـەو شـوێنەوارە هۆشـەکییەی دەنگـە کـەوا درك و هەسـتەکانی ئێمـە بەڵگـە و شـاهیدن لەسـەری. کـەوابێت بـەم پێیـە و بـەگوێرەی قسـەکەی سۆسـۆر، نیشـانەی زمـانی

**دیاردەیەکی دەروونی دوولایەنەیە، کە دەکرێ لێرەدا بەیارمەتی ئەم هێلکارییەی خوارەوە ڕوونبکرێتەوە (٣، ل ٩٩):**




**بەباوەڕی سۆسۆر، هەردوو ڕەگەزی وێنای واتایی [ = مەدلول] و وێنای دەنگی [ = دال] بەتەواوی بەیەکەوە گرێدراون، ئامادەبوونی یەکێکیان ئامادەبوونی ئەوەی تریان بەدوای خۆیدا دەهێنێت و پەیوەندی لەنێوان ئەم دووانەدا ((نیشانە))ی پێدەگوترێت. ئەوەش کە ئەو ناوی ناوە تۆڕی نیشانەکان، لەم هێلکاریەی خوارەوەدا بەدیاری خستووە. (← ٣، ل ١٥٩)**




**ئەوەی لەم وێنەیەدا مایەی بایەخپێدانە، ئەو پەیوەندییە بەرانبەرییەیە کە لەنێوان نیشانە زمانیەکاندا هەیە؛ واتە هەر نیشانەیەك لەئاست نیشانەکانی دیکەدا سەربەخۆیە، بەڵام لە گەلیشیاندا لە پەیوەندییەکی بەرانبەری دایە. ئێستا ئەگەر بمانەوێت سەربەخۆیی نیشانەکان تێکبدەین، ئاخۆ چی ڕوودەدات؟ بەگوتەیەکی دیکە ئەگەر ڕوودانی پەیوەندی لەنێوان هەر دال و مەدلولەکەیەوە پەیوەندی بە ڕوودانی پەیوەندی لەنێوان دال و مەدلولەکەی دیکەوە**

هـەبێت، ئایـا چ بارودۆخێـك دێتـە ئـارا؟ وەڵامەكـە ئەوەیـە كـە هـەر نیشانەیەك نیشـانەیەكی دیكـە بـەدوای خۆیـدا دەهێنێـت (بانگهێشـتی دەكات) و ئەم بانگهێشتكردنەش لەسەر بنەمای ((لێكچوون)) دەبێت؛ ڕێـك بەهـەمان ئـەو ڕێوشـوێنەی كەلـەكاتی بیركردنـەوە بەسـەرماندا تێدەپەڕێت. بەڕاست ئـەوە چییە لەهۆشـی ئێمـەدا ڕوودەدات، لـەدوای چەند دەقیقە بیركردنەوە، لەناكاو بەهۆش خۆماندا دێینەوە، دەبینین لەبیرۆكەیەكـــەوە ڕۆچـــووبووین كـــەوا هـــیچ پەیوەندییـــەكی بەبیركردنەوەكـەی سـەرەتامانەوە نـەبووە؟ یـەكێك لەئەڵقـەكانی زنجـیرەی بابـەتی یەكـەمی بیركردنەوەكـەمان، ئەڵقـەی زنجـیرەی بابەتێكی دیكە بـووە و لـەم زنجیرەیـەی بابـەتی دووەمـیش ئەڵقەیـەك ئێمەی بەلای بابەتێكی سێیەمدا ڕاكێشاوە و بەم شێوەیە ئەم جوولەیە بەردەوام بووە.

ئەوە هەمان ئەو كارەیە كـە لـەزمانی ئاساییدا ئـەنجامی دەدەیـن، بـــێ ئـــەوەی تێبینـــی گواســـتنەوەی داهێنەرانـــەی ســـەنگوبایەخی نیشـانەیەك بـۆ نیشـانەیەكی دیكـە بكـەین. بـۆ وێنـە بـا سـەیری نموونەكانی (٢٨) و (٢٩) بكەین:

(٢٨) واسا ببینم چی می گی.

(٢٩) یك كیلو برنج خوب بده ببینم.

لە نموونەی (٢٨)دا ((ایستادن/ وەستان)) لە شـوێنی ((صـبركردن/ ئارامگرتن)) و ((دیدن/ بینین)) لەبری ((فهمیدن/ تێگەیشتن)) یاخود ((شـنیدن/ بیسـتن)) بـەكاربراوە و هـەر هـەمان ئـەو ((دیدن))نـەش لەنموونەكـــەی (٢٩)دا لـــەبری ((خریـــدن/ كـــڕین)) بـــەكارهاتووە. لـەدۆخێكی وادا، هـەر دالێـك نـەوەك بەمەدلوولەكـەی خـۆی، بـەڵكو لەگەڵ مەدلولی دالێكی دیكەدا پەیوەنـدی گـرێ دەدات و بەگوتەیـەكی وردتر، هەر نیشانەیەك دەچێت بـەرەو لای نیشـانەیەكی دیكـە و ئـەم

گواستنەوەیەش بەگوێرەی جۆرێك لەلێكچوون دەبێت. بەو پێیە دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی سەبارەت بە پەیوەندی بانگهێشتكراوەوە گوتراوە (← ٢/١/١) و نموونەیەكی دیكە دێنینەوە. تێبینی وشەی ((یار)) بكەن، بەپێی تواناكانی لێكچوون كە ئەم دانەیە لەگەڵ دانەكانی دیكەدا هەیەتی، لەلایێك لەگەڵ دانەكانی وەكو ((مار))، ((زار))، ((سار)) یاخود ((یاد))، ((پاس)) و هی دیكە و، لە لایێكی دیكەش لەگەڵ دانەكانی وەكو ((دۆست))، ((هاوڕێ)) هی دیكەدا، بانگهێشت دەكرێنەوە؛ بەڵام پەیوەندی بانگهێشتی لێرەدا تەواو نابێت، چونك بەگوێرەی سیماجیاكەرەوەكانی واتایی وشەی ((یار))؛ لەگەڵ دانەكانی وەكو ((عیشق))، ((جوانی))، ((هاودڵی))، ((سۆزداری)) و هی تریشدا توانای بانگهێشتی هەیە و؛ دیسانەوە هەر بەپێی بنەمای لێكچوون ((زیبایی/ جوانی)) دەتوانێت لەگەڵ ((گوڵ)) و هی دیكەدا لەپەیوەندییەكی بانگهێشتی دابێت و ((عیشق)) پەیوەندی بانگهێشتی لەگەڵ ((بت))، ((پرسیار و وەڵام))، ((دیوانەیی))، ((تامەزرۆیی)) هی دیكەدا پێكبهێنێت. بەواتایەكی دیكە نیشانەیەك لەگەڵ نیشانەیەكی دیكە لەپەیوەندییەكی بانگهێشتی دادەبێت، كە بتوانێت لەسەر بنەمای لێكچوون شوێنی نیشانەكەی یەكەم بگرێتەوە.

### ٢/٣ لێكچوونی نیشانەكان

تێڕوانینێك بەوەی لەبارەی نموونە ((یار))ەوە لەبڕگەی پێشوودا گوترا، دەتوانین لەوە تێبگەین كە دەكرێ مەسەلەی لێكچوون لەپێكهێنانی پەیوەندی بانگهێشتی لەنێوان نیشانەكاندا، لەدوو شێوەی ((لێكچوونی ڕوخساری)) و ((لێكچوونی واتایی))دا پولبەندی بكرێت. كاتێك ((یار)) لەپەیوەندییەكی بانگهێشتی لەگەڵ ((یاد))، ((یاس)) یاخو ((مار))، ((كار))دا دەبێت، شێوەی لێكچوونەكە لەنێوانیاندا فۆرمی دەبێت. كاتێكیش لەگەڵ ((عیشق))دا لە پەیوەندییەكی

بانگهێشتی دا دەبێت، ئەم شێوە لێکچوونە واتایی دەبێت. بەگوتەیەکی دیکە، دەشێ ئەم لێکچوونە لەنێوان ((دال))ەکاندا یاخود لەنێوان ((مەدلول))ەکاندا بێت.

مەسەلەی لێکچوونی نێوان دالەکان یا ((لێکچوونی فۆرمی)) و لێکچوونی نێوان مەدلولەکان یا ((لێکچوونی واتایی))، پێویستە وەکو دوو بەشی نموونەیی وەربگیرێن کە لەنێوانیاندا پێکەوە لکاوی هەیە. ئەنجا دەکرێ نموونەگەلێکی زۆریش کەلەسەر سنووری جیاکەرەوەی نێوانی ئەم دوو بەشە نموونەییەدا وەستاون بدۆزرێتەوە. هەر بۆ نموونە، پەیوەندی بانگهێشتی لەنێوان ((جوان))، ((گوڵ)) و ((مانگ))، یاخود ((یار))، ((دۆست)) و ((هاوڕێ)) لەسەر بنەمای لێکچوونی واتایی وەستاوە؛ بەڵام پەیوەندی بانگهێشتی لەنێوان ((وەفا)) و ((جەفا))، ((گوڵ)) و ((سونبول))، ((خانە)) و ((کاشانە))، ((تیغ)) و ((تیژ)) هی دیکە، لەسەر سنووری جیاکەرەی نێوان دوو بەشە نموونەییەکە دەوەستن، چونکە لە ئاست یەکتریدا پەیوەندی فۆرمی و هەم پەیوەندی واتایی لەنێوانیاندا هەیە.

بەهەر حاڵ، ئەوە ئاشکرایە بەکاربردنی فۆرمە لەیەکچووەکان لەڕێزکردندا و لەسەر تەوەری هاونیشینی، هاوسەنگی لێ بەدەستدێتو زەمینەی هۆنراوسازی خۆشدەکات. یان بەگوتەیەکی وردتر، کارایی لێکچوونی فۆرمی لەسەر تەوەری هاونشینییە، لەکاتێکدا کە کارایی لێکچوونی واتایی لەسەر تەوەری جێنشینیدا بەدیاردەکەوێت. جاری وایە لێکچوونی فۆرمی نێوان دالەکان ئەوەندە هاندەر دەبێت کەوا مەدلول ڕۆڵێکی لاوەکی وەردەگرێت و هاونشینی دالەکان بایەخێکی لە پێشتری دەبێت. شەفیعی کەدکنی بەوردی سەرنجی ختسۆتە سەر ئەم مەسەلە ناسکە (← ٦). ئەو بە بەکارهێنانی زاراوەی ((ئەفسوونی هاوسێیەتی)) ئاماژە بۆ ئەو دیاردەیەی لێکچوونی فۆرمی نێوان دالەکان دەکات و سەرنج بۆ ئەو لایەنە ڕادەکێشێت کەوا هاندەری

بـەكاربردنی دالـە لێكچـووەكانە لەسـەر تـەوەری هاونشـینی، بـەبێ گوێدانـە ئـەوەی کـە مەدلولـەکانیان لەسـەر ئـەم تـەوەرەدا بەيەكـەوە گرێـدراو نـين، بـەلأم لـە بـواری ڕوونـاكبیری ئێمـەدا هەمیشـە كـاری پێكراوە. ئەنجا نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشیش لەو بارەوە دێنێتەوە کە دووبارکردنەوەی لێرە لە خۆشی بەدەر نییە. (← ٦، ل٢٠):

ئوسـتاد فروزانفـەر دەگێڕێتـەوە کـەوا، شـێخی سـەروەر مـیرزای قاجـار لـە مەشـهەد، لەمزگـەوتی گەوهـەر شـاددا لەسـەر مینبـەر وەسـتابوو، لـەژێر ئەفسـوونی زایەڵـەی گوتـە و وشـەبازیدا دەیگـوت: ((باوك لەخەمی الكل في الكل وكوڕیش لەخـەمی الكل وفكل (بەواتـە کاکۆڵ) دایە)) و ئەو بەو هەموو بەهرەمەندییە لە جادووی ڕیزکردنی وشەكان، خەریکبوو ئابڕوی کوڕەكەی خۆشی دەبرد...

ئایا بەڕاستی جگەلەم لێكچوونی فۆرمی دالەكان یاخود ئەفسوونی دراوسێتی پاساوێكی دیكە بۆ بەكاربردنی پێکهاتەگەلێکی وەكو ((فیلو فنجان))، ((سـیخ و سـەپایە))، ((تـنگ و تـرش))، یـا ((بادنجان بم)) و ((خرس خوانسار)) (← ٦) و هی دیكە لەئارادا هەیە؟

شـەفیعی کـەدكنی بـاس لـە هـەبوونی ئـەم واقیعەتـە لـە ئـەدەبی فارسیشـدا دەكـات و نموونەگـەلێكی زۆر لـەو بـارەوە دێنێتـەوە، كـەوا دووری چەمكەكان لەیەكتری بـەهۆی لێكچـوونی فـۆرمی نیشـانەكانەوە هەستی پێناکرێت. (← ٦، ل ٢٥).

(٣٠) روز تویی، روز تویی، حاصل دریوزه تویی
آب تویی، کوزه تویی، آب ده این بار مرا (مولوی)

(٣١) عذر خواه عقل كل و جان تویی
جان جان و تابش مرجان تویی (مولوی)

بەهـەر حـاڵ، ئەمـە خـۆی جۆرێـك لەهەڵبـژاردنی نیشـانەكان و ئەركی ئەوانە لەسەر تەوەری هاونشینیدا. بەلأم پرسەكە لەوەدایە كە

ئایــا پەیوەنــدی لــەنێوان ئــەرکی نیشــانەکان لەســەر ڕووی هــەردوو تــەوەری هاونشــینی و جێنشــینی لەچــیدایەو؛ ئــاخۆ دەتوانــدرێت گریمانەیەك لەپای ئـەم پەیوەندییـە لـەبواری ئەدەبیاتیشـدا بەدەسـت بهێندرێت یاخودنا. بەشی چوارەم بۆ باسی ئەم بابەتە تەرخانکراوە.

## کتێبنامە


1- Leech, G. N. Alinguistic to English poetry, N. Y. 1969.
2- Martinet, A. Elements de linguistique Gēnēral, paris, 1960.
3- Saussre, F. de. Cours de Linguistique Gēnēral, Tullio de Mauro (ed), paris 1973.

٤- حـق شـناس، علـی محمـد، ((شـعر، نظـم، نثـر؛ سـەگونە ادبـی))، در: مجموعـە مقالات دومین کنفراس زبان شناسی نظري و کاربردی سید علـی مـیر عمـادی (گرد آورندە)، دانشگاە علامە طباطبایی، ١٣٧١.
٥- شفیعی کدکنی، محمد رضا، موسیقی شعر، تهران، آگاە، ١٣٦٨.
٦- ________، ((جادوی مجاورت)) در: بخارا، ش ٢، مهر و آبان، ١٣٧٧.
٧- شمیسا، سیروس، ای. ای. کمینگز و شعرهایی از او، تهران، فردوس، ١٣٧١.
٨- صفوی ، کورش، از زبانشناسی بە ادبیات، ج١: نظم، تهران، نشر چشمە، ١٣٧٣.

# بەشی ٤

# پارسەنگی ئەدەبی

لەبەشی دووەمدا و لەکاتی خستنەڕووی هەردوو جەمسەری خواستن و خوازە لەدیدگای یاکۆبسنەوە، باسەکەمان بۆ ئەم بەشە دواخست، چونکە ئەم دیدگایە لەلایێکەوە پێویستی بە باس و لێکدانەوەی زیاتر هەبوو، لە پاشانیش بیرو بۆچوونەکانی یاکۆبسن سەبارەت بەئەرکی ئەم دوو جەمسەرە لەسەر بنەمای گریمانەیەك دەوەستێت کەوا پێویست دەکات لەم بەشەدا باسیبکرێت.

لەبەرئەوە برگەی یەکەمی ئەم بەشە بۆ ناساندنی هەردوو جەمسەری خواستن و خوازە لەدیدگای یاکۆبسنەوە تەرخاندەکەین و لەپاشان ئاماژە بۆ گریمانەی ڕاگرتنی پارسەنگی ئەدەبی دەکەین کە خۆی لەبنچینەدا، جۆرە بەرانبەرییێکە لەلایەن سیستەمی زمانەوە بەسەر هەردوو پرۆسەکەی زیادکردنی ڕێسا و کەمکردنەوەی ڕێسادا دەسەپێندرێت.

## ١/٤ جەمسەرەکانی خوازە و خواستن

لەبەشی یەکەمدا و لەدیدگای سۆسۆرەوە، باسمان لەپەیوەندییەکانی جێنشینی و هاونشینی کرد و وەك چۆن ئاماژەشمان بەو خاڵەدا کە هێنانەکایەی ئەم دیدگایە، بوو بە بنەمایەك بۆ دەستنیشانکردنی هەردوو جەمسەری خواستن و خوازە لەبیروڕاکانی یاکۆبسندا.

پێویستە دووبارە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێتەوە، کە ئەوەی یاکۆبسن بە ((خواستن)) و ((خوازە)) ناویان دەبات، هاوتای هەمان ئەو زاراوانە نین کە لە جوانکاری فارسیدا بەکاردەهێنرێت و لەم بوارەدا دیسان دەبێت ئاماژە بۆ بابەتەکانی بەرگی یەکەم بکەینەوە. بەپێی بۆچوونی نووسەری ئەم دێرانە، بەشێك لەهونەری جوانکاری نەریتی، کە بە جوانکاری واتایی ناودەبرێت و ئەو بەشەش کە بەهونەری ڕوونبێژی دراوەتە قەڵەم، دەشێ هەموویان

لەچوارچێوەی زانستێکدا بەناوی ((جوانکاری شیعری)) بخرێتەڕوو (← ٤، ل ١٦٧ – ١٦٩). یاکۆبسن خواستن بە پرۆسەیەکی وادادەنێ، کەوا نیشانەیەك لەسەر تەوەری بانگهێشتی لەشوێنی نیشانەیەکی دیکە دادەندرێت، خوازەش بەپێچەوانەوە پرۆسەیەکە لەسەر تەوەری هاونشینی کاردەکات و نیشانەکان لەتەك یەکتریدا جێگیردەکات. ئەنجا ئەو لای وایە کەوا ئەرك لەسەر ڕووی تەوەری بانگهێشتی لەسەر بنەمای لێکچوون دەبێت؛ واتە دانەیەکی زمانی بەو هۆیە دەتوانێت جێگەی دانەیەکی دیکە بگرێتەوە کەوا لێی بچێت. لەلایێکی دیکە ئەرك لەسەر ڕووی تەوەری هاونشینی لەسەر بنەمای ((هاوسێتی)) دەوەستێت. واتە دوو دانەی زمانی ئەوکاتە دەتوانن ببن بەهاونشینی یەکتری کەوا توانای هاوسێتیان لەتەك یەکتریدا هەبێت. بەو جۆرەش کە لەپێشتردا گوتراوە، یاکۆبسن لەبری زاراوەکانی ((تەوەری جێنشینی)) [ = بانگهێشتی] و ((تەوەری هاونشینی)). کە بەکارهێنانێکی زۆرتریان هەیە، بەهەمان ڕێزبەندی سوود لەزاراوەکانی ((هەڵبژاردن)) (selection) و ((ڕیزکردن)) (comination) وەردەگرێت. ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن)) دەرەنجامی ئەو کارەیە کە لەسەر هەر یەکێك لەم دوو تەوەرەدا ڕوودەدەن. (←١).

شتێکی بەڵگە نەویستە کە قسەپێکەری ئاسایی هەر زمانێك لەکاتی بەکارهێنانی زماندا سوود لە هەردوو ئەم پرۆسانە وەردەگرێت. بەپێی باوەری یاکۆبسن ناتوانایی لە بەکارهێنانی هەر کام لەم پرۆسانە، ئاڵۆزی زمانییە، ئەنجا ئەو دوو جۆر ئاڵۆزی زمانی یاخود ((زمان گیران)) (aphasia) دەستنیشانکردووە. ئەو جۆرەیە لە زمان گیران کەوا لە تاك دەکات نەتوانێت وشەیەك لەبری وشەیەکی دیکە هەڵبژێرێت؛ واتە درك بە ((لێکچوون)) ناکات، کە ئەمەیان ناتوانایی ئەوە لەئاست بەکارهێنانی جەمسەری خواستندا.

لەبەرانبەردا زمان گیرانی دووەم ئەو کاتە دێتە ئاراوە کەوا کەسی زمان گیر، توانای لە تەك یەکتر دانانی وشەکانی نەبێت؛ واتە لەم دۆخەدا ئەو توانای سوود وەرگرتن لەجەمسەری خوازەی نابێت.

یاکۆبسن لەکاتی خستنەڕووی ئەم دیدگایە، نموونەگەلێك لەیاری منـدالآن، لێکدانەوەی خەون لە ڕوانگەی فرۆید، لێکۆڵینەوەکانی فرایزەر لەبارەی ئەفسوون و ڕەنگدانەوەی لەشێوازە ئەدەبی و هونەرییەکان دێنێتەوە، بۆ ئەوەی پیشانی بدات، کە سوود وەرگرتن لە هەر کام لەم جەمسەرانە و داشکاندن بەلای هەر یەکێکیان، مەسەلەیەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆی هەیە. بە گەڕانەوە بۆ زانستی گشتی لێکۆڵینەوەی نیشانەکان. ئەنجا ئەو ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات، کە بە دیاریکراوی نیگارکێشە سوریالیستەکان ئاراستەیان بەلای جەمسەری خواستندایە، لەکاتێکدا کوبیزم شێوازێکە لەسەر بنەمای خوازە بەرپا بووە. ئەنجا هەردوو قوتابخانەی ئەدەبی ڕۆمانسیزم و سیمبۆلیزم، ئاراستەیان بەلای سوود وەرگرتن لە جەمسەری خواستندا دەشکێتەوە و ڕیالیزمیش، کە لە قوناغی نێوان داکشانی ڕۆمانسیزم و سەرهەڵدانی سیمبۆلیزمەوە پەیدا دەبێت، تیایدا ئاراستەی سوود وەرگرتن لە جەمسەری خوازە ڕەنگدەداتەوە.

ئەنجا لێرەدا بەگوێرەی تیوری جەمسەرەکانی خواستن و خوازە، ئاخۆ چۆن دەتواندرێت مەسەلەی پۆلبەندی شێوازە ئەدەبییەکان بخرێتەڕوو، کە ئەمەشیان باسێکی تایبەتی پێویستە و لە بەشی کۆتایی ئەم کورتە باسەدا ئاماژەی بۆ دەکرێت. بەڵام لێرەدا ئامانجمان ئەوەیە کەوا لەم ڕێگەیەوە باس لە ئامرازەکانی داهێنانی شیعری و داهێنانی هۆنراو بکەین و لەو بارەوە بگەین بە گریمانەیەك کە لەلایەنی میتۆد ناسییەوە بەپێویست دەزاندرێت. ئەنجا هەر بەو جۆرەی کە لە بەشی دووەمدا گوتراوە، جێگای داخە کە یاکۆبسن بڕوای بەجیاکارییەکی ورد لەنێوان ((شیعر)) و ((هۆنراو))دا نییە و

هەر لەو توێژینەوە بایەخدارەی خویشیدا (← ١)، کاتێك دێتەسەر باسی شیعر، ئاماژە بۆ هاوسەنگییەکانی لە وێنەی کێش و سەروادار و سەروا دەکات. ئەنجا دەبێت دیسان جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کەوا ((شیعر)) بەلای ئەوەوە زاراوەیەکی داپۆشەرە و هەردوو بەرەی ((شیعر)) و ((هۆنراو)) دەگرێتەوە. بەکارهێنانی زاراوەی ((خوازە)) دەرحەق بەوەی لەسەر ڕووی تەوەری هاونشینی ڕوودەدات، نیشانەی هەمان ئەو هەڵاوێرنەکردنەی ((شیعر)) و ((هۆنراو)) و، ئەو نەبوونی وردەکاریەیە.

بۆ چوونە ناو باسەکەوە ڕێگابدەن واز لە زاراوەتاشی بهێنین و پەنا بۆ زاراوە باو و بەکارهاتووەکان بەرین. ئەم ڕەفتاری زاراوەتاشییە ئێمەیان دەستەپاچە کردووە بەتایبەت لەبواری زمانەوانیدا و بەو جۆرەی کە لەم پەنجا ساڵەی دوایی لە ئەمریکا کاری پێدەکرێت، تا وای لێهاتووە پسپۆڕ و شارەزاکان هەمیشە بەدوای تێگەیشتنی ئەو زاراوە تازانەن کە هیچ ناوەرۆکێکی تازەشیان نییە. بەباوەڕی نووسەری ئەم دێرانە، ئێمە دەبێ ئەوکاتە سوود لە ((دال))ێکی تازە وەبگرین کە بۆ ((مەدلول))ێکی تازەش بگەڕێتەوە و مەگەر نا گەمەکردن بەدالەکان داخوا چی دەردێکمان بۆ دەرمان دەکات؟ بەم پێیە لەم باسەدا سوود لەهەمان دوو تەوەری جێنشینی و هاونشینی وەردەگرین و سەرنج دەخەینە سەر ئەو خاڵەی کەوا ئەرك لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی، ئێمە بەئاراستەی جەمسەری خواستندا دەکێشێت و، ئەوەش کە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا ئەرکی دەبێت، ئێمە بەلای جەمسەرێکدا دەکێشێت کە یاکۆبسن ناوی ناوە جەمسەری خوازە. بەو مەبەستەی بەشێوەیەکی سادەتر لەئەرکی ((هەڵبژاردن)) و ((هاوسێتی)) تێبگەین، نموونەگەلێك دێنینە کە بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشانکراون. وایدابنێ ڕستەیەکی وەکو ((شب شد))مان لەزمانی ئاساییدا هەیە و دەمانەوێت بیخەینە ژێر پرۆسەی بەرجەستەسازییەوە.

(٣٢) شب فرا رسید/ شەو داهات.

لەپێناوی گەیشتن بە نموونەی (٣٢)، ((فرا رسید/ داهات))مان بەگوێرەی لێکچوونی واتایی لەجێگەی ((شد/ بووە)) هەڵبژاردووە.

ئێمە دەزانین کە بۆ داهاتنی شەو پێویستە خۆر ئاوا بووبێت. کەواتە دەتوانین ئەم بابەتە بەگوێرەی هاوسێتی لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی جێگیر بکەین.

(٣٣) خورشید غروب کرد و شب فرا رسید
خۆرئاوا بوو و شەو داهات.

دەزانین کەوا خۆر لە ڕۆژئاوادا بەرەو ئاوابوون دەچێت و لە ئاسۆدا دەچێتە خوارەوە. ئەم بابەتە بەپێی هاوسێتی لەتەوەری هاونشینیدا زێدە دەکەین.

(٣٤) خورشید در مغرب، در آن سوی کوەها پایین تر و پایین تر رفت و شب فرا رسید/ خۆر لەلای ڕۆژئاوا، لەوبەری کێوەکان بەرەبەرە داکەوت و شەو داهات.

ڕەنگی خۆرەکە بەپێی هاوسێتی لەسەر تەوەری هاونشینی زیاد دەکەین و کاتی کارەکە بەپێی لێکچوون دەگۆڕین.

(٣٥) خورشید در مغرب، در آن سوی کوەها پایین تر و پایین تر می رفت. رنگ طلایی اش به سرخی می گرایید و شب فرا رسید/ خۆر لەلای ڕۆژئاوا، لەوبەری کێوەکان بەرەبەرە داکەوت و ڕەنگی زێڕینی سوور هەڵگەڕاو شەو داهات.

ئێستا بەشوێن سۆراغی ((شەو))دا دەڕۆین سیمای جیاکەرەوەی [+گیاندار]ی دەخەینەپاڵ و بەگوێرەی هاوسێتی شێوەی هاتنەکەی لەسەر تەوەری هاونشینی جێگر دەکەین.

(٣٦) خورشید در مغرب، در آن سوی کوهها پایین تر و پایین تر می رفت، رنگ طلایی اش به سرخی می گرایید و شب پاورچین پاورچین سرمی رسید/ خۆر لەلای ڕۆژئاوا لەوبەری کێوەکان بەرەبەرە دەکەوت و ڕەنگی زێڕینی سوور هەڵگەڕاو شەو هێواش هێواش دادەهات.

نموونەی (٣٧) ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر تەوەری هاونشینی دەخاتە بەردەست.

(٣٧) خورشید در مغرب، در آن سوی کوهها پایین تر و پایین تر می رفت، رنگ طلایی اش بەسرخی می گرایید و شب پاورچین پاورچین سرمی رسید تا آسمان را تیرەکند و ستارگان مجال خود نمایی یابند/ خۆر لەلای ڕۆژئاوا لەو بەری کێوەکان بەرەبەرە داکەوت و ڕەنگی زێڕینی سوور هەڵگەڕاو شەو هێواش هێواش دادەهات تاوەکو ئاسمان تاریك دابهێنی و ئەستێرەکان دەرفەتی خۆدەرخستنیان هەبێت.

بەگوێرەی لێکچوون لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی دیکە دەچین و بەرێی هەڵبژاردن لەسەر تەوەری جێنشینی، نموونەی (٣٨) دێنینە بەرهەم.

(٣٨) خسروخاور به مغرب شد تا پهلوان شب فرصت جولان بیابد. خوسرەوی خاوەر بەرەو ئاوابوون چوو تاوەکو پاڵەوانی شەو دەرفەتی تەراتێنی دەسکەوێت.

تەواوی نموونەکانی (٣٩) تاوەکو (٤٣) هەمیسان لەرێگەی هەڵبژاردن لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی و، ڕیزکردن لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی هاتونەتە دی.

(٣٩) شب در چشم روز سرمەکشید.

(٤٠) كمال شب، ظلام درچشم روز كشيد.　　　　(مقامات حميدى)

(٤١) مشك تاتار، در عذار نهار دميد.　　　　(مقامات حميدى)

(٤٢) خسروخاور بەخيمە خزيد و اختر باختر بخت جولان يافت.

(٤٣) چو خورشيد گشت از جهان ناپديد
شب تيره بر دشت لشكر كشيد　　　　(فردوسى)

وەكو دەبينين ئەم داهێنانە دەكرێ بێ كۆتايى درێژەی پێبدرێت. بەكارخستنى كۆمەڵە پرۆسەيەكى بەيەكەوە بەستراو لەسەر ئاستى كۆمەڵە نيشانەيەكى بەيەكەوە بەستراو داهێنانێك دێنێتە ئارا كە بێكۆتايى درێژەی دەبێت. بەڵام ئەم مەسەلەيە تەنيا تايبەت بەئەدەبيات نييە و وا ديارە هۆشى مرۆڤ هەر لەبنەڕەتدا خاوەنى ئەم ئەركەيە؛ واتە دەتوانێت لەڕێگەی بەكارخستنى چەند كۆمەڵەيەكى بەيەكەوە بەستراو لەئاست يەكتريدا داهێنانێكى بێسنوور وەدەست بهێنێت. قسەپێكەرانى زمان لەڕێگەی بەكارخستن و كارپێكردنى ياساكانى زمانێك لەئاست وشەكانى ئەو زمانەدا، كە لە ڕووی هاوزەمانييەوە دوو كۆمەڵەی بەيەكەوە بەستراو پێكدەهێنن، دەتوانن ژمارەيەكى بێكۆتايى ڕستە دروستبكەن. لەبوارى ماتماتيكيشدا كە دروستكراوی مرۆڤ خۆيەتى، بە بەكارخستنى ڕێساكانى هاونشينى بەسەر چەند ژمارەدا، كۆمەڵەيەك پێكدەهێندرێت كە بێكۆتايى درێژەی دەبێت. ئاوازدانەر بە بەكاربردنى چەند نۆتەيێك و سازكردنى هاونشينى لە نێوانياندا دەتوانێت بێكۆتايى ئاواز و مۆسيقا دابهێنێت و نيگاركێش لە ڕێگەی چەند ڕەنگێك و جێگيركردنيان لەپاڵ يەكتريدا بێكۆتايى وێنە دەكێشێت.

لێرەدا نامەوێت بچمە ناو باسى بوارى فەلسەفەوە، بەڵام باوەڕت بێ تەواوی ئەوەی كە مرۆڤ لە هۆشى خۆيدا دايدەهێنێت، لەو ميسداقانە پێكهاتوون كە لەبەردەستى خۆی دان. ((ئەسپ)) و

((باڵنــده)) بەیەکــەوە لێکــدەدرێن و ((ئەســپی باڵــدار)) پێکــدەهێنن؛ ((مار)) گەورەتر دەبێت، ئاگری لەدەمدایــە، بـۆ ئـەوەی ترسناکتربێت شـەش سـەری دیکـەی لـەپاڵ سـەری خـۆی بـۆ دەڕوێـت و (ئـەژدیهای حەوتســەر))ی لێ پەیــدادەبێت. بــەڵام ئایــا هــەر بەڕاســتی هــەموو ئەفسانەکانیش هـەر بـەو جـۆرە دروسـت نـەبوون؟ ئایـا ((سـیمرخ))، ((پاڵــەوانی ڕووبــین تــەن))، ((دێــو))، ((خوداوەنــدەکانی ئۆڵــەمپ))، ((فریشتەی باران))، ((یەکانە شاخ))، ((مرۆڤی نیمە ئەسپ))، ((پـەری دەریایی))، هەموو ئەمانە دروستکراوی هەڵبـژاردن و ڕیزکردنـی نـین؟ سەیرەکە لەوەدایە کە مرۆڤ خۆشی باوەڕ بەم مەدلولە دروستکراوانەی خـۆی دەهێنێـت و هەنـدێ جـاریش لـە هێـز و زەبـەریان دەتۆقێـت و دەکەوێتە وێزەی کوشتنیان. هەموو ئەژدیهاکان لەناو دەبات و تـەواوی ڕووبین تەنـەکانی نـاو ئەفسانەکانی خۆی سادەتر لـە مرۆڤـی ئاسایی دەفــەوتێنێت. خــۆی بــۆ خــۆی شــت دروســت دەکــات و بەدیاریــەوە ڕادەمێنێت، یارێك لەمێشکی خۆیدا دەخولقێنێت کە لە هەموو جوانان جوانتر بێت، لە دوایـە، بەناڵە و زارییـەوە تێـی ڕادەمێنـێ و خـۆی بـە زۆر لێکراو دەزانێ. کوێ لە هەموو شوێنێك زیاتر لەئارامی و ئاسایشـە لەمێشکی خۆیدا پێکـی دەهێنـێ و دواتـر سـەیرێکی دەوروبـەری خـۆی دەکات و هەستی نائارامی دایدەگرێت.

بــەڵام بەڕاســتی چــۆن شــتی وەهــا دەبێــت؟ ئایـا بــەو ئەنــدازەی مەدلولــەکان بەلامانــەوە گــرینگن، میســداقەکانیش ئــەو گرینگییــەیان هەیـە؟ ئـەنجا ئـەدەبیات خـۆی لەبنەڕەتـەوە بۆچـی پەیـدا بـووە؟ ئایـا ((شیعر)) بۆ ئەوە نەهاتۆتەدی تا ئەوەی مـرۆڤ لەمیسـداقەکان ڕابکـات و پەنا بۆ مەدلولەکانی خۆی بەرێت؟.

مەبەســتم ئــەوە نــەبوو بــەلای فەلســەفەکارییەوە بــڕۆم بــەڵام مەسەلەیەك لەو پرسیارانەدا هەیە کە پێویستە سەرنجی بخرێتە سەر. چــونکە هــەر ئــەو مەســەلەیە، واتــە پەیوەنــدی مــەدلول لەگــەڵ

میسداقەکەیدا، دەبێتە ڕێگە خۆشکەرێك بۆ خستنەڕووی گریمانەیەك سەبارەت بە داهێنانی ئەدەبی.


## ٢/٤ پەیوەندی مەدلول لە ئاستی میسداقدا

لەکاتی باسکردنی بیروڕاکانی سۆسۆر ئاماژە بۆ مەسەلەی ((دال)) و ((مەدلول)) کرا (← ١/١/١) و گوتمان کە ((مەدلول)) پەیوەندی بەسیستەمی زمانەوە هەیە و، هەڵبژاردەیەکە بۆ میسداقێك لەجیهانی دەرەوەدا بۆ زمان دابینکراوە.

لەم بارەیەوە وشەی ((ڕووبار))مان بەنموونە هێنایەوە کەوا مەدلولەکەی هیچ کام لە ڕووبارەکانی جیهان نییە بەڵام هەموویانیش دەگرێتەوە. هەر لەو بڕگەیەدا ئاماژەمان بۆ مەودای دووری مەدلول لەئاست میسداقەکەیدا کرد و لێرەوە بەپێی بنەمای ئەو گریمانەیە بەدوای سەلماندنی ئەو بۆچوونەدا دەچین، کەوا لانی کەم بەپێی باوەڕی نووسەری ئەم دێرانەوە، داشکاندن بەلای سوود وەرگرتن لەوەی یاکۆبسن ناوی ناوە جەمسەری خوازە، واتا داشکاندن بەلای بەکارهێنانی نیشانەکان بەپێی هاوسێتی و لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی، نزیك کەوتنەوەی مەدلول لە میسداقەکەی لێ دێتە ئەنجام و، ئاراستە بەرەو لای جەمسەری خواستن، واتە ڕۆیشتن بەئاراستەی هەڵبژاردنی نیشانەکان لەجێگەی یەکتری، بەپێی لێکچوون و لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی، ئەنجامەکەی بە دوورکەوتنەوەی مەدلول لە میسداقەکەی کۆتایی دێت.

بۆ چوونە ناو باسەکەوە، ڕێگە بدەن سوود لەمەسەلەی ((نیشانداری/ مەبەستداری)) (markedness) لەزمان وەربگرین. واتە هەمان ئەو بابەتەی جێگای باس کە لە واتاسازیدا دەخرێتەڕوو، نەوەك ئەوەی تاوەکو ئێستا ئێمە لەژێرناوی هەمان زاراوەدا لەم نووسینەدا بەکارمانبردووە. لەسیستەمی واتایی زمانی فارسیدا،

وشـەکانی ((قـوچ))، ((مـیش))، ((بـرە)) لـە ئاسـت وشـەی ((گوسـفند/ پـەز))دا مەبەسـتدارن. ((قـوچ/ بـەران)) پـەزی نێرینەیـە، ((مـیش/ مەڕ)) پەزی مێینەیە و ((برە/ کاوڕ)) پەزی پێنەگەیشتووە. هـەر کام لەم سێ وشـەیە، سـیمای جیاکـەرەوەی واتـایی زیـاتری لەئاسـت سـیمای جیاکـەرەوەی واتـایی ((پـەز))دا هەیـە. ئـەنجا ((پـەز))یش بـە نـۆرەی خـــۆی، جـــۆرێکی تایبەتـــە لـــە ((چـــوارپەلدارەکان)) و ((چـــوار پەلدارەکان))یش جـۆرێکی تایبـەت لـە ((گوانـدارەکان)) پێکـدەهێنێت. ((گوانـــدارەکان)) جۆرێکـە لـە ((ئاژەڵـەکان)) و ((ئاژەڵـەکان))یش بـە جۆرێـــك لـــە ((گیانـــدارەکان)) دەژمێردرێـــت. (← ٣) بـــەم پێیـــە، دەتوانـدرێت بـۆ گەیشـتن بـە پۆلـەکانی ((بـەران))، ((مـەڕ)) یـاخود ((کـاوڕ)) بەشـێوەیەکی سـادە و ناپسـپۆڕی، ئـەم هێلکاریـە بخەینـە بەردەست:



ئەم هێڵکاریەی سەرەوە بەو ڕادەیەی کە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، پەیوەندی ئەم مەدلولانە لەئاست یەکتری لە زمانی فارسیدا نیشاندەدات، هەر کام لە مەدلولەکانی پۆلەکانی خوارتری هێڵکارییەکە، لەئاست پۆلەکانی سەرەوەدا مەبەستدارن. ئەنجا بەپێی ((مەبەستداری واتایی)) (← ٣، ل ٥١ — ٥٢)، هەر چەند سیمای جیاکەرەوەی واتایی مەدلولێك زیاتر بێت، لە پۆلەکانی خوارەوەتری هێڵکارییەکی لەم جۆرە جێگە دەگرن. ((مەبەستداری واتایی)) لە سیستەمی زمان لە ئاستێکدا دەوەستێت، چونکێ بۆ نموونە بۆ بەرانێك کە ڕەنگی سپی بێت، لەزمانی فارسیدا وشەیەکی تایبەتی بۆ بەکار نابرێت. ڕێگە بدەن ئەم جۆرە لە ((مەبەستداری واتایی))، بە ((مەبەستداری واتایی جێنشینی)) ناوبەرین، بۆ ئەوەی توانای باسکردنی جۆرێکی دیکەمان لە مەبەستداری واتایی هەبێت، کە ئەویش ((مەبەستداری واتایی هاونشینی))یە. ئەم مەبەستدارییەی دوایی لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی و لەڕێگەی هاوسێتییەوە جێبەجێ دەبێت.

((بەران)) لە ئاستی ((پەز))دا لە پەیوەندییەکی مەبەستداری واتایی جێنشینی دایە، چونکە کاتێك لە شوێنی ((پەز))دا وشەی ((بەران)) هەڵدەبژێرێن، ئەوە مەدلولێکی مەبەستدارمان لەجێگەی مەدلولێکی بێ لایەن جێگیرکردووە. بەڵام دەتوانرێت بەهاونشینکردنی ((پەز)) و ((نێر))، لەسەر تەوەری هاونشینی بگەین بە ((پەزی نێر))ە کە لە ڕووی مەبەستدارییەوە لەگەڵ ((بەران))دا هاوبەهان. جا ئەگەر هات و لەسەر ئەم جۆرە لە نیشانەداری بەردەوام بووین، بەشێوەیەکی ڕێك نموونەکانی ((٤٤) تاوەکو ((٤٧))مان دەستدەکەوێت:

(٤٤) قوچ سفيد/ بەرانی سپی.

(٤٥) قوچ سفيد مشهدی رمضان/
بەرانە سپییەکەی مەشهەدی ڕەمەزان.

(٤٦) آن قوچ سفيد رمضان كه يك شاخش شكسته/
ئەو بەرانە سپیەی ڕەمەزان کەوا قۆچێکی شکاوە.

(٤٧) آن قوچ سفيد رمضان كه يك شاخش شكسته و زير آن درخت ايستاده/ ئەو بەرانە سپیەی ڕەمەزان کە قۆچێکی شکاوە و لەژێر ئەو درختە وەستاوە.

ئەوە لەڕاستیدا وەك ئەو کارە وایە، کە دەمانەوێت کەسێك بەدوێنەرەکانمان نیشان بدەین، ئەنجامی دەدەین. واتە هەوڵدەدەین لە ڕێگای سیماجیاکەرەوەکانی ئەو کەسەوە لەو خەڵکانەی دیکەی جیابکەینەوە.

(٤٨) آن پسررا مى گويم كه قد كوتا هى دارد و كلاه سرش است؛ همانى كەكت سبز پوشيده با دكمەهاى طلايى و كنار آن مردى ايستاده كه قدش بلند است و.../ ئەو کوڕە دەڵێم کەوا کورتە باڵایە و کڵاوی لەسەرە؛ هەر ئەمەی کە چاکەتێکی سەوزی دوگمە زەرد و لەتەك ئەو پیاوە وەستاوە کە باڵا بەرزە...

ئەو کارەی کەوا لێرەدا ئەنجامی دەدەین، لەبنەڕەتدا ئەوەیە کە دوێنەرەکانمان بۆ میسداقێك لە جیهانی دەرەوەدا ڕێنمایی دەکەین. کەواتە سوود وەرگرتن لە هاوسێتی لەسەر تەوەری هاونشینی بۆی هەیە بەنیشانەداری واتایی هاونشینی، واتە بە دەلالەت بە میسداق کۆتایی بێت. دیارە ئەمە لە بارودۆخێك دایە کە میسداقێك لە جیهانی دەرەوەدا هەبێت، ئەگەر نا ئەوا ئێمە هەر لە چوارچێوەی مەدلولەکاندا دەمێنینەوە. بۆ نموونە ئێمە هەر چەندی لەبارەی

((دێوی سپی)) شانامەدا قسە بکەین، ئەوە ڕەنگە بتوانین ئەم دێوە لە ((دێوی ئەرخەوان))ی جیا بکەینەوە، بەڵام لە جیهانی دەرەوەدا ناگەینە میسداقێك.

هەر نموونەکەی ((ڕووبار))ی برگەی ١/١/١ ڕەچاو بکەن، کە گوتمان لەجیهانی دەرەوەدا میسداق گەلێکی جیاوازی هەیە. دەتواندرێت مەدلولی ئەم نیشانەیە لە ڕێگەی نیشانەداری هاونشینییەوە لە میسداقەکەی نزیکتر بخرێتەوە.

(٤٩) آن رودی کە از کوەرنگ رشتەهای زرد کوە سرچشمە می گیرد و بە اروند رود می ریزد و قابل کشتی رانی است و اسمش کارون است.

کەواتە ئەرك لە ئاستی تەوەری هاونشینی، واتا هاوسێتی و داشکاندن بەلای ئەوەی یاکۆبسن ناوی جەمسەری خوازە و، لە سیستەمی زماندا مەدلول لەو میسداقەی کە لە جیهانی دەرەوەی زماندایە نزیکتر دەکاتەوە، ئەمەش هەر ئەو مەسەلەیە کە یاکۆبسن سەبارەت بە شێوازی ڕیالیزم ( = واقیع گەرایی) و داشکانەوەی بەلای جەمسەری مەجازیدا خستویەتیە ڕوو.

بەڵام ئایا مەسەلەکە لەئاستی تەوەری جێنشینی چۆنە؟ هەر ئەو وشەی ((ڕووبار))ە وەربگرە و لەبری ئەوەی وشەیەکی وەك ((کارون))ی لەتەك دابنێیت، لە ئاستی تەوەری جێنشیدا، وشەگەلێکی لە وێنەی ((غەم))، ((پاراوی))، ((خوێن)) و هی دیکە هەڵبژێرە و پێکهاتەیەکی وەك ((ڕووباری غەم))، ((ڕووباری پاراوی))، ((ڕووباری خوێن)) و هی دیکەی لێ ساز بکە. ئەنجا ئایا ئەم ڕووبارانە لە واقیعدا ڕووبارن؟ وشەی ((گومەز)) وەربگرە، کە لە ((گومەزی مزگەوتی شێخ لوتفوڵلای ئەسفەهان))، بەهۆی نیشانەداری لە ڕێگەی تەوەری هاونشینی، مەدلولێکی هەیە و لە میسداقێکی تایبەت لەجیهانی

دەرەوەدا نزیك کەوتۆتەوە؛ ئێستا ئەگەر ئەم وشەیە لەسەر تەوەری جێنشینی لەبری ((ئاسمان)) بەکاربهێنین، چی ڕوودەدات؟ ئاشکرایە کەوا مەدلولی ((گومەز)) لە میسداقەکەی جیهانی دەرەوەیدا دووردەکەوێتەوە. بەم شێوەیە ڕەنگە بتوانین بڵێین، ئەرك لەسەر تەوەری جێنشینی، بەواتەی هەڵبژاردنی نیشانەیەك لەجێگەی نیشانەیەکی دیکە بەپێی لێکچوون و داشکان بەلای ئەوەی یاکۆبسن ناوی ناوە جەمسەری خواستن، ئەو مەدلولەی کە لەسیستەمی زماندا هەیە لەمیسداقەکەی جیهانی دەرەوە دووردەخاتەوە و ئەمەش هەمان ئەو داشکاندنەیە کە یاکۆبسن لەبارەی هەردوو شێوازی ڕۆمانسیزم و سیمبۆلیزم خستوویەتیەڕوو.

## ٣/٤ ڕاگرتنی پارسەنگ لەنێوان هەڵبژاردن و ڕیزکردندا

زاراوەی ((پارسەنگ/ تراز)) (economie) یەکەمجار لە لایەن مارتینی و لە کتێبە کلاسیکەکەیدا، پارسەنگی گۆڕانکارییە دەنگییەکان (← ٢) دا هاتووە، بەمەبەستی پیشاندانی پاراستنی هاوتایی سیستەمی زمان لەکاتی گۆڕانکاری دەرزەمانیدا. ڕێگا بدەن لەپێناوی ڕێگرتن لە ئالۆزییەکانی بێ هوودەی باسەکە، بگەڕێینەوە بۆ هەمان بابەتی یاری شەترەنجەکەی سۆسۆر. هەر مۆرەیەك کە لە کاتی یاریکردندا بکوژرێت یاخود جوولە بکات، گۆڕانکارییەك لەسیستەمی یارییەکەدا بەرپادەبێت. هەر چەندی مۆرەکان پێشڕەوی بکەن و بکەونە دۆخی هێرشبردنەوە، هەلومەرجی بەرگریان کەمتر دەبێتەوە. لە زمانیشدا هەمان بارودۆخ بەرپادەبێت بۆ وێنە لە زمانێکدا، هەر چەند ئەرکی ڕێزمانی فرێزە ناوییەکان زیاتر بەلای گێڕانی ڕۆڵی سیمبۆلەکانەوە بچێت، ئەوا ڕیزبەندیی فرێزە ناوییەکان لەڕستەدا، کۆت و بەندێکی کەمتریان دەبێت و تادوایی. ئەو مەسەلەیە دەکرێت

بۆ ئەركی ((هەڵبـژاردن)) بـەپێی لێكچـوون؛ بـەواتای ئـەرك لەسـەر ئاستی تەوەری هاونشینیش بەڕاست بزاندرێت.

وایـدابنێ نووسـەرێك زیـاتر لەهـەوڵی سـوودوەرگرتن لەئـەركی گەڕانەوەیی زمانەوە بێت، لەو بارودۆخـەدا ئـەو هەوڵدەدات سوود لـە مەبەستدارسازی هاونشینی وەربگرێت؛ واتا بەڕوونكردنەوەی هەرچـی زیـاتری بابەتەكـەی باسومەبەسـتی خـۆی بەشـێوەیەكی ورد بـۆ وەرگرەكـەی بگوازێتـەوە. ئـەو لـەو كاتانـە زیـاتر كـەڵك لەتـەوەری هاونشـینی وەردەگرێـت و لەڕێگـەی مەبەستدارسـازی هاونشـینییەوە، بـەدوای ئـەوەدا دەگـەڕێت كـە مەدلولـەكانی سیسـتەمی زمـان لەمیسداقەكانی جیهانی دەرەوە نزیكتر بكاتەوە.

ئێستا با پێچەوانەی ئەو ئەركە لەبەرچاو بگرین؛ واتا ئەو كاتـەی نووسەرێك لەگوتەكانیدا لە هەوڵی سوودوەرگرتن لە ئەندێشەوە بێـت، لێـرەدا ئـەو بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئـەو ئامانجە، كەمتر ئـاوڕ لـە تـەوەری هاونشـینی دەداتـەوە و زیـاتر بـەدوای ئـەوەدا دەگـەڕێت كـەوا نیشـانەیەك لـەبری نیشانەیەكی دیكـە هەڵبـژێرێت و ڕوونكردنـەوەی كەمتر بدات.

بەو شێوەیە بایەخپێدانی زیاتر بە ((هەڵبـژاردن)) بایەخـدان بـە ((ڕێزكـردن)) كـەم دەكاتـەوە و بایەخپێـدانی زیـاتر بـە ((ڕیزكـردن)) لەكاركردی ((هەڵبژاردن)) دادەبەزێنێت، ئەمەش هەمان ئـەو ڕاگرتنـی ((پارسەنگ))ەیە كەوا دروست دەبێت. بـەم پێیـە، ئەگـەر هـات و ئـەم پارسەنگە بە تەرازوویەك بچووێنین هـەردوو پـێ تەرازووەكـەیش بـە تەوەرەكانی هاونشینی و جێنشینی دابنـێین، ئـەوە هـەر پێیـەكیان كـە دێتـە خـوارەوە پێكـەی دیكـە بـەرز دەبێتـەوە؛ واتـە هەرچـی ئاراسـتە بەلای ئەركی تـەوەری هاونشـینی زیـاتر بێـت، ئـەوە ئاراسـتەی ئـەركی تەوەری جێنشینی كەمتر دەبێتەوە و بە پێچەوانەشەوە.

ئەنجا لەسەر ئەو بنەمایەی تاوەکو ئێستا خراوەتەڕوو، دەکرێ بگوترێت، کە بە نزیك کەوتنەوەی ((مەدلول))ێکی زمانی بۆ ((میسداق)) بەهۆی مەبەستدارسازی هاونشینییەوە، ئەرك لەسەر ئاستی هاونشینی جێبەجێ دەبێت و دوورکەوتنەوەی ((مەدلول))یش لە ((میسداق))، بەهۆی هەڵبژاردنی نیشانەیەك لەبری نیشانەیەکی دیکە جێبەجێ دەبێت، کە خۆی ئەرکە لەسەر تەوەری جێنشینی و، ئەم دوو ئەرکە لەدۆخی ڕاگرتنی پارسەنگدا دەبن لەبەرانبەر بەیەکتریدا.

ئێستا بەگەڕانەوە بۆ دوو بەشە نموونەکەی داهێنانی ئەدەبی، واتە ((هۆنراو)) و ((شیعر))، دەتوانین بڵێین کە گەیشتن بە ((هۆنراو)) لەڕێگەی ((ڕێزکردن)) و بەگوێرەی هاوسێتی جێبەجێ دەبێت و، گەیشتن بە ((شیعر))یش لەڕێگەی ((هەڵبژاردن)) و بەگوێرەی لێکچوون ئەنجام دەدرێت؛ بەو هۆیەی ((هۆنراو)) لەڕێی وەدەستهێنانی هاوسەنگی، واتە لەسەر بنەمای جۆرەکانی دووبارەکاری لەسەر تەوەری هاونشینی دێتەدی، لەکاتێکدا ((شیعر)) بە هەڵبژاردنەوە گرێدراوە و پێویستی بەجێنشینکردنی نیشانەکانەوە هەیە لەسەر تەوەری جێنشینی.

تا ئێرە نەخشەیەکی سەرەتایی بۆ گریمانەی ((پارسەنگی ئەدەبی)) خراوەتە بەردەست، بەڵام بابەتەکە بەوەندە کۆتایی نایەت، چونکە دەبێ سەرەتا ئەوە ڕوونبێتەوە کەوا پرۆسەی داهێنانی بەشە نموونەیەکی وەك ((شیعر)) چ سنعەت یاخود سنعەتگەلێکی تیا بەدیدەکرێت و، دووەمیش ئەوەی کەوا لەژێر ناونیشانی ((لێکچوونی واتایی)) باسدەکرێت، ڕاستییەکەی چییە و ((هەڵبژاردن))یش چ بنەمایەکی هەیە. لەبەشی پێنجەمدا باس لەمەسەلەی یەکەم دەکەین و لەبەشی شەشەمیشدا لە دوو توێی باسی مەسەلەی دووەمدا باس لەنەخشەی گریمانەیەکی گونجاوتر دەکەین، کەوا ئەم کورتە باسەی بەردەست لە سۆنگەی ئەم نەخشەیەوە نووسراوە.

## کتێبنامه


1- Jakobson, R. "Tow Asects of Language and Two Types of Aphasia Distur bance" in: Essais de linguistique gēnērale, paris, 1963.

2- Martinet, A. Economie des changement phonetiques, Trait de phonologie diachronique, Berne, 1955.

٣- افراشی، آریتا، نشان داری در زبان فارسی و چگونگی طبقه بندی آن در سطح واژگان، رساله کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، تهران، ١٣٧٦.

٤- صفوی، کورش، از زبان شناسی به ادبیات، ج ١: نظم، تهران، نشر چشمه، ١٣٧٣.

٥- _______، ((پیشنهادی در سبك شناسی ادب فارسی))، در: زبان ادب، ش ٦، زمستان ١٣٧٧.

بەشی ٥

# هونەری شیعر

# لە لێکۆڵینەوە نەریتییەکاندا

لەبەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە دەشێ لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ ئەدەب لە چوارچێوەی ((جوانکاری هۆنراو)) و ((جوانکاری شیعر)) دا بکرێت (←٦، ل ١٦٧ — ١٦٩) و، هەروەها گوتراوە کە دەتواندرێت لە ڕێگەی پێداچوونەوەی هونەرە نەریتیەکانی وەکو ((عەرووز و قافیە))، ((جوانکاری))، ((واتاناسی)) و ((ڕوونبێژی)) و بە پێی کارکردی هەر یەك لە تەرزەکاندا بگەین بە دوو زانستی سەربەخۆ، بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئەو سنعەتانەی کە بە ڕوخساری زمانەوە گرێدراون و دەشێ لە چوارچێوەی جۆرەکانی هاوسەنگیدا پۆلبەندی بکرێن، بە واتا ((جوانکاری هۆنراو))، هەروەها ئەو سنعەتانەش کە بەناوەرۆکی زمانەوە گرێدراون و بە ئامرازی داهێنانی شیعری دەژمێردرێن، واتە ((جوانکاری شیعر)).

هەر لە بەرگی یەکەمدا ئەوەش ڕوونکرایەوە کەوا سنعەتگەلێکی وەکو ((کێش))، ((جۆرەکانی دووبارەبوونەوەی دەنگی))، ((ڕەگەزدۆزی تەواو))، ((ڕەگەزدۆزی بێژە))، ((پاش سەروا))، ((سەروا))، ((سەروادار))، ((سەربەدوا/ رد الصدر الی العجز))، ((دوابەسەر/ رد العجز الی الصدر))، ((پێچان و کردنەوە)) و سنعەتەکانی تری لەو جۆرە، دەکرێ لە هەر سێ پۆلی هاوسەنگی دەنگی و وشەیی و ڕێزمانیدا پۆلبەندی بکرێن و لەچوارچێوەی ((جوانکاری هۆنراو))دا جێگەیان بکرێتەوە (←٦، ل ٣٠٦ — ٣١٠)؛ بەلام باسوخواسی ((جوانکاری شیعر)) و دەستەبەندی ئەو سنعەتانەی کە کاریگەرییان بەسەر واتاوە هەیە، بۆ ئەم بەرگە هەڵگیراوە.

لەم بەشەدا مەبەست ئەوەیە ڕوونبکرێتەوە، لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکاندا چ سنعەتێك پەیوەندی بە ((شیعر))ەوە هەیە و ئەرکی هەر یەکێکیشیان چۆنە.

بەلاّم بەر لە هەر قسەیەك پێویستە بە لێبڕاوی بڵێین کە ئەوەی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکاندا لەژێر ناونیشانی ((واتاناسی))دا باسدەکرێت، نە پەیوەندی بەداهێنانی شیعرییەوە هەیە و نەبەداهێنانی هۆنراو. بەڵکو بریتییە لەکۆمەڵێك بەکارهێنانی ڕێزمانی کە لە یۆنانی کۆن و لێکۆڵینەوە دێرینەکانی ئەرستۆدا بە ((هونەر گوتاربێژی))ناودەبرێت و هونەرەکانی ڕەوانبێژییان پێکهێناوە. لەم بارەوە شەمیسا بەدروستی جەختی لەسەر ئەم خاڵە کردۆتەوە و، تەنیا پەی بردنیشی بەم مەسەلەیە وای کردووە کە ناوی کتێبەکەی خۆی، بەپێچەوانەی نەریت، ناوبنێت؛ ڕوونبێژی و واتاناسی (← ٤) و، بە ڕوونیش بڵێت کە ئەوەی ئاخاوتنێکی ئەندێشەدار ((کلام مخیل)) بەرهەم دێنێت، تەرزگەلێکە کە لە هونەری ڕوونبێژیدا باس دەکرێت (← ٤، ل ١٣)و، هونەری واتاناسی لە بنچینەدا پەیوەندی بە ڕێوڕەسمی گوتاربێژییەوە هەیە. (← ٤، ١١٢).

کەواتە پێویستە لەنێوان هونەرەکانی ((ڕوونبێژی)) و هەروەها ئەوەی کە بە ((جوانکاری واتایی)) ناو دەبرێت، بەدوای ئەو جۆرانەدا بگەڕێین کە کار لەسەر ناوەرۆکی زماندا دەکەن و، لەڕاستیشدا هەر ئەوانەن کە جۆرەکانی ((جوانکاری شیعری)) پێکدەهێنن.

بەپێی ئەو بنەمایە، دەگەین بەهەر چوار سنعەتەکەی ((خوازە))، ((لێکچوون))، ((خواستن))، ((درکە)) لە هونەری ڕوونبێژیدا و، هەروەها بە جۆرێکیش لەجوانکاری واتایی، کەوا لانی کەم لە یەکەم سەرنجدا، ئامرازەکانی پەیوەست بەواتا دەخەملێنن کە دەشێ زەمینەی سەرەتایی ئەم باسە پێکبهێنن. بەو هۆیەوە لەم بەشەدا دووبارە لەهەریەك لەم سنعەتانە لە بڕگەیەکی جیاوازدا دەکۆڵدرێتەوە، تا ئەوەی یەکەمجار ئەرکی هەر یەکێکیان ڕوونبێتەوە، دووەمیش تاوەکو سەنگوبایەخیان لە داهێنانی شیعریدا دەستنیشان بکرێت.

### ١/٥ خوازه

لــەم بڕگەیــەدا بــاس لەسـنعەتی ((خــوازە)) دەکــەین، کــە لــە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە دێرینەکانـدا، بەیـەکێك لـە جۆرەکانی داهێنـانی شــیعری دانــدراوە و لەچوارچــێوەی ((هونــەری ڕوونبێــژی))دا باسیدەکرێت. بۆیـە سـەرەتا ئامـاژە بـۆ لێکۆڵینـەوە دێرینـەکانی ئـەم جـۆرە دەکـەین، لەدوایـەش هەوڵـدەدەین لەڕێگـەی هەڵسـەنگاندنی بایـەخی ئـەم سـنعەتەوە، شـوێن و پێگـەی لـە ((جوانکاری شـیعر))یدا دەستنیشانبکەین.

#### ١/١/٥ پۆلبەندی خوازە بەگوێرەی پەیوەندی واتایی

سنعەتی ((خـوازە))، لـە لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـە دێرینەکانـدا و لـە چوارچێوەی هونەری ((ڕوونبێژی))دا وا پێناسە کراوە، کە بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك بەواتایەکی جیاواز لـەواتا بنەڕەتییەکـەی خـۆی (←٧، ل ١٤٠). دواتـر ئامـاژە بـۆ ئـەو خاڵـەش دەکرێـت، کـە پێویسـتە لــەنێوان واتــا بنــەڕەتی، یــاخود ڕاســتەقینە و واتــا لاوەکــی و خوازەییەکەدا پەیوەستێك هەبێت بۆ ئـەوەی پـەی بـەواتا لاوەکیەکـە ببرێت. ئـەم پەیوەسـتە بـە ((پەیوەنـد/ علاقـە)) ناودەبرێـت (← ٤، ل ٢١) و جۆر و بابەتی جیاوازی هەیە. (← ٤، ل ٢٢ — ٢٨)

##### ١/١/١/٥ پەیوەندی گشتی و کەرتی (کلیت و جزئیت)

ئــەم جــۆرە پێوەنــدە بەســەر دوو لقــی ((ناوهێنــانی گشــت بەمەبەستی کەرت)) و ((ناوهێنانی کەرت بەمەبەستی گشت)) دابـەش دەبێـت. لـەجۆری ((ناوهێنـانی گشـت بەمەبەسـتی کـەرت))، گشـت بەواتای کەرت بەکاردەهێندرێت. (← ٤، ل ٢٢)

(٥٠) بر آشفت **ایران** و برخاست گرد
**همی هرکسی** کرد ساز نبرد (فردوسی)

لـه نموونـەی (٥٠)دا وشـەی ((ایـران)) بـەواتای ((ئیرانییـەکان)) بـەکاربراوە و مەبەسـت لێـی، ((خـەڵکی ئێرانـە)) کـە لـە وڵاتـی ((ئێران))دا دەژین. (←٧، ل ١٤١)

لـەجۆری ((ناوهێنـانی بـەش بەمەبەسـتی گشـت)) کارەکـە بـە پێچەوانەی ئـەوەی پێشووە. واتـا بـەش بـەواتای گشـت بـەکاردەبرێت (←٤، ل ٢٣)

(٥١) من آن **نگین** سلیمان بەهیچ نستانم
که گاه گاه بر او دست اهرمن باشد (حافظ)

له نموونەی (٥١)دا وشەی ((نگین/ نقێم)) بەواتای ((ئەموستیله)) بەکارهێندراوە. له کاتێکدا کە خۆی بەشێکە لە ئەموستیله (←٧، ل ١٤٤). بـۆ هـەردوو جۆرەکـە دەتـوانین لـەزمانی پێـوەر ((خودکـار) نموونەگەلێکی زۆر بێنینەوە. بۆ وێنە لەمەسەلەی ((ناوهێنـانی گشت بەمەبەستی بەش)) دەگوترێت:

(٥٢) **پایم** [ = رانم ] درد می کند/ قاچم [ = ڕانم ] ئازارم دەدات.

(٥٣) **دستم** [ = ساعدم ] شکست/ دەستم [ = باسکم ] شکاوە.

(٥٤) **عینکم** [ = شیشه عینکم ] تار شدە/ چاویلکەکەم [ شووشەی چاویلکەکەم ] تەماوی بووە.

لـەم نموونانـەی (٥٢) بـۆ (٥٤) مەسـەلەی ((ناوهێنـانی گشـت بەمەبەستی بەش)) ڕەنگی داوەتەوە. بۆ مەسەلەی ((ناوهێنـانی بـەش بەمەبەستی گشت)) دەگوترێت:

(٥٥) برو **بشقاب ها** را [ = بشقاب، قاشق، چنگال، ... ] سر میزبچین/ بچۆ قاپەکان [ = قاپ، ملاك، چەنگال... ] لەسەر مێزەکە هەڵگرە.

(٥٦) لطفا آن **کاست** [ = دستگاه ضبط صوت ] را روشن کن/ تکایە ئـەو کاسێتە [ = ئامێری ڕیکۆردەری دەنگ ] هەڵبکە.

(٥٧) **کتاب ها** [ = کتاب، جزوه، قلم، ... ] یت را جمع کن اینجا را مرتب کنم/ کتێبەکانت [ = کتێب، نامیلکە قەڵەم ... ] کۆکەرەوە تائێرە ڕێك بخەم.

### ٢/١/١/٥ پەیوەندی شوێن و شت (ظرف و مظروف)

ئەم پێوەندەش دیسان دەبێتە دوو لق، ((ناوهێنانی شوێن بە مەبەستی شت)) و ((ناوهێنانی شت بەمەبەستی شوێن)). (← ٤، ل ٢٣)

(٥٨) **سر** آن ندارد امشب كه برآيد آفتابی
چه خيال ها گذر كرد و گذر نكرد خوابی (سعدی)

لە نموونەی (٥٨)دا ((سر/ سەر)) بەواتای ((بیر)) بەکارهاتووە (← ٧، ل ١٤٥) بۆ مەسەلەی ((ناوهێنانی شت بەمەبەستی شوێن)) نموونەیەکی وەکو (٥٩) دەهێندرێتەوە:

(٥٩) گل در بر و **می** در كف و معشوق به كام است
سلطان جهانم بەچنين روز غلام است (حافظ)

لەم نموونەیەدا ((می/ مەی)) لەبری شوێن ((جام)) بەکارهاتووە (←٧، ل ١٤٦) بۆ ئەم دوو جۆرە پەیوەندی نێوان شوێن و شت، دیسان لەزمانی ئاسایی فارسیدا نموونەگەلی زۆر هەن. بۆ وێنە نموونەکانی (٦٠) بۆ (٦٢) لەبابەتی ((ناوهێنانی شوێن بەمەبەستی شت)) هاتوون:

(٦٠) **خانە** [ = هوای داخل خانە ] تان خیلی سردە/ ماڵەکەتان [ = هەوای ناوماڵەکەتا ] زۆر ساردە.

(٦١) **سماور** [ = آب درون سماور] تان غُل نمی زند/ سەماوەرەکەتان [ = ئاوی ناو سەماوەرەکە ] بەکوڵ نایەت.

(٦٢) **چــمدان** [ = محتويــات درون چــمدان ]تــان چــقدر ســنگينه/ جانتاكەتان [ = كەل و پەلى ناو جانتاكە ] چەند قورسە.
لەبابەتى ((ناوهێنانى شت بەمەبەستى شوێن))دا هاتووە:

(٦٣) فلانى را ديدم دو تـا **چايى** [ = فنجان چاى ] دسـتش بـود و مـى دويــد/ فلانــە كەســم بينــى دوو چــاى [ = دوو پيالّــە چــاى ] بەدەستەوە بوو ڕايدەكرد.

(٦٤) بيا **سوپ** [ = ظرف سوپ ] از دستت نيفته/ وەرە باسوپەكە [ = قاپى سووپەكە ] لەدەستت نەكەوێت.

(٦٥) برو آن **پلو** [ = ديس پلو ] را بياور/ بڕۆ ئـەو پـلاوە [ = مەنجـەڵى پلاّو ] بێنە.

## ٣/١/١/٥ پەيوەندى پەيوەستى و پەيوەستراوى
### (لازميت و ملزوميت)

ئـەم پێوەنـدە بريتييـە لـە بـەكاربردنى پەيوەسـت و پەيوەسـتراو لەشــوێنى يــەكتردا (←٤، ل ٢٣). لــەو بــارە نموونەگــەلێكى زۆر هێندراونەتەوە (← ٧، ل ١٤٧):

(٦٦) روى نگار در نظرم جلوه مى نمود
وز دور بوسه بر رخ **مهتاب** مى زدم (حافظ)

((مهتـاب/ تريفـە)) بـۆ ((مـانگ)) پەيوەسـتە و ((مـانگ))يش بـۆ ((تريفە)) وەكو پەيوەستراو وەردەگيرێت. بـەو شـێوەيە ((پەيوەسـت)) لەجێگــەى ((پەيوەســتراو)) بــەكاربراوە (← ٧، ل ١٤٧) پێچــەوانەى بابەتەكـەش هـەر وايـە، واتـا ((پەيوەسـتراو) لەجێگـەى ((پەيوەسـت)) بەكاردەبرێت (←٧، ل ١٤٨):

(٦٧) به طول و عرض و رنگ و گوهر و حد

چو **خورشیدی** که در تابد ز روزن (منوچهری)

شاعر ((خورشید/ خۆر))ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا مەبەستی ((هەتاو)) یاخود ((تیشکی خۆر))ە (← ٧، ل ١٤٨). سەبارەت بەهەردوو بابەت، واتە بەکارهێنانی ((پەیوەست)) لەبری ((پەیوەستراو)) و پێچەوانەکەشی، دەکرێ لەزمانی ئاساییدا نموونەگەلێکی زۆر بدۆزرێتەوە. نموونەکانی (٦٨) بۆ (٧٠) بەکارهێنانی ((پەیوەست)) لەبری ((پەیوەستراو)) نیشاندەدات و نموونەکانی (٧٠) بۆ (٧٣) پێچەوانەی ئەمە:

(٦٨) نشسته بود و بەمهتاب [ = ماه ] خیره نگاه می کرد/ دانیشتبوو سەیری مانگەشەوی [ = مانگ ] دەکرد.

(٦٩) بدون عینك به آفتاب [ = خورشید ] نگاه نکن/ بەبێ چاویلکە لە هەتاو [ = خۆر ] مەڕوانە.

(٧٠) لباسش گرُ [ = أتش ] گرفت/ جلەکانی گڕی [ = ئاگری ] گرت.

(٧١) بنشین آتش [ = حرارت آتش ] گرمت کنه/ دانیشە با ئاگرەکە [= گەرمی ئاگرەکە ] گەرمت کاتەوە.

(٧٢) این ماست [ = مزهٔ ماست ] خیلی ترشه/ ئەو ماستە [ = تامی ماستەکە ] زۆر ترشە.

(٧٣) جوراب [ = بوی جوراب ] هوشنگ خفەمان کرد/ گۆرەویەکانی [ = بۆنی گۆرەویەکان ] هوشەنگ هەناسەمانی بڕی.

### ٤/١/١/٥ پەیوەندی هۆیەتی (سببیّت)

لەم پەیوەندیەدا ((علت/ هۆکار)) لەجێگەی ((معلول/ بەرهۆ))دا بەکاردەبرێت یا پێچەوانەکەی (←٤، ل ٤٤). بۆ بابەتی ((ناوهێنانی هۆ

بەمەبەستی بەرهۆ)) دەتواندرێت سوود لەنموونەیەکی وەکو (٧٤) وەربگیرێت (←٤، ل ٢٤):

(٧٤) خسروی کار گدایی کی بود
این به **بازوی** چو مایی کی بود (عطار)

لەم نموونەیەدا ((بازو)) بەواتای ((دەسەڵات)) بەکاربراوە کە ((بازو)) هۆکار و ((دەسەڵات)) بەرهۆکەیەتی. بۆ مەسەلەی ((ناوهێنانی بەرهۆ بەمەبەستی هۆکار))یش دەتواندرێت نموونەیەکی وەکو (٧٥) بهێندرێتەوە:

(٧٥) ای **سرد و گرم** کشیده
شیرین و تلخ دهر چشیده (مسعود سعد سلمان)

((سرد)) و ((گرم)) وەکو بەرهۆ بۆ ((ئالوگۆڕەکانی ڕۆژگار)) لەبەرچاوگیراوە. (←٧، ل ١٤٧).

بەکارهێنانی ئەم جۆرە خوازەیە دیسان لەزمانی ئاساییدا نموونەی زۆری هەیە. بۆ وێنە بۆ ((ناوبردنی هۆکار بەمەبەستی بەرهۆ)) نموونەکانی (٧٦) تا (٧٨) لەزمانی پێوەردا دێنینەوە و، بۆ ((ناوبردنی بەرهۆ بەمەبەستی هۆکار))یش سەیری نموونەکانی (٧٩) تا (٨١) بکە:

(٧٦) قربانت بروم، پەیدست [ = زور ] بدە بە این ماشین، روشنش کنیم/ قوربانت بم، دەستێك [ = پالێك ] بەم ئوتومبێلەوە بنێ، تا هەڵی کەم.

(٧٧) داداش؛ لطفا چشمت [ = نگاهت ] بە این ماشین باشد/ برادەر، تکایە چاوێکت [ = ئاگاداری ] لەم ئوتومبێلە بێت.

(٧٨) بیا تو هم بە این کباب یە دندان [ = گاز ] بزن/ وەرە تۆش دەمێك [ = پاروویەك ] لەم کەبابە بدە.

(٧٩) آب [ = شیر آب ] راببند/ ئاوەکە [ = شێرەی ئاوەکە ] بگرەوە.

(٨٠) با جوهر [ = خود نویس ] بنویس/ بەمەرەکەب [ = قەڵەمی پاندان ] بنووسە.

(٨١) آدم گردن کلفت [ = قوی هیکل ] می خواد که باهاش دعوا کند/ کەسێکی ملەستوور [ = بەهێز ] دەیویست لەگەلیدا بەشەڕ بێت.

### ٥/١/١/٥ پەیوەندی گشت و تایبەت (عموم وخصوص)

ئەم پێوەندییە بەناوبردنی تایبەت بەمەبەستی گشت یاخود پێچەوانەکەی ناسێندراوە (← ٢، ل ٢٤). بۆ نیشاندانی بابەتی ((ناوبردنی تایبەت بەمەبەستی گشت)) دەتوانین ئاماژە بۆ نموونەی (٨٢) بکەین (← ٧، ل ١٥١):

(٨٢) ای خواجهٔ **ارسلان و آغوش**
فرماندهٔ خود مکن فراموش (سعدی)

((ارسەلان)) و ((آغوش)) دوو ناوی تورکی کۆیلەکان بووە کە لێرەدا لە شوێنی ((کۆیلە)) دا هاتوون (← ٤، ل ٢٤). نموونەی (٨٣)ش بۆ ((ناوبردنی گشت بەمەبەستی تایبەت)) دەهێندرێتەوە (←٧، ل ١٥٠):

(٨٣) گفت **پیغمبر** که چون کوبی دری
عاقبت زان در برون آید سری (مولوی)

لە نموونەی (٨٣)دا ((پیغمبەر)) لەشوێنی ((پێغەمبەری ئیسلام)) بەکاربراوە (← ٧، ل ١٥٠). ئەم جۆرە خوازەیەش لەزمانی پێوەرەدا بەکاربردنێکی فراوانی هەیە. نموونەکانی (٨٤) تا (٨٦) نوێنەرەوەی ((ناوبردنی گشت بەمەبەستی تایبەت)) و (٨٧) تا (٨٩) نوێنەرەوەی بەکارهێنانە پێچەوانەکەیەتی.

(٨٤) شـنيدم رسـتم [ = آدم گـردن كلفـت ] شـدى/ بيسـتم بوويەتـە ڕۆستەم [ = كەسێكى بەهێز و مل ئەستوور ].

(٨٥) ما ابن سينا [ = فيلسوف ] فراوان داريم/ ئێمە ئيبن سيناى [ = فەيلەسوف ] زۆرمان هەيە.

(٨٦) خيلـى يزيـد [ = آزار دهنـده ] شـده/ زۆر لـە يەزيـد [ = زۆردار ] دەچێت.

(٨٧) به پيغمبر [ = پيغمبر اسلام ] قسم، من اين كار رانكردەام/ سوێند بە پێغەمبەر [ = پێغەمبەرى ئيسلام ] من ئەو كارەم نەكردووە.

(٨٨) عراقـى هـا [ = صـدام ] دنبـال صـلح نيسـتند/ عيراقييـەكان [ = سەدام ] ئاشتيخوازنين.

(٨٩) شاه [ محمد رضا شاه ] رفت/ شا [ = محەمەد ڕەزا شا ] ڕۆيشت.

### ٦/١/١/٥ پەيوەندى ڕابردوويى و داهاتوويى (ماكان وما يكون)

لەم جۆرە پێوەنديـەدا بـارودۆخێكى بەسەرچووى شتێك لـەبرى بارودۆخى ئێستاى ئەو شتە بەكاردەبرێت ياخود بەپێچەوانەوە. واتـە يا ئەوەتا ((ناوهێنانى ئـەوەى ڕابـردوو و بەمەبەسـتى ئـەوەى داهـاتوو دەبێـت)) يـاخود ((ناوهێنـانى ئـەوەى داهـاتوو بەمەبەسـتى ئـەوەى ڕابـــردووە)) (← ٤، ل ٢٥). بـــۆ ((ناوهێنـــانى ڕابـــردوو بەمەبەســـتى داهاتوو))، دەتوانين نموونەى (٩٠) بێنينەوە (← ٧، ل ١٤٩):

(٩٠) ماه آبان چو آب جوى ببست

**آب انگور** بايد اندر دست (مسعود سعد سلمان)

((آب انگور/ ئاوى ترێ)) بەواتاى ئەو شتەيە كە لە پێشدا بـووە و لـەبرى ((شـەراب)) كـە شـێوەى ئێسـتايەتى بـەكاربراوە(← ٧، ل ١٤٩)

نموونــەی (٩١) نیشــاندەری ((ناوهێنــانی داهــاتوو لــەبری ڕابــردوو))ە (←٧، ل ١٤٩):

(٩١) همان بَر که کاری همان بدروی
سخن هر چه گویی همان بشنوی (فردوسی)

بــەکارهێنانی ((بَــر/ میــوە)) لــەبری ((دەنــك)) نیشــاندەری بەکارهێنانی ((داهاتووە)) لەبری ((ڕابـردوو)) (← ٧، ل ١٤٩). وادیارە بەکارهێنانی ئەم جۆرە خوازەیە لەزمانی ئاسایی فارسیدا پاتبوونـەوە و ڕوودانێکـی زۆری هەیـە. نموونـەکانی (٩٢) تـا (٩٤) بـۆ ((ناوهێنـانی ڕابردوو بەمەبەستی داهاتوو)) و (٩٥) بۆ (٩٧) بۆ ((ناوبردنی داهاتوو بەمەبەستی ڕابردوو))، لەزمانی ئاساییدا نوێنەرەوەی هەمان ڕوودان و هاتنەوەن.

(٩٢) آخه **بچه** [ = آن که روزگاری بچه بوده ] باید احترام مادرش راگه دارد/ئاخر منـاڵ [ = ئـەوێك کـەوا ڕۆژگارێـك منـاڵ بـووە ] دەبێ ڕیزی دایکی بگرێت.

(٩٣) **توله سگ** [ = سگی که روزی توله بوده ] هوشنگ هم حسابی بزرگ شد/ ئەم توولەسەگە [ = ئەو سەگەی ڕۆژێك توولـە بـووە ] هۆشەنگ زۆر بەخێرایی گەورە بووە.

(٩٤) **دانشجو** [ = کسی که روزی دانشجو بوده ] همیشه احترام استادش را دارد/ خوێنکـار [ = کەسـێ کـە ڕۆژگارێـك خوێنـدکار بـووە ] هەمیشە ڕیزی مامۆستاکەی دەگرێت.

(٩٥) پسرم **دکتر** [ = دانشجوی پزشکی ] است/ کوڕەکەم پزیشکە [ = خوێندکاری پزیشکییە. ]

(٩٦) جناب **سروان** [ = آن که قرار است بعدها سروان بشود ] بـه خـدا مـن بـی تقصیرم/ جـەنابی ئەفسـەر [ = ئـەو کەسـەی کـە دواتـر دەبێت بە ئەفسەر ] بەخوا ئەمن بێ خەتام.

(٩٧) برو **سوپ** [ = آنچه قرار است سوپ بشود ] را هم بزن/ بڕۆ سوپەکە [ = ئەوەی کە دەبێت بە سوپ ] تێك بدە.

### ٧/١/١/٥ پەیوەندی ڕەگەزی (جنس)

لەم جۆرە پێوەندییەدا ڕەگەزی شتێك دەگوترێ و مەبەست لێی خودی شتەکەیە (←٤، ل ٢٦):

(٩٨) بدان **آهن** که او سنگ آزمون کرد
تواند بیستون را بی ستون کرد (نظامی)

لەنموونەی (٩٨)دا، ((آهن/ ئاسن)) لەبری ((دەمی کولینگێك کە لە ڕەگەزی ئاسنە)) بەکاربراوە (←٤، ل ٢٦). ئەم جۆرە خوازەیە لەزمانی ئاساییشدا بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە:

(٩٩) برای مهمانی امشب **نقرها** [ = ظرف های نقره ] را در بیاور/ بۆ میوانییەکەی ئەمشەو مسەکان [ = قاپ و قاچاخە مسەکان ] دەربێنە.

(١٠٠) برو آن **پلاستیك** [ = ظرف پلاستیکی ] را بیاور/ بڕۆ ئەو پلاستیکە [ = قاپی پلاستیکە ] بێنە.

(١٠١) **طلاها** [ = أشیاء از جنس طلا ] یش را فروخت/ زێڕەکانی [= کەل و پەلە زێڕینەکانی ] فرۆشت.

### ٨/١/١/٥ پەیوەندی دیارخەر و دیارخراو (صفت وموصوف)

لەم پێوەندییەدا، دیارخەر لەبری دیارخراو بەکاردێت؛ بۆ وێنە ((مصطفی)) کە بەواتای ((هەڵبژاردە))یە لەبری ((پێغەمبەری ئیسلام)) بەکاردەبرێت (← ٤، ل ٢٦).

ئەم جۆرە خوازەیەش لەزمانی ئاساییدا ڕوودان و هاتنەوەیەکی زۆری هەیە.

(١٠٢) **جوان** خدا حفظت كند.

(١٠٣) آخه **كوتوله** تو را چه به اين حرف ها.

(١٠٤) به اون **گنده** محل نذار.

### ٩/١/١/٥ پەیوەندی پاڵپشت و پاڵدراوی (مضاف ومضاف اليه)

لەم پێوەندییەدا دەكرێت هەر كام لە موزاف یا موزاف ئیلەیهی، لەبری ((موزاف و موزاف ئیلەیهی)) بەكاببرێت (←٤، ل ٢٦):

(١٠٥) حاجی به ره **كعبه** و من طالب ديدار
او **خانه** همی جويد ومن صاحب خانه (مولوى)

لەنموونەی (١٠٥) هەركام لە ((كعبه)) و ((خانه)) بەناونیشانی موزاف ئیلەیهی و موزافن ((خانووی كەعبە))، كەچی هەر یەكێكیان لەبری هەردووكی ((موزاف و موزاف ئیلەیهی)) بەكارهاتوون. ئەمەش لەزمانی ئاساییدا نموونەی زۆرە:

(١٠٦) به هوشنگ [ = خانهٔ هوشنگ ] زنگ زدم.

(١٠٧) رفتم خانه [ = خانه خودم ].

### ١٠/١/١/٥ پەیوەندی هاوسێتی (مجاورت)

وشەیەك بەهۆی هاوسێتییەوە لەبری وشەیەكی دیكە بەكاردەهێندرێت؛ لەوێنەی ناوبردنی ((صبح/ سپێدە)) لەبری ((خورشید/ خۆر)) لەنموونەی (١٠٨)دا (← ٤، ل ٢٧):

(١٠٨) چو زاغ شب به جابلسا رسيد از حد جابلقا
بر آمد **صبح** رخشنده، چو از ياقوت عنقايى (ناصر خسرو)

(١٠٩) بدان خرمی روز هرگز نبود
پی مرد بیراه بر دژ نبود (فردوسی)

دروست کردنی قوللە لەنزیك سنوورەكان كارێكی وایكردووە لەبری ((مرز/ سنور)) سوود لە ((دژ/ قوللە)) وەربگیرێت (←٧، ل ١٥٢) لەم بارەیەوە دەتوانین نموونەگەلێكی وەكو ((رفتیم شمال/ چووینە شیمال)) [ = چووینە گیلان ]، ((دلم دەخوازێت بڕۆم بۆ ئیمام رەزا (س) )) [ = دلم دەخوازێت بڕۆم بۆ مەشهەد ] هی دیكەش لەزمانی ئاساییدا بهێنینەوە.

### ١١/١/١/٥ پەیوەندی دژایەتی (تضاد)

وشەیەك بەواتایەكی دژی خۆی بەكاردەبرێت (←٤، ل ٢٨):

(١١٠) ناصحم گفت كه جز غم چەهنری دارد عشق
گفتم ای خواجهٔ **عاقل** هنری بهتر از این (حافظ)

بەكارهێنانی ئەم جۆرە خوازەیە لەزمانی ئاساییدا زۆرە.

(١١١) آدم **عاقل** [ = نادان ] این هم كار بود كه كردی؟/ پیاوی ژیر [ = ناژیر ] ئاخر ئەوە كار بوو تۆ كردت؟

(١١٢) مرد **حسابی** [ = ناحسابی ] مگه نگفتم دست بەبرق نزن/ كوڕی باش [ = خراپ ] ئاخر نەم گوت دەست لەكارەبا مەدە.

### ١٢/١/١/٥ پەیوەندی لێكچوون (تشابه)

ڕەنگە لە سەرەتادا، خستنەڕووی جۆرەكانی خوازە لەسەر ئەو بنەمایەی كە لە نەریتدا بە ((پێوەند)) ناونراوە، لانی كەم لەم باسەماندا، وەكو كارێكی بێهوودە بێتە بەرچاو و دووبارەكردنەوەی هەمان ئەو نەریتەی پێشینان بێت كەوا لەكتێبەكانی ((ڕوونبێژیدا))

دووبــاره و چــەند بــاره کرابێتنــەوە. بــەڵام بــۆ مەســەلەی دووبارەکردنەوەی ئەم بابەتانە، ئێمە دوو پاساومان هەیە؛ یەکەمیان بـۆ ئەوەیـە بیسەلمێنین، کەواشـارەزایانی هونـەری ڕوونبێـژی هـەر لـە کۆنەوە سەرقاڵی پۆلبەندی بابەتی جۆرەکانی خوازەبوون و بێ ئـەوەی هاوبەشی ئەو جۆرانـەیان لەبەرچاوبێت؛ چـونکە کاتێـك ((پەیوەنـدی گشتی و کـەرتی)) باسـدەکرێت، ئـیتر پاسـاوێك بـۆ باسـکردنی زۆر لـەو جۆرانـە، بـۆ وێنـە ((پەیوەنـدی شـوێن وشـت))، ((پەیوەنـدی گشـت و تایبەت))، ((پەیوەندی موزاف و موزاف ئیلەیهی)) هی تریش، لەئارادا نامێنێـت و ئـەم ((پەیوەنـدی گشـتی و کەرت))ییـە دەتوانێـت زۆرێـك لەمانە بگرێتەوە.

پاساوی دووەمیش ئەوەیە پیشانی بدەین کە ئەوەی بە ((خوازە)) نـاونراوە دەکرێـت، لـەزمانی ئاسـاییدا ڕوودان و هاتنەوەیـەکی زۆری هەبێ، بەشێوەیەکی ئەوتۆ ئەم ڕوودان و هاتنەوەیـە بەڕادەیـەکی وایـە کـە ئـیتر ناتوانـدرێت ((خـوازە)) وەکـو جـۆرێکی ئـەدەبی وەربگیرێـت. ڕەنگـە بتـوانین بەلێبڕاوییـەوە بڵـێین کـە تـەنیا شەمیسـا پـەی بـەو مەسەلەیە بردووە و لەکاتی باسکردنی ((خـوازە))دا جـۆرێکی تایبـەتی کەلەسەر بنەمای ((لێکچوون)) دروسـت دەبێـت، لـە جۆرەکـانی دیکـەی خـوازە جیـا دەکاتـەوە و ئامـاژە بـۆ ئـەو بنـەما سـەرەکییە دەکـات کـە جۆرەکـانی دیکـەی خـوازە لـە ڕاسـتیدا پەیوەنـدییان بـە واتاناسـییەوە هەیە (←٤، ل ٢١).

ئەو بەڕاستی و بەتەواوی تەنیا ئەو جۆرە خوازەیە بـە شایسـتەی پۆلبەندی لەڕیزی ((جوانکاری شیعر))ی دادەنێت کـە پێـی دەگوترێـت ((خواســتنی خــوازەیی/ مجــاز بالاســتعارە))و لــەو بارەیــەوە دەڵــێ، خستنەبەرباسی مەسەلەی خوازە لە ڕاستیدا تـەنیا بـۆ بەدیارخسـتنی ئـەو جۆرەیـان، واتـە ((خواسـتن)) بـووە (←٤، ل ٢٨)، چـونکە شـتێکی بەڵگەنەویســتە هــەر کــاتێ ئــەرکێك لــەزمانی ئاســایی دا ڕوودان و

هاتنەوەیەکی زۆری هەبوو، ئیدی ناکرێت وەکو جۆرێك لەپرۆسەی بەرجەستەسازی سەیربکرێت و بەشێکی ((جوانکاری شیعر))یش بەخۆیەوە شەتەك بدات.

## ٢/٥ چوواندن (تشبیه)

لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەکاندا، چوواندن لەچوارچێوەی ڕستەیەکی لێکچووندا باس دەکرێت کە لە چوار بەش پێکدێت: لێچوو، لەوچوو، ڕووی لێکچوون، ئەوزاری چوواندن. بەو شێوەیە، وەك چۆن لەم ڕستە چوواندنەی نموونەی (١١٣)دا هاتووە:

(١١٣) شادمان گشت و دو **رخسارهٔ چون گل بفروخت**

زیر لب گفت که احسنت و زه ای بندەنواز (فرخی)

((ڕوخسار)) بەهۆی ((داگیرساوی)) [ = سووری ] یەوە بە ((گوڵ)) چوێندراوە. لەم ڕستەیەدا، ((ڕوخسار)) لێچووە، ((گوڵ)) لەو چووە، ((چون)) ئەوزاری چوواندن و ((داگیرسان)) ڕووی لێکچوونی پێدەگوترێت (←٤، ل ٣٤).

لەڕستەی چواندندا دەشێ ئەوزاری چوواندن و ڕووی لێکچوون لاببرێت و لەم دۆخەدا بەلابردنی ((ڕووی لێکچوون)) چوواندنی پوختە (مجمل) و، بەلابردنی ((ئەوزاری چوواندن)) چوواندنی ڕەوان (بلیغ)مان دەست دەکەوێت.

(١١٤) لبش چون **لعل** سرخ است/ لێوی وەکو لەعل سوورە.

(١١٥) لبش چون **لعل** است/ لێوی وەکو لەعلە.

(١١٦) لبش **لعل** است/ لێوی لەعلە.

لەنموونەکانی (١١٤) و (١١٥) بەلابردنی دوو پایەی ((ڕووی لێکچوون)) و ((ئەوزاری چوواندن)) لە ((چوواندنی درێژە))ەوە

گەیشتووینەتە ((چوواندنی پوختە)) و لەنموونەی (١١٥)دا لە ((چوواندنی پوختە))ەوە دەگەین بە ((چوواندنی ڕەوان)).

بەو شێوەیە دەتوانین بڵێین کەوا ((چوواندن)) بریتییە لە هەڵبژاردنی دوو نیشانە لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی و ڕیزکردنیان لەسەر تەوەری هاونشینی. سوود وەرگرتن لە ((ڕووی لێکچوون)) و ((ئەوزاری چوواندن)) لەسەرتەوەری هاونشینی، ڕوونکردنەوەیەکی زیاتر بەئەرکەکە دەبەخشێت و بەگوێرەی ئەوەش کە ناومان ناوە ((مەبەستدارسازی هاونشینی))، ڕێگە بەوە دەدات تاوەکو ((مەدلول)) لە ((میسداق)) نزیکتر بێتەوە. ئەنجا لەسۆنگەی ئەوەوە بەکارهێنانی چوواندن لەدوورترین مەودای نێوان مەدلول و میسداقدا بە ((چوواندنی ڕەوان)) ناودەنرێت. هەرچەند لە ((چوواندنی درێژە))وە بەرەو ئاراستەی ((چواندنی ڕەوان)) بڕۆین، بەهۆی دابەزینی مەبەستداری هاونشینییەوە، ڕوودان و هاتنەوەی لەزمانی ئاسایی کەمتر دەبێت. لەمەسەلەی بەکارهێنانی ((چوواندنی درێژە)) لەزمانی ئاساییدا دەتوانین نموونەکانی (١١٧) بۆ (١٢٠) بێنینەوە.

(١١٧) پوست صورتش واقعاً مثل گل نازکە.

(١١٨) نشستە مثل خرس غذا می خورد.

(١١٩) مثل گاو سرش را پایین انداخت و رفت.

(١٢٠) یکی کە پیچید توی آن بن بست، بقیە هم مثل گوسفند دنبالش رفتند.

بۆ بەکارهێنانی ((چوواندنی پوختە)) لەزمانی ئاساییدا نموونەکانی (١٢١) تا (١٢٤) دێنینەوە. تێبینی ئەوە دەکرێت کە ڕوودان و هاتنەوەی ((چوواندنی پوختە)) لەئاست ((چوواندنی درێژە))، لەزمانی ئاساییدا کەمترە.

(١٢١) صورتش مثل ته ديگ عدس پلوست.

(١٢٢) با آن قد مثل ميخ طويلهٔ پای خروسش، چه لباسی پوشيده.

(١٢٣) با آن دماغ مثل خرطومش نشسته بود، به بقيه ايراد هم می گرفت.

(١٢٤) با آن موی مثل يال شيرش جلويمان نشسته بود، نگذاشت فيلم را ببينم.

لە لێکۆڵینەوەی چوواندندا بەپێی هەستیبوون، یاخود ژێریبوونی لێچوو و لەوچوو، چوار دۆخیان داناوە، بە گوێرەی ئەوەی کەوا لێچوو و لەوچوو بەو ڕیزبەندییە ((هەستی — هەستی))، ((هەستی — ژیری))، ((ژیری — هەستی)) و ((ژیری — ژیری)) بن. بەو ڕادەیەی کە نموونەکانی (١١٧) تا (١٢٤) نیشانی دەدەن، وا دیارە بەکارهێنانی چوواندن لەزمانی ئاساییدا، زیاتر بەلای ((هەستی)) بوونی هەردوو لایەنی چوواندنەکەدا دەشکێتەوە و چوونی لێچوو و لەوچوو بە ئاراستەی ئەوەی کە بە ((ژیری)) ناودەبرێت، بەهۆی دوورکەوتنەوەی مەدلول لەمیسداق، کارایی خۆی لەزمانی ئاساییدا لەدەست دەدات و تایبەت دەبێت بەزمانی شیعر.

### ٣/٥ درکە (کنایە)

لە لێکۆڵینەوە دێرینەکانی ئەدەبیاتدا، ((درکە)) بە پێکهاتە یاخود ڕستەیەك دادەنرێت کە نیازی ئاخێوەر تیایدا واتا ڕووالەتییەکەی نەبێت (←٤، ل ٩٣)؛ هەر چەندە شەمیسا وای بۆ دەچێت کە دەکرێ لە ((درکە))دا واتا ڕووالەتییەکەش مەبەست بێت. لەو بارەوە ئەو ڕستەیەکی وەك ((فلانە کەس دەرگای ماڵەکەی کراوەیە)) بە نموونە دەهێنێتەوە (←٤، ل ٩٩) کە دەشێ واتای کەسێکی ((میوان دۆست)) بگەیەنێت، هەروەها دەکرێ واتا

ڕووالەتییەکەش مەبەست بێت؛ واتە ((کەسێك کە دەرگای ماڵەکەی کراوە بێت)). بەو شێوەیە دەتواندرێت درکە بەجۆرێك لە بە هەڵەبردن (ایهام) دابندرێت، بەجیاوازی ئەوەی کەوا ((درکە)) لەزمانی ئاساییدا سەرچاوە هەڵدەگرێت بۆ ناو زمانی ئەدەب و لەم زمانەدا بەرجەستە دەبێت.

لە ڕوونبێژی نەریتیدا، جۆرەکانی درکە بەپێی ڕۆشنی، واتە خێرایی گوێزانەوە لە واتای ڕووالەتییەوە بۆ واتای لاوەکی، بەسەر جۆرەکانی ((ئیماء))، ((تەلویح))، ((ڕەمز))، ((تەعریض)) دابەشکراوە (← ٤، ل ٩٦). بۆ نموونە، ((ڕەخت پۆشین)) کە بەواتای ((سەفەرکردن)) دێت بە ئیماء دەژمێردرێت، ((دەمی کیسە شلکردن)) بەواتای ((هاتنەدەرەوە)) بە تەلویح دەدرێتە قەڵەم، ((ئوینباز)) بەواتای ((وریا و فێڵباز)) وەکو ڕەمز حیساب دەکرێت، بەلام ((تعریض)) ئەو جۆرەیە لە درکە کە بەگوێرەی هەلومەرجێکی تایبەت تەنیا دوێنەرەکە تێی دەگات، وەك ئەوەی دۆستێکم خەریك بوو لە جۆگە ئاوێك بپەڕێتەوە و کەوتە نێو ئاوەکەوە، بۆیە کاتێك جارێکی تر چاوم بە برادەرەکەم دەکەوێتەوە پێی دەڵێم ((ئیتر لە جۆگە ناپەڕیتەوە وانییە؟)) ئەوکاتە برادەرەکەم تێدەگات کە من بە توانج قسەی لەگەڵ دەکەم.

بەو ڕەنگە ((تعریض)) لە بنچینەدا لە ئەدەبیات بەکارنابرێت، مەگەر ئەوکاتە نەبێت کە نووسەر بابەتەکەی بۆ وەرگرێکی تایبەت نووسیبێت، دیارە ئەوکاتەش واتای لاوەکی نووسراوەکەی بەلای خوێنەرانی دیکەوە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە.

بەلای نووسەری ئەم دێرانە، بە وردی دیار نییە کە هۆکاری ((ڕۆشنی)) تا چ ڕادەیەك دەشێ وەکو پێوەرێکی ورد لە لێك جیاکردنەوەی نێوان ((ایماء))، ((تلمیح)) و ((رمز)) وەربگیرێت؛ بەلام ئەگەر هات و ئەم لێك جیاکردنەوەشمان بەکارێکی ورد دانا، ئەوە

ئێستا ڕوونە کە درکە لە ئاستەکانی سەرووی وشەوە و بە تایبەت لەئاستی ڕستەدا کاردەکات، لەوەوەش کەوا قەرینە یاخود پەیوەستێکی ئاماژەداری بۆ واتای لاوەکی نییە (←٤، ل ٩٩)، کەواتە تەنیا دەتوانێت ئاماژە بۆ واتایەکی لاوەکی بکات کە لە پێشدا زانرابێت. یا ئەوەتا بە گوتەیەکی وردتر، ڕستە و پێکهاتە درکەییەکان وەکو یەك نیشانەی زمانی کاردەکەن و وەك ئەو نیشانەیە دەژمێردرێن کە بەپێی ((لێکچوونی واتایی))، لەسەر تەوەری جێنشینیدا لەبری نیشانەیەکی دیکە ((هەڵدەبژێردرێن)). لێرەدا لەڕێگەی چەند نموونەیەکەوە مەسەلەکە ڕوونتر دەبێتەوە!

(١٢٥) باید پول خرج کنی/ پێویستە پارە خەرجبکەیت.

(١٢٦) باید سر کیسە را شل کنی/ پێویستە سەری کیسەکەت شلبکەیتەوە.

ڕستەی (١٢٦) لەئاست ڕستەکەی (١٢٥)دا بە درکە دەژمێردرێت و ناکرێت بەواتایەکی دیکە بەکارببرێت. بەگوتەیەکی ڕوونتر، ((دەمی کیسە شلکردن)) هاوواتایە لەگەڵ ((پارە خەرجکردن)).

(١٢٧) آدم ناقلایی است/ کەسێکی زۆڵە.

(١٢٨) آدم دم بریدەای است/ کەسێکی زیرەکە.

هەمان ئەو مەسەلەیە سەبارەت بە نموونەکانی سەرەوەش دروستە. بۆیە دەکرێ بگوترێت کە درکە شیاوی ئەزبەرکردنە؛ واتە ڕستە یاخود پێکهاتەیەکە واتایەکی دیاریکراوی هەیە و خوێنەر دەستی لە ((هەڵبژاردن))ی واتاکەیدا نییە.

ئەو شیمانەیە لە ئارادایە کە بەرجەستەسازی لە درکەدا ئەنجام بدرێت. پێشتر گوتمان درکە لە زمانی ئاساییەوە دەچێتە نێو زمانی ئەدەب، بەڵام هیچ ڕێگریەك لەبەردەم شاعیردا نییە کە گۆڕانکاری لە

درکــەدا بکــات. بــۆ وێنــە دەکــرێ نموونەکــەی (١٣٦) بگــۆڕین بــۆ نموونەیەکی وەکو (١٢٩):

(١٢٩) بزرگی بایدت دل در سخا بند
سر کیسە بە برگ گندنا بند (نظامی)

ئەگەر هات و کەسێك زانی کەوا ((بـرگ گنـدنا/ لاسکی کـەوەر)) زۆر مەحکەم نییـە، ئـەوە بەئاسـانی دەتوانێـت تێبگـات کـە نیـوەدێری دووەمی نموونەی (١٢٩) هەمان ئەو درکەیـەی نموونەکـەی (٢١٦)ە. ئـەو مەسەلەیەی کە لێرەدا باسکرا، سەرنجی شەمیسایشی ڕاکێشاوە. ئەو لـە مەسەلەی ((ڕەمز))دا ئاماژە بۆ ئەو خاڵە دەکات و دەڵێ ((بەهەر حـاڵ ڕەمزەکان تا بڵێی ئاڵۆز و بەستراون، واتە واتای خۆیـان بـەدیار ناخـەن و پێویستە واتـای ئـەم بابەتـە زمـان و نیشـانەیە لـە کەسێکی دیکـەوە ببیسترێت یا ئەوەتا لە کتێبەکانی زماندا بیدۆزینـەوە)) (← ٤، ل ٩٨). بـیری کـراوەی شەمیسـا بـەوردی ئـەو خاڵـەی دەستنیشـانکردووە کـە شێوەگشتییەکەیمان سەبارەت بە سـەرتاپای ((درکـە)) باسـکردووە. جا ئەگــەر بێــت و ئــەم بۆچــوونە دروســت بێــت، ئــەوە دەتوانــدرێت گریمانەیەکی دیکە لەسەر هەمان ڕێوشوێن بخرێتە بەردەست، ئـەویش ئەمەیــە کــەوا ڕســتە و پێکهاتــەکانی درکــە ئاســا لــە وشــەنامەی (vocabulary) زمـانی ئاساییدا جـێگیر دەبـن وەکـو گشـت نیشـانەکانی هاوئاستی خۆیان، واتە وەکو نیشـانەکانی دیکـەی ئاسـتی وشـەیی زمـان بــەکار دەهێنــدرێن، بــێ ئــەوەی خوێنــەر لــەکاتی بەریەککــەوتنی لەگەڵیانــدا، بتوانێــت لەخۆیــەوە داهێنانێــك ئەنجامبــدات. یــان بەگوتەیـەکی سـادەتر، خوێنـەر لـەکاتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ ڕسـتە یـاخود پێکهاتەیـەکی درکـە ئاسـا لەسـەر ئاسـتی تـەوەری هاونشـنیدا، بـەوردی هـەر ئـەو ((هەڵبـژاردن))ەی دەسـت دەکـەوێت کـەوا نووسـەر لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینیدا پێی گەیشتووە.

### ٤/٥ خواستن (استعارة)

لەکاتی باسکردنی ((خوازە))دا، بە تەنیا ئاماژەمان بۆ جۆرە داهێنەرەکەی، واتە ((خوازە بەگوێرەی پەیوەندی لێکچوون)) کرد و گوتمان کە ئەم جۆرە خوازەیە ئەوەیە کە بە ((خواستن)) ناودەبرێت و شەمیسا بەدروستی تەنیا ئەمەیان بەخوازەیەکی پڕ ڕەنگ لەزمانی ئەدەبدا دەژمێرێت (←٤، ل ٥٧). بەلأم لە لایێکی دیکە خوازە بە بەرزترین جۆری چوواندنیش دادەندرێت، ئەویش لە دۆخێکدا کە لە نێو پایەکانی چوواندندا، واتە لێچوو، لەوچوو، ئەوزار و ڕووی لێکچوون، تەنیا لەوچوو بهێندرێتەوە. لە بارودۆخێکی وادا، نیشانەیەك بەگوێرەی ((لێکچوونی واتایی)) لەبری نیشانەیەکی دیکە لەسەر تەوەری جێنشینی هەڵدەبژێردرێت و لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا جێگیر دەکرێت. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کەوا ((خواستن)) چڕترین جۆری چوواندنە؛ هەر چەندە جیاوازییەکی ورد لەنێوان چوواندن و خواستندا هەیە.

لە ((چوواندنی ڕەوان))دا کە بە بەرزترین جۆری چوواندنی ئەندێشەدار دادەندرێت، لێچوو و لەوچوو لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی لە ((ڕیزکردن))ێکی پێکەوەیی دان. هەر ئەو ((ڕیزکردن))ە جۆرێك لە ((مەبەستداری هاونشینی)) لێ دەکەوێتەوە و بەخوێنەری نیشاندەدات، کەوا ئەم دوو نیشانەیە بەگوێرەی ((لێکچوون)) لەم ڕیزکردنە لەگەڵ یەکتریدا یەکیان گرتۆتەوە؛ لەکاتێکدا کە لە ((خواستن))، ئەم مەبەستدارییە هاونشینییە لەناو دەچێت و لەوچوو ئیتر بە لێچوو ناچێت، بەڵکو هەر خۆی لێچووە.

ڕێگا بدەن ئەم گریمانەیە ڕوونتر باسبکەین، کاتێك باس لە ((خورشید چون گوی عسل/ خۆرێکی وەك خڕۆکەی شانەی هەنگوین)) دەکەین، خوێنەر دەخەینە دۆخێکەوە تێبینی ئەوە بکات

کە باس باسی ((خۆر))ە. ئەوسا خوێنەر لەکاتی بەرەوڕووبوونی لەگەڵ تەوەری هاونشینی، بەدوای نیشانەیەکدا دەگەڕێت لەسەر تەوەری جێنشینی کە پەیوەندی لەگەڵ ((خۆر))دا هەبێت. بەڵام ئەگەر ((خڕۆکەی شانەی هەنگوین))مان لە جێگەی ((خۆر)) دانا، ئەوە ڕێگا بۆ خوێنەر خۆشدەکەین تاوەکو ((خڕۆکەی شانەی هەنگوین)) بە واتایەکی دڵخوازی خۆی لێکبداتەوە.

(١٣٠) خورشید چون گوی عسل بە خون نشست/ خۆرێکی وەك خڕۆکەی شانەی هەنگوین ڕەنگی خوێن دەدا.

(١٣١) آن گوی عسل بەخون نشست/ ئەو خڕۆکەی شانەی هەنگوینە بەڕەنگی خوێنە.

لەنموونەکەی (١٣٠)دا هاتنی لێچوو لەتەك لەوچوودا جۆرێك لە زۆر لێکردن لە بانگهێشتکردنی خوێنەری لێ بەدیدێت کە بە ئاراستەی درکپێکدرنی ((ئاوابوونی خۆر))ی دەبات، لەکاتێکدا نموونەی (١٣١) ئازادی بەخوێنەر دەبەخشێت تاوەکو مۆرکی داهێنەرانەی خۆی بخاتەگەڕ و گوزارشتگەلێکی دیکە لەوێنەی ((فرمێسکی ئەڤیندار))، ((خوێناوی بوونی چاوێك بەڕەنگی هەنگوین)) هی تر بەدەست بهێنێت. بەگوتەیەکی سادەتر، ((خواستن)) دوورترین مەودا لەنێوان ((مەدلول)) و ((میسداق))دا دەڕەخسێنێت و ئەندیشەدارترین جۆری قسەمان بۆ دێنێتە بەرهەم.

پێویستە دووبارە جەخت لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەینەوە کە زمانەوانی ئامرازێکی لەبارەی دەستنیشانکردنی ((جوانی)) لەبەردەستدا نییە. دەکرێ پەڵپ و بیانووی ئەوە لەزمانەوان بگیرێت کەوا زۆرێك لە چوواندنەکان چەند قات لەهەندێ لەخواستنەکان جوانترن. هیچ زمانەوانێك نکوولی لە بابەتێکی وا ناکات، بەڵام زانست پێوەرێکی بۆ دەستنیشانکردنی ((جوانی)) لە لا پەیدا نابێت.

زمانەوانی تا ئەو ڕادەیە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەرەو پێش دەڕوات کەوا زانست بۆی ڕەخساندووە. لەو سنووورە بەو لاوە زمانەوانی قسەیەکی نییە بیکات. ئەوەی کەوا ((چوواندن)) جوانترە یاخود ((خواستن))، لەئاقارێکدا باسی لێوە دەکرێت، کە لە چوارچێوەی زانستێکی وەکو زمانەوانیدا نییە؛ بەلاّم بەهەر حالّ بەدەر لە مەسەلەی ((جوانی))یش دەتوانین بلّێین، کەوا کرۆکی ((خواستن)) دوورکەوتنەوەی هەرچی زیاتری ((مەدلول)) لە ((میسداق))ی لیّ دیّتە ئەنجام.

ئێمە لێرەدا ((خواستن))مان بەچڕترین جۆری ((چوواندن)) ناوبردووە بیّ ئەوەی بچوکترین ڕا ڕاییمان بێتە سەر ڕێگا؛ بەلاّم واقعییەتی مەسەلەکەش وایە کە لێکۆڵینەوە دێرینەکانی هونەری ڕوونبێژی بەو سادەییە بەسەر بابەتەکەدا تێنەپەڕیون. شەفیعی کەدکنی بەوردی بیروڕا و جیاوازی باری سەرنجی شارەزایانی کۆنی لەبارەی ((چوواندن)) و ((خواستن))دا باسکردووە (←٢، ل ١٠٧ — ١٢٣). بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێرانە ئەم باس و بیروڕایانە دەکەوێتە دەرەوەی مەیدانی لێکۆڵینەوەی هونەری شیعر و پیّ دەنێتە بواری باسی فەلسەفەوە بیّ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی زانستی.

ڕەنگە بتوانین بە لێبڕاوی بلّێین کەوا شەفیعی کەدکنی بەوردی پەی بەم مەسەلەیە بردووە و پێناسەی خواستنی بە یەکێك لە ئالۆزترین پێناسەکانی نێو کتێبەکانی ڕەوانبێژی پێشینان داناوە. (←٢، ل ١٠٧) بەدلّنیاییەوە دەتوانین بلّێین کەوا شەفیعی کەدکنی بۆ یەکەمجار لەباسەکانی جوانکاریدا سەرنجی خستۆتە سەر وێنەگەلی ئەندێشەیی. ئەو باوەڕی وایە، لەگەلّ ئەوەشدا کە بواری گشتی ئەندێشەی شاعیرانە هەر لە نێو چوار لایەنەکەی هونەری ڕوونبێژیدا جێگای دەبێتەوە، بەلاّم لەنێو بابەتەکانی هونەری جوانکاریشدا ئامرازگەلێك هەن کە دەکریّ لەپالّ ((چوواندن))، ((خوازە))،

((خواستن)) و ((درکە))دا باسیان بکرێت و لە وێنەی جۆرەکانی داهێنانی شیعری وەربگیرێن (← ٢، ل ١٢٤). لەو بارەوە ئەو ئاماژە بۆ سنعەتگەلێکی وەکو ((بەهەڵەبردن/ ایهام))، ((کۆتایی دڵگیر/ حسن التخلص))، ((وەچەرخان/ استطراد))، ((ئاوڕدانەوە/ التفات))، ((ڕاگومکێی ئاشنا/ تجاهل العارف))، ((زێدەگۆیی/ اغراق)) دەکات. کە بنەمای باسی ئەم بابەتانەی لەم بەشەی لەبەر دەستدایە، بۆ دەخاتەڕوو (← ٢، ل ١٢٥).

### ٥/٥ بە هەڵەبردن (ایهام)

لە ((جوانکاری واتایی)) نەریتیدا، بەهەڵەبردن بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مەسەلەی فرەواتاییدا باسدەکرێت (← ٣، ل ١٠٢)، هەرچەندە لە زۆر بابەتدا، بەکارهێنانی وشەگەلێکی ((هاودەنگ — هاوڕێنووس))یش دەگرێتە خۆی.

ڕێگا بدەن لەم کورتە باسەماندا، ((بەهەڵەبردن)) تایبەت بکەین بەزمانی ئەدەب و بۆ باسی ئەو مەسەلەیەش سوود لەزاراوەی ((بەهەڵەبردن)) لەزمانی ئاسایی وەربگرین. ئەو جۆرانەی بەهەڵەبردن کە لە جوانکاری نەریتیدا باسدەکرێن، لە زمانی ئاساییشدا بەدیدەکرێن و تەنیا جیاوازییەکیش کە لەنێوان ((بەهەڵەبردن/ ایهام)) و ((ئاڵۆزی/ ابهام)) دا هەیە، بریتییە لە بەئەنقەست بەکارهێنانی ((بەهەڵەبردن)) لەزمانی ئەدەبدا. بەگوتەیەکی سادەتر، شاعیر بەدەستی ئەنقەست لەهۆنراوەکەی خۆیدا سوود لە مەسەلەی چەند واتایی وەردەگرێت، لەکاتێکدا کە ((ئاڵۆزی)) لەزمانی ئاساییدا بە ئەنقەست نییە و ئەگەر هاتە پێشیش، ئەوا ئاخێوەر و دوێنەر هەوڵی چارەسەرکردنی ئاڵۆزییەکە دەدەن.

سەبارەت بە ((بەهەڵەبردن)) و ((ئاڵۆزی)) و جۆرەکانیان، لێکۆڵینەوەی ورد ئەنجامدراوە و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان

ناکات[1] لێرەدا بەوەنـدە وازدێـنین کـە بڵێین هـەم ((ئـاڵۆزی)) و هـەم ((بەهەڵـەبردن)) لـە هـەردوو شـێوەی ئاخـاوتن و نووسـین لـە زمانـدا شیمانەی ڕوودانیان هەیە.

(١٣٠) پدرت حیات/ حیاط دارد؟/ مـاڵی باوکـت حیـات (ژیـان)/ حیـاط (حەسار) یان هەیە؟

(١٣٣١) کرم سرطان زاست/ کرمی سەرەتان زایە.

(١٣٢) شانەام شکست/ شانەم شکاوە.

نموونەی (١٣٠) تەنیا لە گوفتاردا ئالۆزی تێدەکـەوێت؛ لەنموونـەی (١٣١)دا جۆرێـك لـە ئـالۆزی نووسـین بەدیـدەکرێت، چـونکە درکانـدنی ((کـرم)) شـێوەکانی وەکـو korom، kerem، یـا kerm ناهێنێتـە ئـارا. لەنموونەی (١٣٢)دا، ئالۆزی هەم لەجۆری گوفتاری زماندا بەدیـدەکرێت و هەم لـەجۆری نووسـیندا. ئـالۆزی دەکرێـت لەسـەر ئاسـتی وشـە، یـان گرێ یاخود ڕستەدا پۆلبەندی بکرێت.

(١٣٣) رفتم یك شیر خریدم/ چووم شیرێکم کڕی.

(١٣٤) یـك بگـری شیرخشـك بـدە بـە مـن/ یـەك شووشـە شـیری وشـکم بدەرێ.

(١٣٥) او تو را بیشتر از من دوست دارد/ ئەو تۆی لەمن خۆشتر دەوێت.

نموونـەکانی (١٣٣)، (١٣٤)، (١٣٥) بـەپێی ڕێزبوونیـان نوێنـەرەوەی ئالۆزین لەسەر ئاستی وشە و گـرێ و ڕسـتەدا، لێـرەدا خـاڵێکی گـرینگ هەیـە ئـەویش ئەوەیـە کـەوا یەکـەی دەستنیشـانکردنی ((ئـالۆزی)) پێویسـتە لەسـەر ئاسـتی ڕسـتەدا بێـت، چـونکە بـۆ وێنـە ((شـیر)) لـە

---

[1] بۆ باسێکی فراوان و وردتر سەبارەت بە ((ابهام)) و ((ایهـام)) چۆنییەتی پۆلبەنـدییان بگەڕێوە بۆ (← ١؛ ٥؛ ٩).

نموونـەی (١٣٣)دا دۆخـی ئـالۆزی تیـادا هاتۆتـەدی کەچـی لـە نموونـەی (١٣٦)دا ئالۆزی تیادا بەدیناکرێت.

(١٣٦) رفـتـم یـك شـیر خریـدم و خـوردم/ ڕۆیشـتـم شـیرێکم کـڕی و خواردمەوە.

لەبارەی نموونەکەی (١٣٤)یش مەسەلەکە هەر وایـە، چونکێ هـەر ئەو فرێزە ناویە لەنموونەی (١٣٧)دا ئالۆزی تیادا نییە.

(١٣٧) یك بطری شیر خشك از داروخانه بخر/ یەگ شووشە شیری وشك لە دەرمانخانەکە بکڕە.

لـە ((ایهـام))میش دووبـارە مەسـەلەکە هـەر بـەو جۆرەیـە؛ واتـە ((ایهام)) دەشێ لەسەر ئاستی وشە یان گرێ یاخود ڕستەدا بخرێتـەڕوو بـەڵام لـە هـەموو حاڵەتێکدا یەکـەی دەستنیشـانکردنی ((ایهـام)) هـەر ڕستە دەبێت.

(١٣٨) عهد کردی که گشتی فرصت خود را روزی

فرصت ار یافتی آن عهد فراموش مکن　　　　(فرصت شیرازی)

(١٣٩) در کارخانەای که ره علم وعقل نیست

وهم ضعیف رای فضولی چرا کند　　　　(حافظ)

(١٤٠) آن یکی شیری است کآدم می خورد

وان یکی شیری است کآدم می خورد　　　　(منسوب بەمولوی)

ئـــەو جۆرانـــەی بـــۆ ((بەهـــەڵبردن)) لـــە جوانکـــاری نەریتیـــدا ئـەژمارکراون، پەیوەنـدیان بـە بنیـاتی ئـەم سـنعەتەوە نییـە، بـەڵکو لەبنەڕەتـدا بـە پۆلبەنـدی ڕێبازەکـانی بـەکارهێنانی ئیهـام لەشـیعردا دەژمێـردرێن. بـۆ وێنـە لەپێناسـەی ((بەهەڵـەبردنی گونجـان/ ایهـام تناسب))دا هاتووە کە ((تەنیا یەکێك لـەدوو واتاکـەی وشـە ئامادەییـان

هەیـە، بـەڵام واتـا نەهاتووەكـە لەگـەڵ وشـەیەك یـاخود وشـەگەلێكی ئاخاوتنەكە پەیوەست و گونجاو بێت)) (←٣، ل ١٠٢):

(١٤١) یكی را حكایت كنند ازملوك
كه بیماری رشته كردش چو دوك (سعدی)

((رشـتە/ بـەن، ڕیـس)) بـەواتای جۆرێـك لەنەخۆشـیش بـەناوی ((پیـوك/ كرمـی ژێرپێسـت)) هـاتووە (← ٣، ل ١٠٢). یـا لـەكاتی پێناسـەكردنی ((اسـتخدام/ بـەكارهێنان))دا ئامـاژە بـۆ جـۆرە بەهەڵـەبردنێك دەكـەن كـە پەیوەنـدی بـە دەستنیشـانكردنی كـار و بەستنەوەی بەبەركاری ڕستەكەوە هەیە (←٣، ل١٠٣):

(١٤٢) شنیدم كه جشنی ملوكانه ساخت
چوچنگ اندر آن بزم خلقی نواخت (سعدی)

لـە كاتێكـدا ((نـواختن/ ژەنـین)) دەتوانێـت بەلێكـدان لەگـەڵ ((چەنگ))دا بەواتای ساز ژەنین بێت، بەڵام بەلێكدان لەگەڵ ((خلق/ خەلك)) بەواتای بەخشینی بەزەیی بەكاردەبرێت (← ٣، ل١٠٣).

بەم شێوەیە ئـەوەمان بـۆ بەدیاردەكـەوێت كـە ((ایهام))یش وەكـو ((ابهام)) لەچوارچێوەی ڕسـتەدا دەستنیشـان دەكرێـت و بـەو هۆیـەوە سنعەتێكە كە لەسەر تەوەری هاونشینی جێبەجێ دەبێت. ئـەنجا هـەر بەو شێوەیەی كە پێشتر گوترا، هەتا لەچوارچێوەی ئاڵۆزی وشەییشدا، ((هەڵبـژاردن))ی وشـەیەكی چـەند واتـایی، یـاخود چـەند وشـەیەكی هاودەنگ و هاوڕێنووس، بەتەنیا نابێتە هۆی بەدیاركەوتنی ((ایهام))، بەڵكو پێویستە بارودۆخی هاونشینی وشەكە لەناو ڕستەدا بەشێوەیەك بێـت كـە ڕۆڵـی لـە دروسـتكردنی بەهەڵەبردنـدا هـەبێت. خـۆ ئەگـەر وشـەی ((شـیر)) لەنموونـەی (١٤٠)دا لەسـازكردنی بەهەڵەبردنـدا هاوكاربێت، ئەوا لەنموونەی (١٤٣)دا وا نییە و ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا ئەم مەسەلەی دوایی دەسەلمێنێت.

(١٤٣) بعد از این زان شیر این ره بسته شد
رشته ایمان ما بگسسته شد (مولوی)

## ٦/٥ کۆتایی دڵگیر (حسن التخلص)

شەمیسا ((کۆتایی دلگیر)) بە چەند دێرێکی دەسپێکی قەسیدەیەك دەداتە قەڵەم کەوا پەیوەندی بە ستایشەوە هەبێت، ئەگەر هات و ئەم پەیوەستبوونە ناسك و جوان بوو ئەوا بە ((کۆتایی دلگیری سەرەتا)) ناودەبرێت ( ← ٣، ل ٩٣):

(١٤٤) دی باز در تفکر آنم که باد را
با تاب سنبل سمن آرای تو چه کار
گرنیز گرد زلف تو گردد بسوزش
از وصف آتش سر شمشیر شهریار (مختاری)

بەو شێوەیە وادیارە کەوا ((کۆتایی دلگیر))یش وەکو ((بەهەڵەبردن)) لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا کاردەکات، یاخود چاکتر وایە بڵێین ((کۆتایی دلگیر)) ئەنجامی جۆرێك لەکارکردە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی.

## ٧/٥ وەرچەرخان (استطراد)

کزازی وەرچەرخان بەیەکپاژی شیعرێك دەداتە قەڵەم (←٨، ل١٥٣):

(١٤٥) گوگرد سرخ خواست زمن سبز من پریر
امروز اگر نیافتمی، روی زردمی
گفتم که نیك بود که گوگرد سرخ خواست
گر نان خواجه خواستی زمن چه کردی (منجنیك)

گزازی بە بەکارهێنانی زاراوەی ((یەکپاژی)) بەدروستی ئاماژەی بۆ ئەرکی ئەم سنعەتە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا کردووە.

### ٨/٥ ئاوڕدانەوە (التفات)

بەپێی ئەو پێناسەی کە بۆ ((ئاوڕدانەوە)) خراوەتەبەردەست وادیاردەکەوێت کە بتوانین ئەم سنعەتە بەپێچەوانەی وەرچەرخان دابنێین. گزازی باوەری وایە کە لە ئاوڕدانەوەدا زەمینەی واتا بەجارێك ئالۆگۆڕی بەسەردا دێت (←٨، ل ١٠١):

(١٤٦) کرانه کن ازکار دنیا که دنیا
یکی ژرف دریاست بس بی کرانه
گمان کسی را وفا ناید از وی
حکیمان بسی کردند این گمانه (ناصر خسرو)

ئاشکرایە ئەم سنعەتەش لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی کاردەکات. چونکێ ئەوە لەهاونشینی لەگەڵ دێڕەکان و نیوەدێڕەکانی دیکەدایە، کە دەتواندرێت پەی بەگونجان یاخود نەگونجانی واتایی لەنێوان دێڕەکاندا ببرێت.

### ٩/٥ ڕاگومکێی ئاشنا (تجاهل العارف)

لەپێناسەکردنی ئەم سنعەتەدا گوتوویانە کە شاعیر پرسیار لەبارەی بابەتێکەوە دەکات، کە دەیزانێت (← ٨، ل ١٠٩؛ ٣، ل ٨٠) و لەپرسیارەکەشیدا بەردەوام سوود لە چوواندن وەردەگرێت.

(١٤٧) ندانم این شب قدر است یا ستارهٔ روز
تویی برابر من یا خیال در نظرم (سعدی)

(١٤٨) آن فروغ لاله یا برگ سمن یا روی توست
آن بهشت عدن یا باغ یا کوی توست (اوحدی)

بەڵام پرسیارکردن لەبارەی بابەتێکەوە کە پێشتر زانراو بێت، لەزمانی ئاساییدا بەکارهێنانێکی فراوانی هەیە و بۆ جەخت

لەسەرکردن بەکاردێت؛ واتا هەمان ئەو ڕۆڵەی هەیە کەوا شاعیر بەکاری دەهێنێت. نموونەکانی (١٤٩) تا (١٥٢) نوێنەرەوەی ئەم بەکارهێنانەن لەزمانی ئاساییدا:

(١٤٩) هوا سرد شده؛ مگه نه؟/ هەوا ساردە وا نییە؟

(١٥٠) تو بیشتر از من درس خواندەای یا من بیشتر از تو؟/ تۆ زیاتر لە من دەرست خوێندووە یا من زیاتر لەتۆ؟

(١٥١) تو باید بیشتر مراقب بچەات باشی یا من؟/ تۆ دەبێ زیاتر ئاگاداری منالەکەت بیت یا من؟

(١٥٢) بالاخرە کاری را کە نباید می کردی کردی؟/ دواجارە ئەو کارەی کە نەدەبوا بیکەیت کردت؟

سەرەڕای ئەوە پرسیارگەلێکی لەم جۆرە دەکرێ لەئاست دوێنەردا لایەنێکی فرمانیشی هەبێت:

(١٥٣) رخت خوابت را جمع کردی؟/ نوێنەکانت کۆ کردەوە؟

(١٥٤) می توانی ساکت بمانی؟/ دەتوانیت بێدەنگ بیت؟

(١٥٥) یك لیوان آب برایم می آوری؟/ یەك پەرداخ ئاوم بۆ دێنی؟

بەو شێوەیە، تەنیا پرسیارکردن سەبارەت بە بابەتێك کە لەپێشدا زانراوە، ناکرێت بە سنعەتێکی ئەدەبی بژمێردرێت، مەگەر ئەوەی مەسەلەی چوواندنەکە بێتە گۆڕێ کە لەم بارەدا، باسکردنی ئەم سنعەتە بەشێوەیەکی سەربەخۆ بێهوودەیە.

### ٥/١٠ چاولەیەك (مراعاة النظیر)

شەمیسا لەکاتی پێناسەی ((چاولەیەك))دا وای بۆ دەچێت کە سنعەتی بەکارهێنانی وشەگەلێکە کەوا پاژەکانی گشتێگ پێدکەهێنن (←٣، ل ٨٧):

(١٥٦) بهار و سرو و گل و سوسن، ای بهار بتان
چو در کنار منی، جمله در کنار من است (اديب صابر)

ئـــەوەی لەهونـــەری جوانكـــاری نەريتيـــدا ((چـــاولەيەك))ی پێـدەگوترێت، جگەلـە ((بەيەكـەوە هـاتن)) يـاخود هاونشـينكردنی وشەكانی يەك كێلگەی واتايی شتێكی تـر نييـە و بـەو هۆيـەوە دەكـرێ وەك سنعەتێكی ديكە بژمێردرێت كە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشينی كاردەكات.

## ١١/٥ دژ يەكی (تضاد)

ئەم سنعەتە بەكارهێنانی وشەگەلێكە لەتەك يەكتريدا كە لەڕووی واتاييیەوە دژ و دژبەری يەكتری بن (← ٣، ل٨٩؛ ٨، ل ١٠٥):

(١٥٧) دوستان و دشمنان را از تو روز رزم و بزم
شانزده چيز است بهره وقت كام و وقت كار
نام و ننگ و فخر و عار و عز و ذل و نوش و زهر
شادی و غم، سعد و نحس و تاج و بند و تخت و ماردار (فرخی)

لـەم سنعەتەشـدا، ئەركەكـە لەسـەر ئاسـتی تـەوەری هاونشـينييە، چـونكێ وشـەگەلێكی بـەناو دژ و دژبـەر لەتـەك يـەكتر، ديارخـەری بەكارهێنانی سنعەتێكی لەو جۆرەيە.

## ١٢/٥ زيادەگۆيی (اغراق)

ئـەوەی لـە جوانكـاری نەريتيـدا بـە ((زيـادەگۆيی/ اغـراق)) يـان ((زيادەڕۆيی/ مبالغە)) ياخود ((پـێ لێهـەڵبڕين/ غلـو)) دەخرێتـەڕوو، لەبنەڕەتەوە لەگەڵ تـەواوی سـنعەتەكانی ديكـەی جوانكـاری نەريتيـدا جياوازی هەيە، بۆيە بەو هۆيەوە پێويستی بـە باسـێكی تايبـەت هەيـە

که لەبەشی حەوتەمدا دێینە سەری. لێرەدا هەر ئەوەنـدە دەڵێین کـە ((زیـادەگۆیی)) سـنعەتێکی بەسـەردا سـەپێندراوی شـیعرە، لەکاتێکـدا تـەواوی ئـەو سـنعەتانەی کـە لـەجوانکاری نەریتیـدا بـاس دەکـرێن، بەکارهێنانێکی ئارەزوومەندانەیان هەیە. ئەو باسە بۆ بەشی حەوتـەم بەجێ دەهێڵین و پۆلبەندی ئەو سنعەتانەش کـە لـەم بەشـەدا باسـیان لێوەکراو وەکو دیارە بە جۆرێك لەجۆرەکان کار لەواتا دەکەن، لەبەشـی هەشتەمدا دەخرێتە ڕوو.

## کتابنامه


۱- داوری اردکانی، نگار، بررسی ابهام، ایهام و نامفهومی در زبان فارسی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه تربیت مدرس، ۱۳۷۵.

۲- شفیعی کدکنی، محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، تهران، آگاه، ۱۳۷۰.

۳- شمیسا، سیروس، نگاهی تازه به بدیع، تهران، فردوس، ۱۳۷۲.

٤- ______، بیان و معانی، تهران، فردوس، ۱۳۷٤.

۵- صحت، نازنین، بررسی ابهام ساختاری در زبان فارسی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷۷.

٦- صفوی، کورش، از زبان شناسی به دابیات، ج ۱، نظم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۷۳.

۷- کزازی، میر جلال الدین، زیبا شناسی سخن پارسی، ج ۲، بیان، تهران، نشر مرکز، ۱۳٦۸.

۸- ______، زیباشناسی سخن پارسی، ج۳، بدیع، تهران، نشر مرکز، ۱۳۷٤.

۹- معدنی، میترا، بررسی وطبقه بندی گونه‌های ابهام در زبان فارسی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، ۱۳۷٦.

# بەشی ٦

# هەڵبژاردن

لەبەشەکانی یەکەم و دووەمدا ئاماژە بۆ مەسەلەی ((هەڵبژاردن)) لەبەرانبەر ((ڕیزکردن))دا کراوە و گوتومانە کە بەگوێرەی بۆچوونی یاکۆبسن، ((هەڵبژاردن)) بەپێی ((لێکچوون)) و لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی ئەنجام دەدرێت. لەبەشی پێنجەمیشدا ((خواستن))مان بەنموونەی دیاری ئەو جۆرە داناوە، کە لە پاڵ هەریەك لە ((چوواندن)) و ((خوازە)) و ((درکە))دا، ئەو چوار جۆرە پێکدەهێنن کە لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن)) دەوەستن. لەلایێکی دیکە هەر لەو بەشەدا ئاماژە بۆ ئەو خاڵە کراوە کە ((درکە)) لەزمانی ئاساییەوە دێتە ناو زمانی ئەدەب و تەنیا جۆرە ئەندێشەکراوەکەی خوازەش ((خواستنی خوازەیی))، هەر ئەو ((خواستن))ەیە کە لەسەر بنەمای پەیوەندی لێکچوون وەستاوە.

لەکۆتایی بەشی دووەمدا سەرنج خرایە سەر ئەو مەسەلەیە کە ئەوە هەر بەتەنیا ((لێکچوون)) نییە کە لە ((هەڵبژاردن))دا ڕەچاودەکرێت، یان بەگوتەیەکی سادەتر، ناکرێت وا تێبگەین کە هەر نیشانەیەك تەنیا بەهۆی لێکچوونی واتاییەوە لە جێگەی نیشانەیەکی دیکەدا هەڵدەبژێردرێت. چونکێ لەدۆخێکی وادا دەبوو ((باڵای یار))، کە لانی کەم لە یەك شیعریش بووایە، بە ((چنار)) و ((منارە)) و ((دارتێلی کارەبا)) و هی تر دەچووندرێت و ((وەفای یار)) وەکو ((وەفای سەگ)) و ((چاوە بێ وەی))یەکانی وەکو ((چاوی مەڕ)) و ((سینگی قەبەی پاڵەوان)) وەکو ((سینگی گۆڕللا)) و ((هێزی بەربەرەکانێی)) وەکو ((توانا و تاقەتی گا)) و هی دیکەش، هەموویان لەچوارچێوەی چوواندندا بخرابایانەتەڕوو. بۆیە هەر لەسەرەتاوە ڕوونە کە لە پشت ((چوواندن))ەوە تایبەتمەندی دیکەش هەن کە پێویستە لەلایەنی زانستییەوە دووبارە بەدوایدا بچین تاوەکو لەو ڕێگایەوە بتوانین بنەمای ((هەڵبژاردن)) بەگوێرەی ((لێکچوون)) دەستنیشان بکەین و ڕوونکردنەوەیەکی ڕاشکاونەمان لەو بارەوە دەستبکەوت.

شـــەفیعی کـــەدکنی لـــەکاتی باســـکردنی خواســـتندا، کۆمەڵـــە ڕەخنەیەك ڕیزدەکات کە لە کتێبەکانی ڕەخنەی شیعریدا، دەرحەق بە خواســتنگەلێکی نــەخوازراو خراونەتــەڕوو، بەتایبــەتیش دێتــە ســەر بابەتی ((مغالطه) کە لەوێشدا هەڵبژاردن بەپێی ((چوواندن)) دەبێت بــەلاّم شـــتێکی ناشـــیرینە. ئـــەو لـــەم ڕەخنەکارییـــەی کۆنینـــەکان، دێرەشـعرێکی ((اوس بـن حجـر) بەنموونــە دێنێتــەوە کــەوا (جـاش کـەر))ی خواسـتووە و لـەبری ((ڕۆڵـەی مـرۆڤ)) بـەکاری هێنـاوە، بـێ ئەوەی مەبەستی دواوەی ئەم ((هەڵبژاردن))ەش بێ ئەقڵی و کەم فامی بێت (← ٧، ل ١٢٠)[1].

کەواتە ((هەڵبـژاردن)) تـەنیا بـەهۆی ((لێکچوون))ەوە جێبـەجێ نابێتو هۆکارگەلێکی دیکەش ڕۆڵیان لەم ((هەڵبژاردن))ەدا هەیە. لـەم بەشەدا بـە ڕەچاوکردنی مەسـەلەی ((نیشـانداری/ مەبەسـتداری)) لـە ئاسـتی واتـایی زمانـدا، بـاس لـە ((مەبەسـتداری تـەوزیمی/ نشـانداری التزامی)) دەکرێت بۆ ئەوەی ئاراستەیەك بۆ ((هەڵبژاردن)) بەگوێرەی ((لێکچوون)) گەلاڵە بکەین.

## ١/٦ مەبەستداری لەواتاناسیدا

سیستەمی زمان بەگوێرەی بەرانبەرێتی شێوەی خۆی وەردەگرێت و نموونەی دیاریش لەوبارەوە جووتە بەرانبەر یەکـەکانن کـە لـە هـەر یـەك لـە ئاسـتەکانی سیسـتەمی زمانـدا بەدیاردەکـەون. ئـەدگارەکانی فـۆنیمی ((دەنگـدار/ بێـدەنگ))، واتـا بەرانبـەر بەیەکـەکان ((درێـژ/ کـورت)) و ((ناشـرین/ جـوان))، پەیوەندییـە ڕێزمانییـەکانی ((تـاك/

---

[1] وذات هدم عار نواشرها     تصمت بالماء تولياً جدعا     (اوس بن حجر)

[ = بەلاّم چ ژنێکی جوانکار بە پۆشاکی دڕاو و دەست و مەچەکی ڕووت

ئاوی دەدایە جاشکە کەرێك کە تووشی بەدخۆراکی هاتبوو ] (← ٧، ل ٦٦٦).

کۆ)) ((ناسراو/ نەناسراو)) و هی دیکەش لەم جۆرانەن (←٥، ل ٧). لەم جۆرە دووبەها بەرانبەریانەدا، بەشێوەیەکی ئاسایی جۆرێك لەناهاوتایی پەیدا دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی یەکێك لەلاکانی بەرانبەرێتییەکە لە چاو ئەوەکەی تردا باروودۆخێکی بەکاربردنی سنووورداری هەبێت و لە ئاست بەرانبەرەکەیدا بە ((مەبەستدار)) بژمێردرێت. بەکارهێنانی فۆرمی تاکی وشەکان لە فەرهەنگەکانی زماندا، نوێنەرەوەی بێلایەنبوونی ((تاك))ە لەئاست ((کۆ))دا. وەکو دابێك مەبەستداری لەواتاناسیدا لەڕووی فۆرم و بڵاوبوونەوە و واتاوە پولبەندی دەکرێت. (← ١، ل ٣٠٥).

لە ((مەبەستداری فۆرمی))دا لایەکی بەرانبەرییەکە ئەو کاتە دەبێت بەمەبەستدارێکی فۆرمی، بەو پێیەی تا ئێستا گوتراوە، کە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی دۆخێکی مەبەستداری وەردەگرێت و لەئاست تاکە بەرانبەرەکەی خۆیدا بە ((مەبەستدار)) ئەژمار دەکرێت. بۆ نموونە ((گای مێینە)) لەئاست ((گا))دا، یاخود ((کاك مامۆستا)) لە ئاست ((مامۆستا))دا هەردووکیان مەبەستداری فۆرمین. لە ((مەبەستداری بڵاوبوونەوە))دا یەکێك لە لایەنە بەرانبەرەکان لەئاست ئەوەکەی دیکە، ڕوودان و هاتنەوەیەکی زیاتری بۆ دەرەخسێت و لە پێکهاتەی بێ لایەنیشدا لەبری بەرانبەرەکەی خۆی بەکاردێت. بۆ وێنە ((پانایی)) لەئاست ((بەرتەسکی)) لەڕووی بڵاوبوونەوەوە مەبەستدار نییە، چونکە هەر کاتێك پرسیار سەبارەت بە بەرینایی شتێکەوە بکرێت، ڕستەیەکی وەکو ((پانابیکەی چەندە؟)) بەکاردێت و هەروەها ((پانایی)) لەبری ((بەرتەسکی))یش بەکاردەهێندرێت. (←٥، ل ٢٤).

لە ((مەبەستداری واتایی))یشدا یەکێك لەلایەنەکانی بەرانبەر، لەڕووی واتاییەوە پەرەدەستێنێ و واتای فۆرمە بەرانبەرەکەیشی دەگرێتە خۆی. بۆ وێنە لە وشەکانی وەکو ((مریشکی سەرپلاو))

یــاخود ((مریشــکداری))دا وشــەی ((مریشــك)) واتــای وشــەی ((کەڵەشێر))یش لەخۆی دەگرێت و بەهۆیەوە لەئاست ((کەڵەشێر))دا وەك وشەیەکی بێلایەن وەردەگیرێت. (←٥، ل ٢٤). لە ((مەبەستداری ناوەکی))دا، وشەیەك بەگوێرەی میسداقەکەی مەبەستدار دەبێت. بۆ نموونە لەز مانی فارسیدا ((پەرستار)) و ((سکرتێر)) و ((مانکن/ کەسێك کەوا نمایشی جل و بەرگ دەکات)) لەیەکەم سەرنجدا ڕەگەزی ((مێینە)) بەبیردا دەهێنێت و وشەکانی ((وەستا))، ((نانەوا))، ((قەساب)) هی تریش بەپێی میسداقی دەرەوەیان لەگەڵ ڕەگەزی ((نێرینە))دا جووت دەبن. (←٨).

لەو نێوەدا جۆرێکی دیکەی مەبەستداریش جێگای باسە کە هەریەك لە موراوچیك و ووٚرث ئاماژەیان پێداوە و بۆ یەکەمجاریش لەلایەن ئەفراشییەوە (←٥) باسکراوە. ئەفراشی ئەم جۆرە مەبەستدارییەی ناوناوە ((مەبەستداری ئیلزامی)) و پێی وایە کەوا بەشێك لەمەدلولی هەر نیشانەیەك بۆ ئەو نیشانەیە بەشێوەیەکی ئیلزامی پێویستە. بۆ نموونە ((دەرگا)) بۆ ((کۆمەدین)) یاخود ((پێچکە)) بۆ ((مێز)) شتی ئیلیزامی و پێویستن. ئەم بابەتە وەکو بریسکەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی چۆنییەتی ((هەڵبژاردن)) بەگوێرەی لێکچوون دەژمێردرێت، کە پێویستە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

### ٢/٦ مەبەستداری تەوزیمی (نشان داری التزامی)

مەسەلەی مەبەستداری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ((سیمای جیاکردنەوەی واتایی))یەوە هەیە. بۆ نموونە لەکاتی باسکردن لەبارەی بێلایەنی ((مریشك)) لە ئاست ((کەڵەشێر))دا لە وشەگەلێکی وەکو ((مریشکی سەرپلاو))دا دەگوترێت کەوا لێرەدا ((مریشك)) سیمای جیاکەرەوەی واتایی [ + مێینە ]ی خۆی لەدەست دەدات و لەڕووی ڕەگەزیە دەبێت بە بێلایەن و ((کەڵەشێر))یش دەگرێتەوە.

بەڵام ((سیماکانی جیاکردنەوەی واتایی)) ئەگەر مایەی پەسەندی بن، ئەوە تەنیا لە سیستەمی زمانـدا بەدیاردەکەون، لەکاتێکدا کە لە مەبەسـتداری ناوەکیـدا، بەتایبـەتیش لەمەبەسـتداری ئیلتیزامیـدا لەپشتەوەی زمانەوە بەسەر سیستەمەکەدا دەسەپێندرێت. وەك ئەوەی ((شوفێری تاکسی)) لـەئێران بەگشتی بـە ڕەگـەزی نێـرەوە پەیوەست دەکرێت یاخود ((شیرین پلاو/ شیرین پلو)) کە سیمای جیاکەرەوەی [+ هاوسـەرگیری ] پێوەلکـاوە و، لـە سیسـتەمێکی پشت سیسـتەمی زمـان بەسـەر ئـەم سیسـتەمەدا سـەپێندراوە کـە ئـەویش سیسـتەمی نیشانەناسییە کە سۆسۆر باسی لێوەکردووە.

ڕێگـە بـدەن ئـەم سیستەمەی دوایـی بـە ((سیسـتەمی زانیـاری)) ناوببەین و سیستەمەکانی نیشانەناسی ((ڕۆزلڕویس)) و ((پۆشـاك)) و ئەمانـە لـەناو ئـەو سیسـتەمەدا جێ بکەینـەوە. لـەناو ئـەم سیستەمی زانیارییـە کـەوا ((ڕۆزلـڕویس)) سـامانداری دەگەیـەنێت و ((شـیرین پلاو)) بۆ ڕێـوڕەسمی هاوسـەرگیری دەگونجێت و ((حـەلوا)) پەیوەست دەبێت بـە کۆڕی ماتـەمینی و بەبیستنی وشـەی ((کۆللارە)) منالْمـان دێتەوە یاد. ((پایپ)) یاخود ((چرووت)) سیمای پیاوانە وەردەگرێت و بەبیسـتنی وشـەی ((شـیمال))یش دەریامـان دێنێتـە یـاد. بـەم پێیـە سیسـتەمی زانیـاری، سیسـتەمێکی ڕێژەییـیـە و لـەجیهانی دەرەوەڕا بەسەر کۆمەڵدا دەچەسپێت و لـە کۆمەڵێکەوە بـۆ کۆمـەڵێکی دیکـەش دەگۆڕێت.

لەسـەر ئـەو بنەمایـە دەتـوانین بڵێین سـەبارەت بـە سیسـتەمێکی وەکو ((سیسـتەمی ڕەنگـەکان)) لـە دوو ڕووکـارەوە شـیاوی وێناکردنـە؛ ئەو ڕووکارەی کـە لـە سیسـتەمی زمانـدا دەبێتـە مایـەی لێکۆڵینـەوە و تیایدا ((ڕەش)) لەو ڕووەوە ڕەشـە کـەوا ((نـە سـپی))، ((نـە کەسك))، ((نە ئاوی))، ((نەسوور)) و نـەهی دیکەیـە و؛ ڕووکارەکـەی تـریش کـە لە سیستەمی زانیاری پشت سیستەمی زمان بۆ ڕەنگەکان وێنا دەکرێت

و تیایدا ((ڕەش)) سیمای جیاکەرەوەی وەکو ((غەم)) و ((پرسە)) و ئەمانە وەردەگرێت. ((زستان)) لە ڕووکاری سیستەمی زماندا، نیشانەیەکە لەبەرانبەر نیشانەگەلێکی دیکەی زماندا دەوەستێت و ((نەبەهار)) و ((نەهاوین)) و نە ((پایز))ە. لە سیستەمی زانیاریدا لەگەڵ سیما جیاکەرەوەکانی وەکو ((مەرگ)) و ((زۆرداری)) و ((خەفەکردن)) و هی دیکەدا جووت دەبێت.

ئەم پۆلەی سیما جیاکەرەوەکان خۆیان بەسەر سیما جیاکەرەوە واتاییەکانی نیشانەکانی زمان دەسەپێنن و لەپاڵ ئەواندا جێگە دەگرن و بۆیان هەیە لە ((هەڵبژاردن))دا ڕۆڵیان هەبێت. بالێرەدا بەهێنانەوەی نموونەیەك مەسەلەکە ڕوونتر بکەینەوە.

مەدلولی ئەم چوار نیشانە زمانییەی ((پیاو))، ((ژن))، ((کوڕ))، ((کچ)) بێننە بەرچاو. بەمەبەستی دڵنیابوون لە جیاکردنەوەی مەدلولەکانی نێوان ئەم چوار نیشانەیە لەئاست یەکتریدا، لانی کەم پێویستیمان بە دوو سیمای جیاکەرەوەی [ ± نێر ] و [ ± گەورە ] هەیە. بەپێی ئەم بنەمایە، ((پیاو)) سیماکانی جیاکەرەوەی [ + نێر، + گەورە ]، ((ژن)) سیماکانی جیاکەرەوەی [ — نێر، + گەورە ]، ((کوڕ)) سیماکانی جیاکەرەوەی [ + نێر، — گەورە ]، ((کچ)) سیماکانی جیاکەرەوەی [ — نێر، - گەورە ] ی دەبێت تاوەکو لە بەرانبەر بە یەکتریدا بوەستن. تاوەکو ئێرە ئێمە تەنیا لەسنووری سیما جیاکەرەوەکانی واتایی نیشانەکان لەڕووکاری سیستەمی زماندا ماوینەتەوە. ئێستا پێ دەنێینە ئەو سنوورەی کەوا سیما جیاکەرەوەکانی لە نموونەی [ + بەجەرگ ] و [ + جوامێر ] و ئەمانە کە لە ڕووکاری سیستەمی زانیارییەوە دەچنە پاڵ سیما جیاکەرەوەکانی واتایی نیشانەکانی ڕووکاری سیستەمی زمانو دەبنەهۆکاری ئەوەی کەوا نیشانەیەکی وەکو ((پیاو)) بتوانێت بە واتاکانی ((مرۆڤی بەجەرگ)) و ((کەسێکی جوامێر)) و هی دیکەش

بەکارببرێت. لە هەلومەرجێکی وادا سیما جیاکەرەوەکانی نیشانەکانی سیستەمی زمان سیفەتی بێ لایەنی وەردەگرن و ئەم واتایەی دوایی ((مرۆڤ)) دەتوانێت بۆ نیشانەیەکی وەکو ((ژن))یش بەکاربرێت. نموونەکانی (١٥٨) و (١٥٩) دەکرێ وەکو نموونەیەکی ئەم بابەتە وەربگیرێن.

(١٥٨) مریم خیلی نامرده!

(١٥٩) بین این ها، پروین از همه مردتره!

بەو شێوەیە ڕەنگە بتوانین بڵێین کەوا ((هەڵبژاردن بەگوێرەی لێکچوونی واتایی))، تەنیا لەچوارچێوەی سیما جیاکەرەوەکانی واتایی نیشانەکان لە ڕووکاری سیستەمی زماندا بەرێوەناچێت و هەندێ سیمای جیاکەرەوە لە سیستەمی زانیاریش دەچنە پاڵ ئەو سیما جیاکەرەوانەی یەکەمجار.

لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەوە نییە کەوا بڵێین، لەکاتی ((هەڵبژاردن))دا لە سیما جیاکەرەوەکانی نیشانەکانی سیستەمی زانیاری دەگوێزینەوە بۆ سیستەمێکی نیشانەناسی دیکە جگە لە سیستەمی نیشانەناسی زمان، چونکە کەڵەکەبوونی ئەم سیماجیاکەرەوە، واتاییە لاوەکیانە لە ناو سیستەمی نیشانەناسی زماندا بایەخدار دەبن و لەدوای زێدەبوونیان بۆ سەر سیما جیاکەرەوە واتاییەکانی یەکەمجار، لەپاڵ ئەواندا جێگە دەگرن و دەبنەمایەی پەیداکردنی بەرانبەری.

لەسەر بنەمای سیما جیاکەرەوەکانی نیشانەکان لە سیستەمی زانیاریدا دەتواندرێت ((هەڵبژاردن)) بەپێی لێکچوون ئەنجام بدرێت. بۆ وێنە هەر دیاردەیەك کە لە سیستەمی زانیاریدا نیشانەیەکی خاوەن سیمای جیاکەرەوەی [ + جوولە ] بێت، لەسەر بنەمای ئەو سیما جیاکەرەوەیە دەچێتە جێگەی نیشانەیەکی دیکە کە هەمان ئەو سیما جیاکەرەوەی لەناو سیستەمی زماندا هەبێت.

(١٦٠) غروب برزد از کوه (سهراب سپهری)

((لێکچـوون)) لـەنێوان ((ئـاوابوون)) و ((پەلـەوەر)) ئەوکاتـە دێتەدی کە بۆ ((ئاوابوون)) [ یاخود ((خۆر)) ] سیمای جیا کـەرەوەی [+ جوولـە ] لەبەرچـاو بگـرین و چـۆن ئـەم جوولەیـەش لەئاسمانـدا ڕوودەدات، بۆیـە لەگـەڵ سـیمای جیاکـەرەوەی واتـایی [ + فـڕین ] دا لـــەدۆخی ((لێکچـــوون)) دایـــدەنێین و نموونەیـــەکی وەکـــو (١٦٠) دادەهێنین)).

سجودی لـەم بـوارەدا زاراوەی ((گیانلەبـەر ئاسایی)) بـەکارهێناوە (←٦، ل ١٤٢) کـە خـۆی دەکرێ بەسـەر چـەند لقێکدا دابـەش بکرێت لەسـەر بنـەمای تایبەتمەنـدی گیانلەبـەرە جۆراوجۆرەکـان و، ڕێگـە بـۆ ((هەڵبـــژاردن))ەکانی وەکـــو ((ئازایـــەتی))، ((جـــوانی))، ((ڕەفتـــار درندەیی))، ((بوودەڵەیی)) هی دیکە خۆشبکات.

شـاعیر دەتوانێـت سـیمای جیاکـەرەوەی ((گەشەسـەندن)) لـە گیـا وەربگرێـت، سـیمای جیاکـەرەوەی ڕەوەنـی لـە ئـاو هەڵبـژێرێت و وەکـو فاکتەرێکی ((لێکچوون)) بەکاری بهێنێـت و جـۆرێکی دەسـتکەوێت کـە بە ((گیائاسایی)) و ((ڕەوەن ئاسایی)) ناوبـراون. (← ٦)

تـاوەکو ئێـرە ئـەوەمان ئاشـکرا کـرد کـەوا کۆمـەڵێك سـیمای جیاکـەرەوە لەسیسـتەمی زانیاریـدا بـۆ سـیما جیاکـەرەوەکانی واتـایی نیشانەکانی سیسـتەمی زمـان زیـاد دەبـن. ئـەم سـیماجیاکەرەوانە بـەو هۆیـەی بەنـدن بـە ((تێگەیشـتن))ی مرۆڤـەوە، بۆیـە سـەرەکیترین بەرانبەرییەکانی وەکو ((باش/ خراپ))، ((ناشرین/ جوان))، ((گەورە/ بچووك))، ((غەم/ شادی)) و هی تریش دەگرنە خۆیان و؛ ڕەنگـە هـەر بەو هۆیەشەوە بێت کە ((پاڵەوان)) بە ((شێر)) دەچووێندرێت. ئـەنجا سیما جیاکەرەوەکانی وەکو ((جـوانی)) و ((سـەنگینی)) و هـی دیکـەش پێویستە ڕەچاوبکرێن، ئەگەر نا هەمان کێشە دروست دەبێتەوە کە لـە

کۆندا بە ((هەڵەوێژی/ مغالطە)) ناوبراوە؛ بە واتای ((هەڵبژاردن)) تەنیا لەسەر بنەمای سیما جیاکەرەوەکانی واتایی نیشانەکانی سیستەمی زمان، بێ ڕەچاوکردنی سیما جیاکەرەوەکانی نیشانەکانی سیستەمی زانیاری. بەم شێوەیە، ((سەرو)) تەنیا لەسۆنگەی بەرزاییکەیەوە نییە کە جێگەی ((بالاّ)) دەگرێتەوە، بەڵکو سیما جیاکەرەوەکانی وەکو ((جوانی)) و ((هەمیشە سەوزی)) و هی تریش هاوڕێتی دەکەن کەوا لە سیستەمی زانیارییەوە دەچنە سەر سیما جاکەرەوەکانی یەکەمجاری و؛ لەبەرانبەر ((نێردەوانی دزەکان))دا هەر واتاکەی خۆی بە بارێکی سۆزداری نەرێنییەوە دەبەخشێت و، بەخشینی ئەم بارە سۆزدارییەش هەر لە زێدەکردنی سیما جیاکەرەوەکانی سیستەمی زانیارییەوە بۆ سەر سیما جیاکەرەوەکانی یەکەمجاری ئەم نیشانەیەوە دێت. بۆیە ئەگەر (اوس بن حجر) لەو دێرەی خۆیدا لەبری ((جاش کەر))، ((بەچکە شێر))ی بەکار بهێنایە، ئەوا شیعرەکەی ڕووبەڕووی ڕەخنە نەدەبوویەوە و کێشەی ((هەڵەوێژی))یش لە شیعرەکەیدا دروست نەدەبوو.

## ٣/٦ سیستەمی زانیاری و پاڵنەری سەروو زانیاری (نظام شناختی و انگیزش فراشناختی)

تاوەکو ئێرە ئەوەمان ئاشکراکرد کەوا کۆمەڵێك سیمای جیاکەرەوە لە سیستەمی زانیاریدا بۆ سیما جیاکەرەوەکانی واتایی نیشانەکانی سیستەمی زمان زیاد دەبن و ((هەڵبژاردن)) بەپێی لێکچوون و لەسەر بنچینەی ئەم سیما جیاکەرەوانە ئەنجام دەدرێت. بەڵام ئایا مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی دێت؟ ئایا مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە لەئاست جۆری کارو کاردانەوەکانیدا بەرنامەڕێژی نەکراوە؟ بۆچی منالّ بەرلەوەی هۆشی بەسەر ڕەنگی سووردا بشکێت، بەبینینی ئەو

ڕەنگە دووچاری وروژان دێت؟ بۆچی کە مۆسیقای گوێ لێ دەبێت دەخەوێت؟ بۆچی ڕەنگی ئاوی ئارامی پێ دەبەخشێت و ڕەنگی کەسك شادی پێ دەبەخشێت؟ لەهەمووش گرینگتر بۆچی مرۆڤ واتا بە هەموو شتێك دەبەخشێت؟.

ئەو تاقیکردنەوانەی پیاژێ لەبواری ((درککردنی پێش زمانی))یەوە ئەنجامی داون (←٢؛ ٣) دەیسەلمێنن کە منداڵ بەر لەوەی بەهۆی زمانەوە درك بە شتەکان بکات، درکێکی پێش زمانی لەجیهانی دەرەوەڕا بەدەست دەهێنێت؛ بەڵام ئایا ئەوە پاڵنەری سەروو زانیاری نییە کە زانیارییەکی لەو جۆرە بەسەر ئەودا دادەبڕێت؟ دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە پێویستی بە ئەزموونگەلێکی دەروونزانی هەیە تا ئەوە بسەلمێنێ کە منداڵ بەر لە هوشیاری چۆن چۆنی لەئاست ڕەنگەکان و کەل و پەل و شتەکانی دیکەدا هەڵسوکەوت دەکات. دەروازەی ئەم بابەتە بەکراوەیی دەمێنێتەوە، چونکە پێویستی بە توێژینەوەگەلێکی دیکەیە؛ بەڵام ئەگەر هەبوونی ئەم جۆرە پاڵنەرە سەرووزانیاریە بسەلمێندرێت، ئەو کات دەتوانین بڵێین کە مرۆڤ لە بواری بایۆلۆژیکییەوە گرێدراوی ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن))ەو ((زمان)) یەکێك لە ڕووالەتەکانی ئەم سیستەمە حەشاردراوەیە کە تیایدا ڕسکاوە.

لە بارودۆخێکی وادا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە زمان خودی مرۆڤ نییە، بەڵکو سیستەمێکە لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن)) لە خودی مرۆڤدایە، کەوا ((زمان)) بە ڕووالەتێکی ئەو سیستەمە دەژمێردرێت و هەرچی ((نیگارکێشی)) و ((مۆسیقاو)) شتەکانی دیکەش ڕووالەتەکانی دیکەی ئەم سیستەمە پێکدەهێنن. و، سەیرەکەش لێرەدایە کە ئایا ((ماتماتیك)) و ((فیزیك)) یاخود ((کیمیا))ش بەشێك نین لەوە؟ ئایا ئەوە هەر ((هەڵبژاردن))ی ژمارەکان و ((ڕیزکردن))یان نییە کەوا ((ماتماتیك))ی لێ پەیدا

دەبێت؟ ئایا ((کیمیا)) زانستی لێکۆڵینەوەی توخمەکان و چۆنییەتی ئاوێتەبوونیان نییە، ئایا ((دەروونزانی)) و ((کۆمەڵناسی)) هەر یەکە بەرێز بە لێکۆڵینەوەی یەکینەکانی ڕەفتار لەسەر ئاستی تەوەرەکانی جێنشینی و هاونشینی ناژمێردرێت؟ ئەم پرسیارانە لەبواری فەلسەفییەوە سەرنج ڕاکێشی خۆیان هەیە، بەلام دۆزینەوەی وەلامێکی بڕاوە بۆیان پێویستی بە خوێندنەوەی هەمەلایەنەی ستڕکتۆری ژیانەوە هەیە؛ ئەو ستراکتۆرەی کە لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن))دا خۆی دەنوێنێت.

## کتێبنامە

1- ______, The origin of telligence in the child, London, penguin, 1983.
2- Piaget. J. Six psychological studies, U. Y. vintage Book, 1968.
3- Lyons, J. Seman tcs. Cambridge, camb, Univ. press. 1977.
4- Saussure, F. de. Cours de linguistique gēnērale, Tullio de Mauro(ed), paris, 1973.

٥- افراشی، آزیتا، نشان داری در زبان فارسی و چگونگی طبقه بندی آن در سطح واژگان، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، تهران، ۱۳۷٦.
٦- سجودی، فرزان، سبك شناسی شعر سپهری؛ رویکردی زبان شناختی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷٦.
٧- شفیعی کدکنی، محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، تهران، آگاه، ۱۳۷۰.
٨- صفوی، کورش، ((نشانداری در معنی شناسی ومسئلهٔ مؤلفههای معنایی))، مجله دانشکده ادبیان وعلوم انسانی، دانشگاه کرمان، ش ۲ – ۳، پاییز، ۱۳۷۰.

## بەشی ٧

# لادان لە واقیع

لەبەشی پێنجەمدا باسی مەسەلەی ((زێدەگۆیی/ اغراق))مان بۆ ئەم بەشە جێ هێشتبوو، چونکە بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێرانە، ((زێدەگۆیی)) جۆرە پرۆسەیەکە کە بە ((لادان لە واقیع)) ناودەبرێت و بەرجەستەسازیش لەسەر بنەمای ئەم پرۆسەیە ئەنجام دەدرێت.

لەبەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەدا باسمان لە ئەرکەکانی زمان لەدیدگای یاکۆبسنەوە کردووە (← ٤، ل٣١ — ٣٥)، بەتایبەتیش جەختمان لەسەر هەردوو ئەرکی گەڕانەوەیی و ئەدەبی کردۆتەوە. لە برگەی ٢/٤ ی ئەم بەرگەشدا سەرنجمان خستۆتە سەر پەیوەندی لەنێوان ((مەدلول)) و ((میسداق))دا و گوتومانە کە ئەوەی جوولەی مەدلول بە ئاراستەی میسداق نزیك دەخاتەوە بریتییە لەوەی لەزماندا ڕوودەدات سەبارەت بە واقعیاتی جیهانی دەرەوە و، دوورکەوتنەوەی مەدلولیش لە میسداقەکەی، کارێکی وا دەکات تاوەکو زمان لە واقعیاتی جیهانی دەرەوە بەدوور بکەوێتەوە. هەر ئەم بەدوور کەوتنەوەی ((مەدلول))ی زمانیش لە ((میسداق))ی جیهانی دەرەوەیە کە بە ((لادان لە واقیع)) ناودەبرێت و بەبناوانی شیعر حیساب دەکرێت.

لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەکان و کتێبەکانی ڕەوانبێژیدا باسوخواسی لادان لەواقیع لەژێر ناونیشانی ((زیدەگۆیی/ اغراق))، ((پێ لێ هەڵبڕین/ غلو))، ((زیدەڕۆیی/ مبالغە))دا کراوە و بەجۆرە وەسفکردنێکیان داناوە کە لەسەر بنەمای زێدەگاڤی و جەختکردنەوە وەستاوە. (← ٣، ل ٧٧).

لەم بەشەدا سەرەتا باس لەبارەی ((لادان لە واقیع))دا دەکەین و دوابەدوای ئاماژە بۆ دوو جۆرە سەرەکییەکەی، دێینە سەرباسی چۆنییەتی کارکردی ئەم پرۆسەیە، بۆ ئەوەی بەدیاربکەوێت کەوا ((هەڵبژاردن)) لەو نێوەندەدا چ ڕۆڵێك دەگێڕێت و ئەوەش کە لە بەشی ڕابردوودا لەژێر ناونیشانی ((سیستەمی زانیاری))دا خرایەڕوو چ بایەخێکی هەیە.

### ١/٧ لادان له واقیع

ئەوەی له مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس چاوەڕێ دەكرێت ئەوەیه، كـه واقعیـەتی جیهـانی دەرەوە بەشـێوەیەكی وردو بـێ هـەر جـۆرە لایـەنگیری و داوەرییـەكی لـه پێشـینه بـاس بكـات، یـا بـه گوتەیـەكی دروسـتتر، لـه هەواڵەكەی خۆیـدا بەتـەنیا سـوود لـەڕۆڵی گەڕانـەوەیی زمـان وەربگیرێـت. بـۆ نموونـه دەكـرێ لـه گۆشـەی ڕووداوەكـانی ڕۆژنامەیەكـدا هـەواڵی ئاگركەوتنەوەیـەكی گـەورە بخوێنینـەوە كـەوا دوكەڵەكـەی لـه دووری چـەند كیلومەترێكیشـەوە بینـدرابێت. بـەڵام شاعیر دەربەستی واقعیەت نییه:

(١٦١) یکی آتش انگیزم اندر جهان
كز آنجا به كیوان رسد دود آن (دقیقی)

له دۆخێكی وادا ((مەدلول)) له ((میسداق))ەكەی دوور كەوتۆتەوە و دوێنەرەكەمان خستۆتە دەوروبەرێكەوە كه باكی به دوای واقیعەتەوە نییه. بەشێكی ئەم لادان له واقعیەته لەزمانی ئاساییدا بەكار دێت. بۆ نموونه:

(١٦٢) هزار بار گفتم این كار را نكن/
هەزار جارم گوت ئەم كارەی مەكە.

(١٦٣) مرا بكشی هم این كار را نمی كنم/
ئەگەر بشمكوژی ئەم كارەی ناكەم.

(١٦٤) قربانتان بشوم الهی/ به قوربانتان بم خودایا.

(١٦٥) فدای سرت بشوم/ لەسەر سەرت گەڕێم.

(١٦٦) كور بشوم نبینم كه گریه می كنی/
كوێربم و نەبینم كه تۆ دەگرێی.

(١٦٧) اگر خودت را تكه تكه هم بكنی، این پیراهن را نمی پوشم.
ئەگەر خۆیشت پارچە پارچە بکەیت، ئەم کراسە لەبەر ناکەم.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە بەکارهێنانی لادان لەواقیع لەزمانی ئاساییدا کارێکی ئارەزوومەندانەیە. بەڵام لەشیعردا وەکو جۆرێك لە ئاراستەی بەناچاری بەدیار دەکەوێت. ڕەنگە بە لێبڕاوییەوە بتوانین بڵێین کە تایبەتمەندێتی شیعر بریتییە لە ڕاکردن لە واقیع.

لیچ لەکاتی باسکردن لەبارەی ئەم تایبەتمەندییەی شیعر، ئاماژە بە دوو پرۆسەی ((گەورەکردن)) و ((بچووککردنەوە)) دەکات (← ١) و، ڕای وایە کەوا هەر کام لەم دووانە بە نۆرەی خۆیان ڕۆلیان لە ((لادان لەوقیع))دا هەیە و، ئەمەش بەدروستی هەر ئەو خاڵەیە کەوا شەفیعی کەدکنی ئاوڕی لێ داوەتەوە. (←٢، ل ١٣٧).

### ١/١/٧ گەورەکردن

زاراوەی ((گەورەکردن))، زاراوەیەکی پەردە پۆشییە کە هەر کامە لە ((زێدەگۆیی)) و ((زێدەڕۆیی)) و ((پێ لێ هەڵبڕین)) دەگرێتەوە. لە گەورە کردندا هەوڵدەدرێت تاوەکو ((مەدلول)) لەبارێکی سۆزداری بەهێزتردا بێت لەئاست ((میسداق))ەکەیدا.

(١٦٨) شود كوه آهن چو دریای آب
اگر بشـــنود نام افراسیاب (فردوسی)

(١٦٩) میان ماه من تا ماه گردون
تفاوت از زمین تا آسمان است (سعدی)

ئەگەر پێمان وابێت کە لادان لەواقیع لەسەر بنەمای لێکچوون بەڕێوەدەچێت، ئەوا دەتوانین بڵێین کە لە گەورەکردندا، ((هەڵبژاردن بەپێی لێکچوون)) بەهۆی گەورەکردنی سیمای جیاکەرەوە، یاخود

سـيماجياكەرەوانەوە ئـەنجام دەدرێـت كـەوا لـە سيسـتەمى زانياريـدا وەردەگيرێـن. يـاخود بەگوتەيـەكى سـادەتر، ئەگـەر ((هەڵبـژاردن)) بەگوێرەى لێكچوون سـيماى جياكـەرەوەى [ + جـوان ] ئـەنجام بـدرێت، ئەوە نيشانەيەك هەڵدەبژێردرێت كە لە ئاست نيشانەى يەكەمجاردا جوانتر بێت. هەر بەپێى ئـەو بنەمايەشـە كـەوا ((گـوڵ))، ((مـانگ)) و هى ديكە دەبن بەجێنشينى ((ڕوخسارى يار))، تاوەكو لەئاسـت سـيماى جياكەرەوەى [ + جوان ] گەورەكردن ئەنجام بدرێت.

### ٢/١/٧ بچووككردنەوە

ڕەنگـە بتـوانين بڵـێين كـە بچـووككردنەوە، پێچـەوانەى ئـەركى گەورەكردنـە، واتـا لـەجياتى ئـەوەى جۆرێـك لەبـەرزڕاگرتنى لەگەڵدا بێت، جۆرێك لە نزم سەيركردنى تێدايە.

(١٧٠) اين كنيز تو از تو نان خواهد
سگ از اين خانه استخوان خواهد (عارف)

(١٧١) يادشان رفته، همان هنگام در مغرب زمين
مردمى بودند همچون جانور جنگل نشين (عشقى)

پێويسـته سـەرنجى ئـەو خاڵـە بـدەين كـە هەريـەك لـە ((گەورەكردن)) و ((بچووككردنەوە)) لە پەيوەندييەكى دوو لايەنەدان لەگـەڵ يـەكترى؛ بـەو واتايـەى كـە بچـووككردنەوەى چـەمكێك بـە گەورەكردنى چەمكێكى ديكە تەواو دەبێت و بەپێچەوانەوەش.

(١٧٢) مادر ما را بيرون شهر دور از چشم همه
بەچرامى برد
ما ناهار را روى زمين مى چريديم (رضا براهنى)

(١٧٣) من خاك كف پای سگ كوی كسی ام
كو خاك كف پای سگ كوی تو باشد

له نموونەی (١٧٢)دا، شاعیر بەسوود وەرگرتن لە بچووككردنەوە لەئاست ئاخێوەردا، دێتە سەر گەورەككردنی بێچارەیی ئەو و لە نموونەی (١٧٣)دا بچووككردنەوەی ئاخێوەر بە گەورەكردنی دوێنەر كۆتایی دێت.

## ٢/٧ لادان لەواقیع و هەڵبژاردن

لادان لەواقیع بە هەردوو جۆرەكەیەوە لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن))ە، ئەم هەڵبژاردنەش بەدەوری خۆی بەگوێرەی لێكچوون ئەنجام دەدرێت. شەمیسا بەوردی ئاماژە بۆ ئەو خاڵە بنچینەییە دەكات و لەكاتی باسكردن لەبارەی زیادەڕۆیی و زێدەگۆیی و پێ لێ هەڵبڕیندا، ئەم سنعەت گەلە بە زێدەگاڤی و جەختكردن لە گوزارشتكردندا دەداتە قەڵەم كەوا دەرەنجامی چوواندن یاخود خواستنە. (← ٣، ل ٧٧)

لەلایێكی دیكە لەكاتی باسكردن سەبارەت بەچوواندن و خواستن، ئاماژەمان بۆ هەڵبژاردن بەپێی سیماجیاكەرەوەكانی سیستەمی زانیاری كردووە و گوتمانە كەوا بۆ وێنە كاتێك كە ((شێر)) دەبێت بەجێنشینی ((كەسێكی ئازا))، تەنیا تایبەتمەندی ئازایی ((شێر)) بەس نییە، بەڵكو سیما جیاكەرەوەكانی وەكو ((جوانی))، ((سەنگینی)) و هی دیكەش بەپێوەری ئەم هەڵبژاردنە دەژمێردرێن. بەم پێیە ((هەڵبژاردن)) پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ باری سۆزداری نیشانەكانەوە هەیە.

سێ وشەی وەكو ((دلێر))، ((باڵا بەرز))، ((درێژ))، ئەگەر چی ڕەنگە بتوانن لە ڕووی واتاییەوە جێگرەوەی یەكتری بن، بەڵام لەڕووی سۆزدارییەوە جیاوازن.

(١٧٤) عجب آدم رشيدى است.

(١٧٥) عجب آدم قد بلندى است.

(١٧٦) عجب آدم درازى است.

نموونەكانى (١٧٤) تاوەكو (١٧٦) بارودۆخى هەڵبـژاردنى هـەر يـەك لەسێ وشەكانى جێى مەبەست، بەگوێرەى بارى سـۆزدارييانەوە نيشـان دەدات. ئەنجا لەوەوە كە هەڵبژاردنى هـەر يـەكێك لـەم سـێ وشـانە، لـە سنوورى سيما جياكـەرەوەكانى واتـايى ئـەم نيشـانانە لـەناو سيسـتەمى زمانـدا بەڕێوەچـووە، هـيچ چەشـنە لادان لـە واقيعـى بەرپانـەكردووە؛ چونكە لادان لە واقيع ئەوكاتە ڕوودەدات كەوا نيشانەكان بەپێى سيما جياكـەرەوەكانى سيسـتەمى زانياريـان بەربـژێربكرێن؛ واتـە ((بـالآ)) بەنموونە بە ((سەرو)) و ياخود ((نێردەوانى دزان)) و ((ڕوخسار)) بە ((گوڵ)) ياخود ((بنكرِى مەنجەلى پـلاوى بـە نيسك/ تـە ديـگ عـدس پلو)) بچووێندرێت؛ چونكە ئەگەر هەڵبژاردن بەپێى لێكچوونى سيما جياكەرەوەكانى سيستەمى زمان ئەنجام بدرێت، واتە بۆ وێنە لەجياتى (روخســار)) وشــەكانى وەكــو ((شــێوە))، ((ديمــەن)) و ئەمانــە بەربــژێربكرێن، ئــەوە هــيچ جـۆرە لادانێـك لــەواقيع ڕوونــادات و ئاشكرايشــە كــەوا ((مــەدلول)) لــە ((ميســداق))كەى زۆر دوور ناكەوێتەوە.

### ٣/٧ لادان لەواقيع و درۆ

لــە لێكۆڵينــەوە ئەدەبييــە نەريتييەكانــدا بــەردەوام ســەرنج دەخرێتەســـەر مەســـەلەى جيـــاوازى لـــەنێوان ((زێـــدەگۆيى))، ((زێدەڕۆيى)) و ((پێ لێ هەڵبڕين)) لەلايەك و ((درۆ)) كردن لەلايێكى ديكەوە. شەفيعى كەدكنى ئاماژەى بە كۆمەڵێك لەو بيروڕايانە كردووە و ئەوەى نيشانداوە كە لەنێوان ئـەهلى ئەدەبيشدا كەسانێك هـەبوون، ئەم سنعەتانەيان بەهۆى درۆ بوونيانەوە بەپەسەند نـەزانيوە (←٢، ل ١٣٠ — ١٣٤).

لەو لاشەوە شەمیسا ئاماژە بە جیاوازی لەنێوان ((زێدەگۆیی)) و ((زێدەڕۆیی)) و ((پێ لێ هەڵبڕین)) لە لایێکەوە و مەسەلەی ((درۆ)) لەلایێکی دیکەوە دەکات و ڕای وایە کە لە درۆدا پەیوەستێك (قەرینە) لە ئارادا نییە، کەچی لەم سنعەتانەدا ڕووبەڕووی پەیوەستەگەلێکی عەقڵی دەبینەوە کە پێمان دەڵێ بابەتەکە حەقیقەتی نییە. (← ٣، ل ٧٩) بەڵام لە ڕاستیدا مەسەلەکە زۆر لەوە ئالۆزترە، لەبەر ئەوەی لادان لەواقیع هەر لە بنەڕەتەوە ناتواندرێت لەگەڵ ڕاستی و درۆدا لەسەنگی محەك بدرێت، مەگەر ئەوەی کەوا نکوولی لەئەرکی ئەدەبی زمان دا بکەین.

ڕاستی و درۆ تەنیا ئەو کاتانە دێنەگۆڕێ کەوا سوود لە ئەرکی گەڕانەوەیی زمان وەربگرین و بابەتی پەیام بایەخی یەکەمین وەربگرێت. لە بارودۆخێکی وادا کە پەیاموەرگر پەیامەکە لەگەڵ واقعیتی جیهانی دەرەوەدا بەراورد دەکات و درۆ و ڕاستی مەسەلەکە دەپشکنێ. بەڵام وەختێك ئەرکی ئەدەبی زمان و ئەوپەڕی ئەندێشە کراوەکەی، واتا شیعر، دێتە گۆڕێ ئامرازێك بۆ هەڵسەنگاندی ڕاستی و درۆی پەیام لەئارادا نابێت و هەر بەو هۆیەشەوەیە کە لادان لەواقیع کرۆکی شیعر پێکدەهێنێت.

بەر لەمە و لەبڕگەی ١/٧ دا ئاماژەمان بۆ بەکارهێنانی لادان لەواقیع لەزمانی ئاساییدا کرد و گوتمان کە دوورکەوتنەوەی ((مەدلول)) لە ((میسداق)) لەزمانی ئاساییدا ئەگەری هەیە و بەهۆی ئەم دوورکەوتنەوەیەی مەدلول لە میسداقیش، بایەخی گەڕانەوەیی ڕستەکانی لەوێنەی (١٦٢) تاوەکو (١٦٧) دادەبەزێت. هەر بۆیەشە کاتێك ئاخێوەرێك ڕستەیەکی وەکو ((نۆکەری تۆم)) بەکاردەبات، چاوەڕوانی ئەوە ناکات دوێنەرەکەی داوای شوشتنی حەوشەی ماڵەکەیانی لێ بکات!.

## کتێبنامه


1- Leech, G. N. Alingustistic Guide to English poetry, N. Y., 1769.

٢- شفیعی کدکنی، محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، تهران، آگاه، ۱۳۷۰.

٣- شمیسا، سیروس، نگاهی تازه به بدیع، تهران، فردوس، ۱۳۷۲.

٤- صفوی، کورش، از زبان شناسی به ادبیات، ج۱، نظم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۷۳.

# بەشی ٨

# جوانكاری شیعری

ئـەوەی تـا ئێسـتا لـەم کورتـە باسـەدا خراوەتـەڕوو کۆمـەڵێك بنچـینەن کـە بنـەمای گەلاڵـەی ((جوانکـاری شـیعر))ی و چـۆنییەتی پۆلبەنـدی تـەرزەکانی پێکـدەهێنێت. لـەم بەشـەدا سـەرەتا بـاس لـەگرینگترین ئـەو مەسـەلانە دەکـەین کـە لـە بەشـەکانی ڕابـردوودا خراونەتەڕوو، لە پاشان پۆلبەندییـەکی تـازە بـۆ تـەرزەکانی داهێنـانی شیعری دەخەینە بەردەست کە بەشێوەیەکی گونجاو بەدیاردەکەوێت و مەسەلەی دروستی و نادروتیشی مایەی هەڵسەنگاندنە.

## ۱/۸ بنەمای پۆلبەندی سنعەتەکان

لەبەشـی یەکـەم و لـەکاتی خسـتنەڕووی سـەرنجە تیورییەکانـدا، ئاماژەمـان بـۆ پرۆسـەی بەرجەستەسـازی و هـەردوو جۆرەکـەی، واتـا ((زیـادەکردنی ڕێسـا)) و ((کەمکردنــەوەی ڕێسـا)) کـردووە و ئــەم پرۆسەی کەمکردنەوەی ڕێسایەشمان کەوا کـار لەسـەر نـاواخنی زمانـدا دەکات، وەکـو بنـەمای بـەرپابوونی ((شـیعر)) داوەتـە ناسـین. لەبەشـی سێیەمدا و بەرەچاوکردنی ئـەو گریمانەیـە، جۆرەکانی کەمکردنـەوەی ڕێسـامان هێناوەتـەوەو بەشـێکیش لـەم جۆرانـەمان، لەوێنـەی ((کەمکردنەوەی ڕێسای دەنگی))، ((کەمکردنـەوەی ڕێسـای ڕێزمـانی))، ((کەمکردنـەوەی ڕێسـای شـێوەزاری)) کـەوا لەنەخشـەکەی لـیچ دا هـاتبوون (← ۱)، لەمەسـەلەی داهێنـانی ((شـیعر))یدا خسـتبووە ژێـر گومانــەوە. چـونکە وا دیاردەکـەوێت کەمکردنـەوەی ڕێسـای دەنگـی و ڕێزمـانی بـەهۆی زیـادکردنی ڕێسـا و پاراسـتنی هاوسـەنگییەوە دەسەپێندرێن و، کەمکردنـەوەی ڕێسـای شـێوەزاریش، لەگەڵ ئەوەشـدا لـە دەستنیشـانکردنی شـێوازی تاکەکەسـدا ڕۆڵـی هەیـە، بـەلام ئەندێشـەکراو نییـە و ناتوانێـت ئـەرکی ئامرازێـك بـۆ داهێنـانی ((شیعری)) بگێڕێت. سەرەڕای ئەوەش، بەپێی ئەو باسەی کـە کـراوە و بەگوێرەی دیدگای حەقشناس، کەمکردنەوەی ڕێسای شێوەزاریش وەکو

ئـــامرازێکی بنـــەڕەتی داهێنـــانی پەخشـــانی ئـــەدەبی دانـــدراوە. ئـــەو گریمانەیـەشمان باسـکرد، کـە ئەگـەر هـات و پەخشـان، بـەواتا شـێوەی نووسراوی زمانی ئاسایی، بیەوێت بگۆڕێت بـۆ پەخشانێکی ئـەدەبی و سـوود لـەهیچ کـام لـە ئامرازەکـانی داهێنـانی شـیعری و داهێنـانی هـۆنراویش وەرنـــەگرێت، ئـــەوە پێویســـتە لانـــی کـــەم ســـوود لـــە کەمکردنەوەی ڕێسای شێوەزاری، واتـە ئاوێتـەکردنی جۆرەکانی زمـان، وەربگرێـت. ئـەنجا ئـەوەش ڕوونکراوەتـەوە کـە هـەموو جۆرەکـانی کەمکردنەوەی ڕێسا لە ئەنجامی ((هەڵبژاردن)) لەسەر ئاستی تـەوەری جێنشـینی دێنـەدی، بـەجۆرێکی ئـەوتۆ کـە لەسـەر ئاسـتی تـەوەری هاونشـینیدا لەگـەڵ یاسـا کارپێکراوەکـانی زمـانی خودکـاردا ناسـازگار دەردەکەون.

لەبەشـــی چـــوارەمدا بەرەچـــاوکردنی هـــەردوو پرۆســـەی ((هەڵبـژاردن)) و ((ڕیزکـردن))، واتـە ئـەوەی بـەڕیز لەسـەر هـەردوو ئاسـتی تـەوەرەکانی جێنشـینی و هاونشـینیدا ڕوودەدەن، گریمانـەی ((پارســەنگی ئــەدەبیمان)) خســتەڕوو و بەتایبــەتیش ئامــاژە بــۆ پەیوەنـدی ((مـەدلول)) لەئاسـت ((میسـداق))دا کـراوە. لێـرەدا لەسـەر بنەمای هەمان ئەو دوو گریمانە بنەڕەتیەیە کە توانای پۆلبەندییـەکی تازە بۆ تەرزەکانی داهێنانی ((شیعری)) دابین دەبێت.

لەبەشـــی پێنجـــەم دا، ئامـــاژە بـــۆ لێکۆڵینـــەوە نەریتیـــەکان و پۆلبەنـــدی ســـنعەتەکانی داهێنـــانی ((شـــیعری)) کـــراوە و ئـــەوەش ڕوونکراوەتـەوە کـە بەشـێك لـەم تەرزانـە لـە چوارچـێوەی هونـەری ڕوونبێـژی و بەشـێکی دیکەشـیان لەسـنووری جوانکـاری واتـایی جـێ کراوەنەتەوە؛ هەر چـەندە لەهونـەری ڕوونبێژیـدا، هـەموو جۆرەکانی ((خـوازە)) پەیوەسـت نـین بـەداهێنانی شـیعریەوە و تـەنیا جۆرێکیـان نەبێت کە ئـەویش بـە ((خـوازەی خواسـتن)) یـاخود بـە ((خواسـتن)) ناودەبرێـت، کـە لـە زمـانی ئاسـاییەوە بـۆ نـاو زمـانی ئـەدەب ڕێگـە

دەگرێت. پاشماوەی جۆرەکانی دیکەی خوازەش لەسنووری واتاناسیدا دەکرێ لێکۆڵینەوەیان بۆ بکرێت. لەلایێکی دیکەوە ڕوونکراوەتەوە کە بەشێك لەو سنعەتانەی لە جوانکاری واتاییدا باس دەکرێن، لەوێنەی ((ڕاگومکێی ئاشنا/ تجاهل العارف))، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو سنعەتانەی کە لە هونەری ڕوونبێژیدا خراونەتەڕوو، بایەخی داهێنانی شیعریان نییە و، سەرەڕای ئەوەی کە سنعەتێکی وەکو ((زێدەگۆیی))، لەوە ڕەسەنترە لەپاڵ سنعەتگەلێکی وەکو ((ئاوڕدانەوە و)) یا ((چاولەیەك))دا پولبەندی بکرێت. بەو هۆیەوە ئەم سنعەتە لەبوارێکی فراوانتر و لەژێر ناویشانی ((لادان لەواقیع)) لەبەشی حەوتەمدا باسکراوە بۆ ئەوەی ئاشکرابێت کە تایبەتمەندی ((شیعر)) هەر ئەو لادان لە واقیعەیە و جگە لەوە، داهێنانی شیعری بنچینەی یەکەمینی خۆی دەدۆڕێنێت.

لەپاڵ ئەم باسانەدا هاتووینەتە سەر چۆنییەتی ((هەڵبژاردن)) بەپێی لێکچوون و گوتومانە کە تەنیا لێکچوون بەس نییە بۆ ئەوەی بگەین بە هەڵبژاردن، بەڵکو کۆمەڵێك سیمای جیاکەرەوە ڕۆڵیان لە هەڵبژاردندا هەیە کە بنچینەی گەورەکردن و بچووککردنەوە پێکدەهێنن.

بەم شێوەیە ئەوەی کەوا ((شیعر)) دەخوڵقێنێت جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێسایە، کە ((مەدلول)) لە ((میسداق)) دوورتر دەخاتەوە و بەو هۆیەشەوە دەبێت بە لادان لەواقیع لەنێو جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێسادا، ڕێسای کەمکردنەوەی واتایی زۆرترین مەودا لەنێوان ((مەدلول)) و ((میسداق))دا دێنێتەکایە و دەتوانێت تەرزگەلێکی زۆر بگرێتەوە کە دەکرێ بەپێی کارکردنیان لەسەر تەوەری جێنشینی و هاونشینیدا پولبەندی بکرێن.

## ٢/٨ پولبەندی بەپێی بنەماکانی هەڵبژاردن و ڕیزکردن

لەسەر ئەو بنەمایەی لەبەشی پێنجەمدا خراوەتە ڕوو، ((هەڵبژاردن)) لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی و بەگوێرەی لێکچوون، دەبێت بەسنعەتی ((چوواندن)) و لەڕێی ئەم سنعەتەشەوە ئەنجامەکەی دەبێت بە ((خواستن)) کە لە ناوەڕۆکدا لادانە لە واقیع. لەلایێکی دیکە ئەرکی سنعەتگەلێکی وەکو ((بەهەڵەبردن)) و ((چاولەیەك)) و ((دژیەکی)) و هی دیکەش، کە لە بڕگەکانی ٥/٥ تاوەکو ١١/٥ خراونەتەڕوو، هەروەها سنعەتی ((پاراودۆکس))یش کەوا لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییە نەریتییەکاندا کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە و لەبەرگی یەکەمی ئەم کورتە باسەدا ئاماژەی بۆ کراوە (← ٥، ل ٥٢)، لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی ئەنجام دەدرێن، بۆیە بەردەوام پەیوەست دەبن بە بارودۆخی هاتنەوە و ((ڕیزکردن)) لەسەر ئاستی ئەم تەوەرەدا. بەم جۆرە دەتواندرێت لە هەنگاوی یەکەمدا نەخشەیەکی سەرەتایی وەك ئەمەی خوارەوەمان دەست بکەوێت:

- کەمکردنەوەی ڕێسای نووسین
- کەمکردنەوەی ڕێسای شێوازی
- کەمکردنەوەی ڕێسای وشەیی
- کەمکردنەوەی ڕێسای زەمانی
- کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی

—— بەپێی هەڵبژاردن / بەپێی ڕیزکردن

کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی بەپێی ((هەڵبژاردن)) لە بنەڕەتدا هەڵبژاردنێکە لەسەر بنەمای ((لێکچوون)) ئەنجام دەدرێت و لەم ڕووەوە کەمکردنەوەی ڕێسایە، کە شوێنکەوتەی ئەو ڕێسا کارپێکراوانە

نـین کـە بەسـەر سـیما جیاکـەرەوەکانی نیشـانەکانی زمـانی ئاسـاییدا سـەپاوە. لەسـەر ئـەم بنەمایـە کەمکردنـەوەی ڕێسـای واتـایی بـەپێی ((هەڵبژاردن)) چوواندنی لێ بەدیـدێت و ((چـوواندن))یش دەبێـت بـە پایەی ((خواستن))، تا وەکو ئەوپـەڕی ئـەرکی لەسـەر ئاسـتی تـەوەری جێنشینی بنوێنێت.

کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی
- بەپێی هەڵبژاردن ← چوواندن ← خواستن
- بەپێی ڕیزکردن

بـەڵام لـەلایێکی دیکـەوە، کەمکردنـەوەی ڕێسـای واتـایی بـەپێی ((ڕیزکردن)) لەبنەڕەتدا ڕیزکردنێکە لەسـەر بنچینەی ((هاوسـێتی)) ئـەنجام دەدرێـت و، لـەم ڕووەوە ڕێسـا کەمکردنەوەیێکـە کـە لەگـەڵ یاساکانی پێکهاتەسازی واتایی زمانی ئاساییدا ناکۆکە. نموونـەی دیـاری کەمکردنەوەی ڕێسا بـەپێی ڕێزکـردن سـنعەتی ((پـارادۆکس))ە و لـەم بارەوە ((بەهەڵـەبردن))یش بـە کەمکردنـەوەی ڕێسـا دەدرێتـە قەڵـەم، کەوا بـە ئەنقەسـت ڕێگـا لەبـەردەم هـەڵگرتنی بـە هەڵەبردنەکە دوور دەخاتەوە. بەڵام سنعەتگەلێکی وەکو ((کۆتایی دلگیر/ حسن التخلص))، ((وەرچـەرخان/ اسـتطراد))، ((ئاوڕدانـەوە/ التفـات))، ((دژیـەکی/ تضاد))، ((چاولەیەك/ مراعـاە الـنظیر)) بـەئامرازی داهێنـانی شـیعری ناژمێردرێن. ئەوەی کە شاعیر بەر لە ستایشکردنی کەسـی ستایشـکراو، دەستپێکێکی جوان دەهێنێتەوە [ = کۆتایی دلگیری دەستپێك ]، یـاخود شیعرێك دابنێـت کـە چـەمکێکی یەکپارچـەی هـەبێت [ = التفـات ]، یـا وشەگەلێکی سەربەیەك کێڵگـەی واتـایی بـەدوای یەکتریـدا بهێنێـت [ = چاولەیەك ]، یا وشەگەلی دژ بەیەك لەتەك یەکتر ڕیـز بکـات [ تضـاد = دژیـەکی ]، ئەمانـە ((شـیعر)) بەرپاناکـەن، چـونکە ئـەم سـنعەتانە


ئامرازی ڕازندنەوەی شیعرن نەوەکو داهێنـانی شـیعری. ئەگـەر هـات و ئەم بابەتە لەگەڵ تەلارێك بەراورد بکەین، ئەوە دەتوانین بڵـێین کـەوا سـنعەتەکانی وەکـو ((کۆتـایی دلگـیر)) و ((ئاوڕدانـەوە)) و ئەمانـە بەنـەخش و نیگـاری نـاوەوەی بیناکـەوە پەیوەسـتن، لـە کاتێکـدا کـەوا ((پـاردۆکس)) و ((بەهەڵـەبردن)) لـەلایێك و ((چـوواندن)) و ((خواستن)) لە لایێکی دیکـە، خشـت و خـاك و چیمەنتۆی بنیاتنـانی بیناکە پێکدەهێنن.

کەمکردنەوەی ڕێسای واتایی
- بەپێی هەڵبژاردن
- بەپێی ڕیزکردن
  - بەهەڵەبردن
  - پاردۆکس

بـەو جـۆرە پێویسـتە ئـەوەی کـەوا ((شـیعر)) بەرهـەم دەهێنێـت، لـەوەی کـە بەئاراسـتەی شـیعر دەژمێردرێـت، جیابکرێتـەوە و ((جوانکـاری شـیعر))یش تایبـەت بکرێـت بەلێکۆڵینـەوەی ئـەو جۆرانـە کـە دەسـتیان لـەداهێنانی شـیعریدا هەیـە. لـەبارودۆخێکی وادا دەتوانـدرێت، ئـەو ئـامرازە ئارایش بەخشانەی شیعر کە پەیوەندیان بە ((زمـانی شـیعری))یەوە نییـە و ((گوتـاری شـیعری)) پێکـدەهێنن، لـە لێکۆڵینـەوەکانی شـێوازی تاکـە کەسـدا بەکاربهێنـدرێن و لـەو ڕێگەیـەوە ئاسـتی ((شیوازناسـی)) بـۆ جۆرێـك لـە لێکۆڵینەوەی زانستی بەرز بکرێتەوە. باس و خواس لەم بارەیـەوە بـۆ بەشـی نۆیەم بەجێ دەهێڵدرێت. لەسەر ئـەم بنچینەیە دەتوانـدرێت هێلکارییـەکی گشتی بۆ ئامرازەکانی داهێنانی ((شیعری)) بکێشرێت:

بـەڵام ئـەم هێلکارییـە وردەکـاری پولبەنـدیی سـنعەتەکانی بـەدیار نەخستووە. بۆ نموونە جۆرەکانی ((بەهەڵەبردن))ی تیادا جێ نەکراوەتـەوە و لـەوەش گـرینگتر، جۆرەکـانی ((چـوواندن)) و بەتایبـەتیش ((خواسـتن)) لـەم هێلکاریـەدا نـەهاتوون. دەتوانـدرێت ((بەهەڵـەبردن)) بـۆ سـێ جـۆری

وشـەیی و فرێـزی و پێکهاتـەیی دابەشـبکرێت. بـۆ ((چـوواندن))یش دەکـرێ بــەگوێرەی پایــەکانی چــوواندن دابەشــبکرێت بــۆ ((چــوواندنی درێــژە))، ((چـــوواندنی پوختـــە))، ((چـــوواندنی ڕەوان)) و لـــە ((چـــوواندنی ڕەوان))یشەوە بگەین بە ((خواستن)).



بۆ پۆلبەندی ((خواستن))یش دەكرێ سوود لە ڕێبازەكەی سجودی (←٤) وەربگیرێت و بەشەكانی وەكو ((مرۆڤ ئاسایی))، ((ڕەوان ئاسایی))، ((گیائاسایی)) و هی تر دەستنیشان بكرێن، كە لە تەواوكردنی هێڵكارییەكەی ئێمەدا هاوكاردەبێت و ڕادەی وردەكاری كارەكەش چاكتردەكات. لەگەڵ ئەوەی گۆڕانكاری بەسەر ئەسڵی مەسەلەكەدا نایەت؛ مەگەر لەو نێوانەدا دەستمان بە جۆرێك ڕابگات كە سەرتاپای هێڵكارییەكە بخاتە ژێر گومانەوە، یا ئەوەتا لەڕووی میتۆدناسییەوە كێماسییەك لەهێڵكارییەكەدا بەدی بكرێت.

لێرەدا دەبێ ئەو دڵنیاییە بدرێت كەوا كەمكردنەوەی ڕێسای نووسینو وشەیی و زەمانی لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن))ن. ئەوەی كەوا شاعیرێك پێڕەوی لەشێوەیەكی تازەی نووسین بكات، یاخود كەرەستەیەك لەشێوازێكی دیكەوە بەربژێر بكات، وشەیەكی تازە دابهێنێت هەڵبژاردنی ئەوی پێ باشتر بێت، یا ئەوەتا وشەیەك لە برگەیەكی زەمانی كۆنەوە وەربگرێت، ئەمانە هەموو بەپێی ((هەڵبژاردن)) ئەنجام دەدرێت.

ئەنجا ڕەنگە لە یەكەم هەنگاودا وادەركەوێت كەوا لە ((بەهەڵەبردن)) و ((پاردۆكس))یشدا هەر مەسەلەی ((هەڵبژاردن)) لە ئارادا بێت. ئەم قسەیە ڕاستە بەڵام پێویستە ئاگاداربین كەوا دركپێكردنی ((بەهەڵەبردن)) و ((پارادۆكس)) لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی بەدەست دێت و ئەوە ((ڕێزكردن))ی دانەكانە كەوا ئەم سنعەتانەی لێ دەكەوێتەوە.

ئێستا واپێویست دەكات كە ئەم پێنج جۆرە ڕێسا كەمكردنەوانەی ڕۆڵیان لەداهێنانی شیعریدا هەیە، بەگوێرەی ڕوودان و هاتنەوەیان پولبەندی بكەین. بەپێی ئەوەی تاوەكو ئێستا گوتراوە، دووركەوتنەوەی مەدلول لە میسداقی جیهانی دەرەوەدا، ئاخاوتنی

ئەندێشەدار بەرهەم دەهێنێت و ئـەم جـۆرە ئاخاوتنـەش لەناوەرۆكـدا لەواقیع لادانە.

لەسەر ئەو بنەمایە دەتواندرێت بەگوێرەی ئەم لۆجیكە، كەوا كام لە ڕێسا كەمكردنەوەكان ڕۆڵی لە دووركەوتنەوەی مەدلول لەمیسداقدا كەمتر یـا زۆرتـر هەیـە، ئـەنجا ڕوودان و هاتنـەوەی هـەر یـەكێكیان لـە ڕووی تیۆرییـەوە ڕوونبكەینـەوە. بـە بـاوەڕی نووسـەر و بـەپێی ئـەو لێكۆڵینەوانـــەی ئـــەنجام دراون (← ٢؛ ٣؛ ٤؛ ٦) دیـــارە دەتوانـــدرێت هێلكارییەكی وەك ئەمەی خوارەوە بخرێتەبەر دەست:

[ كەمكردنـــەوەی ڕێســـای نووســـین ← كەمكردنـــەوەی ڕێســـای شـێوازی←كەمكردنـەوەی ڕێسـای زەمـانی ←كەمكردنـەوەی ڕێسـای وشەیی ← كەمكردنەوەی ڕێسای واتایی ].

لـــەم هێڵكارییـــەدا هـــەر كەمكردنەوەیـــەكی ڕێســـا لەئاســـت كەمكردنەوەی ڕێساكەی دەستی چەپی خۆی، ڕێژە داهێنانێكی كەمتری هەیـە. بەگوتەیـەكی سـادەتر، هـەر كەمكردنەوەیـەكی ڕێسـا لـە چـاو كەمكردنەوە ڕێساكەی لای چـەپی خـۆی مـەدلول لەمیسـداقەی كـەمتر دوور دەخاتـەوە. بـۆ نموونـە كەمكردنـەوەی ڕێسـای وشـەیی زیـاتر لـە كەمكردنەوەی ڕێسای زەمانی و كەمتر لە كەمكردنەوەی ڕێسای واتـایی لـــە ئەندێشـــەداركردنی ئاخاوتنـــدا ڕۆڵ دەگێڕێـــت و تـــا دوایـــی. خسـتنەڕووی ئـەم هێڵكارییـەی سـەرەوە لایـەنێكی تیـوری هەیـە و ئەلبەتە ئەو كاتە دەكرێ بەشێوەیەكی قـەتعی وەربگیرێت كـە لەسـەر بنەمای توێژینەوەیەكی گشتگیر بنیات نرابێت.

## کتێبنامە

1- Leech. G. N. Alinguistic Guide to English poetery, N. Y, 1969.
2- Siami, T. ALinguistic Approach to the study of linguistic Deviations in the Turkish Divan of shaheriar Unpud. M. A. Thesis, Allameh Tabataba, Univ, Tehran, 1995.

۳- رضایی، آرزو، بررسی زبان شناختی ویژگی های اشعار نیما یوشج با توجه بەبسامد آماری گونەهای هنجار گریزی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، ١٣٧٦.
٤- سجودی، فرزان، سبك شناسی شعر سپهری، رویکردی زبان شناختی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه علامه طباطبایی، ١٣٧٦.
٥- صفوی، کورش، از زبان شناسی به ادبیات، ج١، نظم، تهران، نشر چشمه، ١٣٧٣.
٦- محمدی، زهرا، بررسی سبك شناسی اشعار فروغ فرخزاد در چهارچوب بسامد آماری هنجارگریزی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناختی، دانشگاه آزاد اسلامی، ١٣٧٦.

# بەشی ٩

# پێشنیارێك سەبارەت بە شێوازناسیی ئەدەبی فارسی

ئـەم بەشــە دەقــی هــەموارکراوی توێژینەوەیێکــە کــەوا پێشــتر بڵاوکراوەتــەوە و نــاوەرۆکی بابەتەکــەش باسوخواســی زۆری بــەدوای خۆیدا هێناوە (←١٠). لێرەدا هەوڵدەدرێت بۆ دووبارەکردنـەوەی ئـەو خاڵانەی کە لەوێدا هاتوون، درێـژە بـەباس و بابەتگەلێك بـدەین کـە بەرەچاوکردنی ئـەو مەسـەلانەی کـە لـەم کورتـە باسـەماندا هـاتوون، ڕۆشـنایی زیـاتر بخاتــە سـەر ئــەو بابەتانــەی کــە لــە توێژینەوەکـەدا خراونەتــەڕوو. لــەو پێنــاوەدا ســەرەتا پەنجــە بــۆ بەشــێك لــە تایبەتمەندییــەکانی شێوازناســی نــەریتی جۆرەکــانی ئــەدەبی فارســی ڕادەکێشین و دوای ئـەوەش بـە ڕەچاوکردنی ئـەو ئامرازانـەی کـە لـەم کورتــە باســەدا خروانەتــەڕوو، نەخشــەیەك بــۆ ڕێبــازی شێوازناســی جۆرەکانی ئەدەبی فارسی پێشنیار دەکەین، کە وا دەردەکەوێت لەڕووی میتۆدناسـییەوە گونجاوییـەکی زانسـتی زیـاتری هـەبێت و بتوانـدرێت لەبارەی ڕاستی و ناڕاستییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت.

## ١/٩ چاوگێڕانێك بەشێوازناسی نەریتیدا

لەخشتەی یەکـەکانی وانـەکانی بەشـی ئـەدەبی فارسـی، دوو وانـە بــەناوەکانی ((شێوازناســی هــۆنراو)) و ((شێوازناســی پەخشــان)) بەرچـاودەکەون، کـە هـەر لەسـەرەتاوە بەڵگـەی ئـەوەن کـەوا جیـاوازی لـەنێوان ((هـۆنراو)) و ((شـیعر))دا نـەکراوە. لەبـەرگی یەکـەمی ئـەم کورتە باسەدا بەدرێژی باس لەجیاکاری نێوان ئەم دوو جۆرەی ئـەدەب کراوە، تا ئەوەی ئاماژەمان بۆ ئەو مەسەلەیەش کردووە کەوا جیاکاری لەنێوان ئەم دوو جۆرەی ئەدەبدا دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەك بـەر لەئێستا، ئەگەر ئەوەش نەڵێین کە لە ئەرسـتۆ بـەدواوە، ئـەوە بـەلانی کەم لەسەردەمی ئیبن سینا و دواتـر، ئـەم جیاکارییـە لـەئێران ناسـراو بـووە (← ٩، ل ٩٠) و نــاش زانرێـت بۆچـی ئێمـە وردبینـی زانایـانی

ڕابردووی خۆمانمان لەدەست داوە و مەسەلەی ڕاگواستن و زاراوەتاشی بێ هوودەمان بەسەردا زاڵ کردووە.

بەهەر حاڵ ئەوەی کەوا ئەمڕۆ لەبەر دەستدایە بریتییە لە ((شێوازناسی هۆنراو)) کە لە ((شیعر)) دەکۆڵێتەوە و ((شێوازناسی پەخشان))، کە ئەگەر بێت و بەهار نموونەیەکی لەبەردەستمان دانەنایە، ئەوە نەدەزاندرا کاروباری ((پەخشان)) بەرەو کوێ دەڕۆیشت (← ٣).

بەهەر شێوەیەك بێت ئەوەی کەوا لەم دوو وانەیەدا دەخوێندرێت زۆرتر لە وانەکانی مێژووی ئەدەبیات دەچێت و ئەم ڕێبازە بەشێوەیەکی ئەوتۆ ڕۆیشتووە، کەوا دەزاندرێت شێوازناسی لەلێکۆڵینەوەی مێژوویی بەولاوە شتێکی دیکە نییە، سەیریش لەوە دایە، لەگەڵ ئەم هەموو لێکۆڵینەوە بە نرخانەی لەبواری شێوازناسی زانستیدا ئەنجامدراون (←٤؛ ٧؛ ٨)، ئەوە هەر هەمان ئەو مێژووەی ئەدەبیاتە کە دەخوێندرێت. شێوە زمانێك دەکرێتە ئامانج و خۆێنکارەکان بە نموونەی شیعری وەری دەگرن و ئەنجا بەپشکنینی ژیننامەی تایبەتی شاعیرانەوە سەرقاڵ دەبن.

(ڕەعدی ئازەربەخشی) ڕەخنە لە شێوەی پولینبەندی شێوازەکانی شیعری فارسی دەگرێت و ئاماژە بۆ نەگونجانی ناونیشانی ئەو شێوازانە لەگەڵ پێوەرەکانی زانستیدا دەکات، کۆمەڵێك بەڵگەش دێنێتەوە کە ئەوە دەسەلمێنن ناونیشانگەلێکی وەك ((شێوازی خوراسانی))، ((شێوازی عیراقی)) هی دیکەش، تا چ ڕادەیەك دەستکرد و ناڕەسەن و بەکارهێنانیشیان ناڕێکە. لەوبارەوە دەڵێ (← ٦، ل ١٠٥):

((یەکێك لەو کارە سەرەڕۆ و زیانبەخشانەی کە لە ماوەی سەتساڵی دوایی بوونەتە مایەی سەر لێشێوان و گوزارشتگەلێکی ناڕەوا لە ئەدەبیاتی ئێراندا، دابەشکردنی شێوازەکانی شیعری فارسییە بەپێی

ناوچە جوگرافییەکان لەوێنەی (شێوازی تورکستانی/ کە دواتر بوو بە خوراسانی و، شێوازی عیراقی و شێوازی هیندی)).

ئەنجا لەدوایە ئازەربەخشی دێتە سەر تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری فارسی، لەسەردەمی سەرهەڵدانی دەوڵەتی سامانییەوە تاوەکو سەرەتاکانی سەدەی حەفتەم و هێرشی مەغۆل، واتە ئەو سێ سەدە و نیوەی کە چوارچێوەی زەمانی شێوازی خوراسانی پێکدەهێنێت و دەڵێت (← ٦، ل ١٠٩): ((وەکو دیارە دانانی ئەم سێ سەدە و نیوە لەژێر چەتری زاراوەیەکی وەك شێوازی خوراسانی، جۆرێك لەبیرکردنەوەی سادەیە کە لە تێگەیشتنێکی ڕووکەشانەوە سەرچاوەی گرتووە. لەبەر ئەوەی جیاوازییەکی ئاشکرا لەنێوان پتەوی و بێ ئارایشت و سادەیی سروشتی شێوەی گوزارشتکردن و هەڵبژاردنی وشە لەنێوان زۆربەی شاعیرانی هەردوو دەورەی سامانی و غەزنەویدا هەیە، ئەنجا بەدەگمەن هەبوونی سنعەتە بێژەییەکان لەبەرهەمەکانیاندا هاوڕێ لەگەڵ نەرمونیانی و سازگاری ڕێژەی گوفتار و ئاراستەی بەرەبەرەی زۆربەی شاعیرانی دەرورەی سامانی و خواریزمشاهی بەلای سنعەتە جوانکارییەکانەوە بە دیدەکرێت. دوووەمیان ئەو جیاوازییە گرینگ و بێ ڕادەیەیە لەڕووی ئەندێشە و سۆز و بارودۆخی دەروونییەوە، کەوا ئەم دوو چینە لەشاعیران لەیەکتر جیادەکاتەوە)).

ئەنجا ئەو ((شێوازی عیراقی)) چەندجار بە نارێکتر لە ((شێوازی خوراسانی)) دادەنێت و باوەڕی وایە کەوا نازانـدرێت ئەم ((عیراق))ە کەوتۆتە کوێ و سەرەڕای ئەوەی کە نازانـدرێت چ سیمایەکی هاوبەش لەنێوان شیعری هەریەك لەجمال الدین محمد بن عبدالرزاق، کمال الدین اسماعیل، خاقانی، نظامی، مجیر بیلقانی، ظهیر فاریابی، سعدی، اوحدی، خواجو و حافظ دا هەیە، کە هەموو ئەمانە لەچوارچێوەی شاعیرانی شێوازی عیراقیدا لەگەڵ یەك کۆ بکاتەوە. هەروەهال زاراوەی ((شێوازی هیندی))یش بەلای ڕەعدی ئازەربەخشییەوە ورد نییە و

پێی وایە کە ناکرێت بە سوود وەرگرتن لەسنووری جوگرافیایی، یەکێکی وەك جامی کەوا شوێنکەوتووی سەعدی و خافزە و شاعیرانێکی ناوداری دیکەی وەك بابا فغانی، ئەهلی شیرازی و موحتەشەمی کاشانی شانبەشانی سائیب و بێدل دابندرێت و شیعر و بەرهەمی هەر هەموو ئەمانە بەپێرەوی لەشێوازێك بزاندرێت کە بەگوێرەی جوگرافیا دەستنیشانکراوە (←٦، ل ١١٥) سەرەڕای ئەوە پێویستە سەرنجی ئەو خاڵە بدرێت، کە شێوازی کەلیمی کاشانی و سائیبی تەبریزی و شاعیرانی پێشە خۆیان، بە باوەڕی ڕەعدی ئازەربەخشی، سەرەتا لەئێران لەدایکبووە ئەنجا لە دوایە گەیشتۆتە دەربارى پاشاکانی گورگانی؛ بۆیە بەکاربردنی زاراوەی ((شێوازی هیندی)) تا لەڕووی جوگرافیاییشەوە بەشێوەیەکی مەنتیقی دەرناکەوێت. (← ٦، ل ١١٩) لەدوایە ڕەعدی ئازەربەخشی دێتە سەر دەورەی بووژانەوەی گەڕانەوە (بازگشت) و بە نوێکردنەوەی ژیانی ئەدەبی دەداتە قەڵەم و ڕای وایە کە ئەوەی لە ((شێوازی هیندی))دا لەسەردەمی شاعیرانێکی لەنموونەی جویای تەبریزی وەرگەڕابوو بۆ ئالۆزیگۆییەکی لەڕادەبەدەر، سەرەنجام لەسەردەمی زەندیەدا بەهەوڵ و هیمەتی شاعیرانێکی وەکو هاتف و عاشقی ئەسفەهانی خرایە لاوە و جۆرێك لەنوێبوونەوەی ژیانی ئەدەبی لەشیعری فارسیدا هاتە ئاراوە، کە تایبەتمەندییەکەی بریتی بوو لە دژایەتی ئەو ((ڕەوتە پەست و مەترسیدارەی شیعری وڕینەئاسای کۆتاییەکانی سەدەی یازدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەهەم)) (←٦، ل ١٢٠). بەو هۆیەوە زاراوەی ((گەڕانەوە/ بازگشت))یش دیسانەوە کەموکوڕی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە چەمکێکی وەك بەرەو پاشچوون و لاسایی کردنەوە دەگەیەنێت، لەکاتێکدا کەوا ئازەربەخشی بەگواستنەوە لە دانەری (مجمع الفصحاء)دا ئەم کارە بە ((زیندووکردنەوەی شێوازی پێشینان)) دادەنێت نەوەکو لاسایی کردنەوەی ناوەرۆکی ئەوان.

بەو جۆرە ڕەعدی ئازەربەخشی بێ ئەوەی خۆی ڕێبازێکی تازە لە پولبەندی شێوازەکانی شیعری فارسی بدات بەدەستەوە، ئاماژە بۆ ئەو کەموکورتیانە دەکات کە لەڕووی میتودناسییەوە مایەی سەرنجن و ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ئەم جۆرە پولبەندییە نەریتییە لەگەڵ ئەوەیدا کە ڕابردوویەکی دووری هەیە (←٦، ل ١٠٨) بەڵام جێگای پەسندی هەمووان نەبووە.

نووسین و لێکۆڵینەوە لەو بارەوە زۆرن و هەر یەکەی بە ئاراستەیەکە، بەڵام نازاندرێت بۆچ ئاوڕێك لەو مەسەلانە نادرێتەوە و تاوەکو ئێستا پولبەندییەکی تازە پێشنیار نەکراوە، لەبەرئەوەی هەر پسپۆرێك زوو تێدەگات کە پۆلبەندی هەر جۆرێکی ئەدەبی بەگوێرەی جوگرافیا و بەکارهێنانی ((شێوازی خوراسانی)) و ((شێوازی عیراقی)) و هی دیکە، ئەنجا پولبەندی جۆرێکی دیکە بەگوێرەی مێژووی سیاسی و باسکردنی ((شێوازی دەورەی سامانی))، ((شێوازی دەورەی غەزنەوی و دەستپێکی سەلجوقی))، ((شێوازی کۆتایی سەلجوقی تاوەکو سەرەتای دەورەی مەغۆل)) و ئەمانە ((← ١١، ل ١٢٥)، لەباری میتۆدناسییەوە نادروستن و سەرەڕای ئەوەش، چۆن چۆنی دەشێت بیروئەندێشەیەك لە دەورەیەکدا ڕسکابێت، کەچی لە مۆسیقا و، تەلارسازی و شێوەکاری و هونەرەکانی دیکەدا ڕەنگدانەوەی نەبێت؟ هەر بۆیە لۆجیك ئەوە دەخوازێت کە پولبەندییەکی نوێ پێشنیار بکرێت و ئەم نەخشەیەش وا ڕوون و ڕاشکاو بێت تاوەکو بتواندرێت دروستی و نادروستییەکەی تاقی بکرێتەوە.

## ٢/٩ بنەماکانی پۆلبەندی

لەبەشی چوارەمدا ئاماژەمان بۆ دیدگای یاکۆبسن و بیروڕاکانی کرد سەبارەت بە جەمسەرەکانی خواستن و خوازەیی و گوتمان، ئەو پێی وایە خواستن پرۆسەیەکە کەوا فۆرمێك لەتەوەری جێنشینی

((هەڵدەبــــژێرێت)) و لەجێگـــەی فـــۆرمێکی دیکـــەی دادەنێـــت؛ لەبەرانبەریشـدا خـوازە، پرۆسـەیەکە کـەوا فۆرمێـك لەسـەر ئاسـتی تەوەری هاونشینی لەتەك فۆرمێکی دیکە جێگیر دەکات و ئەم کارە بـە ((ڕیزکردن)) ناودەبرێت.

بـەم پێیـە ئەگـەر لەڕسـتەیەکی وەك ((آن جـوان مُـرد/ ئـەو لاوە مـردووە)) لـە جێگـەی وشـەی ((جـوان/ لاو)) وشـەی ((شمـع/ مـۆم)) دابنێین و لە جێگەی وشەی ((مُرد/ مـردووە))، ((سـوخت/ سووتاوە)) بـەکاربهێنین. ئـەو ((هەڵبژاردن))انـە هـەردووکیان لەسـەر ئاسـتی تـەوەری جێنشـینی ئـەنجام دەدرێـن و جێگیربوونیشـیان لەتەنیشـت یەکتریدا، لەبنەڕەتدا ((ڕیزکردن))یانە لەپاڵ یەکتری کە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینیدا بەدیاردەکەوێت. ئاشکرایە کـە ((هەڵبـژاردن))یش بەرەچاوکردنی ((ڕیزکردن)) ئەنجام دەدرێت، چونکێ هەر بۆ نموونـە، لە ((شیعری هۆنراو))دا، پێویستە ((هەڵبـژاردن)) بـە جۆرێـك ئـەنجام بدرێت کە تیایدا هاوسـەنگی – لەوێنـەی کـێش – لـە ((ڕیزکـردن))دا پارێزراو بێت.

بـەباوەڕی یاکۆبسـن ڕادەی سـوود وەرگـرتن لـەم دوو جەمسـەرە دەتوانێت ببێت بەپێوەرێك بـۆ دەستنیشـانکردنی شـێواز. پێشـکەوتنی پرۆسـەی سـوودوەرگرتن لەتـەوەری جێنشـینی، واتـە داشـکاندن بەئاراستەی جەمسەری خواستن لە هـەردوو قوتابخانەکـەی ڕۆمـانتیزم و سـیمبۆلیزم شـتێکی بەرچـاوە و شـاعیران زیـاتر ئـارەزووی ((هەڵبـژاردن)) لەسـەر تـەوەری جێنشـینی دەکـەن. لەقوتابخانـەی ((ڕیـالیزم))یش داشـکاندن لەسـەر ئاسـتی تـەوەری هاونشـینیدا هەیـە. پێویسـتە ئاگـاداریش بـین کـە ئـەم داشـکاندنانە بـۆ تـاك دەتوانێـت ((شـێوازی تاکـە کەسـی)) پێـك بهێنێـت و ئەگـەر بـارودۆخی بـە کۆمەڵایـەتی بوونیشـی بـۆ بڕەخسێت، ئـەوا دەگۆڕێـت بـۆ ((شـێوازی

کۆمەڵایەتی)) و لێرەدا ئەم ((شێوازە)) دەبێت بە شتێکی گشتگیر کە ناکرێت تەنیا لەسنووری ئەدەبیاتدا قەتیس بکرێت.

لەبەشی ٣/٤ دا ئاماژە بۆ ڕاگرتنی ((پارسەنگ)) لە هەڵبـژاردن و ڕیزکردندا کراوەو، گوتوومانە کەوا ڕاگرتنی پارسەنگ لەکاتی ئەرك لەسەر هەردوو ئاستی تەوەرەکانی هاونشینی و جێنشینی لەداهێنانی ئەدەبیدا بایەخێکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕەنگە بتوانێت ڕۆڵی ئامرازێکی ورد لە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە ئەدەبییەکاندا بگێڕێت. بە بۆچوونی بەندە، لەنێوان ((هەڵبـژاردن)) و ((ڕیزکردن))دا جۆرێك لەپارسەنگ ڕاگیری هەیە، بەو مەعنایەی کە هەر چەند داشکاندن بەلای ((هەڵبـژاردن))دا بەرزتر بێتەوە، لەبایەخی ((ڕیزکردن)) دادەبەزێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەنجا وادیارە ئەم بەلا داشکاندنە لە ئەدەبیاتدا پەیوەندی بە کۆمەڵێك هەلومەرجی دەرزمانییەوە (برون زبانی) هەیە و مەبەستی داهێنەری بەرهەمیش بەدیاردەخات: ئەگەر هات و شانامە بەئاراستەی داشکاندن بەرەو لای جەمسەری خوازەدا، واتە هەمان ئەو ((ڕیزکردن))ە لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینی، نەهۆندرابایەتەوە، ئەوە ئەو دەرفەتەشی بۆ نەدەڕەخسا، کەوا داستانێکی تیادا بخوێندرێتەوە و لەپاشان بگواسترێتەوە بۆ ناو زمانی ئاسایی. بەڵام شیعرەکانی حافز بەئاراستەی بەلاداشکاندنێکی دیکە هۆنراونەتەوە و تیایدا ((هەڵبژاردن)) بایەخێکی زیاتری لە ((ڕیزکردن)) وەرگرتووە؛ بەو هۆیەوە شیعری حافز هەر ئەوەیە کە هەیە و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، چونکە هەر خوێنەرێك ((هەڵبـژاردن))ی خۆی لەسەر ئاستی تەوەری جێنشینی لێ هەڵدەهێنجێت. لەشیعرەکانی بێدل دا، بایەخی ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن)) هاوتان و کاتێکیش دێینە سەر شیعرەکانی سەردەمی مەشروتە، دووبارە دەبینین کەوا ((ڕیزکردن)) لەئاست ((هەڵبژاردن))دا بایەخێکی زیاتری پێ دەدرێت،

چونکه ئامانج و مەبەست گۆڕاوە و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیش ئەم بەلاداشکانە بەپێویست دەزانێت.

بۆ مەسەلەی شێوازی هیندیش ئەگەر لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی وەربگیرێت، ئەوا پەیوەندی بە جۆرێك لە بیرووباوەڕی کۆمەڵایەتییەوە هەیە. ئەم بیروباوەڕە نەدەتواندرێت لەگەڵ جوگرافیا نەلەگەڵ مێژوودا پێوانە بکرێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم هۆکارانە بێ کاریگەری نینو بایەخی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام بیروباوەڕ پێویستی بەپێوەرگەلێکی زیاتر هەیە و دیاریشە کەوا خواست بەرەولای هەبوونی ئیبن سیناکان و سەهرەوەردییەکان و مەلا سەدراکانەوە دەچێت، نەوەك ئاوی روکناباد و تەورزینەکەی نادر شادا.

ئەگەر داشکاندن بەئاراستەی بەکاربردنی تەوەری هاونشینی لە شانامەدا ئاشکرایە و شاعیر لەوێ خۆی بەناچار دەزانێت کە پەنا بباتە بەر ڕوونکردنەوە، ئەوە تەلارسازیش لە دروستکردنی تەلارەکەیدا هەمان ڕێوشوێن دەگرێتەبەر، لە منارەکانی غەزنەوە بیگرە تاوەکو مەزاری ئەرسەلان سەرنجراکێشی لە بەرد چینییەکان چیرۆکی ئەم بەلاداشکاندنە دەگێڕنەوە. منارەکان لەپاڵ یەکتریدا بانگەوازیان لێ بەرزدەبێتەوە کە ئەوان منارەن و هەر تەلارێکیش خۆی ئاشکرا دەکات کەوا چییە. بەڵام سەر وەختێك کە حافز تەوەری جێنشینی بەربژێر دەکات. ((هەڵبژاردن)) بایەخدارتر دەبێت، بیروباوەڕ ئیتر مەشایی نییە، بەڵکو ئیشراقییە و هەر دیاردەیەك ڕەنگدانەوەی دیاردەیەکی دیکەیە. لەتەلارسازیش مەسەلەکە هەر وایە و ئەوەی کە لە شوێنەوارەکانی ئەو سەدانەدا بەجێ ماون، بۆ ئەوەی کەوا خۆیان نەڵێن چین، دەکرێ هەر بەکارهێنانێکیان بۆ ڕەچاوبکرێت. مزگەوت وەکو مەدرەسەیە و تەلار لەوێنەی مزگەوت و؛ نیگارکێشی ئەو دەورەیەیش هەر وایە، هەر بینایەك دەکرێ بۆ مەبەستێکی دیکە دروست کرابێت و میناتۆرەکانیش هەر بەو شێوەن؛ لەبەر ئەوەی لەم

سەردەمەدا ((ڕیزکردن)) شوێنی خۆی داوە بە ((هەڵبژاردن)) و هەراو زەنای خواستن پایەدارە. بەڵام کاتێك دەگەینە دەورەی سەفەوی، مەلا سەدرا دەدۆزینەوە، دەبینین ئەم بیروباوەڕە ئاوێتەیە، لەشیعر و تەلارسازی و نیگارکێشی و هونەرەکانی دیکەدا ڕەنگی داوەتەوە. ((ڕیزکردن)) و ((هەڵبژاردن)) لەپاڵ یەکتر و هاوبایەخی یەکتری بەکاردەبرێن. شیعر ئەوەندە بەکول و کەسەر دەبێت تا ئەوەی هەندێکجار ئالۆزییەکەی دەگاتە تێنەگەیشتن و مزگەوت و کۆشك و تاقی سەردەری گەرماویش بەهەمان شێوە ئاراستە دەکرێن، گومەز بانگەواز دەکات کەوا گومەزە بەڵام هەروەك نیگارکێشان وایە و هەر ئەم بیروئەندێشەیە لەتەلارسازی عالی قاپو، میناتۆرەکانی بیهزاد، خوشنووسییەکانی میر عیماد، چنراوە چەند ڕووەکانی غیاث الدین علی یزدی و پاشماوە و شوێنەوارە هونەرییەکانی دیکەدا دیارە.

لەسەر بنەمای ئەوەی کە گوترا، دەتوانین بڵێین ئەگەر هات و بیروباوەڕێك مۆرکێکی کۆمەڵایەتی وەرگرت، ئەوا لەچوارچێوەی سیستەمێکدا کار دەکات و شێوازێکیش پەیدا دەبێت کە ناکرێت شوێن پەنجەی بەسەر هونەرەکانی دیکەدا بەجێ نەهێڵێت. کەواتە مەسەلە بنەڕەتییەکە ئەوەیە کە بتوانین بەیارمەتی ئامرازە ورد و زانستییەکان، پۆلبەندی شێوازەکانی سەردەمێك بکەین و ئەدگارەکانی ئەم پولبەندییە ئەو تایبەتمەندیانەیان هەبێت کە بتوانن پولبەندییە نەریتییەکەی شێوازەکانی ئەدەبی بە ئاراستەی قۆناغی لێکۆڵینەوەی زانستی بەرنەپێشەوە.

## ٣/٩ ڕێنوێنییەکانی دەستنیشانکردنی شێواز

دیارە لە زانستدا، پێویستە ئامرازەکانی لێکۆڵینەوەش تایبەت بەزانست بێت. بەو پێیە یەکەمین ڕێنوێنی دەستنیشانکردنی شێوازەکانی ئەدەبی، خۆ پاراستنە لە ئەنجامگیریە نازانستییەکان.

ئامرازێك بۆ دەستنیشانكردنی ((باش)) و ((خراپ))، ((ناشرین)) و ((جوان)) و گوزارشتگەلێكی لەم بابەتە لەبەردەستدا نییە، چونكە زانست لەبنەڕەتدا خاوەنی پێوەرگەلێكی لەم جۆرە نییە، كاتێك پێكهاتەی سۆدیۆم و كلۆر بەسەر خۆراكدا دەڕژێنین و وا هەستدەكەین خواردنەكە ((بەتام)) بووە، كارمان بەسەر زانستی كیمیا و كلۆرایدی سۆدیۆمەوە نییە. لێرەدا خۆی خۆی چێژی خۆراكە و لەپاڵ بیبەر و سۆس و خەردەل پولبەندی دەكرێت. لەكاتێكدا كە لە كیمیادا، خوێی چێشت تەنیا كلۆرایدی سۆدیۆمە و لەپاڵ هەریەك لە كلۆرایدی كالیسیۆم و كلۆرایدی مەنگەنیسیۆمدا شیمانەی پولبەندی هەیە. بەو هۆیەوە لەزانستی لێكۆڵینەوەی ئەدەبیدا، ((پەخشانی سەروادار))، ((شیعری هۆنراو))، ((پەخشانی شاعیرانە))، ((شیعری پەخشان)) و هی دیكەش نەباشن و نەخراپ؛ بوونی كێش و سەروا نەجوانە و نەناشیرین، وەك چۆن بەدیاریش دەكەوێت ئەرك نەبەگوێرەی ((هەڵبژاردن)) و نە((ڕیزكردن))، هیچ كام لەئاست ئەوەكەی تر لەپێشتر نییە.

ڕێنوێنی دووەم كە پێویستە لەدەستنیشانكردن و پولبەندی شێوازەكانی ئەدەبی لەبەرچاو بگیرێت، ڕاشكاوی لە گوزارشتكردنی ئامرازەكانی پولبەندیەكەیە؛ بەو مەعنایەی كەوا پولبەندییەكە بەگوێرەی ئامار بێت، بۆ ئەوەی بكرێت ڕاستی یاخود ناڕاستییەكەی تاقی بكرێتەوە. بۆ نموونە، ناتواندرێت شیعرەكانی فیردەوسی، فەرخی، مەنوچەهری، سەنائی، عەتتار، ناسر خوسرەو و خەیام تەنیا لەبەر ئەو هۆیە لەیەك پۆلدا دابندرێن، چونكە پەیوەندییان، بەناوچەیەكی فراوانتر لەیەك كیشوەر، بەناوی خوراسانەوە هەبووە.

ڕێنوێنی سێیەم، دامەزراوەیی و ڕێكوپێكی پولبەندییەكەیە، بەو واتایەی كەوا ئامرازەكانی پولبەندی بتوانین لەئاست هەموو جۆرە ئەدەبییەكاندا بەشێوەیەكی سیستەماتیك بەكاربەرین و لەسەر بنەمای

خاڵە هاوبەشـەکاندا بێت. ئـەم کـارە بـەهۆی ئامرازەکـانی شێوازناسـی نـەریتی و بـەکارهێنانی زاراوەکـانی وەکـو ((سـاکاری)) و ((پێوەنـان و درێژکردنـەوە/ اطنـاب وتفصـیل))وە جێبـەجێ ناکرێـت. بـۆ نموونـە، لەسەر بنەمای ئامرازگەلێکی لەو جۆرە لەئاستی شوێنەوارەکانی وەکو شانامەی فیردەوسی و کەلیلە و دیمەنـەدا، ناتوانـدرێت هـیچ لایـەنێکی هاوبـەش بدۆزرێتـەوە، چـونکە یـەکیان بـە هـۆنراوە و ئەوەکـەی تـر بەپەخشان، یەکێکیان بە ((سادەیی بێژەکان، ڕوونـی بیرۆکـە، نـەبوونی ئەندێشەکاری دوور لە هۆش و دەگمەنی وشەگەلی عەرەبی)) ناسراوە و (←١١، ل ١٢٥٨)، ئـەوەی دیکـە بـەوە دەناسـرێتەوە کـە پڕیـەتی لـە ((پێوەنان و درێژکردنـەوەی ڕسـتەکان و لێوانلێـوە لـە وشـە و پێکهاتـە عەرەبییەکان)) ( ← ١١، ل ١٢٥٨)؛ لەکاتێکدا کە ئەگـەر شـێوازی بـەناو ((خوراسـانی)) بەڕاسـتی تـاوەکو سـەدەی حەوتـەمی (کۆچـی مـانگی) بـرەوی هـەبووبێت و (← ٦، ل ١٠٩)، تۆمـارکردنی کەلیلـە و دیمنـەش لەهەمان کات و سەردەمدا بووبێت، ڕەنگە بتواندرێت چـەند لایـەنێکی هاوبەش لەنێوان ئەم دوو دەقەدا دەستبکەوێت. ((سـادەیی بێـژەکان و ڕوونـی بیرۆکـە)) لـە شـانامەدا سـەلمێنەری ئـەم ڕاسـتیەیە، کـە لـە هۆنینـەوەی ئـەم شـوێنەوارەدا کـەمتر سـوود لەتـەوەری جێنشـینی وەرگیراوە و، داشکاندن زیاتر بـەلای بـەکاربردنی تـەوەری هاونشـینی بووە. ((پێوەنان و درێژکردنەوەی ڕستەکان))یش لە کەلیلە و دیمنـەدا بەواتای هەمان بەلاداشکاندنە.

بەکارهێنانی وشە عەرەبییەکانیش لە کەلیلـە و دیمنـە پێـوەرێکی جۆرایەتییـە و پەیوەنـدی بـە جـۆرێکی ئەدەبییـەوە هەیـە، هـەروەها ئامارکردنێکی گشتی دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت کە بەکارهێنانی وشەی خواسـتراو هەمیشـە لـە پەخشـاندا زۆرتـر بـووە و دەبێـت تـاوەکو جۆرەکانی شیعر، بەو هۆیـەی لـەزمانی ئاسـاییەوە نـزیکترە. بـەراوردی نێوان گوڵستان و بوستان دەتوانێت ببێتـە بەڵگەیـەك بـۆ ئـەم قسـەیە.

شیعر و پەخشانی ناسرخوسرەویش نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشە لەو بارەوە.

ڕێنـوێنی چـوارەم گشـتگیری پولبەندییەکەیـە. لەشێوازناسـی نەریتیـدا، ((هـۆنراو)) و ((شـیعر)) لـە یـەك شـوێندا باسـکراون و لـە ((پەخشـان)) بـەجیا پولبەنـدی کـراون و سـەرەڕای ئەمـەش، پێـوەری پولبەندی یـەکێکیان جوگرافی و ئەوەکەی تریـان مێـژووی سیاسـییە. زاراوەگـەلێکی وەکـو ((شـیعری نـوێ)) و ((شـیعری سـپی)) و ئەمانـە لەلایـەك و ((شـێوازی سادەنووسـی تـازە)) و هـی تـر لـەلایێکی دیکـە، لەگـەل زاراوەکـانی بـەر لـەخۆیان هاوئاهـەنگ نـین. بـە گوتەیـەکی سـادەتر، شێوازناسـی نـەریتی لەئاسـت پولبەنـدی زمـانی ئـەدەب لـە گشـتێتی خۆیـدا ناتوانایـە و، یەکـەکانی ئـەم سیسـتەمە بەشـێوەیەکی سەربەخۆ و جیاواز لەیەکتری وەردەگرێت. لەلایێکی دیکە، شێوازناسی گشتێکە و تـەنیا بەشـێکی تایبەتـە بـە شێوازناسـی ئـەدەبیات و نـاکرێ ئـەم بەشـەش بەشـێوەیەکی سـەربەخۆ و جیـاواز لەبەشـەکانی دیکـەی وەکـو شێوازناسـی تەلارسـازی، شێوازناسـی نیگارکێشـی، شێوازناسـی مۆسـیقا، شێوازناسـی خۆشنووسـی هـی دیکـە وەربگیرێـت. بـە خسـتنەڕوویەکی دیکـە، پێویسـتە هەوڵبـدرێت لـە دەستنیشـانکردنی شێوازدا ئامرازگەلێکی ئەوتۆ بەکاربهێندرێت کە لـە توانایانـدا هـەبێت شێواز لەشێوە گشتی و کۆکراوەکەیدا شیبکاتەوە.


### ٤/٩ چاوگێڕانێك شێوازناسی ئەدەبی فارسیدا

لەبڕگەی ٣/١ دا ئاماژەمان بەو خاڵە داوە کەوا پەخشانی ئـەدەبی، بریتییە لە سەپاندنی جۆرەکانی داهێنـانی شـیعر و داهێنـانی هۆنراو بەسەر پەخشاندا، واتە بەسەر شێوەی نووسـراوی زمـانی ئاسایی. بـەم پێیە، پێویستە لەپێناوی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی جۆرەکانی ئـەدەبی فارسـیدا، ئـاور لەشێوازناسـی شـیعر و هـۆنراوی فارسـی بدرێتـەوە و،

ئـەنجا لـەم ڕێگەیـەوە سـەرنج بخرێتـە سـەر شێوازناسـی پەخشـانی ئەدەبی. بەڵام بەو هۆیەی کەوا ((شیعر)) و ((هۆنراو)) لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی ئێراندا، وەکو دوو جۆری ئەدەبی جیاواز لەیەکتر سـەیر نـەکراون، بۆیـە دەکـرێ ئەمـە تـەنیا چـاوگێڕانێك بێـت بـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە بـە شێوازناسـی شـیعر یـاخود هـۆنراو ناسـراون. بـەگوێرەی لێکۆڵینـەوەکانی ڕابـردوو، قۆناغـەکانی شـێوازی شـیعری فارسـی بـریتین لـە: ١- شـێوازی خوراسـانی؛ لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی سـێیەمی کۆچـییەوە تـاوەکو کۆتـایی سـەدەی پێنجـەمی کۆچـی. ٢- شێوازی شیعری سەدەی شەشەمی کۆچی. ٣- شێوازی عیراقی؛ لەسەدەی حەوتەمەوە تاوەکو سەدەی نۆیەمی کۆچی. ٤- شێوازی وقوع، لەسەدەی دەیـەمی کۆچـی. ٥- شـێوازی هینـدی؛ لەسـەدەی یازەدهـەم تـاوەکو ناوەڕاسـتی سـەدەی دوازدەهـەمی کۆچـی. ٦- شـێوازی بازگەشـت ((گەڕانـەوە)؛ لەناوەڕاسـتی سـەدەی دوازدەهـەم تـا کۆتـایی سـەدەی سێزدەهەم. ٧- شێوازی سـەردەمی مەشـروتە؛ نیـوەی یەکـەمی سـەدەی چـواردەهەمی کۆچـی. ٨- شـێوازی هاوچـەرخ؛ لەسـەرەتای سـەدەی چـواردەهەمی کۆچـییەوە تـاوەکو ئێسـتا (← ٢، ل ٧٩٢). هەنـدێ لـە نووسەران، شێوازی شاعیرانی سـەردەمی سامانییەکان، کـە شـێوەیەکی سادەی هەبووە، بەشێوازی تورکستانی نـاوبردووە و شـێوازی سـەردەمی غەزنەوییەکان و سەرەتای سـەلجوقییەکانیان بەخوراسـانی دانـاوە (← ٢، ٧٩٢).

ئەوەی لـەژێر ناونیشـانی شـێوازی شـیعری سـەدەی شەشـەم باسـی لێوە دەکرێت، شێوازی سنووری جیاکەرەوەیە لەنێوان هەردوو شـێوازی خوراسـانی و عیراقیـدا کـە لـە لایێکـەوە شـاعیرانێکی سـەر بەشـێوازی خوراسـانی لەوێنـەی، ئـەمیری موعـەزی، ئـەدیبی سـابر، لامیعـی و گورگـانی دەگرێتـەوە و، لـەلایێکی دیکـەوە شـیعری خاقـانی و نیزامـی گەنجـەویش دەگرێتـەوە کـەوا دیارخـەری ئـەو ئاراسـتەیەن بـەرەو لای

شـێوازی عیراقییـەوە. شـێوازی وقـوع هەمیسان ئـەو سـنوورەی نێـوان شـێوازی عیراقـی و هینـدی دەگرێتـەوە، کـە دووبـارە ڕوو لـە سـادەیی دەکات و هەریـەك لـە وەحشی و موحتەشـەمی کاشانی نوێنـەری ئـەم شێوازەن. هەبوونی شێواز یاخود قوتابخانەی وقوع، بـەگوێرەی نـەریت و بـەپێی سـوود وەرگرتنـی لـەئامرازەکانی وەك بـەکارهێنانی سـنعەتە بێژەیی و واتاییەکان ئەوەندە گرینگ نییە، چونکە ئەگـەر بـەگوێرەی ئەم دیدگایە بێت، کە بزاوتەکە لە سادەییەوە بەئاراستەی ئالۆزییـەوە بڕوات، کەواتە پێویستە لەشـێوازی عیراقییـەوە ڕاسـتەوخۆ بگـەین بـە شـــێوازی هینـــدی، لەکاتێکـــدا کـــەوا شـــێوازی وقـــوع ئاراســـتەیەکی پێچـەوانەی هەیـە. هەلومـەرجی شـێوازی بازگەشـتیش هـەر وایـە، لەبەرئـەوە زۆربـەی نووسـەرەکان لـەو بـاوەڕەدان کـەوا ئـەم شـێوازە لەبنەڕەتدا گەڕانەوەیە بۆ شـێوەی مامۆسـتاکانی شـێوازی خوراسـانی و عیراقی (← ٢، ل ٧٩٦؛ ٦). بـەو جـۆرە بـەگوێرەی دیـدگای شێوازناسـی نەریتی دەتوانین ئەم هێڵکارییە بخەینە بەردەست:





جگە لەو ڕەخنانەی کەوا ئاراستەی چۆنییەتی ناولێنان و سنوورە جوگرافییـەکانی شێوازناسـی نـەریتی دەکرێـت و لـە بڕگـەی ١/٩ دا ئاماژەیان بۆ کراوە، ئەم هێڵکارییـەی سـەرەوەش دوو کێشـەی سـەرەکی هەیـە؛ یەکـەمیان ئەوەیـە کـەوا بڕگـە زەمانییـەکان بەشـێوەیەك لـە

یەکتری جیاکراونەتەوە کەوا دەردەکەوێت لەگەڵ گۆڕانی سەدەکە، گۆڕان لە شێوازیش بەدی هاتووە، لەحالێکدا ئەوە بەڵگە نەویستە کە ئەم گۆڕانکاریانە بەرەبەرە ڕوویانداوە و نیشانە سەرەتاییەکانی هەر قۆناغێك، لە قۆناغی پێشتر و بەرلەوەی قۆناغەکە بە تەواوی بگاتە ئەنجام، بەدیارکەوتووە. بۆ نموونە ماوەی زەمانی شێوازی وقوع (← ٢، ل ٧٩٢)، لە بارێکدا کەوا تایبەتمەندییەکانی ئەم شێوازە لە غەزەلەکانی فەرخی سیستانی و بەشێك لە غەزەلەکانی سەعدی و شیعرەکانی کۆتایی خەسرەوی دهلەویش بەدیدەکرێت.

دووەمیان ئەوەیە کەوا هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو بۆ گۆڕانکاری لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی دیکەی تیایدا بەدیار ناکەوێت و بۆ وێنە نازاندرێت بۆچی شێوازی خوراسانی گۆڕاوە بۆ شێوازی عێراقی یاخود شێوازی عیراقی لەپای چ بۆنەیەکەوە بۆ شێوازی وقوع تێپەڕیوە. کێشەی یەکەم دەتواندرێت بەیارمەتی گریمانەی پارسەنگی ئەدەبی و سوودوەرگرتن لەئەرکی تەوەرەکانی هاونشینی و جێنشینی (← ٢/٩) بەلادا بخرێت. ئەگەر هات و ئەوە بسەلمێنن کە ئەوەی بە ((شێوازی خوراسانی)) ناودەبرێت، نوێنەرەوەی داشکاندن بە ئاراستەی ((ڕیزکردن))، واتە ئەرك لەسەر ئاستی تەوەری هاونشینییە، کەوابێ ئەوەی بە ((شێوازی سەدەی شەشەم)) ناودەبرێت، بەرەبەرە داشکاندنە بەلای ((هەڵبژاردن))وە، بەواتا نوێنەرەوەی ئەرکە لەسەر ئاستی تەوەری جێنشیدا، تا ئەوەی ئەم داشکاندنە لەدەورەی ((شێوازی عیراقی))دا دەبێت بەسیمایەکی زاڵ. ئەگەر ئەوەش کە بە ((شێوازی هیندی)) ناوبراوە، دیارخەری داشکاندن بەلای ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن))وە بێت، کەواتە دەبێت لەدەورەی پێش ئەمدا ((ڕێزکردن)) دووبارە زیندوو بێتەوە و شێوازی وقوعیش بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە. ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن)) لەپاڵ یەکتریدا

ئالۆزکاوییـەکی وای بـەدیهێناوە کـە کاردانـەوەی تایبـەت بـەخۆی لێ کەوتۆتـەوە. لـەکۆتایی دەورەی ((شـێوازی هینـدی)) سـەر لـەنوێ داشـکاندن بـەلای یـا ((هەڵبـژاردن)) یـاخود ((ڕیزکـردن)) نیشـان دراوەتـەوە و ئـەم داشکاندنەش ڕێك هـەر ئەوەیانـە کـە لـە کۆنـدا بـە ((گەڕانـەوە بـۆ شـێوەی مامۆسـتایانی شـێوازی خوراسـانی و عیراقـی)) نـاوبراوە. لـە ((شـێوازی مەشـروتە))دا داشـکاندن بـەرەو لای ((ڕیزکردن)) زیاتر دەبێت و دەبێت بە سیمایەکی زاڵ و، لە ((شـێوازی نوێ))شدا بەرەبەرە بایەخی ((هەڵبژاردن)) بەرز دەبێتەوە.

بەو شێوەیە، ئەگەر بە تەنیا هەردوو پرۆسـەکەی ((هەڵبـژاردن)) و ((ڕیزکردن)) ڕەچاو بکـەین و گۆڕانکارییـەکان نـەوەك بەشـێوەیەکی دابـڕاو بـەڵکو بەرەبـەرە وەربگـرین، هێڵکارییـەکی دیکـەمان دەستدەکەوێت کەوا کێشەکەی یەکەم بەلادا دەخات.


سەدەی کۆچی
٣
٤
٥
٦
٧
٨
٩
١٠
١١
١٢
١٣
١٤
١٥
ڕیزکردن
هەڵبژاردن
ڕیزکردن
ڕیزکردن و هەڵبژاردن
ڕیزکردن یان هەڵبژاردن
ڕیزکردن

بەپێی ئەم هێڵكارییەی سەرەوە، لە ناوەڕاستی سەدەی سێی كۆچییەوە داشكاندن بەلای ((ڕیزكردن))دا بەرزدەبێتەوە و لەكۆتایی سەدەی چواردەدا دەگات بەكۆتایی. لەدوایە ((ڕیزكردن)) بەرەبەرە بایەخی لەدەست دەدات و ((هەڵبژاردن)) جێگاكەی دەگرێتەوە. لەسەرەتاكانی سەدەی نۆیەمدا بەرەبەرە ((ڕیزكردن)) زیندوو دەبێتەوە و هاونشینی خۆی بەسەر ((هەڵبژاردن))دا دەسەپێنێت، تاوەكو لەكۆتایی سەدەی یازدەیەمدا، ئاوێتەیەك لە ((ڕیزكردن)) و ((هەڵبژاردن)) سیمایەكی زاڵ بەدەست دەهێنێت، ئەنجا لەكۆتایی سەدەی دوازدەیەم ئەم ئاوێتەیە هەڵدەوەشێتەوە و لەسەدەی چواردەیەمدا سیمای زاڵی ((ڕیزكردن)) بەدیاردەكەوێتەوە و دووبارە لەگەڵ ((هەڵبژاردن))دا تێكەڵاو دەبن.

ئەم دیدە ڕێگای ئەوەمان پێدەدات كە شێواز وەكو گشتێك سەیر بكەین و نەوەكو تەنیا بۆ جۆرەكانی ئەدەب، بەڵكو بۆ تەواوی جۆرەكان و هونەرەكان شیاوی كارپێكردنە، لێرەوە ئەوەی لەسەدەی چواردەیەمی كۆچی سەبارەت بە ئەدەبیات بەدیاردەكەوێت، لە تەلارسازی و خۆشنووسی و بوارەكانی دیكەش ڕەنگ دەداتەوە و، ئەوەی لەشیعرەكانی سەدەی حەوتەم و هەشتەمدا هاتووە، ئێستاش لەو بینا و شوێنەوارانەی ئەو سەردەمەدا ماوەتەوە.

بەداخەوە دەستنەكەوتنی بەرهەمی شاعیرانی بەر لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی كۆچی و ڕۆژگارەكانی بەر لەئیسلام، بۆتە ڕێگر لەبەردەم شێوازناسی شیعری ئەو سەردەمانەدا، شێوازناسی شیعری سەردەمی مادەكان، هەخامەنیشی، سلوكی و ساسانی و ماوەی نێوان هێرشی عەرەبەكان تاوەكو ڕۆژگاری سامانی و سەفارییەكان بۆ ئێمە كارێكی ناكردەنییە، بەڵام بەلانی كەم بەلای نووسەری ئەم دێرانە، مەسەلەیەك هەیە ڕوون و ئاشكرایە و ئەویش ئەگەر هات و ڕۆژێك شیعری سەردەمی هاخەمەنیشیمان دەست بكەوێت، ئەوە

بەڕەچاوکردنی شێوازی تەلارسازی، ئەو ڕۆژگارە و ئەو پەخشانەی کە هی ئەو دەورەیەیە و ماوەتەوە، دەبێت ئەم شیعرە بەئاراستەی پرۆسەی ((ڕیزکردن))وە دایشکاندبێت، ڕەنگە گاتاکانی زەردەشت بتوانێت سەلمێنەری ئەم بۆچوونە بێت و ڕەنگە ئەم بۆچوونە هەر لە بنەڕەتەوە شتێکی سەیروسەمەرە بێت، بەلام بەهەرحاڵ ئەمە بۆچوونێکە و ئێمە لەئاست سەلماندنی ڕاستی و ناڕاستیدا، لەچاوەڕوانیدا دەمێنینەوە.


سەرنجڕاکێش ئەوەیە کەوا شێوازناسی پەخشانیش جگە لە هێڵکارییەکەی پێشوو شتێکی دیکە بەدیار ناخات. ((شێوازی ڕەوانی سادە)) داشکاندن بەلای پرۆسەی ((ڕیزکردن)) نیشاندەدات و بەتێپەڕین بەسەر ((شێوازی ڕەوانی بەرز))دا دەگەین بە ((شێوازی هونەری)) کە لەسەر بنەمای ((هەڵبژاردن)) دەوەستێت و بەرەبەرە لەگەڵ ((ڕیزکردن))دا ئاوێتە دەبێت و، ((شێوازی زیادەڕۆیی و زەحمەت)) بەدیاردەکەوێت کە بەرهەمی ئاوێتەبوونی ((ڕیزکردن)) و ((هەڵبژاردن))ە. لەگەڵ داهاتنی قۆناغی گەڕانەوەی ئەدەبی، سەردەمی داهێنانی نووسراوگەلێك دەست پێدەکات کەیا بەلای پرۆسەی ((ڕیزکردن)) یاخود پرۆسەی ((هەڵبژاردن))دا دەکەون. لەپاشان قۆناغی سادەنووسی دێتە پێش کە ((شێوازی مەشروتە)) و ((شێوازی پەخشانی هاوچەرخ)) دەگرێتەوە. پەخشانی ئەدەبیش بەپێڕەوی لەشیعر و هۆنراو لەگەڵ پرۆسەی ((ڕیزکردن))دا ڕێکدەکەوێت، ئەنجا ئایا چاوەڕوانییەکی دیکەی لێ دەکرێت؟ ئایا ئەگەر باوەڕمان وابێت کە شێواز لە ئەدەبیات و جوانکاری و هونەرەکانی دیکەدا نوێنەرەوەی جیهانبینی بێت، دەکرێ بگوترێت کە پەخشاننووسی دەورەیەك پێڕەوی لەشێوازێك بکات و شاعیری هەمان دەورە بەشێوازێکی دیکە شیعرەکەی بهۆنێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەتەواوی ڕوونە، بەلام کێشەی دووەم. هێشتا ماوەتەوە؛ ئەوەی کەوا کامە جیهانبینی ئەم

پارسـەنگە دەگۆڕێـت؟ بۆچـی ((ڕیزکـردن)) شـوێنی خـۆی دەدات بـە ((هەڵبژاردن))؟ چۆن ((هەڵبژاردن)) بە ((ڕیزکردن))دا تێپـەڕدەبێت؟ و چۆن لە دەورەیەکدا ((ڕیزکـردن)) و ((هەڵبـژاردن)) ئاوێتـە دەبـن و دووبـارە لەیـەکتر جیادەبنـەوە؟ بـاس و خـواس لـەم بـارەوە بـە بەشـی دواتر دەسپێرین.

## ٥/٩ ڕوانگەی ژێرخانی شێواز

وەکو دیارە لەڕووی نەریتەوە، شێواز بەشێوەی نووسینی نووسـەر یاخود شاعیرێك پێناسـەکراوە کـە ئەگـەر هـات و لەسـەردەمێکدا بـاوی سەند، ئەوە شێوازی سەردەم پێکدەهێنێت (←٢، ل ٧٨٥). بنیاتگەراکان شێواز بە چۆنییەتی کەمکردنەوەی ڕێسا و زیادەکردنی ڕێساو، ڕوودان و دووبارەبوونـەوەیان لەسـەردەمێکدا دادەنـێن. بـەم پێیـە، شـێوازی سەردەم شێوەی کۆمەڵایەتی شـێوازە کەسـییەکانە و، ئەگـەر بمانـەوێت لەگـەڵ ((زمـان)) و ((ئاخـاوتن))ی سۆسـۆر بـەراوردی بکـەین، شـێوازی تاکەکـەس لەگـەڵ ((ئاخـاوتن)) و شـێوازی سـەردەم لەگـەڵ ((زمـان))دا لەیەك دوورنین. بەواتایـەکی تـر شـێوازی سـەردەم وێنـەی بـێ لایـەنی تایبەتمەندییـە هاوبەشـەکانە کـە لـە شـێوازە تاکـە کەسـییەکانی ئـەو سەردەمەدا بەرچاو دەکەوێت. لەو نێوەدا بەشێوەیەکی ئاسایی شێوازی تاکـە کەسـی یـەکێك یـاخود چـەند نووسـەر و شـاعیرێك لـە بەشـە نموونـەی شـێوازی سـەردەمێکەوە نـزیکترە؛ بـۆ نموونـە شـێوازی تاکـە کەسـی فیردەوسـی لـە تۆمـارکردنی شـانامەدا دەشـێ وەکـو نیـزیکترین نموونە بۆ ئەو بەشە نموونەیە دابندرێت کە لە نەریتدا بـە ((شـێوازی خوراسانی)) ناودەبرێت؛ یاوەکو شێوازی تاکە کەسی نیزامی گەنجـەوی لەهــەمان بارودۆخــدا بەنموونەیــەکی شــێوازی ســەدەی شەشــەم بژمێردرێت. لە هەلومەرجێکی وادا دەکرێ شێوازی هەر سەردەمێك لە چوارچێوەی چەماوەیەکدا نیشانبدرێت کـەوا نـزیکترین شـێوازی تاکـە


کەس لە بەشە نموونەی شێوازی سەردەمەکەی لەتروپکی چەماوەکە جێگیردەبێت و، شێوازی تاکە کەسییەکانی دیکەش دەکەونە دامێنی چەماوەکە. بۆ نموونە تێپەڕین لە ((ڕیزکردن))ەوە بۆ ((هەڵبـژاردن)) کە لە نەریتدا بە تێپەڕین لە ((شێوازی خوراسانی)) بۆ ((شێوازی عیراقی)) ناوەزەد دەکرێت، دەتواندرێت لەم چەماوەیەدا ڕوونبکرێتەوە:




لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا بەمەبەست بابەتەکان بەشێوەیەکی ساکار خراونەتەڕوو تاوەکو مەسەلەکە ڕوونتر بێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەی گوتنی چەند تێبینییەك لەبارەی هێڵکارییەکەوە پێویستن. یەکیان ئەوەی کەوا لە هێڵکارییەکەدا کەسێتی شاعیرەکە مەبەست نییە، بەڵکو مەبەست شیعر و بەرهەمەکانییەتی. دووەم ئەوەیە کەوا چەماوەکان پەیوەندی بە هەستوسۆزی نازانستی وەکو ((شکۆداری بەرهەم))، ((بەهای مەعنوی)) شتی لەو بارەوە نییە، نەبادا یەکێك هاواری لێ هەڵسێت و بڵێ چۆن دەبێت بایەخی سەعدی لە دامێنی چەماوەکە بێت و نیزامی لەناو دۆلێکدا کەوتبێت!، لێرەدا قسە لەبارەی نزیکبوونەوە لە بەشە نموونەی شێوازی سەردەمێکە؛ هەر ئەمەیە و بەس؛ خوارو ژوور لێرەدا نەچاکە و نەخراپ.

بەڵام خستنەڕووی هێڵکارییەکی لەم جۆرە خەوشێکی سەرەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە بەمەبەستی سادەکردنەوەی بابەتەکە، چەماوەی

((هەڵبــــژاردن)) هاوئاســــتە لەگـــەڵ چــــەماوەی ((ڕیزکــــردن)) و هەردووکیشـیان لەسـەرووی تـەوەرە ئاسـۆییەکە وێنـەیان کێشـراوە، لەکاتێکـدا بـەپێی لۆجیـك پێویسـتە بەشـێوەیەك وێنـە بکێشـرێن کـە بەرانبەری لەنێوان ئەم دوو پرۆسەیەدا ئاشکرا بێت، بـەم پێیـە ڕەنگـە ئەم هێڵکاریە گشتگیرەی خوارەوە زیاتر لۆجیکی بێ:




جارێکی دیکە ئەوە وەبیر دێنینەوە کە لەم هێڵکارییەی سـەرەوەدا خودی شـاعیر مەبەسـت نییـە بـەڵکو بەرهەمـەکانی ڕەچاوکراون. لـەم هێڵکاریەدا، بزاوتی چەماوەکە لەسەرووی تەوەری ئاسـۆیی، دیارخـەری ڕادەی داشکاندنە بـەلای ((ڕیزکـردن))دا و ئـەوەی ژێـرەوەی تەوەرەکـە دیارخــەری داشــکاندن بــەلای ((هەڵبژاردن))دایــە. بــەو هۆیــەوە چــەماوەکە لــەو دەورەیــەی کــە بــە زاراوەی ((شــێوازی هینــدی)) ناودەبرێــت لەســەرووی تــەوەرە ئاســۆییەکە جێگیردەبێــت و لــەو دەورەیەش کە بەلاساییکردنەوەی شێوازە نەریتییەکانی ((خوراسانی)) و ((عیراقـی))، واتـە ((شـێوازی بازگەشـت)) دەناسـرێت، چـەماوەکەی بزاوتـی شـێواز هـەم لەسـەروو و هـەم لـەژێرەوەی تـەوەری ئاسـۆیی بەردەوامی هەیە. لەخاڵە جیاجیاکـانی چەماوەکە نـاوی شـاعیرگەلێك هــاتووە کــە بــەپێی بــاوەڕی نووســەری ئــەم دێرانــە، شــیعر و بەرهەمەکانیان کاریگەری بەسەر ڕەوتی چەماوەکەوە هەبووە.

باس و خواس لەبارەی شێوازی شیعری نوێ، پێویستی بەدەرفەتێکی تایبەت هەیە کە لە مەودای ئەم کورتە باسەی ئێمەدا بەدەرە. بەڵام مەسەلەیەك لەئارادایە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەویش ئەمەیە کەوا بزاوتی چەماوەی شێوازی شیعری فارسی — ئەگەر تەنیا بەو جۆرانەش سنووردار بکرێت کە لە دوای نیماوە پەیدابوون — بەئاراستەی هەردوو لایەنی ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن)) بەرەوپێش دەچێت، کە دووبارە بە باوەڕی نووسەر، نزیکترین نموونەکانی لە بەشە نموونەی ئەم بزاوتە دوولایەنییە دەکرێ بەڕیز لەبەرهەمەکانی هەر یەك لە شاملو و ئیخوان ثالثدا بەدی بکرێت.

بەڵام ناکرێت مەسەلەکە بەو سادەییە وەربگیرێت، لەبەرئەوەی تا ئێستا ڕوون نەبۆتەوە کە بۆچی جووڵەی چەماوەکە بەو جۆرەیە. بەرهەر حاڵ، هات و فاکتەرگەلێکی مێژوویی — سیاسیش، لەوێنەی هێرشی مەغۆل و جولانەوەی مەشروتە، کاریگەریان بەسەر ئەم بزاوتەوە هەبووبێت، ئەوا ئەم هۆکارەگەلە پێویستە لەگەڵ جۆرێك لە جیهانبینی گرێ بدرێتەوە، چونکە ئەگەر وانەبێت، ئەوا هەر ئەم چەماوەیە بۆ جوانکاری و هونەرەکانی دیکەی وەکو تەلارسازی و نیگارکێشی و خۆشنووسی ناتواندرێت وێنەی بکێشرێت، لەکاتێکدا کە بە وردی هەر لەو شوێنەی کە شیعری سائیب وەکو نزیکترین نموونە لەبەشە نموونەی شێوازی بەناو ((هیندی)) بەدیاردەکەوێت، تەلارسازی شێخی بەهایی، میناتۆرەکانی بیهزاد و خۆشنووسییەکانی میر عیمادیش لەئارادان و لەو شوێنەش کەوا شیعری قائانی بەدیاردەکەوێت، تەلارەکانی دەوری قاجار بەهەمان شێواز خۆیان دەنوێنن.

لەسەر بنەمای ئەوەی تا ئێستا گوتراوە، وادیارە دەبێ لەهەنگاوی یەکەمدا بەدوای دیدگایەکدا بگەڕێین کەوا کاریگەری بەسەر جووڵەی

چەماوەکەی شێوازی جێی باسی ئێمەوە هەبێت. یەکێك لەم دیدگایانە ڕەنگە وا دەبێت لەسەر بنەمای ((هەڵبـژاردن))و، ئەوەکـەی تـر لەسـەر پایەی ((ڕیزکردن)) و هی سێیەمیش لەسەر بنەمای ئاوێتەیـەکی ئـەم دوو دیدگایــەی پێشــەوە بێــت، تــا بــەو شــێوەیە هــەر ســێ جوولــە ســەرەکییەکەی ئــەم ئــاڵوگۆڕە، واتــا ئــەوەی لــە نەریتــدا بــە ((شــێوازی خوراسانی)) و ((شێوازی عیراقی)) و ((شێوازی هیندی)) ناوبراون، بـۆ ئەم سێ جیهانبینییە سەرەکییە بگەڕێندرێتەوە. لـەو نێوانـەدا ڕەنگـە بتوانین بە لێبڕاوییـەوە بڵێین، یەکـەمین توێـژەرێك کە پێـڕەوی لـەم دیدگایە کردبێت، تەمیمدارییە. ئەو لە خستنەڕووی بیروڕاکانیـدا (← ٥)، لــەو دیــدەی کۆلیوەتــەوە کــەوا بــاڵی بەســەر ئــەم ســێ شــێوازە ســەردەمیانەدا کێشــاوە و بــەوردیش ئــەو مەســەلەی باســکردووە کــە ناکرێــت جوگرافیــا هۆکــارێکی بــڕاوە بێــت لەســەرهەڵدانی شــێواز لــە سەردەمێکدا، بەتایبەتی کاتێك لە هەر یەك لەم سـەردەمانەدا، زۆر لـە شــاعیران لــەو ناوچــە جوگرافیانــەدا نــەژیاون و بــارودۆخی ئــەو ناوچەیەش نەیتوانیوە کاریگەری بەسەر دیدوبۆچوونی ئەوانـەوە جێ بهێڵێت. بە بۆچوونی تەمیمـداری، سێ شێوازە سـەرەکییەکەی بـەناو ((خوراســـانی)) و ((عیراقـــی)) و ((هینـــدی))، هـــەمان ئـــەو تایبەتمەندییانـەیان هەیـە کـە لـە فەلسـەفەی مەشـایی ئـیبن سـینا و فەلسەفەی ئیشراقی سەهرەوەردی و فەلسەفە ئاوێتەکەی مەلا سەدرادا بەدیدەکرێن.

ئــەو ئاراســتەیەش بــەلای واقعیەتگــەرایی کــە لــە ((شــێوازی خوراســانی))دا دەبینــدرێت، پاشــکۆی هــەمان ئــەو دیدگایەیــە کــە سەرەنجام هاتنەئارای فەلسـەفەی مەشایی لەسەردەستی ئـیبن سـیناوە لێهاتۆتـە بەرهـەم. هـەر ئـەو مەسـەلەیەش لـە ئاراسـتە بـاوو زاڵـەکان بەسەر شـێوازەکانی ((عیراقی)) و ((هینـدی)) لـە لایێك و دیـدە بـاوو

زاڵـەکان لەفەلسـەفەی سـەهرەوەردی و مـەلا سـەدرا لـەلایێکی دیکـە دووبارە دەبێتەوە.

لێکۆڵینـەوە لـەبارەی تایبەتمەندییـەکانی فەلسـەفەی مەشـایی و دیدگاکەی بەرانبەری، واتـە فەلسـەفەی ئیشـراقی و، هـەروەها دیـدگای مەلا سەدرا، کە دەشێ وەکو ئاوێتەیەکی ئەم دوو فەلسەفەیە لە قەڵەم بدرێت، لە حەوسەلەی ئەم کورتە باسەماندا بەدەرە، بەڵام بیری کراوە بەئاسـانی دەتوانێـت دیـدگای واقیعییەتگـەرای مەشـایی بـە ئاراسـتەی وەرچـەرخان بـەلای ((ڕیزکـردن)) و، ئارمانجگـەرایی ئیشـراقیش بەداشـکاندن بـەلای ((هەڵبـژاردن))دا ببەسـتێتەوە و جووتیـان بکـات، دیدگای مەلا سەدراش بە داشکاندن بەلای ئاوێتەکردنی ((هەڵبژاردن)) و ((ڕیزکردن))دا بزانێت. ڕاستی و خەوشی ئەم گریمانەیەش پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت و پەردەی شك و گومانی لەسەر لابدرێت.

دیدگایەکی لەم جۆرە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت تاکو بتواندرێت ((شێواز)) لە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و، وەکو گریمانەیەکیش بەو ئەنجامە بگەین کە شـێوازی تەلارسـازی سـەردەمی سـەفەوی بـە کـام بەڵگـە و نیشـانە، یـاخود بەڵگەگەلێکـەوە دەکرێـت لەگـەڵ شـێوازی تەلارسـازی بـاروك بـەراورد بکرێـت، هـەروەها بـەکام بەڵگە یـاخود بەڵگەگـەلێکیش شـێوازی شـیعری لـە هینـدسـتان و ئـێران دوابـەدوای هێرشـی مەغۆلـەکان بـەلای ((هەڵبـژاردن))دا دەشـکێتەوەو، ئـەنجا هـەر ئـەو داشـکاندنەیە کـەوا لەشـیعری ئـەورووپای سـەردەمی تـاریکی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بەرچـاو دەکـەوێت؛ بۆچـی ئـەوەی لەشێوازی شیعری سەردەمی مەشروتە لەئێرانـدا ڕوودەدات، لەشـیعری فرەنسـای سـەردەمی کۆمـاری یەکەمیشـدا بـەدی دەکرێـت و بۆچـی داشـکاندن بـەلای ((ڕیزکـردن)) لەشـیعری سـەردەمی شۆڕشـی ئۆکتۆبـەردا، لەگـەڵ هاتنەسـەرکاری سـتالین بەرەبـەرە بـەلای ((هەڵبژاردن))دا وەردەچەرخێت.

## کتێبنامه

1- Jakobson, R. "Two Aspects of language and Two Types of Aphasia Disurbance", in: Essais de linguistique gēnērale, paris, 1963.

۲- انوشه، حسن و دیگران، دانشنامه ادب فارسی، ج ۲، تهران، سازمان چاپ و انتشارات، ۱۳۷٦.

۳- بهار، محمد تقی، سبك شناسی، تهران، پرستو، ۱۳٤۹.

٤- پورنامداریان، تقی، سفر درمه؛ تأملی در شعر احمد شاملو، تهران، انتشارات زمستان، ۱۳۷٤.

۵- تمیم داری، احمد و دیگران، ((سبك سخن پارسی؛ گفت و گو دربارهٔ سبك شناسی شعر فارسی))، در شعر، س ٤، ش ۲۰، تابستان ۱۳۷۵.

٦- رعدی آذر بخشی، غلام علی، ((درباره سبك های شعر فارسی و نهضت بازگشت))، در: گفتارهای ادبی و اجتماعی، تهران، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار یزدی، ۱۳۷۰.

۷- شفیعی کدکنی، محمد رضا، صور خیال در شعر فارسی، تهران، آگاده، ۱۳۷۰.

۸- شمیسا، سیروس، کلیات سبك شناسی، تهران، فردوس، ۱۳۷۲.

۹- صفوی، کورش، از زبان شناسی به ادبیات، ج ۱، نظم، تهران، نشر چشمه، ۱۳۷۳.

۱۰- ______، ((پیشنهادی در سبك شناسی ادب فارسی))، در: زبان و ادب، ش ٦، ۱۳۷۷.

۱۱- مصاحب، غلامحسین و دیگران، دایرة المعارف فارسی، تهران، ۱۳۵٦.

# بەشی ١٠

# قسەی کۆتایی

پێکهاتـەی بنـەڕەتی ئـەم نووسـراوە لـە ٩ بەشـدا خراوەتـەڕوو. لەبەشی ١ دا و لە چاوگێڕانێك بەسەرنجە تیورییەکانـدا باسکراوە، کە ڕووانگـەی نووسـەر لـە خسـتنەڕووی مەسـەلەکاندا، لەسـەر بنـەمای بیروڕاکـانی بنیاتگـەری لـە لێکۆڵینـەوە ئەدەبییەکانـدا وەسـتاوە. بـەو هۆیـەی لەبـەرگی یەکـەمی ئـەم باسـانەدا بـە درێـژی لـەبارەی ئـەم ڕوانگەیـەوە قسـەکراوە، لـەم بەرگـەدا تـەنیا بـە خسـتنەڕووی ئـەو مەسەلانە وازمان هێناوە، تا ئەوەی بتوانن لە تێگەیشتنی بابەتـەکانی ئـەم کورتـە باسـەدا ڕێگـە خۆشـکەربن. هـەر لـەم بەشـەدا لـە بەرابـەر ئـەوەی لەبـەرگی یەکەمـدا بـەناوی ((لادان لـەپێوەر)) باسـی کـراوە، سـوودمان لـە مـۆرکی ((کەمکردنـەوەی ڕێسـا)) وەرگرتـووە و ئـەنجا کەمکردنەوەی ڕێسا و زیـادکردنی ڕێسا، وەکو دوو جۆر لە پرۆسـەی بەرجەستەسازی خراوەتە بەردەست.

لەبەشی ٢ دا پێشینەیەکی لێکۆڵینـەوەکانی زمانـەوانی ئـەدەبیات، لەو سنوورەی کە پەیوەندی بەم کورتە باسەی ئێمەوە هەیە باسکراوە، تـاکو بتوانێـت تەواوکـەری ئەوانـەی بـەرگی یەکـەم بێـت. لەبەشـی ٣، جۆرەکانی کەمکردنەوەی ڕێسا، بەو ڕیزبەندییەی کە جێگای سـەرنجی لیچ بووە خراونەتـەڕوو و، ئـەوەش ڕوونکراوەتـەوە کـەوا کـارایی ئـەم جۆرانە هاوبـەهانین و، بـۆ نموونـە ناتوانـدرێت بـەهای کەمکردنـەوەی ڕێسای واتایی لەگەڵ جۆرەکـانی وەکـو کەمکردنـەوەی ڕێسـای ڕێزمـانی یاخود دەنگـی بـەراورد بکرێـت و بـەو هۆیـەوە پێویسـت بـوو ئەمـەش ڕوونبکرێتەوە، کە لە بنچینەدا کام لە کەمکردنـەوەی ڕێسـاکان ڕۆڵیـان لەداهێنانی شیعریدا هەیە و کارایی هەر یەکێکیش هەتا کوێیە.

بەشی ٤ بۆ خستنەڕووی دوو گریمانە، واتـە گریمانـەی پارسـەنگی ئەدەبی و پەیوەندی مەدلول لەئاست میسداقدا تایبەتکراوە. بەباوەڕی نووسەر، گریمانـەی پارسـەنگی ئـەدەبی دەتوانێت لەناسـینەوەی پـێش نموونـەکانی شـێوازی سـەردەمدا کـارایی هـەبێت و؛ لەمـەودای نێـوان

مەدلول و میسداقی جیهانی دەرەوەدا بە یەکگەیشتنێك دروست بکات، کە دەکەوێتە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ئاخاوتنی گەڕانەوەیی و ئاخاوتنی ئەندێشەداردا. چەندی مەودای نێوان مەدلول و میسداق زۆرتر ببێت داشکاندن بەلای زمانی ئەدەب، بەتایبەتیش بەشە نموونەی ((شیعر))، زیاتر دەبێت و بەو هۆیەوەش ((لادان لەواقیع)) بەرزتر دەبێتەوە، لێرەدا مەسەلەی درۆ و ڕاستی کە لە ئەرکی گەڕانەوەیی زماندا ڕەچاو دەکرێت لەبەین دەچێت.

لەبەشی ٥ دا باس لەهونەری شیعر بەپێی لێکۆڵینەوە نەریتییەکان کراوە و، ئەو تەرزانەش کە لە هەردوو هونەری ڕوونبێژی و جوانکاری واتاییدا پولبەندی دەکرێن، لێیان کۆڵدراوەتەوە، تاوەکو بەدیاربکەوێت ئەو تەرزانە کامانەن کە بەڕاستی لەداهێنانی شیعریدا ڕۆڵیان هەیە و ئەو سنعەتانەش چین کە وەك هۆکاری جوانیناسی دەژمێردرێن. بۆ نموونە ئەوە ڕوونکراوەتەوە کەوا جۆرەکانی خوازە بەپێی پەیوەندییە واتاییە جیاوازەکان، لەزمانی ئاساییدا بەکارهێنانێکی بە برشتیان هەیە و تەنیا یەکێك لەجۆرەکانی خوازە، کە ئەویش ((خوازەی خواستن))ە لەداهێنانی شیعریدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆ.

بەشی ٦ بۆ باسکردنی مەسەلەی ((هەڵبژاردن)) و چۆنیەتییەکەی تەرخانکراوە و، ئەو گریمانەیەشی گرتۆتە خۆی کە ((هەڵبژاردن)) بەگوێرەی ((لێکچوون)) و بەڕەچاوکردنی سیما جیاکەرەوەکانی سیستەمی زانیاری جێبەجێ دەبێ.

لەبەشی ٧ ئاماژە بۆ دوو جۆری سەرەکی لادان لەواقیع، واتا گەورەکردن و بچووککردنەوە کراوە و ئەوە ڕوونکراوەتەوە، لانی کەم بەپێی بۆچوونی نووسەر، کەوا لادان لەواقیع بنچینە و پێکهاتەی داهێنانی شیعری پێکدەهێنێت.

لەبەشی ٨ دا هاتووینەتە سەر بنەمای پولبەندی ئەو سنعەتانەی کە لەزانستی گریمانەکراوی جوانکاری شیعریدا هەن. لەبەرگی یەکەمدا ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵەکردووە، کەوا لێکۆڵینەوەی زانستی هەردوو بەشە نموونەی ((شیعر)) و ((هۆنراو)) دەتوانن بەسەرهەڵدانی دوو زانست، لەوێنەی ((جوانکاری شیعر)) و ((هۆنراوناسی)) بگەن بەئەنجام و، ئەمە لەبارودۆخێکی ئەوتۆ دەبێت، کە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئامرازەکانی داهێنانی ((شیعر)) و ((هۆنراو)) ئەنجام بدرێتو ئەوەی کە لە ئارایشتکردندا ڕۆڵی هەیە بگواسترێتەوە بۆ شێواز ناسی، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە لێکۆڵینەوەی ((ئەدەبییەت)) و ((ئەدەبیات))، لایەنێکی زانستی وەربگرێت و لە ((هونەر))ەوە بۆ ((زانست)) بەرزبێتەوە. لەم بەشەدا، ئەوەی دەگرێ لە ((جوانکاری شیعر))یدا وەکو ئامرازێکی سەرەتایی بەدیاربکەویت، باسی لێوەکراوەو مەسەلەی کارایی ئامرازەکانی داهێنانی شیعریش لەئاست یەکتریدا خراوەتەڕوو.

لەبەشی ٩ یەم پێشنازێك بەمەبەستی دەستنیشانکردنی شێوازە سەردەمییەکانی شیعری فارسی خراوەتە بەردەست و باس لەگریمانەیەکیش کراوە، ئەگەر هات و ڕاستییەکەی بەدیاربکەوێت و پەسەندبکرێت، ئەوە لە توانادا هەیە کە ((شێوازناسی)) بگۆڕێت بۆ زانستێك، تا ئەوەی هەموو هونەرەکان لەچوارچێوەی یەك سیستەمدا باس و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بکرێت.

## سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوە


- Bakhtin, M. *The Dialogue Imagination: Four Essays.* Michael Holquist (ed.), C. Emerson and M. Holquist (trans.) Austin, 1981.
- _________. *Problems of Dostoevsky's Poetics.* C. Emerson (ed. & trans.) Manchester, 1984.
- ________. *Rabelais and His World*. Helene Iswolsky (trans.) Bloomington, 1984.
- _________ and Medvedev, P.N. *The Format Method in Literary Scholarship: A Critical Introduction to Sociological Poetics.* A.J. Wehrle (trans.). Cambridge, 1985.
- Barthes, R. *Elements of Semiology.* Lavers, A. and Smith , C.(trans.). London, 1967.
- _______ . *Writing Degree Zero.* Lavers, A. and Smith , C. (trans.). London, 1967
- _______. *Critical Esaays,* Howard, R. (trans.). Evanston, 1972.
- Baudouin de Courtenay, G. *The Language of Life: An Introduction to the Science of Genetics.* N. Y., 1966.
- Culler, J. D. *Structuralist Poetics: Structuralism, Linguistics and the Study of Literature.* London, 1975
- ________ . *The Pursuit of Signs: Semantics, Literature, Deconstruction.* London, 1981
- ________. *On Deconstruction: Theory and Criticism After Structuralism.* London, 1983.
- ________ . *Ferdinand de Saussure*. Cornell Univ. Press, 1986.
- ________. *Framing the Sign.* Oxford, 1988.
- Deleuze, G. and Guatari, F. *Kafka: Pour une litterature mineure.* Paris, 1975.

- ________ . *Anti- Oedipus: Capitalism and Schizophrenia.* N. Y., 1977.
- De Man, P. *Blindness and Insight: Essays in the Rhetoric of Contemporary Criticism.* N. Y., 1977.
- _________*. Allegories of Reading: Figural Language in Rousseau, Nietzche, Rilke and Proust.* New Haven, 1979.
- _______. *The Resistance to Theory.* Manchester, 1987.
- Derrida, J. *Positions.* Chicago, 1981.
- Dollimore, J. *Sexual Dissidence: Augustine to Wilde, Freud to Foucault. Oxford, 1991.*
- _________ and Sinfield, A. (eds.). *Political Shakespeare: New Essays in Cultural Materialism.* Manchester, 1985.
- During , S. *Faucault and Literature : Towards a Genealogy of Writing.* London, 1992.
- Easthope, A. *British Post Structuralism: Since 1968.* London, 1991.
- Eco, U. *Travels in Hyperreality.* Weaver, W. (trans.). London, 1987.
- Eliot, T.S. *Notes Towards the Definition of Culture.* London, 1984.
- _______ . *Selected Essays.* London, 1965.
- Empson, W. *Seven Types of Ambiguity.* Harmondsworth, 1961.
- ________. *Some Versions of Pastoral.* Harmondsworth, 1961.
- Erlich, V. *Russian Formalism: History Doctorine.* New Haven& London, 1981.
- Esau, H. '' Literary style and the Linguistic approach.''In: *Journal of Literary Semantics, No. 3, 1974.*

- Faucault, M. *The Faucault Reader.* Rabinov, P. (ed.). Harmondsworth, 1986.
- Genette, G. *Narrative Discourse.* Oxford, 1980.
- _________ . *Figuresof Literary Discourse.* Sheridan, A. (trans.). Oxford, 1982.
- Greimas, A. J. *Semantique Structurale.* McDowell, D. Et at (trans.) Lincoln, 1983.
- Innes, R. E. (ed.) . *Semiotics: An Introductory Reader.* London, 1986.
- Jakobson, R. ''Two Aspects of Language and Two Types of Aphasic Disturbance.'' In: *Essais de linguistique ge'ne'rate.* Paris, 1963.
- _________. '' Linguistics and Poetics''. In: *Style in Language.* Sebeok, T. (ed.). Cambridge, 1960.
- _________. *Main Trends in the Science of Language.* London, 1973.
- ___________ and Halle, M. *Fundamentals of Language.* The Hague, 1975.
- Jackson, L. *The Poverty of Structuralism: Literature and Structuralist Theory.* London, 1991.
- Leech, G.N. *A Linguistic Guide to English Poetry.* N. Y., 1969.
- Lodge, D. *Workong with Structuralism.* London, 1986.
- Lyons, J. *Semantics.* 2 Vols. Cambridge, 1977.
- Martinet, A. *Elements de Linguistique Generale.* Paris, 1960.
- _________. *Economie des changements Phonetiques. Traite de Phonologie diachronique.* Berne, 1955.
- Piaget, J. *Six Psychological Studies.* N. Y., 1968.
- ______. *The Origin of Intelligence in the Child,* London, 1983.
- Sassure, F. De. Cours de linguistique generale. Mauro, T. De. (ed.). Paris, 1973.

– ________.________. Engler. R. (c.ed). Wiesbaden, 1967-1974.
– Scholes, R. *Structuralism in Literature: An Introduction.* London, 1974.
– Siami. T. *A Linguistic Approach to the Study of Linguistic Deviations in the Turkish Divan of Shahriar.* Unpub. MA. Thesis. Allameh Tabataba'i Univ. Tehran, 1995.
– Starobinski, J. *Words upon Words: The Anagrams of Ferdinand de Saussure.* Yale Univ. Press. 1979.
– Sturrock, J. *Structuralism,* London, 1986.
– Taine. H. *De L'intelligence.* 2 Vols., Paris, 1870.
– Todorov, T. *The Fantastic: A Structural Approach to a Literary Genre.* Howard, R. (trans.). Ithaca, 1975.
– ________. *The Poetics of Prose.* Howard, R, (trans.). Ithaca, 1977.
– White, H. *Tropics of Discourse: Essays in Cultural Criticism.* Baltimore, 1978.
– Young R. (ed.) *Untying the Text: A Post –Structuralist Reader. Boston, 1981.*

– **افراشی، آزیتا. نشان داری در زبان فارسی و چگونگی طبقه‌بندی آن در سطح واژگان، رسالهٔ کارشناسی زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، تهران، ۱۳٦۰.**
– **انوشه، حسن و دیگران. دانشنامهٔ ادب فارسی، ج ۲. تهران، سازمان چاپ و انتشارات ۱۳۷٦.**
– **بورشه، ت . و اشنایدر، ی. هـ. ی. "زبان" در: زبان شناسی و ادبیات، ترجمهٔ کورش صفوی، تهران، هرمس، ۱۳۷۷.**
– **بهار، محمد تقی. سبك شناسی، تهران، پرستو، ۱۳٤۹.**
– **پورنامداریان، تقی. سفر در مه؛ تأملی در احمد شاملو. تهران انتشارات زمستان، ۱۳۷٤.**

- تمیم داری، احمد. "سبك سخن پارسی؛ گفت و گو دربارهٔ سبك شناسی شعر فارسی"، در: شعر، س ٦، ش ٢٠، تابستان ١٣٧٥.
- حق شناس، علی محمد. "شعر، نظم، نثر، سه گونهٔ ادبی"، در: مجموعهٔ مقالات دومین کنفرانس زبان شناسی نظری و کاربری. سید علی میر عمادی (گردآورنده)، دانشگاه علامه طباطبایی، ١٣٧١.
- داوری اردکانی، نگار. بررسی ابهام، ایهام و نامفهومی در زبان فارسی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه تربیت مدرس، ١٣٧٥.
- رضایی، آرزو. بررسی زبان شناختی ویژگی های سبکی اشعار نیما یوشیج با توجه به بسامد آماری گونه‌های هنجار گریزی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، ١٣٧٦.
- رعدی آذربخشی، غلام علی. "دربارهٔ سبك های شعر فارسی و نهضت بازگشت"، در: گفتارهای ادبی و اجتماعی، تهران، بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار یزدی، ١٣٧٠.
- روبینز، آر. اچ. تاریخ مختصر زبان شناسی، ترجمهٔ علی محمد حق شناس، تهران، نشر مرکز، ١٣٧٠.
- سجودی، فرزان. سبك شناسی شعر سپهری؛ رویکردی زبان شناختی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه علامه طباطبایی، ١٣٧٦.
- شفیعی کدکنی، محمد رضا. موسیقی شعر، تهران، آگاه، ١٣٦٨.
- _______. صور خیال در شعر فارسی، تهران، آگاه، ١٣٧٠
- _______. "جادوی مجاورت"، در: بخارا، ش ٢، مهر و آبان ١٣٧٧.
- شمیسا، سیروس. ای. ای کمینگر و شعرهایی از او، تهران، فردوس، ١٣٧١.
- _______. نگاهی تازه به بدیع، تهران، فردوس، ١٣٧٢.
- _______. کلیات سبك شناسی، تهران، فردوس، ١٣٧٢.
- _______. بیان و معانی، تهران، فردوس، ١٣٧٤.
- صفوی، کورش. "نشان داری در معنی شناسی و مسئلهٔ مؤلفه‌های معنایی"، در: مجلهٔ دانشکدهٔ ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه کرمان، ش ٢ — ٣، ١٣٧٠.

- ______. از زبـان شناسـی بـه ادبیـات، ج ۱: نظـم، تهـران، نشـر چشـمه، ۱۳۷۳.
- ______. "نسبیت در ترجمه". در: هفت گفتار دربارهٔ ترجمـه، تهـران، نشر ماد، ۱۳۷۱.
- ______. "پیشنهادی در سبک شناسی ادب فارسی"، در: زبـان و ادب، ش ٦، ۱۳۷۷.
- صحت نازنین. بررسی ایهام ساختاری در زبان فارسی، رسـالهٔ کارشناسـی ارشد زبان شناسی، دانشگاه علامه طباطبایی، ۱۳۷۷.
- کزازی، میر جلال الدین. زیباشناسی سخن پارسی، ج ۲: بیان، تهران، نشر مرکز، ۱۳٦۸.
- ______. زیباشناسی سخن پارسی، ج ۳: بدیع، تهران، نشر مرکز، ۱۳۷٤.
- محمدی، زهرا. بررسی سبک شناختی اشعار فروغ فرخـزاد در چهارچوب بسـامد آمـاری هنجـار گریـزی، رسـالهٔ کارشناسـی ارشـد زبـان شناسـی، دانشگاه آزاد اسلامی، ۱۳۷٦.
- مصاحب، غلامحسین و دیگران. دایرة المعارف فارسی. تهران، ۱۳۵٦.
- معـدنی، مـیترا. بررسـی و طبقـهبنـدی گونـههای ابهـام در زبـان فارسـی، رسالهٔ کارشناسی ارشد زبان شناسی، دانشگاه آزاد اسلامی، ۱۳۷٦.
- نیـوا، ژ. "نظـری اجمـالی بـه فرمالیسـم روس". در: فصـلنامه ارغنـون، ترجمهٔ رضا سیدحسینی، س ۱، ش٤، ۱۳۷۳.
- یاکوبسـن، ر. روزهـای بنیـادین در دانـش زبـان، ترجمـهٔ کـورش صـفوی، تهران، هرمس، ۱۳۷٦.

کورش صفوی

# از زبانشناسی به ادبیات

جلد دوم          شعر

ترجمه به زبان کردی

عثمان دشتی

ویرایش

پ. د. یوسف شریف سعید

۲۰۱۸م – ۲۷۱۸ ك – ۱۳۸۷ ش



View publication stats